ژمارە: ٥٨
ساڵی پێنجەم، نۆڤەمبەری ٢٠١٠

گۆڤارێکی ئەدەبیی، هونەریی، رووناکبیرییە
بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی
مانگانە دەریدەکات

خاوەنی ئیمتیاز:
بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی

سەرنووسەر:
محەمەد کوردۆ
mhamadkurdo@yahoo.com

جێگری سەرنووسەر:
محەمەد عەبدوڵلا

سەرپەرشتیاری هونەریی:
ڕێبین مەجید

Email:hanarkurd@gmail.com
Email:hanarkurd@yahoo.com

ناونیشان: گردی ئەندازیاران، بەرامبەر رۆژنامەی کوردستانی نوێ
تەلەفۆن: ٣١٨٠٩٩٤

دەستەی نووسەران:

کارزان عەبدوڵڵا
ئەکرەم محەمەد ئەمین
نەورۆز جەمال
مستەفا زاهیدی

تایپ و نەخشەسازیی:
پەیام ئەحمەد

هەڵەچن:
سنەوبەر کەریم
مونا عەبدوڵڵا

مۆتیف:
ئەیوب رەئووف

تیراژ
٥٠٠

## ئاگاداری...

وێڕای دەستخۆشییمان بۆ ئەو بەڕێزانەی بابەت دەنێرن بۆ گۆڤاری هەنار، داواکارین ڕەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکەن:

١. ئەو بابەتانەی وەرگێڕدراون، دەقە ئەسڵەکەیان لەگەڵدا بنێردرێت.

٢. لەکاتی بڵاوبوونەوەی بابەتەکەدا، لەماوەی هەفتەیەکدا کۆپییەکی پێناسی نووسەر یان وەرگێڕ بگەیەنرێتە گۆڤاری هەنار.

## پێڕست

### لێکۆڵینەوە


| | | |
|---|---|---|
| شیعری مووبەق، جیهانی بۆگەنکردنی... | مەجید عەزیز | ٧ |
| تەنز لە چیرۆکی نوێدا... | ئارام سدیق | ٢٣ |
| لەبارەی شیعرەوە... | بـۆتـان جـەلال | ٤٠ |
| لە ئەلبوومی یادگارا... | سەباح ڕەنجدەر | ٤٧ |


### دەق


| | | |
|---|---|---|
| ئاشنابوون... | پشکۆ نەجمەدین | ٥٥ |
| دیدار و دیدەنی... | سەلام محەمەد | ٥٨ |
| دوو شیعری کورت... | محەمەد کوردۆ | ٥٩ |
| قسەم لەبۆ بکە... جوانێ!... | هێمن حەمەجەزا | ٦٠ |
| سەفەرێک کە ڕەنگە لێی نەگەڕێمەوە... | داستان بەرزان | ٦٦ |
| بەیارمەتی ئەم کاتژمێرە... | شیرین تاهیر | ٧٠ |
| ڕێگا... | هێرۆ کوردە | ٧٤ |
| ئەسپی (با)و ئەسپی جەنگ... | سەلام مەنمی | ٧٨ |
| وێنەیەکی ڕەش و سپی... | بەختیار حەمە سوور | ٨١ |
| بێکاتەکان... | لەتیف فاتیح فەرەج | ٨٦ |

## دیدار


دیدار لەگەڵ نەژاد عەزیز سورمێ... | حەمە کاکەڕەش | ٩٥
دیدار لەگەڵ یوسف زەیدان... | ئومێد تۆفیق | ١٠٨


## وەرگێڕان


خوێندنەوە لە دەفتەری باراندا... | غەفور ساڵح عەبدوڵڵا | ١١٥
بۆ ئەو ئامێری چاپەی کە دوای خۆم... | بەکر شوانی | ١٢٢
چەند مینیماڵێکی رەسوڵ یۆنان... | جەبار سابیر | ١٢٨
ئەوین... | تاهیر ساڵح سەعید | ١٣١
پیاوی سەهۆڵیی... | سروە مێنبەری | ١٣٥
پیاوی قۆناغەکان... | بەرزان بابەشێخ | ١٤٥
شێتێتی بێ کەنار... | سەلاح جەلال | ١٤٩


## هونەر


سوریالیزم... | تەها ئەحمەد رەسوڵ | ١٥٣
کەلتوور لەنێو تابلۆی " مەزادخانە"ی... | حەسەن سلێمان عەسکەری | ١٦٩
دیدار لەگەڵ شەماڵی عەبەڕەش... | سازدانی: شەنکار عەبدوڵڵا | ١٧٧
چاوپێکەوتن لەگەڵ جیم جارمووش... | و. ئەکبەر حەسەن | ١٨٦

لێکۆڵینەوە

شیعری مووبەق
جیهانی بۆگەنکردنی پەنجەکان

**مەجید عەزیز**

تەنز لە چیرۆکی نوێدا
(بەرهەمەکانی ئارام کاکەی فەلاح وەک نموونە)

**ئارام سدیق**

لەبارەی شیعرەوە

**بۆتان جەلال**

لە ئەلبوومی یادگارا

**سەباح رەنجدەر**



# شیعری مووبەق

## جیهانی بۆگەنکردنی پەنجەکان

مەجید عەزیز

شیعری "موبەق"، شیعری دڵسۆز حەمەیە لەڕەخنەی چاودێری ژمارە(٢١٩) بڵاوکراوەتەوە. ئەم شیعرە بێجگە لە چێژو تایبەتمەندییەکانی خۆی، وەکو شیعرێکی سەربەست و کراوە، هەست و سۆزی شیعریی خوێنەر دەوڵەمەندی دەکات بەئەزموونی شاعیریێتی و تۆمارکردنی ئازارەکانی ناو شوێنێکی گشتی و تایبەتی ناوماڵ، وەکو"موبەق"، لەهەمان کاتیشدا ڕووبەڕووی پێشبڕکێیەکی کۆمەڵایەتی گرنگی دەکاتەوە، لەناو کۆمەڵگای کوردیدا. مووبەق شوێنی ژیانی جەستەیە، وەکو جوگرافیایەکی دیاریکراوی مرۆڤ، ژن پیشاندەدات لەناو مێژووی بوونیدا وەکو ئیشکردن. خەیاڵی شاعیر ئەو ڕیالیزمەمان وەکو تابلۆیەک پیشاندەدات لەوێنەیەکی وەکو زینداندا، "لەبێدەنگی بکوژی دیوارەبەردینەکانی مووبەقدا". کاتێک مووبەق وەکو زیندان دەبینین، ئیتر هەموو مانایەک بۆ ژیان، ژووان، پەیوەندی و درێژەدان بەعەشق دەمرێت، بێگومان ئەمە کاریگەریی دەبێت بەسەر تەواوی کۆمەڵگاشەوە. شاعیر لەنێوان دوو جەمسەردا (جەمسەرێکی کۆمەڵایەتی و جەمسەرێکی تایبەتێتی)، یان (دونیای مووبەق و دوونیای ناو خەیاڵەکان) زۆرانبازی دەکات، لەلایەکەوە واقیعێکی راستەقینە مانیفێست دەکات، لەلایەکی تریشەوە وەکو بیەوێت لەگەڵ شیوەنکردندا خەیاڵەکانی ریفۆرم بکات. وادەخوێنرێتەوە لەناو هەورو تومانی

میتافیزکی هۆش‌و جەستە، یان رۆح و جەستەدا وێڵبێت. وای لێتێدەگەین، شیعرەکە وەکو رووبەڕووی جۆرە دوالیزمێکیشمان بکاتەوە، ئەویش لەنێوان دونیایەکی غەریبکراو و دونیایەکەی ترە، دوونیایەک بەهەموو شێوەیەک پێی قەڵس و بێزارە (رەهەندە کۆمەڵایەتییەکانی مووبەق)، کە بە هەموو شێوەیەک لەسەر جیهانی جەستە دەکەوێت، دواییش دوونیای خەیاڵەکانێتی.

### تەمیزیکردن

لێرەدا مووبەق ئەگەر دیوێکی حەرفی وەربگرێت، واتە دیوی ژیانی ژن وەکو ئیشکردن و پاکوتەمیزی و خواردن دروستکردن تیایدا، ئەوا دیوێکی مووبەق باسکردنە رۆحیەکەی شاعیرە (خۆی بیردەکەوێتەوە لەناو ئەو دۆزەخەدا)، وەکو چۆن باس لەواقیعی ناو مووبەق دەکات، بەهەمان شێوەش باس لەخەیاڵ دەکات. یەکێک دەتوانێت بڵێت، ژیان لەمووبەق بەبێ خەیاڵ مردنێکی تەواوە، چونکە ئەوەی وزەدەدات بەژیان و بوونی ئەو لەناو مووبەقدا، خەیاڵە بەتەنیا. ئیتر ماندووە بەدەست بوونی جەستەوە، لەلایەکەوە ئیشکردن و پاکوتەمیزی، لەلایەکی تریشەوە"باوەڕپێنەکردنی لەلایەن دڵپیسی ژیانەوە". دیوەرۆحیەکەی مووبەق بێگوومان لەدەرەوەی باسکردنی سیستمی پەیرترپارکییەوە نییە، بەڵام ئەوەی بەناویدا دەڕوات کەناڵێکی زاتیانەی شاعیر خۆیەتی، وەکو ئازارو تەنیایی و بێزاریی و گومان و گوناهی رۆح و فراوانی خەیاڵ و دواییش دەستخستنەسەر بوونی پەیوەندییەکانیش. شاعیر باس لەپاکوتەمیزییەکی ئەبەدی دەکات بەو رۆژگارەو کەچی لەپای ئەو هەموو پاککردنەوەیەش، ژیان دڵی لەجەستەو خەیاڵیشی پیسە. کەوابێت پیسی لەهەموو قووژبنێکەوەیە، نەوەک هەر لەناو مووبەق و ماڵ و جل و قاپ و سەرعەرزەکەو بنی قاچی قەسابەکان، بەڵکو لەناو پەیوەندی و ژووان و ژیاندایە. جەستە چەند ماندوودەبێت، رۆحیش بەهەمان شێوەی ئەوە، لێرەدا لێکجیابوونەوە باس ناکەین. خەمی قووڵی شیعرەکە تەنیا لەوەدانییە پاکوتەمیزی وەکو پیشەیەک تابلۆدەکات و بوونی خۆی لەژیانی ژنان لەژێر بلاجکتۆری ریالیزمێکدا رووناکدەکاتەوە، بەڵکو پیسییەکی گەورەتر هەیە لەناو سیستمەکەدا، ئەویش سەرەڕای ئەو هەموو کارکردن و پاکوتەمیزییەشی دەیکات، دڵی لەژن پیسە، پاککردنەوەی ئەمە ئەرکێکە لەسەروو ئەرکی شیعرەوەیە.

لەکۆمەڵگای کوردیدا، لەچاوی مووبەقەوە ژن دەبینرێت، واتە پەیوەندیی مووبەق و ژن پەیوەندییەکی سروشتییە بۆ کۆمەڵگای پەیرترپارکی، چونکە

ئەوبوونەوەرەی هەمیشە خەریكی كاركردن و پاككردنەوەی ناوماڵە، وەكو ژن دەبینرێت. تەنانەت مووبەق و دیاردەی پاكوتەمیزی دەبێت بەتەنها شت بۆ ژنان خۆیانی پێوەخەریك بكەن، تاوەكو بەشێوەیەكی ئۆتۆماتیكی مووبەق جەستەكان زیندانی دەكات، بەبێ ئەوەی ناوی زیندانیشی لێ بنێین. بەو هەستە مووبەق وەكو زیندانێكی سروشتییە.

نــەوەک هەرئەوەندەش، بەڵكو ئەگەر لێكۆڵینەوەو ژمێریاری زیاتری كۆمەڵناسی/دەروونـاسی بكرێت لەكۆمەڵگای كوردیدا، ڕەنگە زۆرینەی ئەوكەسانەی بەدەست بێزاری زۆرەوە، خەمخواردنی زۆرەوە، تەنیایی و بێتاقەتی زۆرەوە لەناو ماڵداو دواییش لەبەرنەبوونی هیچ بوارێكی دیكە بۆكات بەسەربردنیان، كچان و ژنان بن لەناو ماڵ و كۆمەڵگاشدا، خۆخەریككردن بەپاكوتەمیزییەوە بەشێوەیەكی زۆرو بێوێنەی وا، كە لەناومێشكدا دەبێتە گرێیەكی وا(ئۆبسێسیڤ) كە هەموو بیرو داڵغە و غەمەكانی دەدات بەو خۆخەریكردنەوەیە بەشێوەیەكی دووبارەبووی سەیروناهەموار. نەخۆشییەك هەیە، بەناوی(ئۆبسێسیڤ كۆمپۆڵسیڤ دیسئۆردەر)، حاڵەتێكە لەناو زۆریی و خەمناكی(دیپرێشن)و هەژاری پەیوەندی كۆمەڵایەتی و نیگەرانی زۆرەوەدێت. ئەوەی لەناو مێشكدایە، كاردانەوەكانی دەبنە هۆی دووبارەكردنەوەی شتێكی بۆ نموونە وەكو پاكوتەمیزی بێوێنەو دووبـارەبـوووی بــەردەوام، وەكو جۆرە سیستمێكی دووبارەبوو دروستدەكات، ئیتر لەوێوە جۆرە دڵنیاییەكی دەستدەكەوێت، ئەگەرچی دڵنیایی نییە بۆخۆی بێجگە لە نیگەرانی و شڵەژانێكی بەردەوام. باشترین فیلم بۆ تێگەیشتن لەم نەخۆشییە، فیلمێكی جاك نیكڵسۆنە لەگەڵ هێلین هەنت، فیلمێكی كۆمیدییە، بەڵام تەواوی زنجیرەی ڕووداوەكانی بۆ ئەو جۆرە كەسانە تەرخانكراوە(وەكو جاك نیكڵسۆن لەفیلمەكەدا) كە بەو حاڵەتەوە دەناڵێنن، لەبەرنەبوونی كەسانی دی لەدەوروبەریان و تەنیاییەكی زۆرو خەمناكییەكی ناوەكی، كە زەفەری ئەوەیان پێدەبات پەنابەرنەبەر هەندێك جوڵانەوەو دووبارەبوونەوەی شتی سەیرو بوێنەی، وەكو پاكوتەمیزییەكی بێسنوورو جۆری دەرگاداخستنێكی تایبەت بۆمتمانەو ئاساییش، وتنەوەی ژمارەكان لەكات و حاڵەتكی دیاریكراودا... تادوایی. بەكورتی لەبەرنەبوونی هاوڕێ و كەسانی نزیكەوە لێیان، ئەم كاردانەوەیە درووستدەبێت، لەبەرئەوەی گرێیەكی ناوەكی هەیە لەناو بیری ئەو كەسانەدا لەبەردەم نەبوونی دلنیایی و تەبایی و سەپۆرتیش، لەبەرئەوە خوودی دڵنیایی و تەباییەكە دەگوازرێتەوە بۆ ناو ئەو جوڵانەوەی دەست و جۆری بەڕێگادا ڕۆیشتن، یان ئەو پاكوتەمیزییە

بێسنوورەی دەیکەن لەناوماڵدا.

مووبەقی کورد راستی ئەمەیە، چونکە ژن لەماڵەوە بەتەنیا بەدیار منداڵ و خۆی و قاپ و جل و عەردەکەوە دەمێنێتەوە بۆپاککردنەوە، ماڵ بۆ ئەو دەبێتە وەزیفەیەکی سروشتی بۆ پاککردنەوەی، وایلێدێت خۆیشی لێ دەبێت بەبەشێک لەشتەکانی دەوروبەری. ئیتر خوودی پاکوتەمیزی دەبێتە هەموو شتێک، تەنانەت هەستێکی ئاینی وەردەگرێت. دیارە ئەمە هۆیە سەرەکییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ خوودی ئەو تەنیایی و خەمۆکییەی حاڵەتەکە بەئەنجامدەگەیەنێت، لەهەمانکاتیشدا ڕازیکردنی پیاو و کەسانی تری ناو کۆمەڵگایشە، دوایی وەکو دەڵێن (پاکوتەمیزی لەئیمانەوەیە).

بەکورتی پاکوتەمیزی دەبێت بەتەنیا دەروازە بۆ نزیکبوونەوە و خۆتیادا تواندنەوە، "لەشوێن تەمیزیدا فریوی خوارد هەموو عومرم" شاعیر ئەمە لە دونیایەکی ترەوە دەڵێت، واتە هەستکردن بەوەی کە تەمیزی بۆتە شوێنی هەموو ئەو تەمەنەی بەفیڕۆی داوە، بەڵام تەمیزی شوێنێکیش بووە بۆ ئەو، لەوکاتەی لەناو خوودی خەمناکی و بێزاریی و تەنیاییدا ژیاوە، خۆی تیادا هێشتۆتەوە.

کۆمەڵگای کوردی بەو دارشتنە پەیرتریارکییەی هەیەتی بۆ خێزان و کۆمەڵگا، مووبەقی بۆ ژن داناوە، چونکە مووبەق بەشێکە لە ماڵ و دواییش سیستمی پەیرتریارکی ئیشوکاری ماڵی بەشێوەیەکی سروشتی بەتەنیا بەژن بەڕەوابینیوە. لێرەوە ژن ئەمەندەی کات لەناو مووبەق و ماڵدا بەسەردەبات و دەبێتە بوونەوەری ناو مووبەق، ئەمەندە لەناو جیهاندا نییە و شوێنی ترو دەرەوە نابینێت. لەبەرئەمە زیادبوونی پاکوتەمیزی وەکو نەخۆشییەکی لێدێت لـەدەرەوە دەیبینین، بەڵام رەنگە هۆکاری سەرەکی ناو خـوودی مێشکی ئەوەبێت، بێسنووریی حاڵەتی ئەو تەنیایی و بێتاقەتی و بێزارییەیە، خوودی ماڵ و مووبەقەکە بۆی دروستدەکات. لەبەرئەوەی هیچ شتێکی تر نییە بێجگە لەکارکردنی ناوماڵ و مووبەق نەبێت بۆ ئەو، ئیتر خوودی هەلومەرجەکە بەقەد قوورسایی هەموو تەنیایی و بێتاقەتی و بێزارییەکەی ناوەوەمان رادەوەستێتەوە، لەبەرئەوە خۆمان بەو کارانەوە ماندوودەکەین بۆ ئەوەی لەواقیعی تەنیایی و بێزاریی و خەمخواردنەکە دووربکەینەوە، جەستەمان ماندووبێت مێشکمانی پێوە مەشغووڵدەبێت. بێسنوورییەکی زۆری وەکو پاکوتەمیزی تەنیا نامانکاتە مەشینێک بۆ کارکردن، بەڵکو لەحاڵەتە دەروونییەکەیەوە یارمەتیمان دەدات (لەپراکتیزدا)، بۆئەوەی جۆرە دڵنیاییەک ببینینەوە ناو خوودی خۆمان. ئەم یارمەتیدانە یارمەتیدان نییە بەو شێوەیە، بەڵکو تەنیا یارمەتیدانە بۆ ئەو کەسەی

کەهەڵگری مەینەتی(گرێیەکە) بێچارەسەرەکەیەتی لەناخی خۆیدا، بۆئەو وەکو یارمەتی دەبیندرێت. بەمانایەکی تر، لەبەرئەوەی تەمیزی هەموو شتێکە رەنگە وەکو تلیاکیش تەماشابکرێت، چونکە جۆرە راهاتنێکی مێشکی و جەستەییە پێکەوە لە هەمانکاتدا. ئەو کەسە وادەزانێت تەنیا لەناو ئەو تەمیزییەدا بەرهەمی هەیە، هەروەها هەمان ئەو پرۆسێسە دووبارەکراوەی خۆی دووبارە دەکاتەوەو دەگاتە ئەنجامی دڵنیایی، ئەمە بۆ ژنی کورد شوێنی تەنیایی و بیرکردنەوەی زۆر دەگرێتەوە، بەمانایەکی تریش دەبێتە سروشتی ئەویش.

### بەمووبەقکردنی ماڵ

لەدونیای کۆمەڵایەتی ئێمەدا، ماڵ شوێنێکی وا نییە بەتەواوەتی، ئاسۆی مرۆڤەکان لەئاسۆیەکی خوودی کەسەکاندا ببینێت و تۆخبکاتەوە، بەڵکو زیاتر لەهەستێکی گشتیی و هەرەوەزیدا کەسەکان لەدونیای پیاودان و لەژێرخاتری پیاودا تواونەتەوە. ئیستاتیکای ماڵ لەخزمەتکردن و پاککردنەوەی ژندایەو ئەمەندەش سەرقاڵە بەجیهانی مووبەقەوە، ئەمەندە خەریک نییە بەدیزاین و بیرکردنەوەی ئەوەی، چۆن لەناوماڵدا ئاسۆی ژیان فراوانتربکات، ئەمەش رەگەزی سەرەکییە بۆ بەهەلومەرجکردنی تەواوی ماڵ بەهەلومەرجکردنی مووبەق. بەماڵکردنی مووبەق، خۆی بۆخۆی هەنگاو هەڵێنانیشە بۆ بەکۆمەڵگاکردنی مووبەقیش. بۆئەوەی ژن هەر بەوشێوەیە بمێنێتەوە کەهەیە، ئەمەش هێشتنەوەو درێژەپێدانی ژیانی کۆمەڵگایەکی پەیرترپارکییە بەهەموو شێوازێکییەوە. ئەمە لێسەندنەوەی هەموو شوێنە لەژن، یان بەمووبەقکردنی هەموو شوێنە بۆ ژن. مووبەق وەکو شوێن ژنی تیادا دەژی، لێرەوە کارکردن و پاکوتەمیزی وەکو سروشتی ژنی لێدێت. لێرەدا تەنیا تەسککردنەوەی شوێن لەمەڕ سیاسەتی سێکسیمزمەوە، تەسککردنەوەی چێژی ژیانە لەگەڵ ئەوی تردا، وەکو کەسێکی ئازادو سەربەخۆ نابیندرێت. هەروەها خواردن دروستکردن وەکو ئیشکردن، پێش حاڵەتی پێکەوەبوون دەکەوێت وەکو هاوکاریی و ژیان پێکەوەو ماناکان بۆ عەشق و دڵداریی. بوونی پەیوەندیی ناوکۆییەکی تێکدراویان دەبێت، هەوڵی شیعری مووبەقیش هەوڵێکە بۆ گەڕانەوەی مانای شتەکان،" من پیسوپۆخڵی ژیان لەم ژووانە، لەم جلانە، لەم قاپانە لەم ژیانە دەردەکەم"، هەروەها "بەم رۆژگارە لەدوی شوێن پێی پۆخڵیم و تەنافەکان پڕدەکەم لەگۆرەوەی و دەرپێ و فانیلەو چەرچەف و بەرگی ئەو سەرینانەی گوڕیچەی سەرنانەوەت دەیان رستەو وێڵبوونی ئەبەدی بوو لەکوچەتاریک و قەبزەکانی تەنهاییدا" ژیان

و بوون یەکپارچە پیس و قرێژە لەگەردوونی شاعیردا، تەواوی شوێن وەکو هەلومەرجێکە بۆ ئیشکردنێکی نەبڕاوەو ئەبەدیی.

هەڵوێستەی شیعرەکە لەو روانگە کۆمەڵایەتییەوە دەوڵەمەندیی خۆی هەیە، ئازارە کۆمەڵایەتی و تەنیایی و دەروونییەکانی مرۆڤی ژن دەخاتەڕوو، وەکو ئەدەبێکی فەمینیستی شیعر دەڵێت. لەهەمان کاتیشدا پیاوی بێبەشنەکردوە لەباسکردنی وەکو بوونەوەرێک، نەوەک هەر لەژیان و ژووان و پەیوەندیی تێناگات، لەگەڵ ئەوەشدا دڵ و چاوی لەدەرکەوتن و جوڵانەوەی جەستەی ژنانیش پیسە، سەرەڕای ئەو هەموو بەفریودان و ئیشکردن و پاکوتەمیزی ژن دەیکات، "کەچی ژیان دڵی لەخەیاڵم پیسە، دڵی لە لەشی من پیسە، دڵی لەکەمەرم پیسەدڵی لەقولاپی نیگاو عەترەکانم لەمەمکم و لەڕازی دڵیشم پیسە" بەکورتییەکەی ئەو پیاوەی دڵی لەڕازی دڵ و دەرکەوتنی جەستەش پیس بێت، کارێکی گەورەتری دەوێت تەنیا لەپاکردنەوەی دەرەکی(شوێن)، بەڵکو، مانیفێستی پاککردنەوەی ناو ناخ و مێشکی پیاوە.

بەکورتی، مووبەق بەشێکە لەناو دیزاینی بەڕێوەبردنی ماڵ، کەدەڵێین مووبەق پیاومان لەبیرنییە، ژنمان لەبیرە لەناو کۆمەڵگای ئێمەدا، ئەم بیرەش بەوەوە بەستراوەتەوە کە ئەو بوونەوەرەی سروشتی وایە لەناو جوگرافیای مووبەقدا بێت. ئەمە وا لە ژن دەکات سروشتێکی بەسەردا بسەپێندرێت، سروشتی ئەوەی بۆ ئەو گونجاوە، بۆ عەقڵ و جەستەشی لواوە، نۆرمەکانی کۆمەڵگاو کەلتووریش وا پیشاندەدەن کەژن لەوە زیاتر نییەو زیاتری پێناکرێت. لەبەرئەوە مووبەق کراوەتە ماڵی جەستەی ژن نەوەک ماڵ وەکو ماڵ، ماڵیش تەنیا وەکو ئیشکردن و تەمیزکردنەوە. شیعری مووبەق ئاماژەکردنێکی ئەکتوالیێتی ژیانی ژنانە وەکو بۆگەنکردنی دەست و پەنجەیان لەناو کەف و چڵک و پیسایی پیاوسالاریدا، مووبەقیش زیندانی جەستەیەو هەموو ماڵیش دەبێتە زیندانێکی گەورەتر.

### مووبەق و جەستە

ژیان و کەلتووری کوردەوارییی لەبەرئەوەی لەڕەگوڕیشەوەو تاوەکو ئێستاکەش لەناو حاڵەتە پڕ لەکێشمەکێشم و ئاڵۆزاوییەکانی پەی تریارکیدا دەژی، کۆمەڵگایەکە "ژن و پیاو" وەکو دوو بونەوەری جیاواز تەماشادەکات و مامەڵەی لەگەڵ دەکات، ئەم جیاوازییە لەگەڵ مامەڵەکردنماندا بۆ شوێن بەئاسانی ڕەچاودەرێت و دەبینرێت. جیاوازی نەوەک هەر لەڕوانگەی ئەوەی پیاو لەژن جیاوازەو ژنیش لەپیاو جیاوازە، بەڵکو جیاواز وەکو حاڵەتی سروشتیی و

پێداگرتنی کەلتووریی و ئاینیی و فیکریی و کۆمەڵایەتیی. پیاو جیاوازە لەژن، لەبەر ئەو سروشتەی کۆمەڵگاو سیستمی پەیرتریارکی پێی دەبەخشێت و پەنجەکانی ئەو کەلتوورە بۆی ئیمزادەکات، لەبەر هۆی گرنگی پێناسەکردن و تواناکانی، کە زۆرینەی شتەکان دەیبەستن بەجیهانی پێناسەو توانا جەستەییەکانەوە. ئیدی لەبەر ئەوەی جیاوازی کەسەکان (ژن/پیاو) لەدەسەڵات و هەڵسوکەوت و سیاسەتی سیکسوالێتیشدا لێکترجیادەکاتەوە، لەبری ئەوەی لێکیان نزیکبکاتەوەو بیانکات بەدۆست و هاورێی یەکتری، دەسەڵاتی زۆرو ڕەها دەداتە دەست پیاو، ژنیش لەژێر ترس و کۆنترۆڵکردندا دادەنێت. شوێن وەکو نووسینەوەی دەقێک وایە بەجوڵانەوەو ژیانی جەستەکان لەجیاتی زمان، ئیدی جیاکردنەوەی دەسەڵات وادەکات شوێنی جیاوازی بەجەستە جیاوازەکان ببەخشێت. بۆنموونە پیاو لەدەرەوەو ژنیش لەماڵەوە، ئەگەرچی ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ مێژووی ئەو مەعریفە زۆر کۆنەی، گوایا پیاو نان لەدەرەوە پەیدادەکات و ژنیش بۆ ماڵ و منداڵ بەخێوکردن دانراوە. لە رۆژگاری ئێستاشماندا، ئەگەر پیاو لەماڵەوەش بێت، بەڵام ژن لەماڵەوە نییە، بەڵکو لەمووبەقە. ئەو فۆرم و لەزۆر ترسناکەی، گوایا ژن لەناو ماڵدایەو کاری ناوماڵ دەکات و پیاویش بژێویی دەکات بۆ پەیداکردنی نان بۆ خێزان، بنەمایەکەی دەگەڕێتەوە بۆ تەماشاکردنی مرۆڤایەتی لەژێرکاریگەریی سیاسەتی سێکیزم وەکو جەوهەرگەرایی، تواناکی جەستەو، ئاستی هزریی. جەوهەرگەرایی لێرەدا، پیاو وەکو سروشت والێدەکات ئازادو سەربەخۆو تەنیابێت، بەجۆرێک لەجۆرەکان، ژنیش وەکو سروشتی نائازادو کارگەری ناوماڵ، بۆ تەمیزکردنەوەو بەڕێوەبەری پاکوتەمیزی ناوماڵی دادەنێت.

غەمی قووڵی ئەم شیعرە غەمی ونبوونی جەستەیە لەناو جیهانی مووبەقدا، بەڵام بوونێکیشە لەناو کەوانەی خەیاڵە ئازاراوییەکانی خۆیدا پێچدەخوات. شیعرەکە بۆخۆی لەوێوە دەستپێدەکات کە نیزاعی شاعیر لەگەڵ مووبەق دێتەکایەوە، لەکاتێکدا خەیاڵ و بیرە جیاوازەکان ئەگەر بەرهەمی میلانکۆلیش بن، جۆرە ئازادییەکی ناوەکی دروستدەکەن بۆ کەسی ناو مووبەق، مرۆڤ وەکو بکاتە جۆرەبوونەوەرێکی ناوەکی، بەڵام مووبەق بەشێکی گرنگی ماڵە، شوێنی درووستکردنی خواردنە، نەوەک بوونە کۆیلە لەناویداو بەخشینی جۆرەداتایەک بەسەر کەسێکی دیاریکراو لەناویدا وەکو هەلومەرجی سروشتی. کە بەسروشتی بووینە کارگەری ناو مووبەق، بەسروشتی لەوەش زیاتر کەمدەکرێینەوە بۆ ئەو کارەی دەیکەین.

ئەوەی ئاشکرایە، ئەوەیە جەستە بەو رۆژگارە لەناو موبەقدایەو خەریکی

پاکوتەمیزی و کارکردنە، پیسوپۆخڵی لە"جلو" و "قاپەکان" هەروەها لە"ژووان" و "ژیان"یش دەردەکات. دەرکردنی پیسی لەشتەکانی وەکو"قاپ و جل و عەرد و دیوار" دەرکردنێکی حەرفیە، چونکە پاککردنەوە شتەکانە پیسیان دەکەین، بەڵام دەرکردنی پیسی لەژیان و ژووان جیاوازترن. ئەمە وەزیفەیەکی فیکریی و قووڵە، چونکە هەڵسانە بەپاککردنەوەی مووبەقی ناومێشکی کۆمەڵگای پیاوسالاریی. بۆنموونە ئەگەر کارکردنی جەستەیی لەناو مووبەقدا پاکوتەمیزی بێت، ئەوا خەیاڵکردنەوە بەچوونە دەرەوەمان لە مووبەق، لەپێناو ژیان و ژوواندایەو گەیشتنەوەیە بەعەشق و پەیوەندییەوە.

ئایا پیسوپۆخڵی "لـەژووان" و "ژیان" چۆن دەربکەین؟ ئەمە وەکو خاڵی پێکدادانی نێوان ریفۆرم و لێکترازانی پاککردنەوە دەبینم، چونکە پاککردنەوەی ژیان و ژووان، ماناو جەوهەری پاککردنەوەی پەیوەندییەکەیە کەهەموو شتێکی بەناودا دەڕوات، سەری گەشتنەوەیە بەعەدالەت و ڕیزو خۆشەویستی و رۆمانس و ئازادییەکانی مرۆڤ. ریفۆرم واتە چاکسازی لەو پەیوەندییەدا، لێکترازانیش واتە جیابوونەوە لێی، هەردووکیان حاڵەتی شەرعی خۆیان هەیە وەکو چارەسەرکردنی قەیران. ئەگەر ئەم دوو خاڵە هاوبەشی خۆیان هەبێت، ئەوا جیاوازیشیان هەیە لەیەکتری، چونکە فەمینیستەکانیش هەندێکان پێیان وایە ریفۆرمکردن دەکرێت لەناو خوودی ئەو سیستەمەی ژنی تیادا دەچەوسێتەوە، بەڵام هەندێکیان بەوە ڕازی نین و بانگەوازی گۆڕانی ڕیشەیی دەکەن. ئایا عەشق کە ئازایەتی و دڵی دەوێت سەربەکامیانە؟ (ئەم پرسیارە بەکراوەیی بەجێدەهێڵم) بەمانایەکی تریش، ئایا مووبەق تێکبدەین و بچینەدەرەوە تیایدا؟ بۆئەوەی جیهانی ئەودیوی مووبەق ببینین، یان لەناو خوودی مووبەقدا بمێنینەوەو چاکسازیی بکەین؟ بەڵام تاوەکو ئەوکاتەی مووبەق زیندان بێت ئایا بۆچی بەدەستی خۆمان خۆمانی تیادا زیندانی بکەین و بمێنینەوە؟

"قاپ دەشۆم و جل دەشۆم و ماڵ دەشۆم و پەنجەرەو مێزو پەرداخ و کاشی ژێرپێ دەسڕمەوە کەچی ژیان دڵی پیسە لەخەیاڵ، دڵی لە لەشی من پیسە؟ هەروەها ئەو ژیانە، کۆمەڵگایە، یان ئەو پیاوە" دڵی لەکەمەرم پیسە، دڵی لەقولاپی نیگاو عەترکانم پیسە لە مەکم و لەڕازی دڵیشم پیسە".

پێموایە، ئەمە هەمووی لەوەوە دەستپێدەکات، کە ژیانی جەستە لەناو مووبەقدا کاردانەوەکانی خۆی دەبێتە ریاکشنی شیعری بۆ تۆمارکردن و خۆنووسینەوە، مووبەق بۆتە زیندانێکی تەواو، خوودێکە پێویستی بەدەرکەوتن و ئاماژەپێدان و سۆزو ژیان هەیە، چونکە لە"ناو کووچەو کۆڵان و پێچیدەی دڵی هەمیشە

تەنگمدا" دەژی، ئەمەش هەوڵی" نووسینەوەی سەفەری نائومێدیە" و هیچی تر.
ئەم تۆمارکردنە شیعرییانەش دەبنە سەرەچاوەیەکی بەهێز بۆ ئاماژەپێکردن و رەخنەئاراستەکردنی ئەو کۆمەڵگایەی شاعیر لەناویدا دەژی، جارەنگە لەهەرشوێنێکدا بێت لەم ئاستەوە، بەتایبەتی کۆمەڵگای دانانی جەستەکان لەناو مووبەقدا وەکو حاڵەتێکی سروشتی (واتە ئیشی ژنەلەناو مووبەقدا بێت و پاکوتەمیزی ناوماڵ بکاتە پیشەیەک وەکو سروشتی خۆی). ئەمە بێجگە لەوەی ئاماژەیەکی تیژو خێرای سیستمی پەیرتریارکییە بۆ جەستەو ئیشکردنی، لەهەمان کاتیشدا تەماشاکردنی یان پیشاندانی مووبەقیشە بەشێوەیەکی سەیرو ناگونجاو سیاسەتی جێندەر بەڕێوەدەبات. بۆنموونە تەنیا ژن لەناو مووبەقدا دەبێت و خواردن دروستدەکات، دوایی موبەق خۆی لەئیستاتیک و هونەری خواردنیش کەمدەکاتەوەو تەنیا بۆ ئەوە کوورتبۆتەوە غەریزەی بایەلۆجی پڕبکاتەوەو تەواو(نانخواردن)، چونکە لەناو ماڵی پەیرتریارکیدا شوێنەکانیش جیاکراونەتەوە بۆ بەکارهێنان و پراکتیزەکردنی دەسەڵات تیایاندا. مووبەق دراوەبەژن، نەوەک بۆ ئەوەی بەخۆشی و ئازادیی دەسەڵاتی خواردن درووستکردنی هەبێت وەکو کەسێکی ئازادی ناوماڵ، بەڵکو وەکو ئەرکێکی ژنانە بەسەریدا سەپێنراوەو دەبێت بەمیسالیترین شێوەش بەو کارەی هەڵبسێت، ئەگینا گلەیی لێدەکرێت و تەنانەت زیاتریش پەراوێزدەخرێت و لەژنایەتی خۆی کەمدەکاتەوە. سەرەڕای ئەوەی وەکو جەستەیەکی زیندانی لەناو مووبەقدا هەمیشە کاردەکات و کۆیلەی پاکوتەمیزی، ژیانیش دڵی لەو جەستەیەی هەیەتی پیسە. لێرەدا کۆیلایەتی ناو مووبەق لەلایەک و نەبوونی رۆمانس و عەشقیش لەلایەکی ترەوە، چونکە دڵپیسی رۆحی پەیوەندی دەکوژێت.

شیعرەکە، چۆنی پیسی لەژیان پاکدەکاتەوە؟ لێرەدا دەبێت ماناو چەمکی ژیان ئاشکراتر قسەی لەسەربکرێت، چونکە ژیان هەموومانی تیادایн، نەوەک تەنیا چاوێک و عەقڵێکی دڵپیس، یان تەنانەت سیستمێکی تەقلیدی و شتی وا کەڕێگا بەو جۆرە دەسەڵات و عادەتە دەدات لەهەڵسوکەوتکردن و مامەڵەکردنماندا لەگەڵ ئەوانی تر. برینی زۆر گەورەی جەستە دووفاقە لێرەدا، برینێکیان دەگەڕێتەوە بۆ ناو شوێن کە مووبەقە، ئەوەی تریان دەگەڕێتەوە بۆ مامەڵەکردن بەرامبەری و بینینی وەکو دڵپیسی، بەڵام هەردووک دیوی ئەو برینە لەناو پەیوەندییەکانی خێزان و کۆمەڵگادان، ئەمەش دەست خستنەسەر هەردووک دونیای خوودو بابەتە، دونیای من وەکو خۆم، دونیای نامن وەکو ئەوەی هەمیشە پابەندم بەپەیوەندیی و ژیانی ئەوانی ترەوە.

(بانموونەیەک لەسەر ژیانی جەستەو دوو ئامرازی مۆدێرن بهێنمەوە (ئۆتۆمبێل و پاسکیل). لەولاتانێکی زۆر ڕێگایان بەژن نەدەدا ئۆتۆمبێل بهاژوون، ئێستا کە بەهەزار پاڵوپەنا هیوایەک هەیە بۆئەوەی بتوانن ئەوەبکەن، لەلای ئێمەش ئەم کرانەوەیە هەیە، بەڵام حاڵەتێکی ئێجگار سەیرو ئایرۆنی ئەوەیە، لەکاتێکدا بوونی پاسکیل زۆر دەمێکە لەناو ئەو کۆمەڵگایانەدا لەپێش ئۆتۆمبێلیشەوەیە (لەلای ئێمەی کوردیش)، خەریکە ئۆتۆمبێل هاژوون ئاسایی دەکرێت بۆ ژنان، بەڵام پاسکیلْ هاژوون تەنیا بۆ کوڕان و پیاوانە. بەکورتی، ئایا بۆچی ژنان ئۆتۆمبێل بهاژوون وەکو ئامرازێکی ناو دونیایەکی مۆدێرن، بەڵام نەتوانن سواری پاسیکل بن؟ ئاسانە، دیارە جەستەی ژن لەناو ئۆتۆمبێلدا دیار نییە وەکو ئەوەی لەسەر پاسکیلێکەو بەزەقی دەردەکەوێت) مەبەستی سەرەکی لەم نموونەیەدا، ئەوەیە ئازادیی و ژیانی جەستەی ژن، بەهەموو شێوەیەک هێڵی سووری بۆ دانراوەو چاوی موراقەبەی کۆمەڵگای لەسەرە. لەناو ئۆتۆمبێلدا ژن نەک دەرناکەوێت، بەڵکو وەکو بشاردرێتەوە وایە، وەکو جیجابێکی مۆدێرن وایە، بەڵام لەسەر پاسیکل جۆری جولان و دانیشتن و دەرکەوتنی جەستە کارێکی ئێجگار جیاوازتر و رادیکاڵترە. لەبەردەم بەتابووکردنی

**کاتێک مرۆڤی ژن دەبێتە ژنی پیاو، لەناو هاوسەرێتییەکی تەقلیدیدا، ئیتر ئەو ژنە موڵکی خۆی نییە وەکو بوونێکی سەربەخۆ، بەڵکو موڵکی هەوەس و ئیشکردنی ناوماڵ و مووبەقی پیاوە**

پاسکیل بەوشیوەیە، ئۆتۆمبێل ئۆنۆلۆجی ژوور دەبینێت وەکو مووبەق و وەکو حیجابیش) نموونەی پاسکیل بەڵگەی ترس و نیگەرانی چاوی کۆمەڵگایە لەئاست جەستەی ژندا، نزیکە لەو هەستەی شاعیر لەلایەتی کە باسی دڵپیسی دەکات لەلایەن ژیانەوە.

دڵ پیسبوونی پیاو لەژن بەو شێوەیەی شاعیر باسی لێوەدەکات، دڵ پیسبوونی پیاوە لەوەی بەموڵکی خۆی دەزانێت و ناهێڵێت لەوە زیاتر هەنگاو هەڵبهێنێتەوە لەوەی بۆی دانراوە.

ئەمە نەوەک هەر بۆ ئاغاییەکان راستە، بەڵکو بۆ رۆشنبیرەکانیشمان هەر راستە، بۆسیاسەت و دونیای حزبایەتیشمان هەر راستە. ئەمە جەوهەری سیستمی پیاوگەراییە لە دەرکەوتن و ژیانی جەستە وەکو ئەوەی دەیەوێت خۆی نمایش بکات و هەبێت و بژی، چونکە ئەو دڵپیسییە جۆرە غیرەیەک نییە لەسەر خۆشەویستییەکی زۆرەوە لەدایک بووبێت، بەڵکو لەسەر جەوهەری موڵکدارێتییەوەیە. بۆنموونە، کاتێک مرۆڤی ژن دەبێتە ژنی پیاو، لەناو هاوسەرێتییەکی تەقلیدیدا، ئیتر ئەو ژنە موڵکی خۆی نییە وەکو بوونێکی سەربەخۆ، بەڵکو موڵکی هەوەس و ئیشکردنی ناوماڵ و مووبەقی پیاوە. ئەمەندەی کۆیلەی پاکوتەمیزیشە، ئیدی وەکو مانیجەرێکیش نییە هەستێکی سەربەخۆی هەبێت، بەڵکو وەکو جۆرە ئامرازێکی بەرهەمهێنانەو کاردەکات. کەمکردنەوەی ژن وەکو هەلومەرجێکی سروشتی، تاوەکو وایلێدێت دەبێت بەهەلومەرج و ژیانی رۆژانەی، شووناسی دەبێت بەحاڵەتێکی سروشتی لەکەمبوونی خۆی لەلایەن کۆمەڵگاو تەنانەت خۆیشیەوە.

### بۆگەنکردنی پەنجەکان

لەکۆتایی شیعرەکەدا چڕکردنەوەی بێزاریی، بێهوودەیی و ئازاری پشتگوێخستن و لەبیرکردن و تەنیاییشدا دەڵێت: "وەختە بۆ ئەبەد وەکو سیرو وەکو پیازو وەکو نانی کەڕولێدراوی لەبیرکراوی بن مەنجەڵ لەژێرزەمین و لادیـوارو تەریکی ژیان هەڵدەگیرێت، خەیاڵم بۆگەن دەکـات، پەنجەکانم کەڕولێیدەدات خاتیرەم بەدوی تەمیزیدا فریوی خوارد هەموو عومرم"

ئەم مانیفێستەی شاعیر، لەلایەکەوە ئاماژەیەکی کۆمەڵایەتی بەجەستەی داوە، کە وێناکردنی مرۆڤی ژنە لەناو جیهانی مووبەقدا، کە شوبهاندنی جەستەیە وەکو سەوزەو شتی ئاوا(سیرو پیازو...)، مانای بێگیانی و مردووییەتی، هەروەها مانیفێستێکی زۆر تایبەتییە کەزمانی خوودی شاعیر دەرەخسێنێت، لەبەردەم

هەستکردن بەوەی دەزانێت چی لێ بەسەردێت لەناو ئەو جیهانەدا، ئەویش بۆگەنکردنی پەنجەکانێتی، بەڵام دەڵێ "وەختە تا ئەبەد" ئیتر خەیاڵیش نامێنێت و بوونیشی وەکو نانێک کەڕوولێیدەدات. گرنگی ئەم خاڵە هەستکردنێکی خوودی و بوونگەراییە بۆ جەستە لەناو هەستە کۆمەڵایەتییەکەوە لەدایک دەبێت، ئەگەرچی هێمایشە بۆ لاوازیی و نەتوانینی شتێک زیاتر لەوەی پێویستە بکرێت و رووبدات. زمانی خوودە لەناو ئۆردەرو سیستمی پەیرتریارکی مووبەقدا، هەستکردنە بەمردنێکی بێتام و بێ مووغامەرەی ناو مووبەق، وەکو لەکۆتاییدا دەڵێت،"دەڵێی لەگۆڕی خۆمدا وەستاوە ... قاچەکانم" کتومت، مەبەستی سەرەکی ئەوەیە، زیندووە، بەڵام وەکو مردوویەکی زیندوو وایە، چونکە لەناو گۆڕی خۆیدایەتی، بەڵام وەستاویشە لەسەر قاچەکانی. ئایا بمرین لەناو گۆڕستانی مووبەقدا؟ یان لەسەر قاچەکانمان بەتەواوەتی وزە بەبەری خۆماندا بێنینەوەو لەناو ئەوگۆڕەدا بچێنە دەرەوە؟

بۆگەندکردنی پەنجەو هەروەها شوبهاندنی شاعیر بەسیرو پیاز، هەروەها کەڕولێدانشی، بەهەمانشێوە بیرخستنەوەی نازیندووێتییە، لووتکەی وێنەی بێزاریی ناو جیهانی تەلبەندەکانی مووبەقە. بۆگەندکردنی پەنجەبەشێکی گرنگی دروستکردن و دوایش میکانیزمی بەکارهێنانی تەواوی دەستە. رەمزی مردنی پەنجە و مردنی دەستیشە، کۆتایی شت گرتنەدەستە. کەپەنجەمان بۆگەنیکرد، ئیتر ئاسان نابێت بتوانین نامەیەک، یان شیعرێکی پێ بنووسین، یان دەستی دڵدارو منداڵەکەمانی پێبگرین. ئەم بۆگەنکردنە بەلای منەوە چەند ئاماژەپێکردنی قووڵی زاتی شاعیرە بەرامبەر دونیای مووبەق، لەگەڵ ئەوەشدا دەرخستنی دیاردەیەکی زۆر گەورەی زیندووی ناو کۆمەڵگای کووردەوارییە، چونکە دەست، ئیشەکانی خەیاڵ تەواودەکات و خەیاڵیش یۆتۆپیاکانی خۆی لەناو هیوای پراکتیکی دەستدا داناوە، بەڵام لەبەرئەوەی دەست تەنیا "لەناو حەوزی کەفاوی پڕقاپی چەورو چڵکنە" و "پەنجەکانی بۆگەنیان کردوە" ئیتر ئەوەی هەیە وەکو هی جەستە نەبێت، بەڵکو هی خەیاڵەو تەواو.

لێکدانەوەی ژیانی موبەق و دواییش خەیاڵ و تێفکرینی چوونەدەرەوە لەناو ئەو واقیعەی بۆگەنی دەکات، هەروەها دانانی گومان و بەجۆرێک لەجۆرەکان بەربەستیش، ناساندنی هەستێکی پر ترس و بیرکردنەوەی زۆرە، خاڵی رووبەڕووبوونەوەو یاخیبوونمان پێدەناسێنێت. ئایا چی روودەدات لەدوای چوونەدەرەوە لەدونیای موبەق؟ (ئایا کۆمەڵگاو هۆزو خێزان و شارو گەڕەک چۆن تەماشای ئەو ژنەدەکات کە داوای جیابوونەوە لەمێردەکەی دەکات؟ تاوەکو

ئێستاکەش لەلای ئێمە دیاردەی جیابوونەوە رەنگە تەنیا لەناو نووخبەکاندا هەبێت و بکرێت، ئەمەش نازانم چەندی ژن بەئازادیی و بەبێ جۆری هەڕەشەکان لەسەری بەدەستی خۆی داوای دەکات؟).

ترسی لێکترازان و ئەودیوی جیهانی مووبەق وەکو "لەپشتی مووبەقی پەنجەری ژیان رێگایەکە بەسەحرادا" سەحرا تینوێتی و سەفەری مەحاڵی لەدوایە. خۆکۆکردنەوەی ژن لەناو پەیوەندیی و کۆمەڵگای پەراوێزکراودا، فەراهەمکردنی خۆناسین و سەربەخۆیی و ئازایەتی و هەروەها بێباکیشە، تەنانەت گوێنەدانە بەزۆر شتیش کەئەگەر حاڵەتی کەوتنەخوارەوەش بێت بۆ ناوزبڵخانەش، "سێوێکە بێباک لەهێرشی کرم و کەوتنە ناوزبڵخانەوە". لیرەدا ئەوەی لە وشەی زبڵخانە تێبگەم لە دیدە رەمزییەکەیەوە، هەموو ئەو دیوارو سنووررو دابونەریت و زیندانانەیە، کۆمەڵگای پەیرتریارکی بۆی داناوە، کتومت زبڵخانە، بۆ ئەو خوودی مووبەقەکەیەتی کەجەستەو سیرو پیازو جل و هەموو شتێکی کردووە بەیەک "تائەبەد".

## خەیاڵ و واقیع

چەند ئاماژە بەجیهانی مووبەق دەکات، شیعرەکە ئەمەندەی ئەوەش بەدوای خەیاڵەوە وێڵە، بەکوولڵ بۆ ئەو دۆزینەوەو دەستپێکردنە دەگری لەدەرەوەی مووبەق. نیگا شیعرییەکانی لەسەر ئەودیو پشتی پەنجەرەیە. بەمانایەکی تر، شیعرەکە بە هەموو شێوەیەک دەرەوەی ماڵ و شوێنی پەیرتریارکی خەیاڵ دەکاتەوە. شیعرەکە جۆرە شیوەنێکە لەناو خەیاڵدا، وێنەی پێچەوانەی هەموو جیهانی مووبەقمان پێشکەشدەکات، ئەویش عەشق و پەیوەندییە (بەلأم سۆز فرۆش و بێدەنگە). بەستنەوەی سەری پەتی جەوهەریترین پەیوەندیی، یان حاڵەت بەرامبەر چوونەدەرەوە لەناو جیهانی مووبەق، خاڵی گەیشتنەوەیە بەعەشق. وەکو دەزانین عەشقیش لە دونیای پەیرتریارکیدا شوێنی نابێتەوە بەتەواوەتی، چونکە ئەو مووبەقەی شاعیر ئاماژەی بۆدەکات، بەهەموو شێوەیەک بەرهەمی ئازارەکانی دونیایەیەکی پەیرتریارکییە. لێرەدا لەبەرئەوەی باڵانسی نێوان خوودو کۆمەڵگا لەناو سیستمی پەیرتریارکیدا بوونی نییە، بەهەمان شێوە جۆرەباڵانسێکیش لەنێوان واقیعی مووبەق و خەیاڵی شاعیردا هەست پێناکرێت.

شاعیر کاتێک لەناو موبەقدایەو ئاماژەی ئەوەمان بۆ دەکات "بۆگەندەکات" پەنجەکانی، ئیتر دەزانین کە ئەو واقیعە لەگەڵ واقیعی ناو خەون و خەیاڵیدا ناگونجێت و نییە، چونکە شیعرەکە مانیفێستی تۆمارکردنی بۆگەنکردنی جەستەی

ناو واقیعێک دەکات، تەنانەت نووسینەوەی ژیانیشی وەکو بووبێتە خوودی نائومێدیی، چونکە کاتێک واقیع بەو شێوەیە داگیردەکرێت لەلایەن تەماشاکردنی خوودەوە وەکو کەسێک، یان تەنانەت شتێکی ناو دونیای مووبەق، ئیتر گوومانی تیادا نییە رووبەڕووی کێشەی ئەوەمان دەکاتەوە، ئێمە راستە لەناو موبەقداین وەکو جەستە، لەهەمان کاتیشدا لەناو مووبەقدانین وەکو خەیاڵ، ئەمە تۆزێک کێشەئامێزە. ئامادەیی جەستە لەناو مووبەقداو بیر لێکردنەوەو خەیاڵ خۆی لەجەستە دووردەخاتەوە، ئایا خەیاڵ چەندە سەربەخۆیەو دەتوانێت چی بکات لێرەدا؟ لەکاتێکدا جەستە لەناو رووبەڕووبوونەوەی جیهانێکدا بژی کەهەست بەبۆگەنکردنی خۆی دەکات؟ ئایا خەیاڵ تەنیا دەبێت خەیاڵبکاتەوە، ئیتر هەموو شتێک وەکو خۆی تێدەپەڕێت و ئاساییە، وەکو هیچ کێشەو ئازارێکمان نەبووبێت؟ تاوەکو ئەم ساتە خەیاڵ و واقیع کەوتوونەتە جیاوازیی و تەنانەت پێکدادانیشەوە، چونکە واقیعی مووبەق کەجەستەی بۆگەنکردووە، خەیاڵ هیچ رێنومایی و ئامۆژگاریی و چارەسەرکردنێکی بۆ نەدۆزیوەتەوە بەتەواوەتی، بەڵام تامکردنی تاڵیی و تفتیی ژیانی ناو مووبەق بۆگەنکردنی تیایدا هیچ رێگایەکی ترمان پیشان نادات، بێجگە چوونەدەرەوە لێی.

شاعیر هەر لەدەستپێکردنی شیعرەکەیدا، دەڵێت: "دور... زۆر لەدورە خەیاڵم" خەیاڵی شاعیر وەکو لێرە نەبێت، مەبەست لەوەیە، لێرە نییە وەکو ئەو واقیعەی هەراسانی کردووە. تەنیا بەم نیودێڕەیدا، تێدەگەین و دەزانین، شاعیر بۆچی شیعری مووبەق دەنووسێت، خەیاڵی دوورەو نائومێدو تەنیاو بێزارو توورەشە. خەیاڵی وەکو جەستە لێرە نییە، خەیاڵ نەفیکردنی مووبەقە بەو شێوەیە، بەڵام نەفیکردنێک بۆخۆی دەشزانێت ئەودیوی پەنجەریی واقیعی مووبەق "سەحرایەکە"بۆخۆی، هیوایەک هەیە بە ئەگەرو بەڵامەکانییەوەیەتی.

خەیاڵی شاعیر دوورە، لەو،"جێگایەی دڵم بەعەشق دەگـات و رۆحم بەئارەزووی فڕین" ئەمە یۆتۆپیای دەرەوەی مووبەقە. ئەوەی ئاماژەی پێدەکات ئەوەیە جەستەلەناو واقیعی(مووبەقدا) زیندانییەکی تەواوەو ناشتوانێت بفڕێت جارێکا، وەکو خەیاڵیش لەشوێنێکە زۆر زۆر دوورە لەمووبەقەوە، ئەویش جێگایەکە دڵ بەعەشق دەگات و رۆحیش بەئارەزووی فڕین. لەناو مووبەقدا شاعیر باڵی نییە، باڵی ئەو تەنیا خەیاڵەکانێتی و تەنیا لەناوەوەی خۆیدا دەتوانێت بفڕێت. لەبەرئەوەی خەیاڵ لیرەدا خۆراکی ئەفسانەیە بۆ بیرکردنەوە، ئەو شوێنەی نامووبەقە، کتومت ئەفسانەی نەفیکردنی مووبەقە، بەمانایەکی تریش یۆتۆپیای فڕین و عەشق بۆیە باسدەکرێن، چونکە نیمانن. بێگومان نەتوانینی

فڕین، بۆخۆی ئاماژەیەکی زەقە بۆ چوونەدەرەوە لەناو زیندانی مووبەقدا.

مووبەق وەکو میتافۆر بەزیندان تەماشای دەکەین، ئەگینا بەشێک و شوێنێکی گرنگی ناو ماڵە، شوێنی دروستکردنی خواردنە، وەکو شوێنەکانی تری ناوماڵ دەتوانێت شوێنی گفتوگۆکردن و عەشقکردن و کتێب خوێندنەوەو تەماشاکردنی یەکترو گێڕانەوەی چیرۆکی ژیان بێت بۆ یەکتریی. مووبەق جێندەری نییە، شوێنەو تـەواو. کێشەی سەرەکی لەناو ئیستاتیکای باسکردنی مووبەقدا، کەسەکانی ناو مووبەقە، سیستمی فیکریی ناو ئەو ماڵەیە چۆن تەماشای جێندەری مرۆڤ دەکات و چۆن ئیش و بەرپرسیارێتی دابەشدەکات. هەروەها، ئایا بەڕێوەبەری سیستمەکە بۆ خۆی چەند لەستەمکاریی و فاشیزم ئازادە؟ ئەم خوێندنەوەیە، رووبەڕووی خاڵێکی تریشمان دەکاتەوە، نەوەک هەر لەبەرئەوەی مووبەق هەیەو لەناو سیستمی پەیرتریارکیدا دەبێت جەستەی ژنی تیادابێت و خواردنی تیادا دروستبکات، بەڵکو ئەوەیشە لەبەرئەوەی مووبەق زیندان نییەو شوێنێکی گرنگی تری ناو ماڵە، دەبێت سیاسەتی سێکسوالیتە سەرپەرشتی نەکات. ئەمە ئەوەمان فێردەکات، جێندەر رۆڵێکی تایبەتی و سروشتی ناگێڕێت لەتەماشاکردن و بەڕێوەبردن و بەکارهێنانی جیهان و ژیان و ماڵ و مووبەقیشدا، بەڵکو هەموو کەسێک (ژن یان پیاو) دەتوانێت لەناویدا بێت و بژی و خواردن درووستبکات و گفتوگۆش بکات. بۆئەوەی گەنینی رۆح و جەستە روونەدات و پێکەوەیی و شیرازەی عەشق نەپچڕێت، مووبەق دەبێت لەسیاسەتی جێندەر خاڵی بکرێتەوەو ناتورال بکرێت، بەهەموو شێوەیەکی. خاڵیکردنەوەی مووبەق لەجێندەر، خاڵیکردنەوەی ماڵی پەیرتریارکییە لەئاغا و لەپیاوی راستەقینەش، چونکە پەیرتریارکی لەسەر جەوهەرگەرایی دەژی و جیاوازی ژن و پیاو دەکات بەستەمکاریی. جەوهەرگەرایی لەم ئاراستە کەلتوورییەوە بۆ ژن و پیاو، ئەوە دەگەیەنێت ژن دەبێت وەکو سروشت و توانای خۆی بژی و هەڵسوکەوت بکات، بۆئەوەی بەرەسەنایەتی ژنێتی خۆیەوە بمێنێتەوە، پیاویش بۆئەوەی راستەقینەبێت، دەبێت خۆی نەخاتە ئاستی ژنەوەو خۆی کەم نەکاتەوە وەکو ئەو. جەوهەرگەرایی سنوورەکانی ژیانی پێکەوەیی و نەرمونیانی و شیرازەی عەشق نابینێت و ناخوێنێتەوە، بەڵکو سنوورەکانی ئازادی و سەربەخۆیی پیاو لەژن تۆخدەکاتەوەو سروشتیان بۆ دادەنێت لەجیاوازیەکی تۆتالیتاردا. ئەفسانەی جەوهەرگەرایی کەپایەی پەیرتریارکی و پیاوسالاریە نەوەک هیچ راستیەکی تیادانییە، بەڵکو لەسەر درۆیەکی گەورە دەژی ئەویش سەربەخۆکردنی پیاوە لە ژن و کەمکردنەوەی ژنیشە لەبەردەم پیاودا، کوشتنی جیاوازییە وەکو مرۆڤ

لەسەر نرخی جیاوازیکردنێکی تۆتالیتار.

کێشەی سەرەکی سیستمی پەیرتریارکی ئەوەیە دەیەوێت بەوە رازیمان بکات و خۆشبەختمان بکات وەکو درۆیەکی گەورە، گوایا جەوهەرو سروشتی پیاو لەگەڵ ژندا جیاوازە، چونکە ژن بێدەسەلاتە، ناتوانێت ئازادبێت لەدەرەوە، بەسۆزترە، قسە زۆردەکات، بەبێ پیاو ناتوانێت بژی و لاوازەو کەم عەقڵیشە، یان لەبەرئەوەی جەستەی بەشێوەیەکە دەبێت بشاردرێتەوەو هەندێک شوێنی خۆی دەرنەخات، وەکو گلۆپی سووری ترافیکلایت وایەو دەبێت رابوەستیت، بەلام پیاو ئازادە، سەربەخۆیە، زیرەکترە، بەهێزترە، شایستەی زیاترەو هەمیشەش دەبێت خاتری زیاتری لەژن هەبێت و رێزی زیاتریشی لێبگیردرێت. ژن دەبێت سزابدرێت ئەگەر هەڵەیەکی کرد، تەنانەت کوشتنیشی ئاساییە (کۆمەڵگای کووردی پڕێتی لەنموونە)، شایستەی ئەوەنییە پاداشتی بدرێتەوە ئەگەر کارێکی گرنگی یان جەوهەریشی کرد، بەلام پیاو دەبێت پاداشتی بدرێتەوەو بەشایستەییەو ناوی بهێنرێت، هەروەها وەکو گلۆپی سەوزی ترافیکلایت وایەو هەرگیز باوەڕی بەڕاوەستان نییە.

لەشیعرەکەشدا هەستێکی سەیری ڕازیبوون هەیە، بۆنموونە لەدوای ئەوەی "لەشوێن تەمیزیدا فریوی خوارد هەموو عومرم" بەلام" کەچی ژیان دڵی لەخەیاڵم پیسە"، وادێت هەموو ئیشکردنەکەش هەر ئاساییە ئەگەر ژیان دڵی لێی پیس نەبێت؟

"خەیاڵم چەندە برسی و پەنجەی عاشقیم چەندەتین و مانەوە" خەیاڵ و واقیعیش وەکویەکیان لێدێت. برسێتی خەیاڵ و تینوێتی پەنجەی عەشق، ڕۆح و جەستەدەگرێتەوەو بەتەنیا دەمێننەوە، چونکە ئەمە هەمووی دەگەڕێتەوە بۆ "چەندە تاریکە پەیوەندی". خەیاڵ پێمان دەڵێت مووبەق لەو روانگەیەوەی کۆیلە بەرهەمدەهێنێت، بەلام واقیعیش شتێکی ترە، چونکە"لەپشتی پەنجەرەی مووبەق ژیان رێگایەکە بەسەحرادا" ئەمە چەند ئازارێکی کۆگەل و کۆمەلایەتی ناو سیستمەکەیە، بەهەمان شێوە ئازارێکی تاکگەرو دەروونیی و خوودیشە لەناو بیرکردنەوەو بەڵێن و بڕیارو ئیرادەو کردنەکانیدا.

# تەنز لە چیرۆکی نوێدا

## (بەرهەمەکانی ئارام کاکەی فەلاح وەک نموونە)

**ئارام سدیق**

**سەرەتا**

چیرۆکی کوردی دوای راپەڕین لەگەڵ ئەوەی بەشێکی درێژکراوەی ئەزموونەکانی پێش خۆیەتی، هاوکات سیمایەکی تایبەت و گەشەیەکی زۆری بەخۆوە بینیوە، ئەگەر چیرۆکی پێش راپەڕین تەنها لە دەوری یەک بازنە، یان دوو بازنەدا خولابێتەوە، ئەوا لە چیرۆکی دوای راپەڕیندا فرەبازنەیی و فرەدەنگیی و فرەسیمایی دەبینرێت. بێگومان کە باس لە سیما و گەشەی تایبەت دەکەین، نابێت تەنها ئەو دەنگانەمان لەبەرچاوبێت، کە خۆیان بە چیرۆکنووس دەزانن، نەک ئەو کەسانەی کە چیرۆکنووسن، چونکە لەپاش راپەڕین لەگەڵ کرانەوەی دەرگاکانی ئازادیی و فەراهەمبوونی ئازادیی بڵاوکردنەوەدا، لێشاوێک لە چیرۆکنووس پەیدابوون، بەڵام کەمن ئەو چیرۆکنووسانەی خاوەنی دەنگی خۆیانن و سێبەری چیرۆکنووسانی پێش خۆیان، یان هاوسەردەمەکان و یان چیرۆکنووسانی بیانیی نین. بۆیە چیرۆکی کوردی دوای راپەڕین لەسەر دەستی چەند چیرۆکنووسێکی دیار توانی گەشە بکات، کە یەکێک لەو چیرۆکنووسانە (ئارام کاکەی فەلاح)ە، کە لاموایە لەپاش کۆچیرۆکی (نووسینەوەی درک)ەوە ئەزموونی ئەم چیرۆکنووسە هەڵکشانێکی گەورەی بەخۆوە بینیوە و توانیویەتی دەنگێکی جیا و کارابێت و سیمای چیرۆکەکانی لە پێش خۆی و هاوسەردەمەکانیشی جیا بکاتەوە.

ئەگەرچی ئەزموونی ئەم چیرۆکنووسە خاوەن تایبەتمەندیی زۆرەو من

پێشتر لە چەند نووسینێکدا لەسەر هەندێکی وەستاوم، بەڵام ئەمجارە لەسەر یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی تری چیرۆکەکانی ئەم چیرۆکنووسە دەوەستم، کە زمانی تەنزئامێزە، ئەو زمانەی کە تا ئێستا لە چیرۆکی کوردیدا بایەخی پێنەدراوەو وەک پێویست ئاوڕی لێنەدراوەتەوە، بەڵام لەنێو ئەدەبی کوردیدا جێگەو پێگەی خۆی هەیە و لەنێو کولتووری کوردیشدا بەهەمان شێوە بوونێکی دەوڵەمەندی هەیە.

لەم نووسینەدا دەمەوێت بە لێکۆڵینەوە لەسەر چەمکی تەنزو مێژووی تەنزو گوێزانەوەی تەنز لە تەنزی زارەکییەوە بۆ تەنزی نووسراو و هاوکات کاریگەری تەنزو زمانی تەنزی نێو چیرۆکەکانی ئـارام کاکەی فەلاح بکەم. هاوکات ئەزموونی ئەم چیرۆکنووسەش بە ئەزموونی چیرۆکنووسی فارس (مستەفا مەستوور) بەراورد بکەم، چونکە هەست بە نزیکییەک دەکرێت لەبەکاربردنی زمانی تەنزئامێزیی لای هەردوو چیرۆکنووس.

## مێژوو و پێناسەی تەنز

سەرەتا دەمەوێت لەبارەی بەکارهێنانی چەمکی تەنزەوە قسە بکەم. من چەمکی (تەنز)م لەم لێکۆڵینەوەیەدا بەکارهێناوە، بەڵام لە نووسینەکەدا رووبەڕووی وشەی (خەندە)ش دەبینەوە، کە (میخائیل باختین) بەکاری بردووەو من سوودم لە وتارێکی باختین وەرگرتووە بەناوی (فرانسوا رابلێ و مێژووی خەندە)، کە وتارێکی گرنگی ئەم نووسەرەیە لەسەر مێژووی تەنز. واتە لێرەدا لەگەڵ بوونی چەمکی (تەنز)دا، هاوکات چەمکی (خەندە) دەبینرێت کە لەم نووسینەدا هاومانان.

لەنێو مێژووی ئەدەبی جیهانیدا چەندین پێناسەی جۆراوجۆر بۆ (تەنز) کراوە، کە ئێمە لەم نووسینەدا چەند پێناسەیەکی کەم وەردەگرین. لە ئینسایکلۆپیدیای زاراوەی رەخنەی ئەدەبیدا بەمشێوەیە پێناسەی تەنز کراوە: تەنز حاڵەتێکە لە دەربڕیندا، کە لە شێوە جیاوازەکانی گێڕانەوەو چیرۆکدا لە دووتوێی خۆیدا مانایەکی جیاوازو تەنانەت هەندێکجار مانایەکی دژ بە مانا رواڵەتییەکە لەخۆ دەگرێت. هاوکات تێپەڕینی کات و گۆڕانە ئەدەبییەکانیش بەربڵاوییەکی زیاتری بە وشەی تەنز بەخشیوە، بەجۆرێک کە ئێستا سەنعەتە ئەدەبییەکانی وەکو زێدەگۆیی –یان زۆر پێوەنان–(موبالەغە) و ناسازەو زۆرجار تا ئاستی نامەعقول زێدەگۆیی تێدا دەکرێت. زۆرجار تەنزنووس دەبینین، کە پەنای بۆ دەربڕینی ناڕاستەوخۆ بردووە بۆ ئەوەی مەبەستێکی تر بگەیەنێت بە خوێنەر. لەم حاڵەتەدا بەتەواویی گشتگیرییەوە لە رەخنەی ئەدەبیدا دەبێتە ئامرازێکی

کاریگەر. ئەگەرچی هەر وەکو میتۆدەکەی سوکرات، ئەمجۆرە دەربڕینە ناڕاستەوخۆیە هۆیەکە بۆ زیاتر ئاگایی بەخشین، نەک فریودان. بەم پێیە دەبێت تەنز بە خستنەڕووی شاردنەوەیەکی ساختە لەقەڵەم بدەین[١].

هاوکات باختین لە وتاری (فرانسوا رابلێ و مێژووی خەندە) بەمشێوەیە باسی خەندەی کردووە: لە مێژووی خەندەدا سەردەمی رابلێ و شکسپیر وەرچەرخانێکی بنەڕەتییە. ئەو سنوورانەی کە سەدەی حەڤدەیەم بەرۆشنیی لە سەدەکانی دوای رێنیسانس جیادەکەنەوە، بەشێوەی بەرچاو لە فاکتی خەندەدا دەبینرێن[٢].

باختین لە درێژەدا دەنووسێت: دەتوانین روانگەی چاخی رێنیسانس لەمەڕ خەندە بەکورتی ئاوا پێناسە بکەین: خەندە بەهای قووڵی جۆرێک جیهانبینی هەیەو یەکێک لە شێوە بنەڕەتییەکانی بەیانی راستییەکان لەمەڕ تێکڕای جیهان، مێژوو و ئینسانە. دیدگایەکی تایبەت و بەرفراوان لەمەڕ جیهان، کە جیهان بەشێوەیەکی جیاواز دەرک دەکات، گرنگی فاکتی خەندە ئەگەر لە هەڵوێستی جدیی زیاتر نەبێت، کەمتر نییە. هەر بەمهۆیەوە شاکارە ئەدەبییەکان (کە پرسی جیهانگیر ئاراستە دەکەن) دەبێت بەڕادەی ئەدەبیاتی جدیی گرنگی بە خەندەش بدەن[٣].

هەر لەو وتارەی باختیندا ئاماژە بۆ چاخی رێنیسانس کراوە، کە روانگەی تایبەتی لەمەڕ خەندە خراوەتەڕوو و باختین دەنووسێت: لە پلەی یەکەمدا لە رێگەی کاری ئەدەبیی، لە رەخنەو لێکدانەوەی ئەدەبیدا بەیان دەکرد، بەڵام لە داوەری تیۆریشدا ئەم کارەی کردووە، داوەرییەک خەندەی وەک فۆرمێکی گشتگیری جیهانبینی راڤە دەکات. ئەم تیۆرییە تەنیا بەپێی سەرچاوە مێژووییەکان نووسراوە. خودی فرانسوا رابلێش ئەم بابەتەی لە پێشەکی "چوار کتێب"دا راڤەکردووەو چەند بەڵگەیەکی لە بوقراتی پزیشک هێناوەتەوە. بوقرات کە تیۆریداڕێژی ژانری خەندە بوو، لە سەردەمی خۆیدا دەورێکی گرنگی گێڕاوە. ئەو نەک تەنیا لە بڕوانامەی پزیشکی خۆیدا زۆر ئاماژەی بە خەندە کردووە، بەڵکو لە چەند نووسراوەیەکیشدا ئاماژەی بە شێتی دیموکریت کردووە، شێتییەک کە بە خەندە دەردەکەوت.

هەروەها باختین لەمەڕ دووەم سەرچاوەی خەندەش دەنووسێت: دوویەمین سەرچاوەی فەلسەفەی خەندە لە سەردەمی رابلێ-دا ئەم دێڕە بەناوبانگەی ئەرستۆ بووە: "لەنێو هەموو زیندەوەراندا تەنیا مرۆڤ دەتوانێ پێبکەنێ". بۆ ئەم دێڕە، کە ئێجگار بەناوبانگ بووە گەلێ مانای جۆراوجۆریان داناوە: خەندە بەرزترین تایبەتمەندیی مەعنەویی مرۆڤەو لە دەسەڵاتی زیندەوەرانی تر بەدەرە.

کتێبی گارگانتوا بە شێعرێک دەستپێدەکات، کە دوایین دێڕی ئاوایە:

خەندە باشتر لە گریانە

چونکە تایبەت بە ئینسانە[٤].

هەروەها باختین ئەوەش دەخاتەڕوو، کە سێیەمین سەرچاوەی خەندەی لە چاخی ڕێنیسانس-دا بەرهەمەکانی (لوسیەن لوکیانوس)و بەتایبەت کەسێتی مینیپەیە کە لە دنیای پاش مەرگدا پێدەکەنێت. هاوکات باختین جەخت دەکاتەوە، کە تایبەتمەندیی بنەڕەتی تیۆری خەندەی ڕێنیسانس و هەروەها سەرچاوەی مێژینەی ئەو) قەبووڵکردنی ئەم پرسەیە کە خەندە مانایەکی پۆزەتیڤ، نوێگەرانەو داهێنەرانەی هەیە، هەر ئەمەش تیۆری خەندە لە ڕوانگەکانی دیکە (و لەوانە لە ڕوانگەی برگسۆن) جیادەکاتەوە، چونکە ئەوان دەیانەوێت خەسڵەتی نزم و ڕووخێنەری خەندە بەرجەستە بکەن. هاوکات ڤۆڵتێر ڕابلێ بە پێشەنگی ئەدەبی گاڵتەیی دەزانێت، کە لەلایەن هەموو نەتەوەی فەرەنساوە سووکایەتیی پێکراوە[٥]!

وەک دەبینین مێژوو و پێناسەی تەنز بۆ سەردەمی پێش زایین دەگەڕێتەوەو لەگەڵ چاخی هوشیاریی مرۆڤدا خەندەو کۆمیدیا گرنگی تایبەتیان پەیداکردووەو سەدە دوای سەدەش ئەو گرنگییە لە ئاستی ترو لە ژانری تری ئەدەبیدا ڕەنگدانەوەی هەبووە، تا گەیشتووەتە ئەوەی کە لە گفتوگۆی ڕۆژانەی نێوان مرۆڤەکانیشدا ڕەنگدانەوەی هەبێت.

### تەنز لە ئەدەبدا

بۆئەوەی زیاتر لە ماناو مەبەستی تەنز تێبگەین، دەبێت بگەڕێینەوە بۆ ئەو دەقە ئەدەبییانەی لەسەرەتاوە گرنگییەکی زۆریان بە تەنزو دەربڕینی تەنزئامێزیی داوەو ڕۆحێکی کۆمیدیی لەنێویاندا ئامادەیی هەیە. باختین پێیوایە لە چاخی ناوەڕاست، کە چەمکی خەندەی لە هەموو ڕەهەندەکانی ژیان و ئەندێشەدا قەدەغەکردبوو، بووەهۆی ئەوەی فەرهەنگی خەندە لە دەقەری ناڕەسمیدا زۆر گەشە بکات: خەندە لە شوێنە گشتییەکاندا، لە جەژن و ئاهەنگەکانداو لە ئەدەبی تەنزو ڕابواردندا ئازاد بوو، لەم دەرفەتەش گەلێک پەرەیسەندو بەشێوەی قووڵ و بەرفراوان گەشەی کرد[٦].

لە درێژەی ڕێنیسانسدا بوو، کە خەندە لە ڕادیکاڵترین و گشتیترین شێوەدا، کە بەجۆرێک هەموو جیهانی دەگرتەوە، هەروەها لە شادترین شکڵی خۆیدا، بەدرێژایی نیو سەدە لە ناخی خەڵکەوە بە زمانی "سادە" هەڵقوڵاو هاتە نێو

ئەندێشەو ئایدیۆلۆژیی بەرزو لە دروستبوونی شاکارە جیهانییەکاندا دەوری بنەڕەتی گێڕا، کە دەتوانرێت ئاماژە بە بەرهەمگەلی وەک: (دیکامیرون بەرهەمی بوکاتچۆ، بەرهەمەکانی رابلێ، دۆنکیشۆتی سێرڤانتس، شانۆنامەکانی شیکسپیر و هتد...).

لێرەدا زۆر بە کورتی باس لە (دۆنکیشۆت)ی سێرڤانتس دەکەین. ئەم رۆمانەی سێرڤانتس. بەو رۆحە گاڵتەئامێزەی، کە لە بونیادی دەقەکەدایە توانی شکۆی تەواوی قۆناغێکی چەند سەدەیی مرۆڤایەتی هەڵبوەشێنێتەوەو بیخاتە ژێر پرسیارەوە، کە قۆناغی سوارچاکیی بوو. لەم رۆمانەدا وێنەیەکی تەواو پێچەوانەی ئەو وێنەیە پیشاندرا، کە لە زیهنی مرۆڤی ئەو سەردەمانەدا بۆ سوارچاکان دروستکرابوون. وێنەیەک، کە مرۆڤ تووشی پرسیار بکات و واز لەو بیرکردنەوانە بهێنێت، کە دنیا یەک جۆر ببینێت و یەک رەهەندی هەموو شتەکانی پێ بوترێت و ئەوەی تری لێ بشارێتەوە.

لەبارەی گرنگیی (دۆنکیشۆت)ەوە، میلان کۆندێرا لە کتێبی هونەری رۆماندا یەکەم وتاری بۆ قسەکردن لەسەر ئەو بەرهەمەی (سێرڤانتس) تەرخانکردووەو ئەوە دەخاتەڕوو، کە بونیادنەری سەردەمی نوێ تەنها دیکارت نییە، بەڵکو سێرڤانتسیشە[٧]. هاوکات دەنووسێت: سێرڤانتس جیهان بە فرەمانا تێگەیشت و لەجیاتی بەرامبەر تەنیا حەقیقەتێکی تاک و تەنیای رەها، لەبەرامبەر کۆمەڵێک حەقیقەتی رێژەی ناکۆتا راوەستا[٨].

بۆیە وەک دەبینین رۆحی گاڵتەئامێزیی لای سێرڤانتس بۆ بەرپەرچدانەوەی سیستمێکی دوورو درێژی چەقبەستنی قۆناغی سوارچاکیی بوو، گرنگیی ئەم بەرهەمە بۆ دژوەستانی ئەو قۆناغەو پێشکەشکردنی دنیابینییەکی نوێ دەگەڕێتەوە، کە بۆ مرۆڤایەتی تازەبوو.

باختین یەکەم تایبەتمەندی جیاوازی خەندەی چاخی ناوەڕاست، بۆ گشتگیربوونی دەگێڕێتەوەو دووەمین تایبەتمەندیی بەرچاوی خەندەش، بۆ پێوەندیی قووڵ و بنەڕەتی لەگەڵ ئازادیی دەبینێت... ئەم ئازادییەی خەندە، وەک هەموو جۆرەکانی تری ئازادیی رێژەیی بوو. پانتایی ئەو هەنگاو بە هەنگاو گەشەی دەکرد، یان بەرتەسک دەبووەوە، بەڵام هەرگیز بەتەواویی قەدەغە نەبوو... ئەم ئازادییە، کە لەگەڵ جەژنەکان پێوەندیی قووڵی هەبوو، تاڕادەیەک لە مەودای رۆژانی جەژندا بەندکراوە، لەگەڵ فەزای خۆشیی و شادیی، لەگەڵ ئازادبوونی خواردنی گۆشتی بەرازو دەستپێکردنەوەی کاری سێکسی تێکەڵاوبوو. ئەم ئازادییەی خەندەو جەستەی مرۆڤ لەگەڵ دنیاپەرێزی رۆژانی

پاش و پێشی جەژن، ناکۆکیی ئاشکرای هەبوو[٩].

لای بۆچوونەکانی باختین دەمێنینەوەو ئەم نووسەرە پێیوایە خەندە فۆرمی دەرەکیی هەقیقەت نییە، بەڵکو فۆرمێکی ناوەکیی و بنەڕەتییە، کە ناتوانین لەجیاتی ئەو لەحنی جدیی جێگیر بکەین، چونکە بەمجۆرە ناوەڕۆکی ئەو راستییەی بەهۆی تیشکی خەندە ئاشکرا بووە، دەشێوێ و خەوشدار دەبێت. خەندە نەک تەنیا لە سانسۆری دەرەکیی رزگارمان دەکات، بەڵکو لە پێش هەموو شتێکدا لە سانسۆری بەرینی دەروونیی رزگارمان دەکات. خەندە مرۆڤ لە ترسی شتە پیرۆزەکان، قەدەغەو قۆرخی دیسپۆتیزمی رابردوو و دەسەڵات، کە بەدرێژایی هەزاران ساڵ لە مێشکدا جێگیر بووە، رزگار دەکات. خەندە بنەما مادیی و جەستەییەکان زیندوو و ئاشکرا دەکات. چاومان لەئاست شتە تازەکان و داهاتوو دەکاتەوە. بەمجۆرە نەک تەنیا هەقیقەتی جەماوەریی دژەفیودالی بەیان دەکات، بەڵکو لە دەرک و ناسینی ئەو سیستەمەشدا یارمەتیمان دەدات. ئەم راستییە بەدرێژایی هەزاران ساڵ لە ناخی خەندەو شێوازە کومیکەکانی کەرنەڤالی جەماوەردا پێکهاتووەو بەردەوام بووە... خەندە کەمتر لە هەر شتێکی تر دەبێتە هۆی سەرکوت و گەمژەیی جەماوەر. خەندە بەردەوام چەکی ئازادیی بووەو لە دەستی جەماوەردا بووە[١٠].

### لە تەنزی زارەکییەوە بۆ تەنزی نووسراو

ئەگەر سەیری مێژووی ئەدەب و فەرهەنگی کوردی بکەین، دەبینین ئەو مێژووە دابڕاو نییە لە بوونی بابەتی کۆمیدیی تەنزئامێز تێیداو لەهەموو قۆناغەکاندا تەنز ئامادەیی لەنێو ئەدەب و فەرهەنگی ئێمەدا هەبووە. بێگومان رەنگە ئەمە بگەڕێتەوە بۆ ئەو دۆخە تایبەتی و سیاسییەی کوردستانی تێدا بووە، کە بەردەوام کورد وەکو نەتەوەیەکی ژێردەست بۆئەوەی گوزارشت لە حاڵی خۆی بکات، پێویستی بە دۆزینەوەی زمانێکی تر بووە، تا گوزارشتکەری حاڵی ئەو بێت و هاوکات سەردارانیش، یان لەو زمانە تێنەگەن، یان بەهۆی ئەوەی زمانێکی گاڵتەجاڕانەیە گوێی پێ نەدەن. بۆیە پێدەچێت سەرەتای گەشەکردنی زمانی تەنزئامێزی لەنێو کولتووری ئێمەدا بۆ ئەو بارودۆخە تایبەتە بگەڕێتەوە، کە کورد وەکو نەتەوەیەک خاوەنی بووە.

لێرەوە دەکرێت باس لە مێژووی تەنزو بەسەرهاتی پێکەنیناویی نێو کورد وەکو نەتەوەیەک بکەین دەبینین لەسەرەتادا تەنها لە ئەدەبیاتی فۆلکلۆری کوردیدا بوونی هەبووەو زیاتر وەکو ئەدەبێکی زارەکی ماوەتەوەو دەتوانین

بڵێین بەرهەمگەلێکی زۆر کەمی تەنزئامێزمان هەیە، کە مێژوویان بۆ پێش سەدەی بیستەم بگەڕێتەوەو بەشێکی زۆری ئەو بەرهەمانە، یان لەنێو ئەدەبی فۆلکلۆریدان یان شیعرن، بەڵام لەگەڵ دەرچوونی یەکەم رۆژنامەی کوردی و بڵاوبوونەوەو گەشەکردنی چاپ و چاپخانەو هاوکات گەشەکردنی پەخشانی کوردیدا تەنزیش گەشەی کردو تەنز لە قۆناغی زارەکییەوە پێی نایە قۆناغی نووسراو و چەندین بەسەرهاتی تەنزئامێزو سەیرو سەمەرە بەشێوەی کتێب و نامیلکە چاپکران.

مێژووی ئەدەبی کوردی لەسەدەی بیستەمدا زۆرترین تەنزی لەخۆگرتووە، بەتایبەت بەشێکی زۆری شیعری دوای جەنگی یەکەمی جیهانیی و شاعیرانی وەکو (بێکەس، قانیع، ئەخۆل و شێخ رەزای تاڵەبانی...هتد)، پڕیەتی لە تەنزو هەجوو، ئەمە بێجگە لەوەی لەو سەردەمەشدا بەدەر لە شیعر بەشێکی تەنزو بەسەرهاتە سەیرو سەمەرەکان وەکو پەخشان نووسراونەتەوە. دەتوانین لێرەدا ئاماژە بۆ بەرهەمە ناوازەکەی مامۆستا عەلادین سەجادی بکەین، کە بەناوی (رشتەی مـرواری)ەوە لە هەشت بەرگدا بڵاویکردەوە. ئەو بەرهەمە سەدان نووکتەو بەسەرهاتی سەیرو سەمەرەی تێدایە، کە بە زمانێکی ئەدەبی خراوەتەڕوو و دەکرێت وەکو بەرهەمێکی گرنگی تەنزی کوردی ناوی بەرین. هاوکات کتێبی (ترش و شرینی خاڵە رەجـەب)[11]، کە ئەویش یەکێکە لەو بەرهەمانەی تر، کە لە ساڵی (١٩٦٩)دا لە سلێمانی چاپ بووە. خاڵە رەجەب فەڕاشی سەرۆکی شارەوانیی سلێمانی (فایەق هۆشیار)ی ئەوکات بووە، ئەگەرچی لە رووی قەبارەوە کتێبەکە بچووکە، بەڵام بەدەر نییە لە هونەری تەنزنووسی و گێڕانەوەی دەیان بەسەرهاتی سەیرو سەمەرەی هاوڵاتییانی شاری سلێمانی. هاوکات مامۆستا شاکر فەتاحیش لە روانگەی هەستکردنی بە گرنگیی ئەم جۆرە لە ئەدەب کتێبێکی تایبەت بە قسەو بەسەرهاتی سەیرو سەمەرەو پێکەنیناویی چاپکردووە بەناوی (پێکەنین پرشنگ دەدات بە ژین)[12]، لە پێناسەی کتێبەکەدا نووسراوە: (لە دووتوێی ئەم بەرگەدا هەڵبژاردەیەک لە پێکەنینی کوردەواریی و جیهانی پێشکەش دەکرێ بە هیوای ئەوەی خۆشیی و شادمانی بە ژینت ببەخشێ). ئەم کتێبە لە ساڵی (١٩٦٧)دا چاپکراوە.

هاوکات کتێبی (شەوچەرەی شار)[13]، کە لە نووسینی (ئەکرەمی ساڵحی رەشە)یە، یەکێکی ترە لەو کتێبانەی بایەخی بە گێڕانەوەی بەسەرهاتی قسەی خۆش و تەنزئامێز داوە. ئەم کتێبە لە ساڵی (٢٠٠٠) لە شاری سلێمانی چاپکراوەو دەیان بەسەرهاتی خۆش و پێکەنیناویی نووسەران و شاعیران و هاوڵاتییانی

شاری سلێمانی خراوەتەڕوو، ئەمە بێجگە لە ریزکردنی ناوی تەواوی ئەو کەسانەی کە نووکتەبازو قسەخۆش ئەهلی گاڵتەو گەپ بوون و تێیدا ئاماژە بە ناوی (٣٧٤) کەسایەتی و پیاوی قسەخۆش هەر لە مامۆستاو نووسەرو شاعیرەوە تێیدایە تا هاوڵاتییانی ئاسایی. ئەمە بێجگە لە ناوی هەموو ئەو ژنە قسەخۆش و نووکتەبازانەی شاری سلێمانیش خراوەتەڕوو، کە لە کۆندا لە شاری سلێمانی ناوبانگیان هەبووەو دیاربوون.

وەک دەبینین سەدەی بیستەم سەدەی گوێزانەوەی ئەدەبیاتی تەنزە لە مێژووی ئێمەدا، لە تەنزی زارەکییەوە بۆ تەنزی نووسراو و ئەو بەرهەمگەلەشی خستمانەڕوو، دیارترین نموونەکانی سەدەی رابردووی نێو ئەدەب و فەرهەنگی کوردین، کە بەشێکی زۆریان تا ئێستاش جێی بایەخی مرۆڤی کوردن و بەردەوام چاپ دەکرێنەوە.

### تەنز لە چیرۆکدا

لەبارەی چۆنێتی پەیڕەوکردنی زمانی تەنزئامێزەوە، لەنێو چیرۆکدا راوبۆچوونی جۆراوجۆر هەیەو هەندێک پێیانوایە نابێت ئەو زمانە کۆمیدییەی کە چیرۆکنووس بەکاری دەهێنێت، ببێتە هۆی ئەوەی چیرۆکەکە بکاتە چیرۆکێکی گاڵتەجاڕیی و نووسەر خۆی لە تەکنیک و فۆرم بدزێتەوە. هاوکات هەندێکی تر لە توێژەرەوان پێیانوایە، کە پێویستە هاوسەنگیی لەنێوان هەموو رەگەزەکانی چیرۆکدا رابگیرێت بۆئەوەی رەگەزێک نەبێتە قوربانیی رەگەزەکانی تر. بێگومان ئەم قسەیە بۆ بەکاربردنی زمانی کۆمیدیی و تەنزئامێزیش هەر دروستە.

لە ئینسایکلۆپیدیای زاراوەی رەخنەی ئەدەبیدا ئەوە خراوەتەڕوو، کە دەبێت تەنز لە بونیادی چیرۆکدا تێهەڵکێش بکرێت، یان لەگەڵ بابەتەکەیدا ئاوێتە دەبێت، یان لە بونیادی لەفزیدا جێی خۆی دەگرێت و لەم حاڵەتەدا زووتر ماناکەی دەگات و یاخود پێویستی بە تێفکرین لە سیستمی بونیادی کارەکەدا. ئەم دوو شێوەیەی تەنز لە تانەو تەشەری لەفزیی و تەنزی نمایشی ناسراون، کە دەبێت لە بونیادی چیرۆکدا بۆ یەکەمیان بگەڕێین و بۆ دووەمیشیان لە بابەتی چیرۆکدا[١٤].

هەر لە ئینسایکلۆپیدیای زاراوەی رەخنەی ئەدەبیدا جۆرەکانی تەنز بەسەر دوو شێوەدا دابەشکراوە، کە یەکەمیان تەنزی ئاشکرایەو دووەمیشیان تەنزی شاراوەیە. تەنزی شاراوە لەگەڵ ئەو پێناسەیەی سەرەوەدا دەگونجێت لەبەرئەوەی جەخت لەسەر جیاوازیی نێوان رووکەش و ناواخنی کارەکە دەکات، بەمجۆرەش خوێنەر، یان گوێگر ناچار دەکات بۆ دۆزینەوەی مانای شاراوەی

کارەکە، سەرلەنوێ بونیادی چیرۆکەکە بخولقێنێتەوە[١٥]. وەلێ تەنزی ئاشکرا، هەر وەکو بەناوەکەشیدا دیارە، مانای ناڕاستەوخۆی ژێرەوەی نییەو تێگەیشتنی زۆر ئاسانترەو لە گفتوگۆکانی ژیانی رۆژانەدا نموونەی تەنزی ئاشکرا زۆرە، هەروەها دەتوانین نموونەی چیرۆکەکانی (عەزیز نەسین) بهێنینەوە، کە تەنزی نێو چیرۆک و رۆمانەکانی ئەم نووسەرە زیاتر راستەوخۆیە، ئەگەرچی زۆرجار مانای شاراوەش لەپشت دەقەکانەوە دەدۆزرێتەوە، بەڵام بەگشتیی ئاشکرایە.

دەکرێت لێرەدا ئاماژە بە (تەنزی نمایشی)یش بدەین، کە تیایدا جیاوازییەکی سەرەکی لەنێوان وێناکردنی قارەمانەکانی چیرۆکەکەو رووداوەکاندا هەیە، شێوەیەکی تری تەنزی ئاشکرایەو تێیدا خوێنەر، یان بینەر لە رەوتی چیرۆکەکەدا ئەو جیاوازییە سەرەکییە دەدۆزێتەوە.

جۆرێکی تری تەنز، تەنزی تراجیدییە، کە لای سۆفیکلیس بەکاربراوەو تیایدا جیاوازیی تەواوی وێناکردن و چاوەڕوانییەکانی قارەمانی چیرۆکەکە لەگەڵ رووداوە کارەساتبارەکانی کۆتایی چیرۆکەکەدا دەبینین و لە راستیدا ئەمە هەر (تەنزی نمایشی)ی ئاشکرا، یان لای کەم شاراوەیە، یان دەتوانین بڵێین لقێکە لەوان.

ئەوەی تێبینی دەکرێت تەنز لەنێو چیرۆکی کوردیدا تا ئێستا هێندە بایەخی پێنەدراوە، بەڵام ناتوانین نکۆڵیی لەوە بکەین کە سەرەتای چیرۆکی کوردی جۆرێک لە تەنزو کۆمیدیای تێدا بەرجەستەکراوە، ئەمەش لە چیرۆکەکانی (ئیبراهیم ئەحمەد)دا دەبینینەوە، بە تایبەت لە کۆمەڵە چیرۆکی (کوێرەوەری)[١٦] دا. ئەمە بێجگە لەوەی کە لە رۆمانی (ژانی گەل)یشدا رووداوەکان بەجۆرێکی کۆمیدیی و تەنزئامێز خراونەتەڕوو. بەگشتیی تەنز بەکەمی لەنێو چیرۆکی کوردیدا دەرکەوتووە، بەڵام لەپاش راپەڕیندا ئەو دەرکەوتنە زیاتر بووەو ئێستاش بەردەوام دەیبینینەوەو رەنگە دیارترین نموونەی چیرۆکنووسانی دوای راپەڕین لەبواری نووسینی چیرۆکی تەنزئامێزدا، (ئارام کاکەی فەلاح) بێت.

ئەگەر عەزیز نەسین وەکو یەکێک لە گەورە تەنزنووسانی بواری چیرۆک تەماشا بکرێت لە ئەدەبی تورکیدا، ئەوا دەکرێت (ئـارام کاکەی فەلاح)یش وەکو یەکێک لەو چیرۆکنووسە تەنزنووسانە سەیر بکرێت، کە ئێستا وەک تایبەتمەندییەک لە چیرۆکی کوردیدا دەبینرێت. بەڵام جیاوازیی نێوان نەسین و ئارام لەوەدایە، کە نەسین هەموو چیرۆکەکانی بۆ ئەوە تەرخانکردووەو هاوکات خوێنەر هەندێکجار بێزار دەبێت لەو هەموو تەنزو گاڵتەجاڕییەی نووسەر خولقاندوویەتی و دەتوانین وەک (تەنزی دەستکرد) ناوی بەرین. بەڵام ئەوەی

(ئارام) تەنزە لەپێناو تەنزبووندا، نەک لەپێناو گاڵتەجاڕیدا، یان دەکرێت بڵێین ئەو تەنزانەی لە چیرۆکەکانی ئارامدا هەیە تەنزی بەرجەستەی ژیانی رۆژانەن و رووبەڕووی هەموومان دەبنەوەو ئەوەی چیرۆکنووس کردوویەتی (دەقاندنی) ئەو تەنزانەیە، کە ئەوەش توانای ئەم نوسەرە دەردەخات و دەکرێت وەک (تەنزی سروشتی) ناوی بەرین.

### تەنز لە چیرۆکەکانی ئارام کاکەی فەلاح-دا

وەک لە پێشتریش ئاماژەمان بۆ کرد، شاری سلێمانی هەر لەسەرەتای سەدەی بیستەوە لەگەڵ گەشەکردنە بەردەوامەکانی بواری رامیاریی و ئەدەب و فەرهەنگدا رۆحی گاڵتەجاڕیی و نووکتەبازیی و کۆمیدیاش لەگەڵ مرۆڤەکانی ئەم شارەدا گەشەی کردووە، کە تا ئێستاش بەشێکی زۆری خەڵکی ئەم شارە لەگەڵ ئەو رۆحی گاڵتەجاڕیی و نووکتەبازییەدا دەژین. هەر بۆیە ئەگەر وردتر سەیری چیرۆکی کوردی بکەین، دەبینین هەریەک لە (ئیبراهیم ئەحمەد و عەلادین سەجادی)، خەڵکی ئەم شارەن و لەپاڵ ئەمانەشدا چەندین شاعیری وەکو: (بێکەس ، قانیع و ئەخۆل... هتد)، لەم شارەدا خاوەنی دەیان بەسەرهاتی کۆمیدیی و تەنزئامێزن. ئەمە بێجگە لەوەی چەندین فیگوری جۆراوجۆر لەم شارەدا دەدۆزینەوە، کە تەنها بەهۆی ئەوەی رۆحێکی تەنزئامێزو کۆمیدییان هەبووە، بوونەتە فیگورێکی دیارو وەکو پێکهاتەیەکی سەرەکی لەنێو فەرهەنگی ئەم شارەدا ناویان دەبرێت.

بۆئەوەی لەوە تێبگەین بۆچی تەنز لەنێو چیرۆکەکانی (ئارام کاکەی فەلاح) دا ئامادەیی هەیە، دەبێت بگەڕێینەوە بۆ ئەو شوێنەی، کە ئەم نووسەرەی تێدا لەدایکبووەو ئەو ژینگەیەی کە ئەوی تێدا پەروەردە بووە. بێگومان وەک دەزانین ئارام لە شاری سلێمانی لەدایکبووەو لەنێو ژینگەی ئەو شارەدا بەشێکی گرنگی قۆناغەکانی تەمەنی بردووەتە سەر، کە لانکەی تەنزو قسەی خۆش و پێکەنین و کۆمیدیا بووە، ئەمە بێجگە لەوەی ئارام خۆیشی ئەو رۆحی تەنزو کۆمیدیایەی لە رۆحیدا نەکوشووەو هەم پاراستوویەتی و هەم گەشەی پێداوە. کە ئەمەش بووەتە هۆیەکی سەرەکی بۆ رەنگدانەوەی ئەو رۆحی تەنزو کۆمیدیایە لە چیرۆکەکانی ئەم نووسەرەدا.

ئارام کاکەی فەلاح لە چیرۆکی (باوکی ناو تەلەفون)[١٧]دا لەگەڵ گێڕانەوەی چیرۆکی سەرەکیدا چیرۆکێکی منداڵانەشی کۆلاژکردووە، کە چیرۆکی مێروولەکانە، کە گێڕەرەوە (کە هاوکات پاڵەوانیشە) بۆ کچەکەی دەگێڕێتەوە،

لەوێدا چیرۆکنووس (کورد و مێرووله) بەیەک دەشوبهێنێت. بێگومان ئەگەرچی ئەم شوبهاندنە شێوەیەک لە تەنزی تێدایە لە چیرۆکەکەدا، بەڵام تەنزێک نییە لەپێناو خولقاندنی گاڵتەجاڕیدا، بەڵکو تەنزێکە لەپێناو وەزیفەیەکی گەورەدا، کە پێدەچێت بچووک سەیرکردنی نەتەوەی کورد بێت وەک چۆن زلهێزەکان سەیری مێرووله دەکەن.

لە چیرۆکەکانی (من بە بووکێکی گەورەوە[١٨]، گرێبەستە لەگەڵ تاریکی[١٩]، دڵێک لە کەلاوە[٢٠] و ئەو کوڕەی لە زۆرکەس دەچێت[٢١])یشدا دیسان هەمان زمانی تەنزی بەکاربردووە، کە لە چیرۆکی باوکی ناو تەلەفوندا دەبینرێت، کە دەتوانین ئەم جۆرە لە زمانی تەنز بە تەنزی نمایشی ناوبەرین، کە تەنزەکە لە بەشێکی زۆریاندا شاراوەیە. یان دروستتر بڵێم، ئەم جۆرە لە تەنزە خولقێنراوی بونیادی نێو چیرۆکەکەو زمانی چیرۆکەکە ئەو جۆرە لە تەنزو کۆمیدیای پێویستە.

رەنگە چیرۆکی (دیلی دەنگەکان)[٢٢] نموونەیکی باش بێت بۆئەوەی کە مەبەستم لە (تەنز لە بونیادی چیرۆکدا) روون بکاتەوە. لەم چیرۆکەدا وەکو چیرۆکی باوکی ناوتەلەفون چیرۆکێکی کۆلاژکراوی منداڵان هەیە، کە تێیدا حیکایەتی جەژنی لەدایکبوونی مەرجانەی بچکۆلە دەگێڕدرێتەوە مەرجانە بۆئەوەی ئامادەکاریی بکات بۆ ئەو رۆژی جەژنە لە وەرەقەیەکدا تەواوی پێداویستییەکانی ئەو رۆژە دەنووسێت و دەیخاتە نێو سەلاجەوە، بۆئەوەی ئەو شتانەی لە کاغەزەکەدا نووسیویەتی، خراپ نەبێت. بێگومان لێرەدا تەنزێک دەبینین کە زۆر کۆمیدییە، بەڵام دروستکراوێکی بڕواپێکەرەو دەکرێت منداڵ لە تەمەنی (٥)ساڵیدا شتی زۆر لەوە کۆمیدیتر بکات. پاش ئەوەی مەرجانە تەمەنی دەبێتە (٥) ساڵ و دەچێت ئەو کاغەزە لە سەلاجەکەدا دەردەهێنێتەوەو دەیبات بۆ دووکانی مام سەعیدی نووقڵ، دەبینین ناوی هەموو خواردنەکان بەهۆی شێکردنەوەیانەوە لەنێو سەلاجەکەدا تێکەڵ بووە، بەشێوەیەک کە دووکاندارەکە بۆی ناخوێنرێتەوە. چیرۆکنووس بۆئەوەی زیاتر پەرە بەم تەنزە بدات و کۆمیدیاکە بگەیەنێتە لوتکە، ناوی هەندێک لەو خواردنانەی نووسیوە کە مەرجانە لە کاغەزەکەدا نووسیبووی و خستبوویە نێو سەلاجەکەوە، کە لێرەدا منیش هەندێکیان دەنووسمەوە: (فەریکە قازی، پاقلەی ترش و شیرین، عەلی کونجی، لەبزینەی کولێو، نووقڵی نۆک و قاورمەی بابە). لێرەدا گرنگە ئاماژە بۆ ئەو زەمینەسازییەی چیرۆکنووس بکەین کە بۆ خولقاندنی ئەو ناوە کۆمیدیانەی و تێکەڵکردنی ئەو ناوە جیاوازانە کردوویەتی، کە ئەمەش دیسان ئەوە دەسەلمێنێت ئەوەی ئارام لە لە چیرۆکدا دەیخولقێنێت، تەنزە لە بونیادی چیرۆکداو لە هەناوی

تێکستەکانەوە دێت، نەک چیرۆکنووس لەدەرەوە بیسەپێنێت بەسەر دەقەکانیدا.

بێگومان زمانی تەنز لای ئەم چیرۆکنووسە نوێ نییە، بەڵکو لەسەرەتای ئەزموونی چیرۆکنووسی ئەم نووسەرەوە هەستی پێدەکرێت و لێرەدا تەنها نمونەیەک لە چیرۆکەکانی سەرەتای ئەزموونەکەی دەهێنینەوە، کە ئەویش چیرۆکی (دیوەخانی ئەستێرەکان)[٢٣]ە، کە لە ساڵی (١٩٩٢)دا نووسراوە. لەم چیرۆکەدا پاڵەوانی چیرۆکەکە باسی کاتی قوتابیبوونی دەکات، کاتێک مامۆستا پرسیاری ئەوەی لێدەکات سەلاحەدینی ئەیوبی کوردە، یان عەرەب. پاڵەوانەکە دەڵێت: ئیسپانییەو خۆی نەبان دەکات. وەک دەبینین ئەم وەڵامە تەنزێکی جوانە، لە چیرۆکەکەدا چیرۆکنووس دەیەوێت ئەو بێموبالاتییەی قوتابی پیشان بدات، کە بەرامبەر ئەو پرسیارانە هەیەتی، کە هیچ سوودێکی نەماوەو لە سیستمی خوێندنی کوردیشدا بەردەوام ئەو پرسیارە سواو و سەدبارانە دووبارە دەبنەوە، کە خوێندکار بەتەواویی بێزار دەکات لە وەڵامدانەوە.

تەنز لە چیرۆکەکانی ئەم نووسەرەدا، ئەو پانتاییانە پڕ دەکەنەوە کە پانتایی بەتاڵن و تەنها دەکرێت بەو شێوەیە پڕ بکرێنەوە، بۆیە هەست بەوە ناکەین کە تەنز لای ئەم چیرۆکنووسە بووبێتە بار بەسەر چیرۆکەکانەوە، بەڵکو خۆیان پانتاییان هەیە بۆ ئەو جۆرە لە تەنزو کۆمیدیا دەنا ئەگەر بەو شێوەیە نەبێت بەشێک لە ئیستاتیکای دەقەکە ون دەبێت.

### تەنز لە ناوی پاڵەواندا

بێگومان لەپاڵ ئەوەی کە تێکستێک تەنز لەخۆدەگرێت، ناکرێت پاڵەوانی نێو ئەو تێکستە بەدەربێت لەو تەنزە، چونکە ئەگەر بونیادی تێکستێکی چیرۆک، یان رۆمان کۆمیدیی و تەنزئامێز بوو، بەڵام ناوی پاڵەوانەکانی تەنزئامێز نەبوو هەست بە لەنگیی و ناتەواویی ئەو تەنزە دەکرێت، کە رەنگە پەیامی تەنزە، یان ئەو مەبەستەی نووسەر دەیەوێت لەڕێی تەنزەوە بەشێوەیەکی کۆمیدیی بیگەیەنێت، نەگاتە خوێنەر.

زۆرجار چیرۆکنووسان بە بەخشینی پاشگر، یان لەقەب بەناوی سەرەکیی پاڵەوانی چیرۆکەکەوە، ناوێکی کۆمیدیی نوێ دروست دەکەن، کە خوێنەر لەگەڵ خوێندنەوەیدا خەندە بێتە سەر لێوی، بەڵام هەندێکجاریش چیرۆکنووسان هەوڵی بەرجەستەکردنی ناوێکی تەواو کۆمیدی دەدەن بۆ پاڵەوانی نێو چیرۆکەکە.

بێگومان ناوی مرۆڤ زۆرجار دەبێتە ناسنامە بۆی. بۆیە گرنگە کە نووسەر گرنگی تەواو بە ناوی پاڵەوان بدات. هەروەها بەختیار عەلی لە رۆمانی (کۆشکی

باڵندە غەمگینەکان)[٢٤]دا ناوی (مەنگۆڕی بابە گەورە)ی بۆ فیگۆرێکی سەرەکی ئەو ڕۆمانە هەڵبژاردووە، کە فیگۆری کەسێکی شەقاوەیەو وەک تێبینیش دەکرێت لە هەڵبژاردنی ئەم ناوەدا پەیامەکەی بەختیار گەیشتووە. هەروەها هەمان نووسەر لە ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان)[٢٥]دا فیگۆرێکی بێ زەکەری هەیە بەناوی خدر، کە ئەو بێ زەکەرییە بووەتە ناسنامەو نووسەر بەناوی (خدرە بێ زەکەر)ەوە دەیناسێنێت. هاوکات بەختیار عەلی لە ڕۆمانی (جەمشید خانی مامم، کە هەمیشە با لەگەڵ خۆیدا دەیبرد)[٢٦]دا گۆڕانێکی لەناوی پاڵەوانی سەرەکی ڕۆمانەکەدا کردووە، کە (جەمشید خان)ە. ئەو گۆڕانە پاش ئەوە ڕوودەدات، کە (جەمشید خان) لە یەکێک لە فڕینەکاندا دەکەوێتە خوارەوەو وەکو هەموو جارەکانی تر زاکیرەی لەدەست دەدات. ئەم پاڵەوانە لەو کەوتنەخوارەوەیەدا دەکەوێتە دەست گەریلاکانی پەکەکەو ئەوانیش کە پرسیاری ناوی لێدەکەن، تەنها (خان)ی بیر دەمێنێت و ئەوانیش ناوی (مەزلوم خان)ی بۆ هەڵدەبژێرن. وەک دەبینین ئەم گۆڕانە لە ناوی پاڵەوانەکەدا زۆر کۆمیدیی دەکەوێتەوە، بەوپێیەی (مەزلوم خان) ماناکەی تەواو پێچەوانەی ناوەکەی پێشووە، کە (جەمشید خان)ە.

ناوی پاڵەوانی چیرۆکەکانیش لای (ئارام کاکەی فەلاح) بەدەر نییە لە ناوی کۆمیدیی و تەنزئامێز، ئەمەش جوانیی زیاتری بەخشیوە بەو تەنزو کۆمیدیایەی ئەم نووسەرە لە چیرۆکەکانیدا خولقاندوویەتی. لە سێ چیرۆکی یەکەمی کتێبی (نووسینەوەی درک)[٢٧]دا ئارام پاڵەوانەکان دووبارە دەکاتەوە، کە بەناوی (غەریب ریکۆرد) دەیناسێنێت. ئەم پاڵەوانە هەر لە ناوەکەیەوە کۆمیدیی دێتە نێو زهنی خوێنەرەوەو بەشێوەی سەیرو تەنزاویی دووبارەو سێبارە لەو سێ چیرۆکەی یەکەمی ئەو کۆمەڵەیەدا خۆی بە خوێنەر دەناسێنێتەوە. نووسەر لە ڕوونکردنەوەی وەرگرتنی ئەم ناوەی پاڵەوانەکەیەوە لە چیرۆکی (نووسینەوەی درک)دا دەنووسێت:

"من ناوم غەریبە، غەریب ریکۆرد. ڕەنگە پێتان خۆش بێت بزانن ئەم ناوەی من بۆ وا غەریب و سەیرەو لەکوێوە هاتووە. لەڕاستیدا ئەمە نازناوی منە، ماوەی بیست ساڵێکە وای لێهاتووە، دەنا پێش ئەو نازناوم (خەریک ریکۆرد) بوو. ڕۆژێک لە ڕۆژەکان و جارێک لە جارەکان خەریک بوو ریکۆردێک بشکێنم نەیانهێشت"[٢٨]، پاشان نووسەر ئەوەش دەخاتەڕوو، کە بەهۆی سوانی وشەکانی زمانەوە ناوەکەی لە (خەریک ریکۆرد) گۆڕاوە بۆ (غەریب ریکۆرد). لێرەدا هەر لەناوی پاڵەوانەکەوە هەست بەو فەزا زاڵەی تەنز دەکەین، کە چیرۆکنووس لە ناوی پاڵەوانی ئەم چیرۆکانەدا خولقاندوویەتی. هەروەها لە چیرۆکی (دیلی

دەنگەکان)دا فیگۆری (مام سەعیدی نووقڵ)، کە لە چیرۆکەکەدا بە (مام نووقڵ) یش ناوی دەبرێت و هاوکات لە چیرۆکی (کێ مام تۆفیقی دەنگزل دەناسێت؟)[٢٩] دا فیگۆری (مام تۆفیقی دەنگزل)، خاوەنی ناوی کۆمیدین.

بەگشتیی بەکارهێنان و هەڵبژاردنی ناوی کۆمیدیی بۆ پاڵەوانی چیرۆک، جوانیی زیاترو تەنزئامێزی نێو چیرۆکەکە بەهێزتر دەکات، ئەمە بێجگە لەوەی کە کاریگەریی لەسەر خوێنەری دەبێت و ئەو ناوە کۆمیدییانە زۆرجار بۆ ماوەیەکی درێژ لای خوێنەر دەمێننەوە.

### بەراورد لەنێوان ئارام کاکەی فەلاح و مستەفا مەستووردا

بۆئەوەی زیاتر لە هونەری نووسینی چیرۆکی تەنزئامێزیی بدوێین، بەپێویستم زانی بەراوردێک لەنێوان بەکاربردنی هونەری تەنز لەنێوان هەردوو چیرۆکنووس (ئارام کاکەی فەلاح) و (مستەفا مەستوور)ی چیرۆکنووسی فارسدا بکەم. ئەم چیرۆکنووسە تا هەنووکە تەنها یەک کۆمەڵە چیرۆکی (عەشقی سەر شۆستە)(٣٠) لەلایەن (جەبار سابیر)ەوە کراوەتە کوردی و خاوەنی زمانێکی تەنزئامێزو گێڕانەوەیەکی سادەو تۆکمەیە، کە من لەکاتی خوێندنەوەی ئەو کۆمەڵە چیرۆکەی مەستووردا هەندێک خاڵی هاوبەشم بینی کە لای ئارامیش دەبینرێتەوە.

لە ئەزموونی چیرۆکی تەنزنووسیندا ئارام کاکەی فەلاح تاڕادەیەکی زۆر لە چیرۆکنووسی ئێرانی (مستەفا مەستوور) دەچێت. ئەویش لەڕێی تەوزیفکردنی تەنزی سروشتییەوە لەنێو چیرۆکەکانیدا، کە دوورە لە گاڵتەجاڕییەوە، ئەم حاڵەتە هەستپێدەکرێت، بەتایبەت لە چیرۆکی (ئارەزوو[٣١]، مەهتاب [٣٢]و ئەو پیاوەی داسی پێیە [٣٣])دا کە بەتەواویی هەست بەو نزیکییەی ئەو ئەزموونەی مستەفا مەستوور و ئارام کاکەی فەلاح دەکرێت.

ئەگەر وردتر لەم بەراوردە بدوێین، لە دوو حاڵەتدا هەست بە نزیکیی هونەری تەنزنووسیی لەنێوان مەستوورو ئارامدا دەکرێت، کە ئەوانیش یەکەمیان: بەکاربردنی تەنزە لە بونیادی چیرۆکدا. دووەمیش: تەنزە لە ناوی پاڵەواندا. لای مەستوور بەهەمان شێوە گێڕانەوەکان گێڕانەوەیەکی سادەن، کە تەنز لە بونیادی گێڕانەوەکاندا بەهەمان شێوەی نێو چیرۆکەکانی ئارام هەستی پێدەکرێت. واتە تەنزێکی دەستکرد نییە، یان پاڵەوانەکان نەکراونەتە کەسانی گەمژە بۆئەوەی تەنزو کۆمیدیا بێتە بەرهەم، کە لەم حاڵەتەدا هەرسێ چیرۆکی (ئارەزوو، مەهتاب و ئەو پیاوەی داسی پێیە) باشترین نموونەیە.

هەروەها مەستوور بەهەمان شێوەی ئارام لە چیرۆکی (ئارەزوو)دا هەست بە بەکارهێنانی ناوی کۆمیدیی و تەنزئامێز بۆ فیگۆرەکان دەکرێت، کە دەتوانین ئاماژە بەناوی (رەسوڵ گورپە، موسا خەپل و کەریمە درێژ) بدەین، بەڵام وەک دەبینین بەکاربردنی ناوی کۆمیدیی بۆ فیگۆرەکانی نێو چیرۆکەکان لای مەستوور کەمترەو ئەو ناوانە تەنها لە چیرۆکی (ئارەزوو)دا چڕکراونەتەوە، بەڵام ئەوەی کە دەبێتە خاڵێکی هاوبەشی بەهێز، ئەوەیە کە هەردوو چیرۆکنووس لە بونیادی چیرۆکەکاندا تەنزیان خولقاندووەو جۆرێک نین لە تەنزی دەستکرد، واتە گێڕانەوەکان بەجۆرێک خولقێنراون کە شێوەیەک لە تەنزئامێزیی و کۆمیدیا لەخۆبگرێت و بە داماڵینی ئەو تەنزئامێزیی و کۆمیدیایە بونیادی چیرۆکەکە هەڵوەشێت.

ئەوەی لێرەدا خرایەڕوو بۆ ئەوە نییە، کە تەنها بەراوردێکە لەنێوان دوو چیرۆکنووسدا لەپێناو ئەوەی قسەی زیاتر لەسەر بەکاربردنی گێڕانەی تەنزئامێزو بەکاربردنی ناوی کۆمیدیی بۆ پاڵەوان بکەین، نەک بۆئەوەی دوای ئەو پرسیارە سواوە بکەین کام لەم دوو چیرۆکنووسە لەوی تری وەرگرتووە، چونکە ئەوە پرسیارێکی بێ بنەمایەو بڕوام بەوە نییە خۆمی پێوە خەریک بکەم، بەڵکو من دەمەوێت بەدوای جوانیی ئەو زمانی تەنزئامێزەدا بگەڕێم کە لای ئەم دوو چیرۆکنووسە هەستی پێدەکرێت.

### بەر لەکۆتایی

ئەوەی ئەزموونی چیرۆکنووسێک نەمر دەکات، داهێنان و ئەزموونکردنی جۆری تری گێڕانەوە دۆزینەوەی شێوازی ترو زمانی نوێی گێڕانەوەیە، هەر چیرۆکنووسێک لەسەرەتای چیرۆکنووسینییەوە تا کۆتایی بە یەک شێوازو بە یەک هەناسەو یەک زمان گێڕایەوە، ئەوە تەنها دەتوانێت ماوەیەکی کەم لای خوێنەر بمێنێتەوە بە دەستی خۆی مەرگی تێکستەکانی رادەگەیەنێت، بەڵام ئەو چیرۆکنووسانەی کە بەردەوام بەدوای شێوازی نوێی گێڕانەوەو بەدوای داهێنانی زمانی تازەو لە هەوڵی ئەزموونکردنی شێوازی گێڕانەوەی نوێدا، ئەوانە بەردەوام توانای بەرهەمهێنانی تێکستی نەمریان هەیەو نەمریی بۆ خۆشیان بەرجەستە دەکەن.

تەنزو کۆمیدیاو بەخشینی خەندە بە خوێنەر، یەکێکە لە پایە گرنگەکانی گێڕانەوەو بەشێکی زۆر لە نووسەرە گەورەکان پەیڕەویان لە گێڕانەوەی تەنزئامێز کردووەو ویستوویانە خەندە بخەنە سەر لێوی ئەو خوێنەرانەی بەدیار

وشە و رستەکانی ئەوانەوە کات دەبەنەسەر، بەڵام گرنگیی تەنزو کۆمیدیا بەو مانایە نییە ئیتر هەموو نووسەران بەمشێوەیە بنووسن، بەڵکو بەو مانایەیە، کە ئەم جۆرەش لە نووسین گرنگیی تایبەتی هەیەو پێویستە چیرۆکنووسان زیاتر لە هەموو نووسەرانی تر ئاشنای گێڕانەوەی تەنزئامێز بن، هەربۆیە باختین لەبارەی گرنگیی تەنزەوە ئەوە دەنووسێت: لەڕاستیدا تەنیا خەندە (تەنز و کۆمیدیا) دەتوانێت بەشێک لە رەهەندە ئێجگار گرنگەکانی جیهان دەرک بکات. بۆیە بۆ دەرککردنی ئەو رەهەندە گرنگانەی جیهان پێویستمان بە (تەنز و کۆمیدیا) هەیە.

ئەوەی ئێمە لەم نووسینەدا ئاوڕمان لێدایەوە ئاوڕدانەوەیەکی سەرەتایی بوو لەسەر تەنز لە چیرۆکی نوێداو ئەزموونی تەنزنووسی ئارام کاکەی فەلاح و بەو هیوایەم بتوانم لە داهاتوودا کاری تێروتەسەلتر لەسەرە ئەم هونەرە گەورەیەی گێڕانەوە بکەم لەنێو دنیای گێڕانەوەی کوردیدا.

**پەراوێزو سەرچاوەکان:**


١- د.بەهرام مقدادی، ئینسایکلۆپیدیای زاراوەی رەخنەی ئەدەبی، وەرگێڕانی: ئازاد بەرزنجی، گۆڤاری سەردەم، ژمارە (١٥) حوزەیرانی (٢٠٠١).

٢- میخایل باختین، دیالۆگ- خەندە- ئازادی، وەرگێڕانی: هادی محەمەدی، لە بڵاوکراوەکانی پرۆژەی کتێبی یانەی قەڵەم-سلێمانی (٢٠٠٨).

٣-هەمان سەرچاوە.

٤- هەمان سەرچاوە.

٥- هەمان سەرچاوە.

٦- هەمان سەرچاوە.

٧- میلان کۆندێرا، هونەری رۆمـان، وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە: کەریم پەڕەنگ، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم-سلێمانی (٢٠٠٨).

٨- هەمان سەرچاوە.

٩- میخایل باختین، دیالۆگ- خەندە- ئازادی، وەرگێڕانی: هادی محەمەدی.

١٠- هەمان سەرچاوە...

١١-(ترش و شرینی خاڵە رەجەب)، لە بڵاوکراوەکانی شارەوانیی سلێمانی (٢٠٠٢).

١٢-ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی، سەرجەمی بەرهەمەکانی شاکر فەتاح-بەرگی ٣، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس (٢٠٠٤).

١٣- ئەکرەمی ساڵحی رەشـە، شەوچەرەی شار-هەڵبژاردنە لە نووکتەو گاڵتەو قسەخۆشەکانی سلێمانی، بەرگی یەکەم-سلێمانی (٢٠٠٠).

١٤- د.بەهرام مقدادی، ئینسایکلۆپیدیای زاراوەی رەخنەی ئەدەبی، وەرگێڕانی: ئازاد بەرزنجی.

١٥- هەمان سەرچاوە.

١٦- (بلە) ئیبراهیم ئەحمەد، کوێرەوەری- چیرۆک، چاپخانەی "النجاح"، بەغداد، (١٩٥٩).

١٧- ئارام کاکەی فەلاح، بلیتێک بۆجەهەنەم-چیرۆک، لە بڵاوکراوەکانی پرۆژەی کتێبی یانەی قەڵەم-سلێمانی، (٢٠١٠).

١٨- هەمان سەرچاوە.

١٩- هەمان سەرچاوە.

٢٠- هەمان سەرچاوە.

٢١- هەمان سەرچاوە.

٢٢- هەمان سەرچاوە.

٢٣-ئارام کاکەی فەلاح، بەیازی گوڵفرۆشێک-چیرۆک، چاپی یەکەم، سوید، (١٩٩٨).

٢٤-بەختیار عەلی، کۆشکی باڵندە غەمگینەکان-رۆمان، لە بڵاوکراوەکانی ئەندێشە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی، (٢٠٠٩).

٢٥- بەختیار عەلی، شاری مۆسیقارە سپییەکان-رۆمان، لە بڵاوکراوەکانی چاپخانەی رەنج، سلێمانی، (٢٠٠٥).

٢٦- بەختیار عەلی، جەمشیدخانی مامم کە هەمیشە با لەگەڵ خۆیدا دەیبرد-رۆمان، لە بڵاوکراوەکانی ئەندێشە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی، (٢٠١٠).

٢٧- ئارام کاکەی فەلاح، نووسینەوەی درک-چیرۆک، لە بڵاوکراوەکانی کۆمپانیای ئاوێنە-سلێمانی، (٢٠٠٧).

٢٨- هەمان سەرچاوە.

٢٩-- ئارام کاکەی فەلاح، کێ مام تۆفیقی دەنگزل دەناسێت-چیرۆک، گۆڤاری هەنار، ژمارە (٥٥)، لە بڵاوکراوەکانی بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، (٢٠١٠).

٣٠- مستەفا مەستوور، عەشقی سەر شۆستە-چیرۆک، وەرگێڕانی: جەبار سابیر، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم-سلێمانی، (٢٠٠٩).

٣١- هەمان سەرچاوە.

٣٢- هەمان سەرچاوە.

٣٣- هەمان سەرچاوە.

لەبارەی شیعرەوە

# لەبارەی شیعرەوە

لەبارەی شیعرەوە

**بۆتان جەلال**

لە وەتەی هۆمیرۆس لە(ئەلیازە)و "ئۆدیسەدا" بە شیعر ئازارەکانی دەربڕیوە لە خەونەکانیدا گەڕاوە بە دوای شێتبوون و گڕگرتن، سەوداسەری جوانییەکانی ژیان بووەو سەفەری بێهوودەیی ئەنجامداوەو تا دەگاتە ئەم چرکە نیگەرانانەی ئەمڕۆ کە شیعر پێیدا تێدەپەڕێت، سیحری "شیعر" بە هەزارەها جۆر و فۆرم و جلوبەرگی گۆڕیوەو قۆناغ و سەردەمی جیاجیای بەزاندووە، هەر لە رۆژانی کلاسیکەوە تا دەگاتە رۆمانسییەت و ریالیزمی و رەمزییەت و واقیعی ئیشتراکی و واقیعی سیحریی و زمانگەرایی و دادائیەت و سوریالیەت و بونیادگەرایی و پارچە پارچەیی و مۆدێرنێتە و پۆست مۆدێرنیتە و دەقی کراوە، شاعیرانی مەست کردووە و خەیاڵ و ئەندێشەو هزری کراوەی پێبەخشیون، شاعیران هەمیشە شاسواری گۆڕەپانی داهێنانە پیرۆزەکانی ئەدەب بوون، لەگەڵ خۆشیاندا لێشاوی خوێنەریان کۆکردۆتەوە هیچ زەمەنێکی رابردوو نەبۆتە لەمپەر بۆ راگرتنی سیحری شیعر خوێندنەوە و شیعر نووسین.

شیعر لە ریزی پێشەوەی داهێنانە گەورەکانی وێژە بووە، هەزارەها شاعیری مەزن، هەزارەها دەق و چامەیان بەرهەمهێناوە، زۆر جار شاعیر هەبووە لە ریزی پێغەمبەر و سوڵتان و پاشاکان حیسابی بۆ کراوە، کتێبی

شیعری وا هەیە بە قەد کتێبە موقەدەسەکان لە رووی بایەخ و پیرۆزییەوە هەژمار دەکرێت، زیاتر لە ٥٠٠٠ هەزار ساڵە مرۆڤ ئاشنای ئەوە بووە خەیاڵەکانی بکاتە خەت و نووسین، لە بایەخی شیعر و وانەکانی گەیشتووە، شیعر پابەندە بەو "زەمـەن"ەی کە مرۆڤ تیایدا ژیان دەگوزەرێنێ و تا زەمەن لەبار بێت شیعر لە رۆحی شاعیردا چرۆ دەکات، بەردەوامی شیعر رێچکەکانی تەواو دەکات، ئەگەر بە پێچەوانەش زەمەن زەمینە خۆش نەکات و هاندەر نەبێت، دووچاری نشوستی و سڕبوون دەبێت، لەوانەشە سیس ببێ و بمرێت، گەورەترین هەڕەشەیەک لەبەردەم شیعردا خۆی نیشان دەدات هەڕەشەی شۆڕشی تەکنەلۆژیای سەردەم و جیهانگەرایيە کە سەرتاپای دنیای گرتۆتەوە، بەر لە گەیشتنی تەکنەلۆژیاو عەولەمە، شیعر رۆڵێکی کاراو بەرچاوی هەبووە لە خزمەتکردنی کۆمەڵگا جیاجیاکان و کەلتووری میللەتانی دنیا، بە درێژایی مێژوو "شیعر" هاوسەنگەری مرۆڤ بووە، لە هەر زەمەنێک و لە هەر شوێنێک شەڕو ئاشووب و جەنگ پەیدا بووبێ شیعر وەک تەپڵ لە جەنگدا دەنگی هەبووە و شاعیران بە قەڵەم جەنگی دوژمنکارانی مرۆڤایەتییان کردووە، پارێزەرانی بەها رەوشتییەکان و داهێنانە پیرۆزەکانی بوون، ئەگەرچی هەر لە دێر زەمانەوە خودی شاعیران و شیعرەکانیان بەرلێشاوی رەخنە و هەڕەشەی توندی جۆرەها خەڵک کەوتوون، بەڵام ئیرادەی شاعیران و سیحری وشە و دنیای داهێنان گەورەتر بووە لە هەڕەشەکانیان، ئەفلاتوون فەیلەسووفی یۆنانی لە کتێبە ناسراوەکەی (کۆماری ئەفلاتوون)دا شاعیرانی وەدەرناوەو بە وروژێنەری ناخ و سۆزی ئادەمیزادیی لەقەڵەم داون، ئەو وای پێناسە دەکردن کە شاعیر هۆکارن بۆ لادانی خەڵک لەسەر رێگای دروست و بەها ئەخلاقییەکان و سەرچاوەی گێژەڵوکەی سۆزو خرۆشاندنی ناخن کە بە پێوەری ئەو، شاعیران هەڵەو گوناهێکی مەزن دەکەن کە بە خەیاڵ و وشە خەڵک فریو بدەن.

شاعیران لە کۆڕو مەجلیسی پادشاو سوڵتانەکان خۆشکەری دانیشتن و شەوچەرە و میوەی دیوەخان و چرای هۆڵ و دیوەخانەکانیان بوون، لە کۆڕی خەبات و شۆڕشەکانی چەوساوەو پرۆلیتارەکان مەشخەڵی ناخی پاڵەوان و شاسوارەکانیان بوون و هاوەڵ و برادەری گیانی سەرمەست و عاشقان و جوانپەرست و سۆفی و دەروێشەکانی تەکیە و خانەقاکان و بوون. بەڵێ بەدرێژایی ژیان، ئەو ژیانەی مرۆڤ درکی بە عەقڵ و دەوروبەری خۆی و گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان کردووە لەگەڵ شیعردا کۆک و هاوڕێگای

کاروانی ڕۆژانەی ژیانیان بڕیوە.

ئەمڕۆ، شیعر لە چ زەمەن و شوێنێکی خولگەی خۆیدا خول دەخواتەوەو ئایا ئێستاش پێویستییەکی مرۆڤە؟ ئەو زەمەنەی کە ئێستاکە پێیدا تێپەڕدەبین، زەمەنی شیعرە؟ ئایا شاعیر هەر ئەو کەسەیە پەیامێکی زیندووی هەڵگرتووە؟ خوێنەر تا چ سنوورێک حەزیان لە شیعرە و چێژی لێ وەردەگرن و کاتی خۆیان بۆ تەرخان دەکەن؟

لێرەدا وەڵامی ئەم پرسیارانە بە کەمێک شرۆڤەوە درێژە پێدەدەین، ئاشکرایە ژیانی ئازادیی و مافی مرۆڤ و شۆڕشە پیشەسازیی و پێشکەوتنە تەکنەلۆژیاکان هەر هەموویان لە چوارچێوەیەکدا بەیەکتر گەیشتوون، تیایدا بنەماکانی جیهانگەرایی نەشونمای کردووە، ئێستاکە وڵاتانی ئەورووپا و ئەمریکای باشوور باکوور و ئوستralیا و هەندێکیش لە وڵاتانی ئەفریقی و ئاسیا بەر ئەو تەوژمە توندو تازەیە کەوتوون، لە ڕووی خزمەتگوزارییە جەستەییەکانەوە سوودێکی بێ هاوتایان لێ دیوە، زۆربەی زۆری غەریزە ئادەمییەکانیان پێ پڕ کردۆتەوەو لە ڕووی کێشەی عەشقبازیی و سێکسی و پەیوەندییە ڕۆحانییەکانەوە بە زیـادەوە بەشی خۆیان وەرگرتووە، سەرقاڵبوونیان بەکاری ڕۆژانــەوە هێندەی دیکە ئەو کاتەی لێ تەسک کردوونەتەوە بپرژێنە سەر شیعر نووسین و خوێندنەوە، ئەو کاتە بەتاڵەی دەستیان دەکەوێ بە ئینتەرنێت و چوونە سینەماو گەشتوگوزارکردن خەرجی دەکەن، بەڵگەش لە وڵاتێکی وەک فەرەنسا کە خاوەن مێژوویەکی پرشنگدارە لە بواری ئەدەبدا، بەتایبەتیش لە شیعر، ئێستاکە لەو وڵاتە شیعرناسەدا کە ژمارەی دانیشتووانیان (٦٠) ملیۆن کەسە، تەنیا ٢٠٠ کەس خولیای شیعر نووسین و شیعر خوێندنەوەن.

لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لای میللەتانی کورد و عەرەب و تورک و فارس و ئەفغان بەو شێوەیەی خۆرئاوا نییە، ئەگەرچی هەست بەو هەڕەشە چاوەڕوانکراوەش دەکرێت، کەچی لای نەتەوە خۆرهەڵاتییەکان شاعیری باش و بە ئەزموون ماوە، خەڵکانێکی زۆریش شیعر دەخوێننەوەو گۆڤارو ڕۆژنامەو سایتی ئەدەبی هەیەو دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوە بایەخ بە چاپکردنی بەرهەمی شاعیران دەدەن، ئەوەی مایەی نیگەرانیمانە ڕۆژ دوای ڕۆژ کۆمەڵگای ئێمەش ئاڵۆسکاویی و جەنجاڵییەت ڕووی تێدەکات، ئامێرە ئەلکترۆنییەکان عەقڵ و هەستی لاوانی داگیر کردووە و بەپێی خۆمان بەرەو جیهانگەرایی هەنگاو دەنێین کە ڕەنگبێ لە زۆر لایەنەوە پەشیمانیی بەدواوە

بێت، ئەوەی دەیبینین ئەوەیە چینی رۆشنبیرانیش روویان لە غەزوەکانی عەولەمە کردووە بەرەو پیری دەچن، لایەنە بەرپرسەکانی پاراستنی کەلتوور دەبێ دەرک بەو هەڕەشانە بکەن و کەلتووری نەتەوەکەمانی لێی بپارێزن، ئەگینا ئێمەش خەریکە وەک کۆمەڵگا خۆرئاواییەکان بەرەو تێرکردنی غەریزە جەستەییەکان دەچین و رۆحمان بەبەتاڵی دەهێڵینەوە، هەر نەتەوەیەکیش رۆحی بەتاڵ بوو، خوێنی جەستەی وشک دەبێت و دووچاری لەناوچوون دەبێت. کێشەیەکی دیکە کە هەڕەشە لە شیعر دەکات و پەرت و پەروازەی کردووە، ئەوەیە تا ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێت زۆر لەرەخنەگرانی بواری ئەدەب، بەتایبەتی ئەوانەی ئەدەبیاتی کلاسیک دەکەن، زۆرێکیش لە خوێنەران و هەوادارانی شیعری کۆن لایان وایە ئەو شیعرەی ئەمڕۆ بەناوی جیا لە کلاسیک دەنووسرێت، شیعر نین و ئەوانەی ئەو جۆرە شیعرانە دەنووسن شاعیر نین.

بە لای کلاسیکییەکانەوە شیعر واتە (کێش و سەروا) ئینجا یەکێتی بابەت و ناوەڕۆک، هەر شیعرێک یەکێک لەو بنەمایانەی تیا نەبێ شیعرێکی کەموکورتە، ئەو کەسەی نەتوانێ دێڕ دوای دێڕ بە شێوەی ستوونی بچێتە خـوارەوە ئەوە توانای داهێنانی شیعری لاوازە، بلیمەتی شاعیران لای گرووپی کلاسیسزمەکان سەلیقەو یەکێتی بابەت و کێش وسەروا و چێژە کە هۆنراوەکە مانەیەکی ساکار بدات بە خوێنەر، وشەکانی ماناداربن و رستەکان مانابەخش بن، ئاسان لەئەنجامی نووسینی شیعرەکە تێبگەی، دیارە گلەیی و رەخنەی ئەمجۆرە گرووپە لە قوتابخانەکانی (رۆمانس و ریالیزم) نەبووە، چونکە ئەگەر شێوازی داڕشتنی دێڕە شیعرەکان، واتای رستەکان و یەکێتی بابەت گۆڕانکاریی هزری تێکەوتووە، بەڵام چونکە زۆربەیان (کێش و سەروا)دار بوون و خوێنەریان ماندوو نەکردووە، لایان پەسەند بووە تا ئێرە هیچ کێشەیەک نییە تا ئەو کاتەی لە ئەوروپا لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم شاعیرانی رۆمانسی شۆڕشێکیان دژ بە کلاسیک هەڵگیرساند، پاشان گڕوتینی ئەو شۆڕشە بەربڵاوەی لێ کرد تا دەهات رووپێوی شۆڕشەکە فراوانتر دەبوو شۆڕشی شیعری نوێ لەسەر بنەمایەکی فیکری و رۆشنبیری بوو، بۆیە زوو لەسەر پێ وەستاو سەرکەوتنێکی جیهانیی بە دەستهێنا، هەڵگرانی ئاڵای شیعری نوێ بیروڕاکانیان لەوە چڕکردبۆوە کە شیعر بە هیچ کلۆجێک شێوە نییە، بەڵکو شێوەی دیکەی جیا لە قاڵبکاریی کلاسیکی لەخۆ دەگرێت و باوەڕیان بەدەست و پەیوەندی (کێش و دەریا شیعرییەکان)

ئەما، شیعرلە رووی (کێش)و دەریاکانی کەرت بوون و جۆرەها شێوەی دیکەی بە خۆوە بینی، لەو شاعیرانەی کە توانییان پێشەنگی سەرپەرشتی شۆڕش بن، لە ئەوروپا بۆدلێر و رامبۆ و لۆتریامۆن بوون، پاشان چەندین شاعیری سوریالی و دادایی چوونە ریزی ئەو گرووپە هزرییە مۆدێرنە کە لە رووی کێشەوە چەند جۆرێک لە شێوازی نوێی دارِشتن هاتنە ئارا، بایەخێکی زۆریان بە مۆسیقای دەقەکان دەدا کە زۆر جیاواز بوو لەگەڵ دەنگی سەروای کلاسیکی، یەکێتی بابەت بووە چەندین بابەت و هەر بابەتێک چەمکێک لە هزری مەعریفی لە خۆدەگرت، زەمەن ئەو زەمەنە نییە کە کلاسیکییەکان پێوەی پابەند بوون، زەمەنی شیعری نوێ رادەبەدەر و سنووری بۆ دانانرێت هەر وەک شوێنیش نەخشەی نییە لە هەموو فەزای گەردووندا چۆنیان بووێت شوێن بۆ نووسینی ئەو هزرە دەکەنەوە کە دەیانەوێ تیادا خول بخوات، (ئیجا) لە شیعری نوێ تەنها لە بینینی ئەو کەرەستانە وەرناگیرێ کە لە بەردەستن و دەبنە مایەی وێنەگرتنی چاو ئینجا بچێتە مێشک و لە دڵەوەش دابڕێژرێتەوە، ئیجا لە شیعری نۆی سەرابێکی بێ سنوورە، خەیاڵ تێیدا کاری وێنەگرتن بەهزرە نووستووەکان دەکات و چەند قووڵتربێ فەزای دەقەکان فراوانتر دەبێ، چەمکی ئاراستەی جۆراوجۆر دەبێت هەر لەگەڵ هاتنە کایەی ئەم جۆرە شیعرانە لە ئەوروپا پاشان لە رێگای وەرگێرِانی دەقەکان لە فەرەنسییەوە بۆ سەر زمانی عەرەبی، کەم و زۆرێک شیعری پەخشانی یان بڵێین پەخشانە شیعریش لە رێگای خوێندنەوەی رۆشنبیران و خوێنەرانی کوردەوە بۆ ئەو پەخشانە شیعرانەی کە لە رۆژنامە و گۆڤارە ئەدەبییە عەرەبییەکان بڵاودەکرانەوە، سێبەری گەیشتە لای ئێمەش، شاعیران بە تایبەتی ئەوانەی لە هەشتاکاندا ئامادەییان لە گۆڕەپانی شیعری کوردییەوە هەبوو سوودیان لەو نووسین و دەقانە وەرگرت پاش چەند ساڵێک لە وەرگرتنی ئەزموون و خۆ رۆشنبیرکردن و لاساییکردنەوە، پەخشانە شیعر رەگی داکوتا و پەرەی پێدراو تا دەگاتە ئەمجۆرە شیعرانەی کە ئێستا بەناوی(نوێخوازیی) و (دەقی کراوە) و (رەگەزی کتوپڕی) و (دەقی خەونی) و (فۆرمی گران) بڵاودەکرێنەوە.

نوێخوازیی بە کۆ کاری تیا کراوە (جەمال شارباژێری، جەلالی میرزا کەریم، لەتیف هەڵمەت، فەرهاد شاکەلی، ئەنوەر قادر محەمەد، شێرکۆ بێکەس، سەلاح شوان، سەلام محەمەد، عەباس عەبدوڵلا یوسف، جەلال بەرزنجی، دڵشاد عەبدوڵلا، هاشم سەراج، کەریم دەشتی....تاد)، دەقی کراوە بە کۆ کاری

تیا کراوە، ڕەگەزی کتوپڕی و دەقی خەونی سەباح ڕەنجدەر بە تاک کاری تیا کردووە. فۆرمی گران ئەنوەر مەسیفی و سەباح ڕەنجدەر کاریان تیا کردووە. پرسیاری ئەم نووسینەم ئەوەیە، خوێنەران بۆچی وەک پێویست مامەڵە لەگەڵ دەقە نوێخوازەکانی کوردیمان ناکەن، بۆچی نەک هەندێ لە خوێنەرو ڕۆشبیرو هونەرمەند و ڕەخنەگرانیش دان بەمجۆرە شیعرانەدا نانێن و بە شیعری تێکدەر و لادەری ناودەبەن؟ وەڵامی ئەم پرسیارە بەلای منەوە چەند لق و پۆپێکی جیاوازی هەیە و باری سەرنج و دەربڕینی زۆر هەڵدەگرێ، کە لێرە لەم شوێنە ناکرێ بە تەواویی بچینە ناوەڕۆکی وەڵامدانەوەکان، بەڵام باری سەرنجە تایبەتییەکانی خۆم بە کورتی دەردەبڕم کە بەو هیوایەی دەرگایەک بێت بۆ وەڵام دانەوەی تێرو تەسەلتر لەلایەن پسپۆڕانی بواری ڕەخنەی شیعرو خودی شاعیرە کوردەکانی خۆمان، من وای بۆ دەچم گۆڕانکارییەک لە شیعری کوردی هەر لە کلاسیکەوە بۆ ڕۆمانسییەت و پاشان ریالیزم و خێرا بۆ شیعری نوێ ئەو ماوە کورتانە بوون کە ڕێگای لەبەردەم خوێنەرانی شیعری کوردی خۆش نەکرد بتوانن گۆڕانکارییەکانی سەر شیعری کلاسیک هەر بکرێت، خێرا دوای کلاسیک شاعیرانی ڕۆمانسی کوردی هەڵگەڕانەوەیەکی بنەڕەتیانەیان لەسەر شێوە و ناوەڕۆکی کلاسیک ئەنجامدا، هەر زوو شیعرە ریالیزمییەکان پاڵیان بە شیعری ڕۆمانسی کوردیدا، لێنەگەڕان تەواو ڕۆمانسییەکان ئەوەی هەیانە بەتاڵی بکەن، هێشتا شیعری ریالیزمی لە ئەدەبی کوردیدا ئەوەیش قۆناغی تەواوی خۆی کامڵ نەکردبوو (شیعری ئازاد) سەری هەڵدا، پاش چەند ساڵێک شیعری (پەخشانە شیعر) و نوێخوازیی و دەقی کراوە و ڕەگەزی کتوپڕی و دەقی خەونی و فۆرمی گران ...تاد، سەریان هەڵدا شوێنی یەکتریان دەگرتەوە، ئەم گۆڕانکارییە خێرایانەی شیعری کوردی بۆ سەر گەدە و مێشکی خوێنەری کورد قورس بوو، هەر یەک لەمجۆرە ڕێبازانەی شیعر، بە چەمکێک نوێکاریی هزری و شێوەو بابەت هاتنە پێشەوە، ئاسان نەبوو خوێنەرو زۆریش لە ڕۆشنبیران بتوانن مامەڵەی فیکر لەگەڵدا بکەن و چێژ و تامی لێ وەربگرن، جا هەر شتێکیش نەبێتە مایەی جووڵانەوەی هزر و هەست چێژ دروست ناکات، بێگومان ناتخرۆشێنێ و خێرا بەسەرتدا تێدەپەڕێ و هیچ ئاسەوارێکی ڕۆشبیریی و فیکر جێناهێڵێت هونەرمەندانی کوردیش وەک پێویست نەیانتوانیوە سوود لەم جۆرە شیعرانە وەربگرن و لە بەرهەمە هونەرییەکانی خۆیان بە تایبەتی لە ئاوازی کوردی بەرجەستەیان بکەن، وەک چۆن ئاوازدانەران زۆرچاک ڕۆڵیان هەبووە لە

جوانکردن و بەچێژکردنی شیعری کلاسیک و ڕۆمانسی، بەڵام کەمێک لەو ئاوازدانەرانەی کوردستان توانیویانە مامەڵەی شیعری نوێ بکەن و جوانی بکەن و لای گوێگر شیرینیان بکەن، بەڵام بەشێوەیەکی کەم، هەروەها بەرپرسانی وەزارەتی پەروەردەی هەرێم بە تایبەتی ئەوانەی پرۆگرامی ئەدەبی کوردی دادەڕێژن وەک پێویست شیعری نوێ و قۆناغ و شاعیرانی ئەو قۆناغانەیان نەهاوێشتۆتە ناو پرۆگرامەکانی خوێندن، تا قوتابیان هەر لە قۆتاغی سەرەتاییەوە تا کۆلێژەکان شارەزاییان لێ هەبێت و بایەخی پێبدرێت، ئەگەر شیعری نوێ بەهەموو شێوازەکانی لای ئێمەی کوردیش ئاگادارو خوێنەری خۆی هەیە و شاعیرانی چاک هەبووە لە بەرەگاژۆبوونی ئەمجۆرە ستایلە شیعریانە، بەڵام بەشێکی زۆری خوێنەریش تا ئەمڕۆکە هەر حەز لەشیعرەکانی ئەحمەدی خانی و جەزیری و نالی و حاجی قادری کۆیی و مەولەوی و مەحوی و گۆران و دیلان... تاد دەکەن زیاتر لەوەی چێژ لە شیعری شاعیرانی نوێخواز بکەن، ئەمە کێشەیەکی ستراتیژی ئەدەبی کوردیمانە دەبێت کار بۆ ڕەخسان و خۆشکردنی پانتاییەکی لە باری شیعری نوێی کوردیمان لە دەزگا ڕاگەیاندن و فێرکردنەکان بکرێت، بۆ ئەوەی خوێنەر لەگەڵ سەردەمی نوێ و چێژی نوێ و بابەتی نوێ ڕابهێنرێت، پێدەچێ جۆرێک لە کەمتەرخەمیکراوە بۆ مەیسەربوونی ئەو هۆکارانەی کەوا دەکەن خەڵکی لە شیعری نوێ و جۆرەکانی شیعری نوێ دووربکەونەوە و بەسەلیقەو حەزێکەوە نەیخوێننەوە، خۆ شیعری نوێش مۆسیقای تیایە هەست ببزوێنێ و بابەتی تیایە سەرنجت ڕابکێشێت، بەڵام لە نێو فەزایەکی کراوەی دیکەی مەعریفەت و تازە بابەتانەی کە لەگەڵ ئەمڕۆی ژیانی شارستانییەت و مەدەنیەتدا هاوکۆک و هاوڕازبن خوا یاربێت ئەم بابەتەم نووسینی پسپۆڕانی ئەدەبی کوردی لە سەرهەڵدانی قەیرانەکە و چارەسەرکردنی بدوێن.

# له ئەلبوومی یادگارا

**سەباح ڕەنجدەر**

ئەفسوونی شیعر، ئێستێتیکا و ئاشتی له دەروونی کۆمەڵگا رادەگەیەنێت، وەفا بۆ شیعر تێپەڕاندنی قۆناغی بەرلەخۆیەتی. تێپەڕاندن وەک جیاوازی نەک رەتکردنەوە، رەتکردنەوە له ئەدەبدا هیچ کاتێک بنەمای نەبووە، چونکه له رەتکردنەوەدا بەهای گفتوگۆ دادەڕمێت و پێوەندییه کولتوورییەکان دەپچڕێن.

جوانی کەشێکی روون و باوەڕپێکراوە، کاریگەری لەسەر هەموو بوونەوەرێک جێدەهێڵێت، هەستەکان له دەربڕینکردن له جوانیدا به باشترین شێوه ئەرکی خۆیان بەجێدەهێنن و توانایان پاراوە و بەدیواری ژیانەوه دەلکێن.

شیعر دیاردەیەکی سیاسی نییە، دیاردەی سیاسی دۆخێکی هەڵەبەرە، دەربڕین له ناوەڕۆکی واقیع وەک خۆی ناکات، واقیع له بوونی خۆیدا له رێکخستنێکی جواندا جێگای کراوەتەوە، سیاسەت دەستی لێداوە و رێکخستنەکەی بەملا و ئەولادا بردووە. ئەمە بڕیار و بۆچوون و پێوەرێکی شیاوە، سیاسیبوونی ئەدەب لادان و خۆدزینەوەیە له ئامانجی ئەدەب، ئامانجی ئەدەب دامەزراندنی بڕوا و بنەمای جوانییه بۆ ژیانێکی نەشڵەژاو تا ئارامیی هێزی خۆی تێدا وەرگرێت و جوانیبەخش بیکات به کەرەسته و وزەی دەربڕینی، به پله و ئاست پەیامی تایبەتی خۆی بەرێوه ببات. هەر شاعیرێک پشتی دا به پشتی دەسەڵات نەک جێگای باوەڕی وتنی جوان، بگره جێگای باوەڕی هونەریش نییە.

جەمال شارباژێڕی له رووی پێکهاتەوه شیعرەکانی پڕ سۆز و دیمەنی هەستدارن، زۆرتر بەرهەمی خەیاڵن لەوەی بەرهەمی هێزی بیرکردنەوه و کۆ زانیاری بن. جۆرێک داهێنانی له نێوان شەستەکان و سەرەتای حەفتاکاندا پێشکەشکرد، بووه بەخشنده و ناوەندێکی کراوه بۆ شاعیرەکانی دەوروبەری و له

هێڵی پەرەسەندنیدا کاریگەریی خۆی زاڵکرد، بەڵام لەم ماوە دیاریکراوەدا زیاتری تێنەپەڕاند و کۆتایی پێ دێت. تواناکانی لە ئەزموونی قووڵ و دەوڵەمەندتردا، کەش و دۆخێکی تاکە کەسی پێک نەهێنان، کەواتە کاریگەرییەکەی لە یەک قۆناغدا دەرکەوت و وەستا و نەبووە گیانێکی چالاک و بەرهەمهێن لە جەستەی شیعری کوردیدا.

ئەگەر شیعر جوان لەبارەی ژیان بنووسرێت، لە ژیان خۆی جوانترە. شیعری ئەم شاعیرە لەسەر بنەمای هەست و سۆز و ئاسۆکانی خەیاڵەوە شێوەی خۆی وەرگرتووە، توانیشی تەنیا لەم بوارەدا بەهرە بە باشی بەکاربهێنێت و ساتی شیعریی خۆی بە دوای بەهرەی دادێت و لەگەڵ خۆیدا دەیبات بۆ ناوچەکانی شیعر، لە دەقی ئەدەبیدا خەم و خورپە وەردەچەرخێنن بۆ ئێستێتیکا، لەو کەشە هەستی و سۆزدارییەدا شاعیر دەرەوە بەجێدەهێڵێت و لە ناوەوەی نیشتەجێ دەبێت، لە ژیانی رۆژانەی کۆمەڵگا و خۆی یاخییە، خەمۆکی و دڵەڕاوکێ و شاگەشکەیی و هەڵزەقینەوە هەڵسووڕێنەری کردە و کردەوەی دەبن. لەو پێودانگەوە بە زمانی ناوەوە مانا بۆ بوونی مرۆڤی و ختووکە تایبەتییەکانی دەدۆزێتەوە، هەروەها ئەو ریتمە خێرایەی ژیانی رۆژانە بەلاوە دەنێت، ریتمی ناوەوەی خۆی وەک سەرچاوە کار پێ دەکات، ئەو ریتمەش خاو دەبێتەوە وەک ئەو بارە دەروونی، یان دەربڕینە دەروونییانەی، کە ژیانی بەڕێوە دەبەن و دووچاری یاخیبوونیان کردووە. نموونە: وەک لە شیعری (خۆشم ویستی)، یان لە شیعری (چەند هەناسەیەک)، یان لە شیعری (چەند تاڵە بیرێکی ئاڵۆزکاو) دەردەکەوێت.

لە بارەی تێگەیشتنەوە شیعرەکانی وەک ئاوریشم و خاکی تەڕ نەرمن. وەک گۆرانی فۆلکلۆری و بەیت و داستان روون و سادەن، بەڵام لە بارەی مانای شاراوە و چینەکانی بنیاد و داڕشتندا پڕ و فراوانن، خاوەن ئاسۆی دوور و بواری قووڵن. پێوەندییان بە کولتووری تاکە کەسییەوە هەیە، لە هێڵی گشتی ئەزموونکردندا یەک ئازاری ئەزموون کردووە و خەیاڵی دیارە، ئەو ئەزموونەی نەگەیاندووەتە خەیاڵی نادیار و یادەوەریی نەتەقاندووەتەوە، واتە: مەودای پێوەندی لەگەڵ (خەیاڵی دیار)دا بەهێزترە لەوەی لەگەڵ (خەیاڵی نادیار).

هەستیاری زمانی خۆی نیشانداوە، پێش ئەوەی ئاواز لە وشەدا وەرنەگرێت، نایهێنێتە ناوەوە، یان بەسەریدا خول ناخوات، یان بەسەریدا باز نادات، هەروەها لە رووی بەکارهێنانی وشەوە تووشی بەد بەکارهێنان نایەت. وشە ئاڕاستەی باش بەکارهێنانی خۆی وەردەگرێت.

سوودی لە شێوازی بەر لە خۆی وەرگرتووە، بەڵام پەیڕەوی نەکردوون، لە نەوەی خۆشی لە شێوازدا لە زۆرینەیان ئەندازیارترە. لە مۆسیقاشدا کاری بە مۆسیقا و پیت و وشە و دەستەواژە و رستەی شاعیرانی بەر لە خۆی نەکردووە. هەرێمێکی بۆ دابەشکردنی رستە و مۆسیقا لە شیعردا بنیاد ناوە، بەڵام بۆ تێگەیشتن و بنیادنان وزە و هێزی لە ئەزموونی بەر لە خۆی وەرگرتووە.

لەبەرئەوەی ئەم دابەشکردن و مۆسیقایەی زۆر هونەریی و زاڵ بوو، شاعیرانی دوای خۆی نەیانتوانی لاسایی بکەنەوە، یان کاری لەسەر بکەن و لێ زیادبوونی بۆ بکەن، بەڵکو وەک دەست وەشاندن و داهێنانێکی تاکانە هێڵی بۆ کێشا و دایمەزراند. داهێنانی سادە بە ئاسانی و زوو دێتە دەست و دەتواندرێت لاسایی بکرێتەوە و کاری لێ زیادبوونی لەسەر بکرێت.

جیاوازییەکی بنەڕەتی هەیە، بەتایبەتی لە گۆشەنیگای شاعیرانەوە و ئێستێتیکییەکی روون و ئاشکرا.

پشت ئەستوورە بە سروشت و پێکهاتەی خۆڕسک و دەست لێ نەدراوی سروشت، لەسەر ریتمی پێکهاتەی سروشت وێنە دادەهێنێت. نموونە: پێوەندی دروست دەکات لە نێوان با و درەخت و مۆسیقای جوولاندنەوە، لە هەمان کاتدا هۆی پیتاندنی درەخت بە یارمەتی (با)وە دەکاتە دیاردەیەکی جەوهەری سروشت.

واتە بە تەنیا لەسەر (زەینی سروشت) کاری نەکردووە، بەڵکو لەسەر (منداڵدانی سروشت) کاریکردووە، پێکەوەژیان و پێکەوە هەڵکردنی پێکهاتەکانی لە رستە دیار دەکات و لە شیعرییەتی دیمەن دەیاندرەوشێنێتەوە. سروشتی پێوەندییەکانیش بە واقیعەکەوە روون دەکاتەوە، ئەو روونکردنەوەیەش تواناییمان بۆ خوێندنەوە پێدەبەخشێت، یان هارمۆنییەت و هاوئاهانگییەک لە نێوان رەنگەکان وەک خەسڵەتی وەرز لە وێنە و فۆرمی جیا جیادا گۆشە و کەنار و ناسنامەی لە یەک نەچوویان دەداتێ.

شوێنی لە دایکبوون و گەورەبوون پێناسەی زەینی شاعیر دەکات بۆ ئێستێتیکا و گەڕانەوە بەرەو یەکەم ناسینی شوێن، هەروەها هەوڵدان بۆ ناسینی شوێنە نەناسراوەکانیش، کە بەشێک لە ئێستێتیکای یەکەم شوێنی دێتە ناوییەوە و هۆ و پاڵپشتێکە بۆ خەملان و کرانەوەی بیر بۆ سەر شوێنەکانی دیکە و ناسینی، شاعیر ئەگەر نەتوانێت لە ئێستێتیکای سروشت تێ بگات، بێ هیچ گومانێکیش ناتوانێت ئێستێتیکایەک بۆ تێگەیشتن و بەکاربردن لە زەین و هەستی خۆیدا پێکبهێنێت.

گۆشەنیگای بیناسازی و کێشانی پێوانە لە هاوسەنگی و شکۆی سروشت وەردەگرێت، بەڵام نەیتوانیوە کار لەسەر بیری سەرهەڵدانی سروشت بکات، یان ئەم لایەنە، کە گۆشەنیگای بایەخە لەناو شیعرەکانیدا بزرە و دەستی بۆ نەبراوە، هەموو دیاردە و داهێنانێک پەیوەستە بە هۆشیارییە تایبەتییەکانی شاعیر و جێکردنەوەی فەنتازیا و ئێستێتیکا لەناو زماندا.

(لە ئەلبوومی یادگارا) ناوونیشانی کتێبێکی شیعری (جەمال شارباژێڕی)یە، ساڵی ١٩٨٣ لە دووتوێی ١٧٥ لاپەڕەدا لە چاپخانەی (ئۆفسێتی سەرکەوتن) لە سلێمانی چاپکراوە، ئەم شیعرانەی تێدایە: (کسپەیەک، بۆ، هەستێک، لە سەیرانێکدا، ئەگەر، نەکەی، تاکە شیعر و بەس، درکاندنێک، گوندێک و کچێک و یادێک و شیعرێک، ئارام، پرسیارێک وەرامەکەی لە خۆیدایە، نامەیەکی کراوە، دانیشتن لەگەڵ تۆدا، لە جەژندا، دیسانەوە خەم، هەژدەی سێ، چڵی نەرگز، لە جیاتی کارت، خۆشم ویستی، بۆ مەرگی پڕشنگ، ئەگەر تۆ بۆ من بوویتایە، لەسەر سێ گڵکۆدا، چەند هەناسەیەک، لەسەر بەردە نووسێک، بە ناوێکی ترەوە گەڕایەوە، گۆرانییەک بۆ شیرین، ئاخێک، خەمێکی تر، چاکتر بمناسە، چاوچاو، چەند تاڵە بیرێکی ئاڵۆزکاو، دوای دە ساڵ، پشیلە، رازێکی نوێ، نەوزاد، وێنەیەک، کەتەی کەر پیاو، بۆ جوانێک، ئەمشەو، وەرە جوانێ، دایکی دڵسۆز، بێ ناوونیشان، ئای ئای، لەسەر تۆ، باوکایەتی، مۆڵەت، بۆ کچێکی جوان، تازە من و تۆ، بەهەستێکی خاوێنەوە.)

**وێنەیەک**
**ئەم وێنەیە**
**بۆچ زوویرە**
**بۆچی بێ زەردەخەنەیە**
**لەبەر نیگای کامیرادا**
**کە وەستاوە**
**چی لە بیرە**
**چی لە دڵدا حەشار داوە**
**وا دڵگیرە**

***

**ئەم وێنەیە**
**چاوی نازی کردۆتەوە و نایترووکێنێ**
**جوانییەکەی بێ وێنەیە**

**هەر ئەمێنێ**
**گەنجینەیە**
***
**ئەم وێنەیە**
**لە ئەلبوومی یادگاردا**
**سبەینێ**
**بزەی خۆش و کزەی ناخۆش ئەهێنێ**
**خاوەن ئەم وێنەیە کاتێ**
**تەمەنی پیری ئەیگاتێ**
**خەم و خۆزگە رای ئەژێنێ**
**فرمێسک و خەندەی ئەداتێ**
**یادەکانی ئەورووژێنێ**
***
**ئەم وێنەیە**
**لەو شوێنەیە**
**کە بیلبیلەی گلێنەیە**
**سەرنجمی راکێشا بوو**
**لە نوێنی نەرمی هەستمدا**
**راکشابوو**
**خۆی کرد بە ژووری میوانی هەڵبەستمدا**
**خۆی بە دیوانەکەم ناسی**
**بە دیوارێ**
**لە دیوارە سپییەکانیدا**
**خۆی هەڵواسی**

شاعیر لە ئەنجامی خراپی بارودۆخ و زەبروزەنگی دەسەڵات و دەوروبەر، لە واقیعی دەرەوە یاخی دەبێت و بەجێی دەهێڵێت، لە ناوەوەی خۆیدا واقیعێکی شیاو بۆ نووسین و پێوەندییەکانی ژیان دادەمەزرێنێت، لەگەڵ دیاردە جەوهەرییەکانی سروشت تەباییەکی گیانی و هەستی دەهێنێتە ئاراوە، نەک لەگەڵ ئەو دیاردانەی لە ڕێگای دەسەڵاتەوە کار لە ژیانی کۆمەڵگا دەکەن و بارودۆخ دەگۆڕن، سروشت لە پێکهاتەی ناوەوەی خۆیدا گیانێکی پڕ لە ناکۆکی هەیە، لەبەرئەوەی زوو زوو دەگۆڕێت و جووڵە و پێداوستییەکانی وەرزێک تەواو جیاوازە لەگەڵ ئەو وەرزی

بەدوایدا دێت و پلە بە پلە چاودێری یەکتر دەکەن.

مامەڵەکردنی ئەم شاعیرە لەگەڵ سروشتدا کرانەوەیەکی تازە بەخش نییە لە شیعری کوردیدا، پێشتر زۆر ئەندازیارانە مامەڵە لەگەڵ سروشت و پێکهاتەی سروشتکراوە و هارمۆنییەتێکی گشتیشی تێدا دۆزراوەتەوە، لەگەڵ ئەمەش جۆرە جیاوازییەکی تێدا بەکار هێناوە، سروشتی کردووە بە جێگرەوەی خۆشەویستەکەی و بەشێک خۆشبەختی بۆ بەدەستهێناوە، کە بەهۆی خۆشەویستەکەشییەوە لە سروشت دەدوێت سەیر خوێنەر دەورووژێنێ و رێگایەکی بۆ دەدۆزێتەوە تێدا بەرەو پێشەوە بڕوات تا دوا رادەی توانەوە و رووداو چێژ لە سروشت وەردەگرێت و لە ئەنجامدا هەموومان بۆ لای دەگەڕێنێتەوە و شەیدای سروشتمان دەکات، بەڵام لە رێگای سروشتەوە بیرمان پێ ناکاتەوە، سروشت دەکاتە بەشێک لە ئێمە بۆ بیرکردنەوە و چێژ وەرگرتن.

شیعر رۆڵی لە دەرخستنی جیهان نییە و شاعیریش لە چەقی کۆمەڵگا ناژییت، تا باری کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و...هتد، رابگرێت، لە گۆشەیەکی ئێستێتیکییەوە باری سەرنج دەنووسێت. ئەو باری سەرنجانە کاریگەریی بنەڕەتییان بۆ گۆڕان نییە، ئەگەر بشیبێت زۆر لابەلا و لاوەکی دەبێت، ئەدەبی ئەم شاعیرە جۆرە ئەدەبێکی نائومێدانەیە و ژیانێکی تری تێدا ئاشکرا نابێت.

لە هەموو شێوەکاندا واقیع کاریگەریی خۆی دەبێت، شیعری هەستی دوورە لە زیادەڕۆیی واقیع و بە دوا دەمدان. لەناو بەرهەمی هەستیدا دەتوانین ئەو تۆخمە سەرەکییانە بدۆزینەوە و دەست نیشانی بکەین، کە دەبێتە یارمەتیدەر بۆ رەواندنەوەی خەمۆکی و دڵەڕاوکێ، یان بۆ تۆخکردنەوە و بەرزبوونەوەی باری هەڵزەقینەوە.

واقیع جەستە و شوێنێکی نووسراوە، بۆ شاعیری هەستی بایەخی سەرەکی نییە، چونکە شاعیری هەستی ناگەڕێتەوە سەر نووسراو و دووبارەی ناکاتەوە. تەنیا بیر لە بنیادی مێژوویی جەنگە گەورە و بچووکەکان دەکاتەوە، رۆشناییەکە بۆ پرسیارکردن و ئەزموون، ئایا پێکهاتەی ئەو بارودۆخە چییە، کە پاڵنەر و رێخۆشکەر بووە بۆ ئەوەی شاعیر لە واقیع هەڵبێت و لە ناخی خۆی نیشتەجێ ببێتەوە، یان بۆ ناتوانێت لەگەڵ ناهەمواریەکانی واقیع بگونجێت، یان ئەو بارە بۆ دروستبوو. ئەمە پرسیارێکە چارەنووسی وەک رەگەزە پێکهێنەرەکانی سروشت نادیارە و بەردەوامیش ئەو نادیارییە بووەتە خولیا و هۆی نیگەرانیی مرۆڤی هەستپەروەر.

نیسانی ٢٠٠٨
هەولێر

# دەق


ئاشنابوون پشکۆ نەجمەدین

دیدار و دیدەنی سەلام محەمەد

دوو شیعری کورت محەمەد کوردۆ

قسەم لەبۆ بکە... جوانیێ! هێمن حەمەجەزا

سەفەرێک کە رەنگە لێی نەگەڕێمەوە داستان بەرزان

بەیارمەتی ئەم کاتژمێرە شیرین تاهیر

ڕێگا هێرۆ کوردە

ئەسپی (با)و ئەسپی جەنگ سەلام مەنمی

وێنەیەکی رەش و سپی بەختیار حەمە سوور

بێکاتەکان نووسینی: لەتیف فاتیح فەرەج






# ئاشنابوون

**پشکۆ نەجمەدین**

١

**چاو: ئاوێنەی ڕووتبوونەوەی ڕازگەلێکە**
**کە زمان نایاندرکێنێت!**

٢

**دەست: دەستێک بەسەر دەکاتەوە،**
**سڵاو لە کەسێک دەکات،**
**پەنجەکانی لەسەر کونەکانی شمشاڵێک سەما دەکەن،**
**کەچی جوانترین وەزیفەی دەست،**
**یاریکردنە لەگەڵ گۆی مەمکێک!**



٣

**کەپوو: هەوا هەڵدەمژێت،**
**بۆنی شتەکان دەکات... هەر شتێک،**
**پیرۆزترین کاری کەپوو،**
**بۆنکردنی سنگی ژنێکە... هەر ژنێک!**

٤
زمان: گوڵجاڕی پەیڤەکان،
تامپێوی هەموو تامەکان،
بە تامی زمانیشەوە!

٥
مەمک: نیشتمانی هەموومانە،
هەندەک جاران،
زارۆکان لێمانی داگیردەکەن!

٦
نێوڕان...
ئەو گوتی: وای لە بێری و
لە سپێتیی تنۆکەشیری دەم گوان و
وای لە نێوڕان...
ئاخر "نێو- ڕان" چیرۆکێکی دیکەی هەیە!

٧
پێ: کاری بەرزەپێ هەستان نییە لەبەر کەسێک...
تۆ لە پەنجە کریستاڵییەکانی پێیەک بڕوانە
کە لە چاوی پانیبەرزێکەوە دڵت دادەخورپێنن!

٨
گۆ: کە گۆی مەمکێک بۆ یەکەم جار،
لە ترسی ڕەشەبای گۆیژە،
پەنای بۆ ئاگرەزمانێک برد،
لە مەمکدانێکی ڕەشدا بەستیانەوە!

٩

**ستیان: زیندانێکە بۆ سزادانی مەمک!**

١٠

**مەمکدانێک بە تەنافی ئەوبەرەوە،**
**-با-ی بەیانی ڕایدەژێنێ،**
**لەمبەرەوە،**
**من بە بۆنی مەمک مەستم!**



# دیدار و دیدەنی



**سەلام محەمەد**

**خودایە گیان**
**گەر شاعیرێک لەم مەنفایە**
**یەک جار چاوی بە دیدارت بکەوتایە**
**یەک جار بەر لە مردن، رۆحی**
**بە بینینت شادببووایە**
**ئەوسا ئیتر**
**لە کێوی تووریش خێراتر**
**دڵی گڕی بگرتایە... بسووتایە... هەڵقرچایە**
**هێشتا تەواو بەختەوەرو ئارام ئەبوو**
**چونکە ئەوە سووتان نییەو**
**ئاسوودەییەکی رەهایە**
**داگیرسانێکە سەرمەدی**
**رۆشناییەکە ئەبەدی**
**خەونێکە خۆش**
**هەرگیز هەرگیز دوایی نایە!**

# دوو شیعری کورت



**محەمەد کوردۆ**

(١)
## حەز دەکەم لەسەر سینگم پێبکەنی

**روحی من شمشاڵێکی بێنازە**
**تەنها تۆ**
**دەزانی جوان بیژەنی..!**
**لەبەر ئەوە پێمناخۆشە بڵێی:**
**دێم لەسەر شانت دەگریم،**
**حەز دەکەم بێی**
**لەسەر سینگم پێبکەنی..!**

(٢)
## تەنیایی

**یەکەمین ڕۆژی چلەی زستانە**
**دنیا سارد و سەرمایە..**
**قومریەک بە کوڵ دەخوێنێ،**
**نا، بە کوڵ دەگری..**
**دەڵێی ئەویش**
**وەکو من تەنیایە..!**

# قسەم لەبۆ بکە... جوانێ!

هێمن حەمەجەزا



وەک شتێ دەڵێی،
دەتناسمەوە!
وای خودایە،
خودای من!
چ نەزیفێکە... ئەم خاپووربوونە!
چ تاریکییەکە... ئەم عومرە!

جوانێ...
وەک شتێ تۆش،
دەڵێی... بەژێر شەستەدا هاتووی!
دەڵێی... تازە لە خەیاڵ گەڕاویتەوە!

بۆنی ماڵێک ئەدەیت... ئاشنا،
لەهەسارەیەکی دوور!
بۆنی سەوزایی سەردەمانێک!
بۆنی تولانی، سەفەرێک!



وەک شتێ دەڵێی،
دەتناسمەوە!

جوانێ...
ئێستا کە هاتوویت،
ڕۆژەکان کورت و
قسەمان زۆر!

پاڵتۆکەت،
لەو تەنهایی و
غوربەت و
بێدەنگییە... بتەکێنەو
قسەم لەبۆ بکە!

ئاخر تۆ... هەنووکە
سادەترین قسەت،
دەتوانێ دڵم،
وەک خەیاڵی پیاوێکی مەست... گەرمکا!

ئاخر تۆ... هەنووکە
سادەترین حیکایەتیت،
دەتوانێ ماڵم،
وەک باخێک...
لە باخچە هەڵواسراوەکانی بابل... سەوزکا!

ئاخر تۆ... هەنووکە
سادەترین پێکەنینت،
دەتوانێ زەینم،
وەک وتنەوەی گۆرانییەکی قەدیمی... ڕۆشنکا!

جوانێ..
ئێستا کە هاتوویت،
ئاسمان سامالّ و
خەڵک نوستوو!

جانتاکەت بکەوەو
پشانمدە،
گوارەی شینی غەریبی و
بازنی شووشەی دووریی و
ملوانکەی، هەزار دەنکەی چاوەڕوانی!

جوانێ...
قسەم لەبۆ بکە!

قسەی ئەوێ ڕۆژگارێ،
کە بەجووتێک پێڵاوی سوور و
باوڵێکی مناڵیت و
دەستێک جلکی باراناوییەوە... هاتیت و
حەوشەوبانی ماڵمت هەڵکێشا،
لە بۆنی سەرەتاکانی تریفەو
تەواوی ژوورەکانمت بەوکتێبانە ئاخنی،
کە پەڕەکانیان وەک دڵت... ناسکبوونەتەوە!
بەدەم تەماشاشەوە،
وەک ئەوەی شتێک..
ئەو عەیامەت بەبیر بێنێتەوە،
لەبەر خۆوە وتت:

وای خودایە،
چ بۆنی عەشقێکی لەمێژینەت لێ دێ!
وای خودای من،
چ بۆنی عەشقێکی لەمێژینە دەکەم!



**وەک شتێ دەڵێی،**
**دەمناسییەوە!**

**جوانێ...**
**ئێستا کە هاتویت،**
**دڵمان خۆش و**
**چاومان گریاناویی!**

**قاچت لەڕێگاکان پاکەوەو**
**دەستت لە تەنهایی بشۆو**
**دڵت، لەم باخچەیە بڕوێنە!**

**قسەم لەبۆ بکە،**
**جوانێ!**

**قسەی، ساڵگارێ دووری!**
**قسەیەک،**
**تا... ئەم نەزیفی تەنهاییە،**
**خۆشکاتەوە!**
**قسەیەک،**
**تا... ئەم وتاقە تاریکەی دڵ،**
**ڕۆشنکاتەوە!**

**جوانێ تەماشا،**
**چ نەزیفێکە ئەم تەنهاییە... بێ تۆ!**
**ببینە جوانێ،**
**چ تاریکستانێکە ئەم وتاقی دڵە... بێ تۆ!**

**وەک شتێ،**
**دەڵێی... بەژێر شەستەدا هاتووی!**

دەڵێی... تازە لە خەیاڵ گەڕاویتەوە!



خودایە،
هێزم بەرێ... بیناسمەوە!
خودای من،
هێزی بەرێ... بمناسێتەوە!

دەی جوانێ...
ئێستا کە هاتوویت،
قسەم لەبۆ بکە!

ئاخر تۆ لەوێ...
کە لەوسەری غەریبیمەوە گەڕایتەوە،
چلۆن نەتبینیم؟

من... لەوێڕا،
تاباران ڕێیەکتم پیشان بدا،
شیعرم بۆ قەترە بەقەترەی دەخوێندەوە!
لە هەر شوێنێک هەتاو ئۆقرەی بگرتبا،
بۆ یادگاریی ڕەسمێکیم دەگرت!
بە هەر باخچەیەکدا تێپەڕیبام،
گۆرانییەکی خۆمانەم بۆ دەگوت!

ئاخر تۆ لەوێ..
کە لەوپەڕی تەنهایمەوە هاتیتەوە،
چلۆن نەمبینیت؟

لەوێڕا... من،
پەپوولە پایزەیەک نەما،
بەدوای نەکەوتبێتم!
هیچ جێپێیەک نەبوو،

**تا دواهەنگاویم هەڵمنە گر تبێ!**
**چی ڕەوە باڵندەیەکم دیبێ،**
**بێ چاوترووکان بەدویدا ڕامکردووە!**

**ئێستا تۆ... کە لەوێندەر،**
**لەناو دڵی بەجێماو و**
**ڕۆحی گەڕیدەو**
**خەیاڵی منداڵیمەوە... دەگەڕێیەوە!**
**چۆن نەمناسیتەوە... خودایە؟**
**چۆن نەتناسیمەوە... خودای من؟**

**ئاە جوانێ...**
**چ بێهودە بوو ئەو ساڵگارە... بێ تۆ!**
**چ ئیسرافێک بوو ئەم عومرە... بێ تۆ!**



**دەدەی جوانێ...**
**ئەمێستا کە لێرەی**
**لەم مەغریبی عومرەدا،**
**قسەم لەبۆ بکە!**

**قسەی... عومرێک دووریی!**
**قسەی... عومرێک ئاشنایی!**

**جوانێ...**
**قسەم لەبۆ بکە!**

سلێمانی
مانگی (٣ بۆ ٦)/٢٠١٠
hemnhamajaza@hotmail.com

# سەفەرێک کە ڕەنگە لێی نەگەڕێمەوە

**داستان بەرزان**



هەر ئێستا هەواڵم بپرسە
نەبادا تەنیایی بمفڕێنێت و
بە دیلکراویی بمداتە دەست مردن.

ئاگام لێیە مردن بێڕەحمانە
لە دوورەوە تەماشام دەکات و
گەر بۆی بلوێت
بە ڕۆژی نیوەڕۆ بەدیار چاوی خەڵکییەوە
دەست و پێم دەبەستێت و
فەلاقەم دەکات.

***

هەواڵم بپرسە هەر ئێستا
ئەگەرچی لەوەیە ئەو کاتەی تۆ
پەتی ئارامیت دەپچڕێت و
هەواڵم دەپرسیت
هێشتا لە دوایین نهۆمی تەنیایدا

دەستم نابێتە ژێر چەناگەم و
وەک پەیکێکی نەشارەزا،
نەزانم لە کوێوە بچمەوە بۆ لای خۆم.
خۆم ئەو کاتەی گیرۆدەی نامۆبوون دەبم و
خەریکە خەمۆکی سەرم دەخوات
تۆ وەرەو تەماشایەکی بیمارییم بکە
چۆن ئاگری لێدەچۆڕێت.
بنۆڕە چەند رقم لە خۆم دەبێتەوە
چۆن پێست لە جەستەم دادەماڵم و
گۆشت و ئێسکم فڕێدەدەمە ژێر تایەی سەیارەیەکەوە.

خۆم ئەو وەختەی لە سەربانی وجودەوە
پێم دەترازێت بۆ ناو عەدەم
تۆ مەهێڵە و پەلکێشم بکەرەوە بۆ ژیان
کە من لەلای ژیان نەبم
هەواڵیشم بپرسیت... بە هیچ دەچێت.

***

گەر بۆت نەکرا شەو درەنگانێ هەواڵم بپرسە
با لەمە زیاتر گلەیی لە خۆم نەکەم
لەمە زیاتر تووشی خۆخواردنەوە نەبم
لەمە زیاتر بێهودەیی لە چاومەوە فیچقە نەکات
بۆ ناو لەپی دەستی شکاوم
ئاخر وەختە خۆشم بەتاڵ بەتاڵ دەبمەوە لە خۆم
بەتاڵ دەبمەوە لە ماناو
بەتاڵ لە پرسیارو
لە خەیاڵ.

ئاخر تۆ بیربکەرەوە مرۆڤێک بەتاڵ بێت لە خۆی
بەکەڵکی چی دێت؟
بیهێنە پێش چاوت لە بێمانابییدا چلۆن خەون دەبینرێت؟

مرۆیەکی بەتاڵ لە پرسیار
دەتوانێت چی بۆ ژیان بکات؟
خەیاڵ نەبێت چۆن بەرگەی ئەم واقیعە خراپە بگرین؟

***

گەر بۆت نەکرا بەیانی هەواڵم بپرسە
هەر کە خەبەرت بووەوەو
دڵت خورپەیەکی کرد
بێ سێ و دوو بزانە ئەوە منم
چاوەڕوانم هەواڵێکم بپرسیت و
پەتی خۆکوشتن لە گەردنم بکەمەوەو
جارێکیتر لەگەڵ ژیان پێکبێمەوە.

***

تۆ هەواڵم نەپرسیت گومان تێمدەئاڵێت و
لە پەل و پۆم دەخات
دەرفەت نادات دەستم لە کتێبەکانم گیربێت
بۆ دۆزینەوەی ڕێگایەک بۆ دڵنیایی.
مردن وەک ئەوەی بیەوێت گاڵتەم پێ بکات
دەستی دەنێتە بینم و
تا دوا سنوورەکانی خۆیم دەبات و
لەنێوان خۆی و ژیاندا تورم دەدات.
هێندەم نامێنێت وەک قەلەباچکەیەکی وەڕس
گڕ بەردەمەوە وشەکانی خۆشبەختی و
لەناو ئاگرەکەیدا خۆم بەجێبێڵم
تا دەبمەوە بە خۆڵەمێش.

***

هەواڵپرسینی تۆ رزگاربوونی منە لە قەلەقی
هێوربوونەوەمە لەم شپرزەییە زۆرەی تێیکەوتووم
وازهێنانە لە خۆخواردنەوە.

***

تکایە ئەگەر دەتوانیت
لە خەونی ناخۆش و
لەم ئازارە زۆرەی سەرم دەربازم بکە.

***

من بۆ هەمیشە لە ژیان بوومەتەوەو
دەمەوێت سەفەرێکی درێژ بەناو تۆدا بکەم
دە تۆش دەرگاکانتم لێ دامەخە
بەرگەی ئەم ژەهری واقیعە ناگرم.
هەوڵی من بۆ دەربازبوونە لە واقیع
دەتۆش ڕێگەم بدە
بۆ سەفەرێک کە ڕەنگە لێی نەگەڕێمەوە
یان
کە گەڕامەوە هیچم بیر نەمابێت
لەم شتانەی دەیاننووسم.

Dastan.barzan@gmail.com





# بەیارمەتی
# ئەم
# کاتژمێرە

**شیرین تاهیر**

**بەیارمەتی کاتژمێری ئەم گوڵە بەڕۆژەیە**
**دڵم لەمیهرەبانی ئاینی بۆڵە ترێیەک پردەکەم**
**من بە بەهارێکی ناشاد ڕاهاتووم**
**دەستی بەقژمدا دەهێنێ و**
**دوور دوور دەمبات بۆ ساڵی خۆی**
**بۆ بێدەنگیی دەنگی پۆستەرێکی جیهانیی و**
**بۆ تێڕامانی چاوێکی نوێ**
**ئەو خەونەی دەیویست هیواکانی بەرد، دووجار بگێڕێتەوە،**
**هەنگاوەکانی بزر بوون**
**من لە خۆرئاواوە وێنەیەکم لە گۆزەدا نییەو**
**بەدڵ خۆر دەڕژم،**
**گوڵەکان لە گوڵداندا خولیایان بۆ پەشیمانیی دەخوێننەوە**
**خۆیان هەستیان لەبیر دەچێ**
**دڵی بۆڵە ترێیەک بەچاوی گەشی ئەم مانابوونە:**
**چەترەکانی ژیانی دادەنێ**
**ئەوە زەردەخەنەی ترێیەکی رەشمیرییە**
**بەڕەنگی مەستی باخچە هەڵهاتووەکان بەختەوەرە**
**فەرهەنگێک بەیارمەتی ئەم کاتژمێرە ناودەنێت**
**ئەوە چاوی مۆسیقاژەنە**

لەئارامیدا نقووم بووە
دڵی ئەو هێشوەیان هێشتا باسی عەشق دەکا
دەیەوێت دڵدارێکی ئازا
وێنەی بکێشێت
تامی ئەو شەرابە هێشتا تاڵە
بۆ ڕێگای مەستبوون
بەلێواری پەرداخێکی شکاو
ئەم جارە بەدەم بایەکی خۆڵاوییەوە سەما دەکەم
خۆم وەک دڵی ئەو دەگریم و
ئێمە هەردووکمان پێدەکەنین
وەڵامی هێشووە ترێیەک بۆ پەرداخێکی شکاو
بێدەرفەت تۆماری بێ مانای دەداتە دەستی
تۆزی ئەم (با)یە بێ ئەرزشە بۆ وەرزێکی تر
دەچینەوە بۆ مەزاری خۆشەویستی و بۆ ئەوێ!
ئەو وەک دڵم پێدەکەنێ!
خۆم وەک ئەو دەگریم!
لە کتێبخانەیەکی چۆڵ و هەڵاتوودا
عاشق جەسارەتی ئەوەی نییە دەرگا بکاتەوە لەماچی نهێنی و
هەموو گۆرانییەکان بڵێ
تەنها بە خەونی چاو رازەکان (با) دەیانبات
ئەوکاتەی مانگێکی شەپقەبەسەر سواری عەرەبانەکەی دەبێ
ترێ سۆزانییەکان بەو ڕێگەیەدا سەفەرناکەن
لە هەبوونی باجەکانیان بە گوومانن
دەبێت بیر لەهەڵگرتنی باجی گوڵێک بکەنەوە
یەک شت لە ئاوێنەدا وا دەڵێ:
ئاسمان لەژێر چەترەکەمەوە چەند بچکۆلەیە
ئەو خۆی وەک دڵم منداڵ دەگری
لەژێر چەترەکەمدا
چاوی ئەستێرەیەک دەبینم
وێنەی ئاسمان دەگرێ
هێشووە ترێیەکان دەبنەوە بە فەرهەنگێکی تر

لەژێر کەپرەکاندا
تاهەتایە
سکێچی ئەستێرە، چارەنووسی (با)یان بیر دەچێتەوە!
سیمای خەواڵوت بە دەم گریانەوە
دێتەوەو پڕە لە ئەندێشە
دەڕواو نامۆیە لەگەورەبوون
ئەوە پێکەنینی دەشتەکانە
ورنگە ورنگ بەدەم ژەنینی مۆسیقا بۆ ئاسمان
بەدڵ سەودا و
بەڕوح بریندار
ئەو خۆر دەڕژێ لە مەمکەکانی رۆژئاوا
لەتان و پۆی ئەم پەرداخە شکاوەدا
دەرفەتی کردنەوەی تۆماری جەسارەتە بۆ بیرکردنەوە
کتێبـی ئەو ترێ رەشە فەرهەنگە
مەغریب لەچاوی ئەو تابلۆیەدا سەنتوور لێدەدات
رەنگی نیگارەکە بەسەفەری زەریادا دەڕوا
مۆسیقا هەموو هەورە شکاوەکان لەگەڵ خۆیدا دەباتەوە بەرەو ئاو
لە جەسارەتدا تۆ مەستی
دڵی دەریا بۆ پەرداخێک شەراب دەگەڕێ
تۆ بە دەروێشی ئەو ژیانە بڵێ کە دەیگووت:
خۆی وەک دڵم دەگری!
تۆزی ئەم رێگایە( با) دەیباو پەیڤێکی قەدیفەیی
رێگای دوور لە شەقامێک رادەوەستێنێ
مەزاری خۆشەویستی قەدی ئەو دار هەنارە بەبای عەشق دەڵێ:
دڵ بۆ باسی ئەم ناونیشانە
دەشێ رەنگاوڕەنگ بێت
ئەو ترێ رەشانە،
بیر لەلابردنی ئەو خۆڵە تەلیسماوییانە ناکەنەوە
وا دەنیشێتە سەردڵیان
دەگرین و بە دارێکی لانەواز جەستەم خۆی هەڵدەواسێ
ئەو مەغریبە بەڕووتی هەستێکی لەپەیکەرەکەمدا دانا!

پیدەکەنم و باخم لە بۆڵە ترێیەکدا
کلۆیەک شەکر دەخاتە دەمییەوە
ئەوە زەردەخەنەی ترێیەکی رەشمیرییە
بەچاو پایزی رووخسارێک دەیکاتە تەلیسم و
بەرۆح سەری لەسەر کتێبی بەختەوەریی مەستە
ئەو وەک دڵم پێدەکەنێ!
هەموو گۆرانییەکان بە خەونی چاویان سێو دەگرن
مانگ شەپقەیەکی کردۆتە سەری و
سۆزانییەکان لە هەبوونی باجەکانیان بەگوومانن
دەبێت بیر لە هەڵگرتنی باجێکی فرێدراو بکەنەوە
ئەو وەک دڵم لەم باخەدا،
وێنە بۆسێبەر دەکاتە رەنگاورەنگ!!
لە نەبوونی یەک شت و
لە هەبوونی هەمووشت
ئەو ساڵێک دوورتر وەک دڵم منداڵ دەگری و
لە گەورەیشدا وەک ئاسمان لە من دوورتر پێدەکەنێ!
ئیتر چۆن سەیری ئەو کاتژمێرە بکەم؟!
کەمێکی تر،
خوێنی لە ئاوێنەکەمدا دەرژێ!



serintahr@yahoo.com



# ڕێگا

**هێرۆ کوردە**

کتێبەکان فریوم دەدەن
لەمماڵەدا بیرکردنەوەکانم جۆرێکن
لەم جلانەشدا من کچێکی دیم!
دڵم لەلای ڕاستی سینگمە
لەلای چەپی ڕێگاکەدا پیاوێک گومان لە بوونم دەکا
من تێدەپەڕم
دایکم بۆ دواجار پەردەکە دادەداتەوە
من تێدەپەڕم
ب
بزمار
بەرد
بوونم لەنێو منداڵدانی نەبووندا
دەست لە دەڵم هەڵدەکێشم،
سووتماکی سەدساڵ ژنبوون
خۆم بەخۆمەوە دەگرم
ڕێگاکە تا ئەودیوم نابا

م
من
ماڵ
چی من لە ماڵ دادەنێ؟
ئەم ڕێگایانە هەر کێشم دەکەن
ئەم پیاوانە هەر باسم دەکەن
چاوەکان دەمخۆن
دەمەکان لە بووختاندا دەمنێژن
ڕێگاکان دەمجوون
دڵم زۆر پڕە،
زۆریش
تاریکی دەمخوا، دەیخۆم
نازانم
لەم پەنجەرەیەوە تەنیایی شتێکی ترە
قاچەکانم دەخورێن
لەم تەمەدا هیچ نابینم، هیچ- هیچ
دەترسم بڕۆم، تۆش لێرە بیت
جلەتازەکانت لەبەر بێت
هەر لێرە، لە تەنیشت حەوزی ماسییەکانەوە
دەترسم بڕۆم، دەمەوێ بڕۆم
لەم ماڵەدا حەزم لە ڕۆیشتنە
م
ماڵ
لەم ماڵەدا جەستەم دەپووکێتەوە
لەم ماڵەدا مێردەکەم تووڕەترە و
دڵم پتر تۆی دەوێ
ڕۆحم لاتە، لەوێ
لە چایخانە گەورەکە
لەسەر سینگی ئاودا نووسیم بەرد
لەسەر پێی بەرددا بنووسە جووڵە!
وەڕێ کەوە



**دەڕۆم تا ئەوبەری شەقامەکە**
**تۆ ئاوا دەبی**
**هەنگاوەکان نامبەن**
**لەهەموو شارێک پیاوێک شک دەبەم**
**بەدزیی ژنەکەیەوە باسم بکا**
**لە شیعرێکدا لەجیاتی فاریزە، یانیش نووقتە، دامبنێ**
**من دەنووم منداڵەکەی هەناوم لەتر دەدات**
**مێردەکەم پرخەی دێ**
**تۆش لەو شارە دوورەوە**
**بەیادی جەستەم، دەنووسیت و نامبینی**
**چاو دەگێڕی و بۆنم ناتگاتێ**
**بیرم دەکەیت و نامەیەکت لە منەوە پێ ناگات**
**من دەڕۆم... تا ئەوبەری شەقامەکە**
**لە خەونیشدا**
**هەنگاوەکانم تەنیا،**
**تا ئەوپەڕی شەقامەکە بەشم دەکەن**
**دوولەت دەبم**
**کە ئەم کچەی منداڵدانم ئارەزووی ڕۆییشتن دەکا و**
**دەستێک نییە**
**لەوبەری شەقامەکە، یەک هەنگاو دوورتر بمبا**
**چەند بە داخم:**
**تۆ،**
**تا ئەوسەری شارەکان دەڕۆی**
**چەند ئاسوودەم:**
**تۆ،**
**تا ئەوسەری شارەکان ڕێ دەکەی**
**پێم سڕبووە، دەمەوێ بڕۆم**
**سەدەیەک ڕۆییشتن**
**سیسرک دەفڕێ و**
**من هێشتا لێرەم**
**قالۆنچە تا ئەوسەری دنیا دەڕوا**



من هێشتا لێرەم
لە تەنیشت ئینجانەکانەوە، لە بەردەم چەنجەرەکەوە
منداڵەکەی منداڵدانم پێ دەگری
پێیەکانی دەخورێن
ئەم کچە قنجە ئارەزووی رۆیشتن دەکا
قاچەکانم لەم ژوورە چەقیون
کچەکەم رەدووی رێگاکان دەکەوێ؛
تۆ نازانی لەمماڵەدا چی دەگوزەرێ؟
چ دۆزەخێک بۆ قاچەکانم چێ بووە؟
کچەکەم لەبەر چاوم بزر بوو
رێگاکان دەکشێن
پەنجەرەکە باوێشک دەدا
مێردەکەم بۆڵەی دێ
پەردەکە دادرایەوە
من لەوێم
لەوبەری شەقامەکە
تا دێی
تا ئەوپەڕی دنیا بمبەی
دەزانم دێی
دەزانم هەمیشە لێرەی
لە تەمەکەدا چاودێریی ماڵەکەم دەکەی.

٢٠١٠/٨/٦

# ئەسپی (با)و ئەسپی جەنگ

سەلام مەنمی

**(١)ئەسپی جەنگ:**

مردن و سووتان و ترس و جەخارو پەژارەی بەرچێن دەکرد...، ئەم ئەسپە ملهوڕە چاو سوورە بەیدەستەکە ملی خووزو کلکی کلآفە دەکردو دەی پڕماند، دایک و سکەکەی لوول دەداو دەروونی دەسکەنە دەکردو چەرخی لە چەمەر دەکێشان و ئەو دەڤەرو ولآتەیش پاکۆ دەدا، رووبارو کانیاوەکانیشی لیخن دەکرد، بێپەروا دەکەوتە گزرە خستن و باکی لە کەس نەبوو، گونی بۆ کەس لە خوم نەدەدا، لە حەپەو سمکۆلآن نەدەکەوت و هەتا بوو کەڵبەکانی دەمەزەرد دەکردەوەو هەرچەندی دەکرد گەدەی سەرڕێژ نەدەبوو... لالاموویدەکرد، گەرەکی بوو ولآت تەشی لەبەر بڕیسێ و هەر ئەو باهووی ئەمان بێت و کەژو کەندو ئەشکەوتەکانیش کورنووشی بۆ بەرن، دارستان و پاوەنەکانیش ببنە سووتەمەرۆو رەش داگیرسێن و ببنە قەرەبرووت و دژوێن بمێننەوە...، دایکە زۆر پەرێشان و لەشبەباری ئەو لەو ناوەدا زەنگی دایەوەو باڵندەکانیش لێی بێئاگانەبوون و لەگەڵ شەپۆلەکانی ژیانیا هاتبوون و بەحینجەوە ئەو شەپۆلانەیان لە بەرەو وا ئەدانن وێرانکردنی بەهارە خەوەکان ئێستایەو لەبەرچاوە.. ژان ئەشکەنجەو خۆخواردنەوەی بەرەیان بەسەردا نەدەدراو هاواریاندەکردو هەناوی دەسکەنە دەکردن و دەمارەکانی لەگرێژنە دەچوون.. چۆنێتی سکەکە بەچۆنێتی دایکییەوە بەسترابوو کە دایکە دەینالآندو ئاو لەئاسیاو دەبڕاو چاوەکانی دەکەوتنە چەرخەدان، کە ئاو دەکرایە سەر ئاسیاوەکە دەکەوتەوە هاڕین و گیانی بەبەردا

دەکرایەوەو بەرخی پاشەڕۆژی بازیدەکردو بۆ ژیان گوێبەزەنگ بوو!! بەڵام چۆن ژیانێک و پاشەڕۆژێک، ژیانێکی پڕ لەدەردەسەری و لێڵ، پاشەڕۆژێکی هات و نەهات و بەقەفەزی یەخسیری هەڵچنراو و چەند دانگ و چەند رواڵەت و بێتیرەو شیرازەو بێ فەندەک و ئاو بەدوای بێڵیانە ئەڕۆشت و هەوری رەش هەڕەشەی دەکردو لک و لۆی ئەو دەڤەرە لەبەری دەلەرزین جومگەکانی منداڵەکە سست و بێفەڕ، ئەتوت سای مەل لێیداوەو لەسیاچاڵدا دەژی.. دایکیشی وەڕس و بێئادام لای خۆیەوە وتی: (بەڕاستی دوومەڵێکی سەختەو لەجێگایەکی رەقین و سەختتر دەرهاتووەو چرکە دوای چرکە هەناوم دەڕنێتەوە، هەرچەند دەکەم جێگای قاچم نابێتەوەو ئەوەندە سڕە بیشی بڕیتەوە بەخۆم نازانم.. ئەمیش لێرەوە بووەستێ، چی لێ بکەم..؟! ئایا جێی ئەو هەموو بۆشاییە گەورانە دەگرێتەوە..؟! باوک و براکانم، لەنەمان رزگار دەکات..؟! ئەم هەموو ژان و خۆ خواردنەوە لەپای چی..؟! چ رووناکییەکیان تیا بەدی دەکرێت..؟! ئایا ئاو بەدوای بێڵمانا دەڕوات..؟! بارانی رەحمەت بەسەرمانا دەبارێت..؟! بشبارێ لەجێی خوێنەکەمان دڕک و داڵ کۆڵەکە دەدات، ئەمە رێگای هات و نەهاتە، ترسی لافاوی ئەسپی جەنگ دنیای گرتۆتەوەو کەری لێ کردووینەتە رمووزن و ئەم گوندەی ئاوس کردووەو گەرەکێتی مێژوومان، ئاسمانمان، دارستانمان، بەردودارمان بگۆڕێت و فرێمان داتە دەریای سیاچارەییەوە.. لەوێشەوە بۆ ناو گەدەی سەگە چاوسوورەکان.. کە بەترسناکترین فیلم دادەنرێت.

**(٢)ئەسپی (با)**

بەڵێ، کە ئەسپی جەنگ کەفتەکارو کەلەکە بەتاڵ و شێتوێت بوو لۆژی دابنارد داڵی لێدەگەڕاو بەرازەی دەکردو چاوەکانی ئاویان پێدا دەهاتە خوارێ و سەرو کەللەی کرێشیان، هەڵداو یاڵەکانی تێکئالان و گوێکانی تەپیبوون و کلۆکەکانی وەک تۆپ دەرپەڕین، پەراسووەکانیت یەک یەک بژماردایەو چوار پەلی کەچەڵەیان کرد، کلکی خزانبووە ناوگەلی، لەباتی حیلە دەی زەڕاند، پشتەو خوار کەوت و بەنوێلیش راستنەدەبۆوەو وەک گونی هەلاج دەلەرزی و چاوی کەوتە چەرخەدان... ئەسپی (با)ی کەڵەمێردو میرخاس و چالاک حیلاندی و نارەتەی لێداو بەوردیی دەروێنەی دڕک و داڵ و لاپرە سەنەکان و سپڵی لا ورگەکان و گەن و گەندەڵەکان و تەڵە تەقێنەکانی دەکردو چەرخی لەچەمەرکێشان، تەنها خۆرەکان، ئەوانەی هاوڕێی شەیتان بوون ریسوا کران و لک و لۆیان پەراوێز خراو فەندەکی ئاواتیان گڵەبان کراو بەرپێی خۆیان نەدەبینی...

دوژمنی سەرسەختی رەشەباو ئەسپی جەنگ بوو، لەبەرئەوەی جێپێ و شوێنەواریان بەئاشکرا دیاربوو، مەگەر خۆیان بزانن چییان لەمرۆڤ و درەخت و کانیاو و بەروبەرهەمی جوتیاران و بەهارە خەوەکان کردووە، ئەوەندە ترسێنەرو دژوێن بوون سروشت بەگشتیی تەشی لەبەر دەڕستن و گوێ لەنارەتەیان کەڕەپوو دەبوو...

ئەسپی (با) بەردەوانم نانەبەری خۆشەویستی و عیشقی لەپشت بەستبوو، بەهارە خەوەکانی زیندوو دەکردەوەو ژیانی نۆرماڵی وەرتەو بەرە دەکردو فەندەکی ئەبەدی بۆ هەڵدەکردو رێگای بۆ رووناک دەکردەوەو کەم و کەسری، لەو دەڤـەرەدا پاکۆدەدا... هاوڕێی گیانی بەگیانی شەماڵبوو مێشکی دایک و سکەکەی زاخاو دەدایـەوە.. درەختەکانیش هۆرەو حەیرانیان دەچـڕی... باڵندەکانیش هێلانەی خۆیان دۆزییەوەو تفیان لەڕابووردو دەکرد.

(٣)

دایک لەسەر باڵی ئەسپی (با) بووژایەوەو کاژی نەهامەتی فڕێداو باڵە کەڵەمەییەکانی وەک دووخ راستبونەوەو قاچەکانی لەقاپاوێژکەوتن... لەخۆشییا کلاوی هەڵدەخست... سکەکەیش بست بست بالآیدەکردو ئاو بەدوای بێڵیا دەڕۆیشت و بەخۆیا هات و گرەوی بردەوەو ئاوی هەمیشەیی نرایە سەر ئاسیاو، لەچەقەنە لێدان نەدەکەوت و ترس باریکردو لەگوریسی رەش و سپی نەدەسڵەمییەوەو سروودی خاک و گەڕانەوەی دەچڕی و بەدایکی وت:

-ئازارم زۆر دایت لێم ببوورە...

ئەوەی وت و کەوتەوە قسەو وتی:

-نیشتمانی لەدایکبوون ئێرەیە ئێرە، لەناو جرۆجانەوەردا چۆن لەدایکدەبم...؟!

٢٠١٠/٤/١

# وێنەیەکی ڕەش و سپی

**بەختیار حەمە سوور**

-خوایە تۆبە، تۆبە... ت... ۆ... ب... ە... ت...

هەموو شتێک لەو ڕێکەوتە سەیرەوە دەستی پێکرد، کە من و ئەو تێیدا یەکدیمان ناسی. من پێموایە: لە هەموو یەکترناسینێکدا، زەوین چکۆڵە چکۆڵە دەبێتەوە، هێندەی ئەو شوێنەی لێدێت، کە ئەو دوو کەسە یەکتری تێدا دەناسن. وەکو هەموو بەیانییەکی ئاسایی، ئەو بەیانییە باراناوییەش چووم بۆ مەوقیفی پاسەکان، بۆ ئەوەی بچم بۆ ئەو فەرمانگەیەی کە وەک فەرمانبەرێکی ئاسایی، تێیدا دەکارێم. لە مەوقیفی پاسەکان ئەوم بینی، کە زەردەیەکی شیرین، بەو سپێدە تاڵە، بەسەر لێوییەوە داگیرسابوو. کاتێک من لە نێزیک فەرمانگەکەوە دابەزیم، ئەویش بە دوامدا، دابەزی. هەستمکرد وەک تارمایی شوێنم کەوتووە، کاتێکیش خۆم کرد بە فەرمانگەکەدا، ئەویش هاتە ژوورەوە. سەیرە! تۆ بڵێی کیژێکی خوێنگەرمی وا لەم فەرمانگە ساردو سڕەدا، فەرمانبەر بێت و تا هەنووکە من نەمزانیبێت؟!

ماوەیەکە دایکم زۆر ساردو سڕە لەگەڵمدا، وەکو جاران سەیرم ناکات، هەستدەکەم لەو کاتەوەی چوومەتە قۆناغی ناوەندیی، ئەو سۆزەی جارانی بەرانبەر بە من کز بووە. ئەمە لە خۆمەوە ناڵێم، بۆ نموونە: ئەوڕۆ کە لە مەکتەب گەڕامەوە، چەند جار بانگم کرد: دایکە... دایکە... وەڵامی نەدامەوە، کاتێکیش هات بە تووڕەییەوە: ها چییە، دەڵێی ناوم دەنێیت، چیت دەوێت؟ لە دڵی خۆمدا دەڵێم: شتێک بووە، بڵێی لەگەڵ بابەدا شەڕیان نەبووبێت؟ نا، ئەم چەند ڕۆژە زۆر ڕێکن، تەنانەت ئەم بەیانییە کاتێک باوکم چوو بۆ قوتابخانە، لەگەڵ دایکمدا، دوو ماچیان گۆڕییەوە. ئەی باشە چییە؟ هەبێ و نەبێ پێوەندیی بە منەوە هەیە، بەڵام خۆ من هیچ کارێکی چەوت لە خۆمدا شک نابەم، خوایە چەند ناخۆشە دایک لێت لالووت بێت.

ڕۆژ بە ڕۆژ لەتەک خۆشەویستەکەمدا، نێزیکتر دەبینەوە لە یەکتر. شێتانە ئاشقی یەک دەبین، ئەو ڕۆژانەی لە یەکدی ونین، هەست بە بۆشاییەکی گەورە دەکەین لە ڕۆحماندا. وا ڕاهاتووین بەیانییانی فەرمانگە بە ماچێک بکەینەوە، زۆربەی ڕۆژانی پشووش، لە دەرەوە یەکتر چاودەکەین. خۆشەویستەکەم خاوەن بۆنێکی گەلەک خۆشە، بۆنی ساوایی شیرەخۆرە وەکو هەڵم لە هەموو ئەعزای جەستەیەوە هەڵدەستێت، من گشت ڕۆژێک بەو بۆنە خۆشەی منداڵیی ئەو، وەکو زارۆکێکی شەش حەوت ساڵانە ورک و نازی بەسەردا دەکەم. دەموچاوی خۆشەویستەکەم نازک و منداڵانەیە، سیمایەکی پاکیزەو بێ گوناهانەی هەیە. کە دەیبینم، پێمخۆشە وەکو چکلێت بیخۆم.

-پیاوەکە دەزانم پێت خۆش نییە، بەڵام گەورە بووە و ئیتر بەسە دەبێت ڕاستییەکەی پێ بڵێیت. هەمووی خەتای تۆ بوو، من هەر ئەوکاتەی دۆزیمانەوە وتم با بیدەینە ماڵی باجی ڕووناکی دراوسێمان، ئەوان منداڵیان نەدەبوو، ئاخر لە چیمان کەمبوو؟ خۆمان چەند مانگێک بوو منداڵمان بووبوو، تێناگەم تۆ کەی دەتەوێت ئەو ڕاستییەی لا باس بکەیت؟

-پێی دەڵێم بەس پەلەمەکە...

-ئەوە سیانزە چواردە ساڵە ئیتر پەلەی چی نەکەم؟ بڕوانە: تا ئێستەش لە هەمان ژووری منداڵەکاندا دەخەوێت، پیاوەکە بە خوا گوناحمان دەگات، خوا غەزەبمان لێدەگرێت، دەبێت ڕاستییەکەی پێ بڵێیت، ئەیناخ...

-باشە ژنەکە تۆزێک سووک، با منداڵەکان گوێیان لێمان نەبێت، پاشان خۆ نەیخواردووین...

-جا چییە با بزانن، ئەمڕۆ بێ یان بەیانی هەر دەبێت بیزانن، پێم ناڵێی تاکەی لێیان بشارینەوە؟

-نازانم ئەمەت چۆن کەوتە سەر دەم، ئیتر بیبرەوە ماندووبووم...

-دە کەواتە تا زووە قسەی لەگەڵدا بکە و پێی بڵێ...

-باشە با ڕۆژ بێتەوە، ئێستە وەرە ژێر لێفەکەوە دەمێکە...

دەمێکە کیژێکی هاوڕێی خۆشەویستەکەم، کە ئەویش لە هەمان فەرمانگەیە، ڕۆژانە بە تەوسەوە پێمان دەڵێت: ئێوە چەند لەیەک وەشاوەن، (سەیرێکی من دەکات): ڕەنگی چاو و قژی تۆ کاڵ و (سەیرێکی ئەو دەکات) ڕەنگی چاو و قژی تۆش تۆخ، ڕەفتار و گفتاریشتان چەند لێک نێزیکە. دە زووکەن حەفلەیەکمان بۆ بکەن، مە هیچ ناڵێین، بە پێکەنینێک وەڵامی دەدەینەوە.

باوکم پێدەکەنێ، وەلێ بە زۆر:

-کوڕم ساڵانی پێشوو ئەم شارە بە دەست نەبوونییەوە دەیناڵاند، دەیان منداڵی تازە لە دایک دەبوو، فڕێدەدران. هێندێکیمان بە خنکاویی لە نێزیک گۆڕستانەکانەوە دەدۆزییەوە، هێندێکیشیان بەزیندوویی لە بەردەم مزگەوت یان کووچە و سەرەنوێلکەکاندا، وەک دەشوترا: بەشێک لەو منداڵانە زادەی جووتبوونی ناشەرعی بوون. رۆژگارێکی تاریک بوو، تاعوون بەم شارەدا پیاسەی دەکرد...

-ئێ باوکە...

-بەیانییەکی باراناویی وەرزی زستان، ئاسایی چووم بۆ دەوامی مەکتەب، لەسەر سووچی کۆڵانەکە، پارچەیەک پەڕۆ سەرنجی راکێشام، سەرەتا وامزانی پەڕۆیەو هیچیتر، بەڵام کە سەیرمکرد، منداڵێکی تازە بووبوو، کوڕ بوو، سۆزم بۆی جووڵا، کردمە باوەش و هاوردمەوە بۆ ماڵەوە، ئەو رۆژە نەچوومەوە بۆ دەوام. هەرچەندە خۆشمان چەند مانگێک بوو منداڵمان بووبوو، ئیدی گرتمانە خۆمان و تەسکەرەیمان لەسەر خۆمان بۆ دەرهێنا.

-ئەی ئەو کوڕە چی بەسەر هات؟

-کوڕم (ئاهێکی قووڵ هەڵدەکێشێ) ئەو کوڕە ت... ۆی، تۆ...ی ئەو کوڕە...

-....!

کوڕێکی هاوڕێم هەمیشە سەر دەخاتە سەرم: ئەو کیژە ناسکە چییە، ئاگات لێی بێت ها، وەکو شووشە بە دەستەوە نەشکێ، من دڵنیام ئەم جوانە سەر بەم هەسارەیە نییە، خوایە چەند ناسکە. بە بێزارییەوە دەڵێم: دە بڕۆ دواوە وەڕز بووم.

باوکم وەڕزانە دەست دەکات بە گیرفانیدا:

-تاکە نیشانە (لەتێک رەسمی رەش و سپی کۆن دەردێنێ) ئەم لەتە رەسمە رەش و سپییەیە، کە دیارە بە مقەست بڕاوە، لەژێر ئەو پارچە پەڕۆیەدا، کە لێتەوە پێچرابوو، دایاننابوو...

وێنەکە، وێنەی کچێکی جەحێڵ و جوانە، نێزیکی هەژدە ساڵێک دەبێت، چاوانی و قژی کاڵن، دەستێک کراوەتە ملی، کە لە دەستی پیاوێک دەچێت، کچەکە زەردەیەکی کاڵ لەسەر لێویەتی.

خۆشەویستەکەم هەمیشە زەردەیەکی کاڵ لەسەر لێویەتی. پێنجشەممە بڕیاردەدەین سبەی بچینە دەرەوە، هەوایەک هەڵمژین و جەوێک بگۆڕین. بۆ بەیانی، دوانیوەڕۆکەی دەچینە شوێنێکی بێدەنگ. دوور لە هەموو چاوەڕاو و شۆفارێک، بێ ترس ماچی یەکدی دەکەین. دەستێکم بووە بە شانەی قژی

خاوی و دەستەکەی دیم گەمە لەگەڵ مەمانیدا، دەکات. پڕ بە سییەکانم، بۆنی منداڵی لێوە هەڵدەمژم، هەستدەکەم لەنێو بەهەشتدام. خۆشەویستەکەم هەر جوان نییە، نا، بەڵکو خودان زمانێکی شیرین و قسەگەلێکی ناسکیشە، بۆ یەکەمجار لەزەت لە نیوە رووتبوونەوەی یەکدی دەبەین، خوایە ئەو هاڵاوە گەرمە چییە لە هەناوی خۆشەویستەکەمەوە، بەرەو رووم دێ؟

باوکم بەرەو رووم دێ:

-کوڕم ئێمە ژوورەکەی پێشەوەمان بۆ تۆ رێکخستووە، من و دایکت گشت پێوستییەکمان بۆ جیاکردوویتەوە، تەنیا بۆ خەوتن دەچیتە ئەو ژوورە، دەنا هەموو کات لەگەڵ خۆمان دەبیت. نابێت هەست بە هیچ خەم و دوودڵییەک بکەیت، باشە کوڕی خۆم؟

-ئەی لەمەودوا بە چی بانگتان بکەم؟ یانی هەر بە دایکە و باوکە، نازانم...

نازانم چی بکەم، خۆشەویستەکەم پێشنیازێکی سەیر دەخاتە بەردەمم، پێشنیازێک تا هەنووکە بە بیرمدا نەهاتووە:

-باشە بڕیار نییە ئێمە بۆ یەک بین و زەماوەند بکەین؟

-با وایە، بەڵام تێناگەم مەبەستت چییە...

-من دەڵێم با ئێستە کارەکە تەواو بکەین، خۆ دنیا خراپ نابێت...

بێ چرپە، تەنیا بە چاو سەیرم دەکات، بەهێواشی قایش و زنجیری پانتۆڵەکەم دەکاتەوە، بەخێراییش خوارەوەی خۆی دادەکەنێت. بێ هیچ قسەیەک، لەگەڵ یەک جووت دەبین، پاشان هەردووکمان سەرنج لەو چەند دڵۆپە خوێنە دەدەین، کە بەسەر زەوییەکەدا رژاوە.

زەوی ژووره تایبەتەکەم خاوێن دەکەمەوە، شتەکانیشم کەمێک رێکخستووە. خۆم تەیار دەکەم، چونکە ئەمڕۆ خۆشەویستەکەم دێت. کاتژێر دەی بەیانی، بە دنیایەک جوانییەوە خۆشەویستەکەم دەگاتە لام. هەر بە ژوورەکەمدا دەڕوانێت، بزەی سەر لێوانی، گەشاوەتری کردووە. درگەی سەلاجەکە دەکەمەوە، دوو گلاسی ناسک لێوڕێژ دەکەم لە شەربەتی پرتەقاڵ، بە سینییەکی شەربەتاوییەوە دێمەوە کن ژوورەکەم. خۆشەویستەکەم هەر بە پێوە راوەستاوە، بە دەستێکی ئەلبوومەکەمی پێیەو دەستەکەی دی شتێکی تیایە، نازانم چییە. زوو زوو بەخێرایی لە هەردووکیان دەڕوانێت، گەلەک پەشۆکاوە، دەچم لە پشتەوە دەنۆڕم: ئەلبومەکە، لەتە وێنە رەش و سپییەکەیە، ناو دەستیشی، وێنەی کوڕێکە، ئەمیش هەر لەتە و رەش و سپییە. وێنەکە، وێنەی کوڕێکی جەحێل و جوانە، نێزیکی بیست ساڵێک دەبێت، چاوانی رەش و قژی پڕ و تۆخە، دەستێک کراوەتە ملی، کە

له دەستی ژنێک دەچێت، کوڕەکە زەردەیەکی کاڵ لەسەر لێویەتی.

-ئەم وێنەیە کێیە؟

-...!

-ئەی ئەوە کێیە؟

-...!

دایکم ئێستە زۆر کەم لەگەڵمدا دەدوێ، زوو زووش لە نیگای چاوم خۆی دەدزێتەوە، منیش هەروەها.

-من منداڵێکی فڕێدراو بووم، لە بەیانییەکی باراناویی وەرزی زستاندا، ژنێک منی لە بەردەم مزگەوتێکدا بە فڕێدراویی دۆزیوەتەوە و گرتوومیەتییە خۆی. تاکە نیشانەیەک (سەرنجێکی لەتە وێنەکەی نێو دەستی دەداتەوە) ئەم لەتە رەسمە رەش و سپییە، کە دیارە بە مقەست بڕاوە، لەژێر ئەو پارچە پەڕۆیەدا، کە لێمەوە پێچراوە، دایانناوە...

-...!

-ئەمڕۆ...

ئەمڕۆ چ رۆژێکی درێژ بوو، ئێمە لە ژوورەوە دانیشتووین و لە دەرێش دەنگی مرۆڤ و سەیاران دێ. شەربەتەکان هەر لەسەر سینییەکەن، کەسمان ناپەیڤین، هەریەکەمان لەو دوو پارچە رەسمە رەش و سپییە دەنۆڕین، کە ئیدی ئێستە هەردوو لەتەکە لەناو ئەلبوومەکەمدا، لەپاڵ یەکدیدان. خودایە ئەو دوو کەسەی نێو وێنەکە، چەند بە من و خۆشەویستەکەم دەچێت! هەوڵدەدەم هاوسەنگیی خۆم رابگرم، وەلێ ناتوانم.

نازانم منم یانژی ئەو:

-کەواتە م...ن و ت...ۆ...

دەڕوانینەوە یەک، لە خۆمدا بیر لەو پێوەندییە ئاڵۆزەی نێوانمان دەکەمەوە، لە دڵەوە دەڵێم:

-چ پێوەندییەک!

-خوایە تۆبە، تۆبە... ت... ۆ... ب... ە... ت...

(بەهاری ٢٠١٠ سلێمانی)

mm_baxtyar@yahoo.com



# بێکاتەکان

**نووسینی: لەتیف فاتیح فەرەج**
**دەرهێنانی: هەڵوێست نەریمان**

**(سێ کەس، یەکێکیان بە قامچی لە عەرەبانەکە دەدات، یەکێک لەسەر عەرەبانەکەیە کە چرایەکی زۆری بەسەرەوەیە، یەکێکی تریان رایدەکێشێ، یەکەم عەرەبانەکە رادەکێشێ، دووەم لە عەرەبانەکە دەدات، سێیەم لەسەر عەرەبانەکەیە).**

**یەکەم**: شوێنێک بۆ پشوو... شوێنێک بۆ پشوو

**دووەم**: پێویستە برۆین

**یەکەم**: پێویستە پشوو بدەین

**سێیەم**: باشترە رێگاکە رووناک بکەینەوە (دەوەستن چراکان دەدەنە ئەو خەڵکانەی لەوێن).

- دایگیرسێنن بۆ رووناککردنەوەی شەوەزەنگەکە.
- بۆ رووناککردنەوەی دڵتان.
- بۆ بینینی رێگاکە.

**سێیەم**: گۆرانیی دەڵێ و سەما دەکات.

رووناکی بۆ ژین پێویستە رووناکی.

رووناکی بۆ دڵ پێویستە رووناکی.

پێویستە... پێویستە... پێویستە.

**یەکەم**: ئەشێ لێرە چاوەڕێ بکەین.

**دووەم**: کە نەیەت بۆ چاوەڕێ بکەین.

**یەکەم**: دێت.

**دووەم**: نایەت.

**سێیەم**: بێت یان نەیەت هیچ لەوە ناگۆڕێ کە پێویستە لە خۆماندا بیدۆزینەوە.

**دووەم**: (قاقا پێدەکەنێ) لەخۆماندا؟

**سێیەم**: بەڵێ، هەموومان تۆسقاڵێ بەهامان تێدا نییە.

**یەکەم**: (بەخەڵکەکە) تێماندایە؟ وانییە؟

**سێیەم**: راستییەکەی مرۆڤ کە لەیەک زیاتر بوو ئیدی ناکۆکیی دەستپێدەکات.

**دووەم**: راستییەکە ئەوەیە ناکۆکی لە یەکیشدا هەیە.

**یەکەم**: کەواتە گەڕان بەدوای مرۆڤایەتیماندا، گەڕانە بەدوای ئەودا کە ببینەوە بەمرۆڤ.

**سێیەم**: دەبینەوە... دەبینەوە...

**یەکەم**: (بە خەڵکەکە) تکایە دەتوانین مرۆڤایەتی بدۆزینەوە؟

**سێیەم**: (لە توورەکەکەی شانیدا ئاوێنەکان دەردەکات و دابەشی دەکات)، دەکرێت لە خۆتاندا بەدوایدا بگەڕێن، تکایە تەماشای خۆتان بکەن... دەزانن حەقیقەتتان ونکردووە؟

**دووەم**: ئێوە بێ هۆ سەنگەرتان لە من گرتووە، ئێوە بڕواتان بە دیموکراسییەت نییە.

**سێیەم**: یانی چۆن؟

**دووەم**: نابێ پرس بەیەکتر بکەین.

**سێیەم**: بەڵام تۆ لە قامچی وەشێنێ زیاتر نیت.

**دووەم**: (قامچییەکەی لێ بەرزدەکاتەوە) ئەمە بێویژدانییە.

**یەکەم**: بێویژدانی راستی ئەوەیە نەتوانین یەکترمان خۆشبوێت.

**دووەم**: بەڵام من رقم لە کەس نییە.

**یەکەم**: دڵنیایت؟

**دووەم**: وا دەزانم.

**سێیەم**: بیربکەوە باش بیربکەوە.

**دووەم**: کەمێک رقم لەوانەیە کە لەخۆم جوانترن، کەمێک لەوانەی کە لەخۆم

زیرەکترن، کەمێکیش لەوانەی کە لەخۆم ڕاستگۆترن، کەمێک لەوانەی...

**یەکەم**: (پێی دەبڕێت) بەسە بەس.

**سێیەم**: نەخۆشییەکە ئەمەیە.

**دووەم**: پێت وایە من نەخۆشم.

**سێیەم**: (بازنەیەک بە چراکان دروستدەکا و لەگەڵ خەڵکەکەدا دەکەوێتە داگیرساندنی) هەموومان نەخۆشین.

**یەکەم**: (بەسەرسوڕمانەوە) هەموومان!

**دووەم**: ئەگەر پێت زۆرە پێویستە بڵێی "حەموو".

**یەکەم**: جیاوازیی چییە؟

**دووەم**: "ح" پیتێکی خانەدانترە لە "ە".

**سێیەم**: ئەمە نەخۆشییەکەیە.

**دووەم**: بەڵام من نەخۆش نیم مرۆڤایەتیم تیایە و جارجارەش گریاوم.

**یەکەم**: کەی گریاوی؟

**دووەم**: (بیردەکاتەوە).

**سێیەم**: ڕەنگە لەکاتی نیشاندانی فلیمی هێرۆشیماو ناکازاکیدا بووبێ.

**دووەم**: نا نا.

**یەکەم**: ڕەنگە لەکاتی بینینی مەرگەساتی هەڵەبجەدا بووبێ.

**دووەم**: نا نا.

**سێیەم**: ڕەنگە بۆ برسییەکانی سۆماڵ گریابێ.

**دووەم**: نا نا.

**یەکەم**: ڕەنگە.

**دووەم**: (پێی دەبڕێ) بوەستە بیرم کەوتەوە، کاتێک کە هەستم کردووە کەسانی تر لە من باشترن، لە من باشتر دەژین، لە من باشتر دەخۆن و لە من باشتر بیردەکەنەوە.

**یەکەم**: پەح.

**سێیەم**: تەنانەت بۆ یەک جاریش بیرت لە مرۆڤ نەکردووەتەوە.

**دووەم**: چی؟

**یەکەم**: مرۆڤ.

**دووەم**: من ناتوانم بیر لەوە بکەمەوە کە ڕقی لە خۆشیەتی، کە تەڕو وشک بەیەکەوە دەسووتێنن، کە جوانیی و نابووتیی وەکو یەک تەماشا دەکات.

**یەکەم:** بەڵام خۆیشت وایت.

**دووەم:** کەواتە ناتوانم بیر لەخۆم بکەمەوە.

**یەکەم:** ئەوەی بیر لەخۆی نەکاتەوە پێویستە...

**سێیەم:** تەواوی مەکە، ناکرێ ژیان بەسەر رەش و سپیدا دابەش بکرێت.

**دووەم:** ژیان خۆی رەش و سپییە.

**یەکەم:** چاوەکانی تۆ وای دەبینن.

**سێیەم:** راستترە بڵێی قامچییەکەی تۆ وای دەخوێنێتەوە.

**دووەم:** خەریکە دەبنە فەیلەسوف.

**یەکەم:** باشترە لەسەر ئەم گۆیە بچووکە هەموومان بیر بکەینەوە.

**سێیەم:** ئەمەماڵی هەموومانە.

**دووەم:** هی ئەوانەش کە لە (١١)ی سێپتەمبەردا کوژران.

**یەکەم:** ئەوانەش؟

**دووەم:** ئەوانەش کە بەهۆی رەنگی جیاوازەوە لە دونیا تیاچوون.

**یەکەم:** ئەوانەش.

**دووەم:** ئەوانەش کە هیتلەر کوشتنی.

**یەکەم:** ئەوانەش.

**دووەم:** ئەوانەش کە سەدام ئەنفالی کردن.

**یەکەم:** ئەوانەش.

**سێیەم:** ئەوانەش کە لە شەڕەناوخۆکانادا بوونە قوربانیی.

**یەکەم:** ئەوانەش.

**سێیەم:** ئەی بۆ نەمانتوانی یەکترمان خۆش بوێت.

**دووەم:** لەبەرئەوەی رقمان لە یەک بوو.

**سێیەم:** بۆ رقمان لە یەک بوو.

**دووەم:** لەبەرئەوەی یەکمان خۆش ناوێت!

**یەکەم:** (بەخەڵکەکە) ئێستا دەتوانن سەیری خۆتان بکەن، سەیری خۆتان بکەن و بیر بکەنەوە، دەبوایە چیمان نەکردایەو کردمان، بیربکەنەوە دەبوایە چیمان بکردایە و نەمان کرد.

**دووەم:** واز لەو خەڵکە بێنە مەتەڵیان بۆ مەڵێ.

**یەکەم:** ئەمە مەتەڵ نییە.

**دووەم:** سروشتی مرۆڤ وایە، حەزی بەهەندێ زەبرو زەنگ و لادان و

هەندێک چەوساندنەوە و سەرکوتکردن هەیە.

**سێیەم:** بڕواناکەم سروشتی مرۆڤ وابێت.

**یەکەم:** کەواتە پێویستە بیر بکاتەوە.

**دووەم:** لە چی؟

**یەکەم:** لە کات.

**دووەم:** لە کات؟!

**یەکەم:** بەڵێ، لە کات.

**دووەم:** (بەگاڵتەپێکردنەوە) کات ئەوەیە کە لەنێوان لانک و تابووتایە.

**سێیەم:** (بەتووڕەییەوە) تۆ هەمیشە بیرت لای مردنە، هەمیشە بیرت لای ئەوەیە چۆن ئەوانی تر لەناو بدەیت.

**دووەم:** من پێم وانییە لەناودانی ئەوانی تر بیکردنەوەی من بن، بۆ نموونە مادام لانک هەیە تابووتیش هەیە، مادام خوا هەیە مردنیش هەیە.

**یەکەم:** (لە خوا دەپاڕێتەوە) خودایە ئەم ستەمکارییە بەناوی تۆوە، خودایە کەس بۆی نییە لەبری تۆ بڕیار بدات.

**دووەم:** کەس!

**سێیەم:** ئەمە نەخۆشییەکەیە.

**دووەم:** لەڕاستیدا مرۆڤایەتی...

**یەکەم:** (پێی دەبڕێ) کەس پێویستی بە وتاری درۆزنانە نییە.

**دووەم:** (شالاوی بۆ دەبا).

**یەکەم:** (خۆی دەداتە پاڵ سێیەم) گریمان وتم.

**سێیەم:** مەرج نییە هەموو وتارێکی درۆزنانە بڕێک ڕاستیی تیا نەبێ.

**یەکەم:** پێدەکەنێ.

**سێیەم:** (شیدەکاتەوە)... بۆ نموونە هەر ئەوەی کە تۆ پێت وایە درۆیە، ئەوە ڕاستییەکەیە.

**دووەم:** جوانە.

**سێیەم:** (وردتر قسە دەکا) درۆ خۆی ڕاستییەکە، درۆ هەیە کەواتە درۆ ڕاستییەکەیە.

**یەکەم:** (پێدەکەنێ) جەللادی هەیە، کەواتە جەللادی قوربانییە.

**سێیەم:** مەسەلەکە فەلسەفە نییە، مەسەلەکە شتێکی دیکەیە.

**دووەم:** تۆ خۆت لابە با ئەمەت بۆ تەمێ بکەم.

**سێیەم:** پێویست بەوە ناکا کەس کەس تەمێکا، پێویستە خەڵک خۆی خۆی تەمیّ بکا.

**یەکەم:** بۆ نموونە.

**سێیەم:** ئەوە نەکات کە دەزانیّ هەڵەیە، ئەوە نەکات کە کردی و هەڵەبوو.

**یەکەم:** ئەمە مرۆڤ!

**سێیەم:** بەڵیّ.

**دووەم:** ئاوها.

**یەکەم:** ئا... ئا بۆ نموونە قامچی شتێکی زیادەیە، تۆ ئەگەر قامچییەکە دابنەیت و لە ئاوێنەکەدا تەماشای خۆت بکەی شتێکی تری، خۆ ئەگەر قامچییەکەت بەدەستەوە بیّ شتێکی دیکەی، قامچییەکە کاریگەریی هەیە بۆ سەر ناخت، بۆسەر دەموچاوت، بۆ سەر قسەکردنت، تەنانەت بۆ سەر دەوروبەرەکەت.

**دووەم:** قامچی!

**یەکەم:** بەڵیّ، قامچی ئێستا با هەمووومان لە ئاوێنەکاندا تەماشای خۆمان بکەین، ئایە ئەوەین کە دەمانەویّ، وردبەرەوە لە خۆت، ئەوەی کە پێویستە ببی یان شتێکی تر

**سێیەم:** ئەمە کێشەکەیە.

**دوووەم:** کێشە!

**سێیەم:** دیارە کێشە، سەرشێتییەکی گەورەیە تۆ بڕوات وابیّ ئەوەیت کە پێویستە ببی و نەشتەگەرییەکیش بۆ خۆت نەکەیت.

**یەکەم:** نەشتەگەریی عەقڵ.

**دووەم:** عەقڵ؟ چیرۆکی هەر یەکە لە ئێمە جیایە.

**سێیەم:** نا چیرۆکی هەموومان یەکە.

**دووەم:** لەوەدا کە عەقڵ دەیڵیّ، لەودا کە عەقڵ نایڵیّ؟

**یەکەم:** کاتمان زۆر درەنگ کرد.

**دووەم:** شتێک نییە ناوی کات بێت.

**سێیەم:** ئێمە تازە تازە وا لە شرۆڤەکردنی عەقڵ و ژیانیاین.

**دووەم:** شرۆڤە...!

**یەکەم:** پێویستە چرا و ئاوێنەکان بگەیەنینە شوێنی خۆی.

**سێیەم:** شوێنێکی دیکە ڕووناکییەکی دیکە.

**دووەم:** شەوەزەنگێکی دیکە.

(شتەکان کۆدەکەنەوە).

**یەکەم**: رووناکییەکی دیکە.

**دووەم**: شەوە زەنگێکی دیکە.

**سێیەم**: دەبێ ببەخشن شارێکی تر، گوندێکی تر ئاوەدانییەکی ترمان لەپێشە.

(دووەم دێ قامچییەکەی بەرزکاتەوە یەکەم و سێیەم دەیگرن و دەست و پێی دەبەستنەوە و دەیخەنە سەر عەرەبانەکەوە و دەکەونە رێ...).

کۆتایی

نواندنی: ئاوات جەلال، فاخر عیزەدین، فوئاد حەمەخان.





## دیدار لەگەڵ نەژاد عەزیز سورمێ

**سازدانی: حەمە کاکەڕەش**

# دیدار



## یوسف زەیدان، ڕۆماننووسی میسری: خەڵک بۆ خۆیان ناخوێننەوە، بەڵکو بڕیاری ئامادەکراو بەسەر دەقەکاندا دەدەن

**سازدانی: ئومێد تۆفیق**

# دیدار لەگەڵ نەژاد عەزیز سورمێ



**سازدانی: حەمە کاکەڕەش**

**من هەمیشە گوێ لە ناخم دەگرم، لەو جیهانە بێدەنگە تژی هاوارەی چیایان بە لادادێنێ، زەوی هەڵدەدەکێنێ و درەختان رادەقەنێنێ...**

**من ئێستا زیاتر شیعر بە پیشەسازیی وشە تێدەگەم، شیعر زمانە لەناو زماندا...**

**ئێمە لە شیعردا زۆرجار خۆڵەمێش گەش دەکەینەوە، خۆمان لەبیر ناچێتەوە، بەپێچەوانەوە خۆمان دەدۆزینەوە.**

**زەوی ئەوەندە گەورە نییە ئەگەر شیعر نەمێنێت جێی مرۆڤی تێدا ببێتەوە.**

**دەمەوێت بتگەڕێنمەوە بۆ منداڵیی، منداڵیی تۆ چۆن بوو، کەی هەستت کرد گەورەبوویت، چین ئەو وێنەو خەیاڵ و تابلۆیانەی کەوا لە سەردەمی منداڵییەوە تا ئێستا بەشێکی دانەبڕاون لە ڕۆحی تۆ، ئایا لە منداڵیدا هیچ پەیوەندییەک لەنێوان تۆو شیعردا هەبوو؟**

منداڵیی من تێکەڵەیەک بوو لە سەرسوڕمان و بێدەنگیی و ترس... هێشتا نەچووبوومە بەرخوێندن کە گوێم بە رستەی (تەیارە هات) ئاشنا بوو، پاشان ژیانی ئەشکەوت و بن تاوێران تا ئەوەی لە ناوەڕاستی دەستپێکی خوێندن نێردرامە شار... لەوساوە خۆم لێ بزربوو، بەداخەوە ئێستاش پاش هەموو ئەو ماوە دوورو درێژە خۆم نەدۆزیوەتەوە...

ئێستاشی لەگەڵدابێت بەهەست هەستم نەکردووە گەورەبووم...

من نازانم تۆ تەمەنی منداڵیی لە چەند رادەگری، لای من زۆرن ئەو یادگارانەی لە خەیاڵدا جێگیر بوون و پێم وایە تا مردنیش دەمێننەوە...

لەو راستەشرا پەیوەندیم لەگەڵ دنیای خوێندنەوەو نووسین، بەتایبەتی شیعر، هاتەپێش، هەر زوو هێشتا لە دەستپێکی قۆناغی ناوەندیدا بووم بە پێچەوانەی زۆر لە هاوڕێ و هاوپۆل و هاوئارەزووەکانمدا کە بەشیعر دەستیان پێکرد، من بە نووسین و دەرهێنانی شانۆ دەستم پێکرد، لەگەڵ ئەوەشدا تا ئێستا شانۆیەکی شیعریی چاپکراوم نییە...

راستیی لێڕوانینی منداڵیی من هەمیشە وەک وتم تێکەڵەیەک بووە لە سەرسوڕمان و ترس و بێدەنگیی... تۆ پرسیارگەلێکیشی بخەپاڵ، پرسیار لە دەوروبەر، پرسیار لەهەموو ئەو ئەندازە نەگەڕانەی بە رێککەوت بێت یان بە تەگبیر لاپرسەنی لا دروست دەکردم... کە بە ساویلکەیی خۆم لێکم دەدایەوە... لە سەرەتاشدا هەرچەندی دەمویست ئەو ساویلکەییەی خۆم بەشێوەیەک لە شێوەکان بشارمەوە... کەچی تا ئێستاش نەمتوانی... رەنگە هەر ئەوەش بێت هێزی مانەوەی منداڵیی لێ نەبڕیبم.

**تۆ سەرەتا بە شیعر دەستت پێکرد، دواتر هاتیتە سەر وەرگێڕان و لە وێنەکێشانیشدا کاری گەلێک سەرنجکێشت لە کۆلاژدا کردووە. دەمەوێت ئەوە بڵێم ئایا ئەم هاتن و چوون و گەڕان و گۆڕین و لە دەرگادانە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دونیای شیعر، یان ئاسمان و پانتایی شیعر جێگای خەون و بینین و خەیاڵەکانی تۆی تێدا نابێتەوە. یان خەمێکی رۆشنبیریی وات لێدەکات هەر لەوێستگەی شیعردا نەمێنێتەوەو دەست بۆ ژانرەکانی تر بەریت؟**

تۆ وەکو خۆت راست دەکەیت من بە شیعر دەستم پێکردووە، چونکە لەوە زیاترت نەدیوە، بەڵام وەک وتم لە سەرەتادا من بە نووسینی شانۆ دەستم پێکرد، کە زۆریان لەکاتی خۆیدا نمایشیش کران بەداخەوە لەکاتی خۆیدا بڵاوم نەکردنەوەو لە دەستم چـوون... مەسەلەی شیعرو کۆلاژیش لای من یەک سەرچاوەیان هەیە، نازانم بۆچی وایە، وەڵامێکی دیاریکراوم بۆ ئەوە پێ نییە...

ئەوەندەی دەزانم من هەمیشە گوێ لە ناخم دەگرم، لەو جیهانە بێدەنگە تژی هاوارەی چیایان بە لادادێنێ، زەوی هەڵدەدەکێنێ و درەختان رادەقەنێنێ...

رەنگە وەک پێویست نەمتوانیبێت لە تونێلی بەسامی بدەم و بە ئاسانی چاوەڕوانکراو لێی دەربچم... بەڵام هەرگیز خیانەتم لە شیعر نەکردووە، لەو وەختانەدا کە خۆم لە لێوارەکانی نیگەرانیدا بینیوەتەوە، هونەری کۆلاژ باوەشی بۆ کردوومەتەوە... دەمێکە ئەو هونەرەم خۆشدەوێت، بەڵێ، راستە ئەو هونەرە لەگەڵ شیعر بەراورد ناکرێت، شیعر شتێکی دیکەیە... بەڵام دیسان، ئەو هونەرەش دەتوانێت بە زمانی شیعر مامەڵەی لەگەڵدا بکەیت، کە لەگەڵ پێداویستییە رۆحی و جەوهەرییەکانی مرۆڤدا دێتەوە.

من لە هەموو ئەو پێشانگایانەی کردوومنەتەوە، هەوڵم داوە، ئەوەی بەهۆی زمانی شیعرییەوە وتنی ئاسان نەبووە، بە کۆلاژ کە رەنگە زمانێکی ئەبستراکتری بۆ بڕەخسێنرێت بگوترێت...

لای من بەردەوامیی گرنگتر بووە...

بۆ مەسەلەی وەرگێڕان، من هەر وەرگێڕانم نییە، یەکەمین کەسیشم کە نووسین و لێکۆڵینەوەم لە بارەی تەکنیکی رۆژنامەگەریی بە کوردیی نووسیوە، لەو رووەشەوە چەندین کتێب و وتارو لێکۆڵینەوەی بڵاوکراوەو لە چاپدراوم هەیەو خاوەنی یەکەمین پرۆژەی ئاژانسی دەنگوباسی کوردستانم، کە کاتی خۆی لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی رابردوو بڵاوم کردووەتەوەو وەک پرۆژە پێشکەشی پەرلەمانی کوردستانم کردووە...

لێرەدا مەبەستم لە هێنانەوەی ئەو ئەسکەندەرنامەیە ئەوەیە بڵێم لە مەسەلەی نووسین و وەرگێڕاندا، شیعری لێ بترازێت، هەمیشە لە چوارچێوەی خزمەتگوزاریی رۆشنبیریی چاوم لێ کردووەو بە پێویستم زانیوە... بە نموونە کە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی رابردوو کتێبـی (سەرەتایەک بۆ تێگەیشتنی هونەری شێوەکاریی)م بە پێشەکی و پەراوێز نووسییەوەو وەرگێڕا، لە هەستکردنم بە بوونی کەلێنێکی گەورە لەو بوارەدا بوو، کتێبێک هەبێت بە زمانی کوردیی باس لە رەگەزەکانی هونەری شێوەکاریی بکات، کە بەداخەوە تا ئەم

دوادواییەش تاکە کتێب بوو لەم بارەیەوە...

ئەمانەم هەمووی وەک وتم بە وەرگێڕانیشەوە (شیعری لێ بترازێت) لە چوارچێوەی خزمەتگوزاریی کەلتوورییدا کردووە و وەکو ئەرکێک بەپێویستم زانیوە بە کوردیی هەبن...

**ئەگەر هەڵە نەبم تۆ لە (تاڤگەی مەند)ەوە کە یەکەمین ئەزموونی شیعریت بوو تا ئەمڕۆ بەردەوام لە چڕبوونەوەیەکی جواندا دوور لە تەمومژی دەستکرد لە باڵاکردن و دەنگ زووڵاڵیدای، خەیاڵ وێنەو دەربڕین لە شیعرەکانتدا تووشی چەقبەستن و دووبارەبوونەوە نەهاتوون، ئایا ئەمە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە لە پشتی شیعرەکانتەوە ئیلهامێکی کەڵەگەت وەستاوە، یان ڕۆشنبیرییەکی فرە رەهەند؟**

هەر بۆ مێژوو (ئەو شەوانەی خەوم نایێ) یەکەمین ئەزموونی شیعریم بوو لە شێوەی کۆ شیعر ساڵی ١٩٧٧ لە شاری نەجەف (چاپخانەی النعمان) چاپم کرد، ئەو دەمەی نەفی بووم لەوێ، نەک (تاڤگەی مەند) کە دووەم کۆشیعرم بوو.

بۆ ئەزموونیش کە باسی دەکەی...

رەنگە لە سەرەتای دەستپێکی ئەزموونی خۆمدا (تارادەیەک) باوەڕم بەوەی ناویان ناوە (ئیلهام)، هەبووبێت، بەڵام بەتێپەڕینی کات ئەو بڕوایەم لەلا کزبوو... من ئێستا زیاتر شیعر بە پیشەسازیی وشە تێدەگەم، شیعر زمانە لەناو زماندا... ئەو ئیلهامەی تۆ باسی دەکەیت من بە (هێدمە)ی دەخوێنمەوە... (هێدمە) بە هەموو رەهەندەکانییەوە.

لە ئەزموومی خۆمدا هەمیشە هەوڵم داوە لەگەڵ خۆمدا راستگۆبم، شیعر راستگۆییە، پێشم وایە شاعیر پێویستە لەگەڵ خۆیدا راستگۆبێت... لە ساتەکانی مەستیش راستگۆتر، هەوڵم داوە هەمیشە کێبەرکێ لەگەڵ ئەزموونی خودی خۆمدا بکەم و پێشی بکەوم و بتوانم بە خۆم بوەستم...

هەر وشەی (ئەزموون) وای دەبینم لە خۆشیدا ئەوە دەگەیەنێت...

بێگومان لەو ناوەشدا خوێندنەوە دەرەتانی دی پێداوم و زۆر جاریش رووناهی ئەو سەری تۆنێلی خستووەتە بەر ئاسۆی روانین و بینینم...

ئەوانە تێکڕاو شتی دیکەی لاوەکیشی بخەپاڵ کە لە ژیاندا تێی هەڵدەنگوین مرواری فڕێدراوی، پەراوێزخراوی تژی نهێنی وایان پێشانداوم، کە زۆرجار نەمکردوون بە نگین، بەڵکو بە کاژی دڵم هەڵواسیون...

**قۆناغی نوێی شیعری کوردیی بۆ چەند قۆناغ دابەش دەکەن، گەلێک راوبۆچوونی جیاواز دەربارەی دەستنیشانکردنی سەرەتاکانی تازەگەریی شیعری کوردیی نووسراون، بەڕای تۆ ئەو دەستنیشانکردنانە تا چەند تەواو و بێ هەڵەن، ئەی تۆ چۆن دەستنیشانی دەکەیت؟**

شیعر مۆدێلی ئۆتۆمبێل نییە تا بەپێی ساڵ و مانگان پۆلێن بکرێت... شیعر یان دەبێت شیعر بێت کە بەڕای من پێویستە زەمان پێی نەوێرێت... یان شتێکی دیکەیە دەتوانیت خۆت ناوی لێ بنێیت... من لە تۆ دەپرسم جزیری، نالی، مەحوی، وەفایی، مەولەوی و چەندانی دی سەر بە کامە قۆناغی شیعریین، کە ئێستاش سێبەریان بە چڕیی ماوەتەوەو ئامادەییان لەدەست نەداوە، کە پێشم وانییە بەو ساڵ و زەمانانە لە دەستی بدەن، چونکە ئەوانەو نموونەی دیکەش هەر یەکیان بە دنیابینی خۆیەوە کاریان لە زمان و نهێنییەکانیدا کردووەو رۆحیان بە وشە بەخشیوە...

ئەگەر مەبەستیشت لەم پرسیارە ئەو حەفت و هەشتە بێت لەسەرەتای حەفتاکانەوە لەو بارەیەوە لە گۆڕێ بوو، من بەخۆم وای چاو لێ ناکەم، وەکو وتم شیعر وەک مۆدێلی ئۆتۆمبێل سەیربکەم...

ئێمە هەر ئەوەندە دەتوانین دەستنیشانی ئەو قۆناغانە بکەین کە فلانە شاعیری داهێنەری تێدا بووە، وەکی تر بڕوام بەو بۆچوون و روانینانە نییە کە سەرەتای تازەگەریی شیعری کوردیی لە شاعیرێک یان چەند شاعیرێک گیردەکەن.

بەڕای من بابەتایەریش نوێخوازە وەک ئەوەی جزیری، نالی، مەحوی، وەفایی، مەولەوی، گۆران و چەندانی تریش نوێخوازن...

ئیشکالییەتەکە لە رەخنەی کوردیی (ئەگەر هەبووبێ) لەوەدابووە زەمەنی شیعری و شیعرییەتیان لەگەڵ زەمەنی ئاسایی تێکەڵ کردووە، بەمەش لە هەڵسەنگاندن و خوێندنەوەی هاوکێشەکاندا دووچاری جۆرە شاشییەک بوون.

**لە رۆژگاری ئێوەدا زۆرێک لەو جیلەی ئێوە لەگەڵ ئەدەب خەریکی سیاسەتیش بوون. دەپرسم ئایا تۆ هیچ بەشدارییەکی سیاسیی و شۆڕشگێڕیت هەبووە، پێم خۆشە وەک شاعیرێک حیکایەتی دونیای سیاسەت بگێڕیتەوە کە چۆن بوو؟**

ئەمە هێندەی ئەوەی پرسیارێکی قورسە، ئەوەندەش جێی سەرنج و لێرامان و تەنانەت پێکەنینیشە...

پرسیارێکی قورسە، چونکە هیچ تاکێکی کورد نییە کەم و زۆر باجی کوردبوونی خۆی نەدابێت، تەنانەت بەوانەشەوە کە لە بەرەی گەلەکەی خۆیاندا

نەبوون (لەگەڵ پاریز وەرگرتنم)، کە ئەمەش مایەی پێکەنینە تاڵەکەیە...

ڕاستی ئەوە قەدەری جیلی ئێمە بووە... من بەخۆم بە حوکمی زێدی ژیانم نیوەی قوتابخانەی سەرەتاییم لە ئەشکەوتان بەڕێ کردووە...

لە شەست تیری فڕۆکەکانی عەبدولکەریم قاسمەوە بگرە کە هێشتا فامم نەکردبوو، تا دەگاتە ناپاڵمەکانی بەعس، لەبیرم نەچووەتەوە...

ئەشکەوت و بن بەرد نەما بەدرێژایی تەمەنی منداڵیی و لاویمان نەیبینین... سیاسەت بۆ من ڕەنگە بەویست نەبووبێت، ئەوەندەی قەدەر بووە، قەدەرێک کە بەینەت و ویژدان بە خاک و میللەتەکەمی گرێداوم...

ئەوەندەی لەبیرم مابێت تەنیا لە ماوەی شۆڕشی ئەیلوولدا چوار جار ماڵمان لە بناغەوە هەڵتەکێنراوە... لە ڕێکخراوی قوتابییان کارم کردووە، سەرەتای هەرەتی لاویم بوو کە ئێستاش شانازیی پێوە دەکەم، لە ڕاگەیاندنی شۆڕش وەکو یەکەم پەیامنێری جەنگ لە بەرەکانی شەڕ لە هەڵایساوترین بەرە، بەرەی هێزی باڵەک، کە لە دواییدا چەندین هێزی دیکەشی هاتە پاڵ و شوورەی پارێزەرو مقاوەمەی سەرکردایەتی شۆڕش بوو، چیاکانی کۆڕەک (دارە هیشک) و گەلی مێگر و گەلی شێخ سەید و گەرووی عومەر ئاغاو دارە قەسپ و چیاکانی هەندرێن و زۆزک و سەرتیز و دۆڵی ئاکۆیان و ڕواندز و چەندین شوێنی دیکە لە بەرەکانی هێزی خەبات و زمناکۆ و ئەزمڕ لە دەڤەری سلێمانی ریپۆرتاژی بۆ ئێزگەی دەنگی کوردستان لێ ئامادە نەکەم، کە ئێستاش لە ئەرشیفی ئەوسای ئێزگە زۆریان ماون...

من باس لەو کاتانە دەکەم کە پێکەنین هەبوو، گریان هەبوو، ئێمەی تازە پێڕاگەیشتوو با وەکو لە زۆر شت بێبەش بووین، بەڵام لە دەوروبەرێکی پتەو پەروەردە بووین، بە هێزی لەبن نەهاتووی ئومێدەوە هاتبووینە ناو ئەو دنیایەی تۆ ناوت ناوە سیاسەت و شۆڕشگێڕایەتی.

هەروایشە، شاعیر فەرماندەی عەسکەریی نییە کە بەداخەوە زۆر جار ئەوەی لێ خواستراوە...

ئەو وەچەیەی ئێمە هەرچی زۆرخوازیی و تەوژمی ختووکەدان و سەنگدڵیی هەیە بەسەرماندا کەڵەکە بوو...

منیش وەک زۆربەی هاوڕێکانم تاڵیی و سوێریی دوورخرانەوەمان بۆ باشووری عێراق بینی، زیندانمان بینی... دەردی غوربەت و مەحروومییەتمان بینی، کە ئێستاش لە نەستماندا ڕەش نەبووەتەوە، کە ئەوەش دەڵێم هەرگیز مەبەستم لەوە نییە خوانەخواستە منەت بەسەر نیشتمان و میللەتەکەمدا بکەم،

بە پێچەوانەوە لەگەڵ هەموو ماندووبوون و رەنجدا ئێمە بەتۆزی بەرپێی ئەوانە راناگەین کە راستەوخۆ، بەگیان، خۆیان بە قوربانی کوردستان کردو شەهید بوون.

**کورد ئەدەبێکی هەیە بەناوی ئەدەبی تاراوگە، یان مەنفا. ئەدەبی کوردیی تاراوگە ئەگەر هەیە لەچ ئاستێکدایە، ئەگەر نییە، بۆ؟**

نامەوێت لێکی بکێشمەوە، لەوانەی سەردەمە جیاجیاکاندا (کە تا ژۆردا بێین ژمارەیان زیاترە) کۆچیان کردووە، بەهۆی زۆر ئەگەران کە لە ئەهەلی قەڵەم شاراوە نییە هەموویان یاخود زۆربەیان نەیانتوانیوە تەنانەت لە خودی نووسینیش بەردەوام بن...

بەڕای من ئەوەشی بەردەوام بووە تاک و تەرا نەبێت ئەویش لە ژمارەی پەنجەکانی دەست تێنەپەڕیون، نەیانتوانیوە ئەدەبێک بخولقێنن سیمایەکی تایبەتی، ئەوەی تۆ پێی دەڵێیت (ئەدەبی تاراوگە)ی پێوە ببیندرێت، سوێندی ئەو دوا دواییانە ناخۆم، دوای پەیدابوونی تۆڕی ئینتەرنێت کە خێراییەکی لە خەیاڵان بەدەری بە پرۆسەی پێکگەیشتن دا، هەروەها ئەزموونی بێوێنەی کوردستانیش لە بواری بڵاوکردنەوەدا لەچاو ساڵانی رابردوو زۆر لە نووسەرانی کوردی دەرەوەی هێنایەوە سەر خەت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەوە بەو مانایە نەبووە کە ئەدەبێکی تاراوگە، بەئەزموون و سیما تایبەتییەکانی سەریهەڵدابێت... ئەوەی لە تاراوگەیش نووسراوە، هەر هەمان ئەزموون بووە، کە نووسەرانی وڵات وەشاندوویانە، رەنگە ئەگەر تەنگاوم بکەیت، چەند نووسەرێکی لێ دەرباوێ کە تارادەیەک سوودیان لە زمان و ئەزموونی ئەدەبی ئەو وڵاتانە وەرگرتووە تێیدا دەژین، دەنا من جیاوازییەکی جەوهەرییم لە ئەدەبی ئەو نووسەرو شاعیرانەدا نەبینیوە کە لێرە لەناو خاکی نیشتماندان.

**هەست و خەونە کپکراوەکان کردەی بەرهەمهێنانی شیعرن لەلای تۆ، یان عەقڵ و رۆشنبیریی، یان تێکەڵەیەک لەمانە؟**

هەردووکیان... بەڵام لەبیرت نەچێت من وتم شیعر پیشەسازیی وشەیە، دیارە هەمیشە (وشە)یش هەم هەست کەمن (نەست)یشی دەخەمە پاڵ و هەم پاشخان و ئەزموونی رۆشنبیریی رۆحی بە بەردا دەکەن و لەوە دەیپارێزن بەمردوویەتی لەدایک بێت و مەوداو رەهەندێکی شوێنکاتیشی پێدەدەن...

ئەمە ئەو گەمەیەیە کە شاعیر دەیکات و خوێنەر هەستی پێ ناکات چی کردووە

و چۆنی کردووە، بەڵام پرسیاری لا دروست دەکات و هەستێکی ئیستاتیکی جیاوازی دادەتێ.

**ئایا نەوەی ئەمڕۆ توانیویانە دەنگێک بن جیاواز لە نەوەی پێش خۆیان و دونیابینییەکی نوێیان هەبێت؟**

بێگومان... چونکە ئاراستەی رووبارەکان گۆڕاوە، ئەمڕۆ دنیایەکی دیکەیە...

من باس لە باشی و خراپی و رووی ئەرێنی و نەرێنی ئەم سەردەمە ناکەم، باس لەو گۆڕانە تیژڕۆیانە دەکەم کە تـاڕادەی سەعات و خوولەک دێن و تێدەپەڕن، لێرەڕا، لەگەڵ پارێز وەرگرتنیشم لە حوکمدان، دیسان ئەمڕۆ چەند دەنگێک دەخوێنمەوە، بە بڕوای من ئەگەر بەهێمنی هەنگاو بنێن و هەوڵ بدەن پتر خۆیان و دەوروبەریان بناسن، چەند ساڵێکی دی جیاوازییەکی هەستپێکراو لە شیعری کوردیدا دێننە ئاراوە... گرفتی ئەم نەوەیە ئەوەیە زۆر پەلە دەکات و تاڕادەیەک بەخۆوەژیەو کەمتر شتە جەوهەرییەکان بە هەند دەگرێت و دەخوێنێتەوە... دیارە ئەمەش هۆو ئەگەری خۆی هەیە کە پێم وا نییە لە وردبین و مووقەلێشاندا ون بێت.

**ئایا شیعر خەیاڵمان دەتەقێنێتەوە، یان شیعر بوونەوەرێکی چێژبەخشە، ئامرازی چێژبەخشینە، یان لە شیعردا دەبێت بۆچی بگەڕێین، بۆ دەنگ و رەنگی دیوی ئەودیوی خۆمان و شتەکان بگەڕێین، یان شیعر خۆی گەڕانێکە بۆئەوەی خۆمان بیربچێتەوە؟**

شاعیر لە فڕین ماندوو نابێت، بەو مەلەوانە دەچێت کە لە رووباری پاکی زماندا باسک داوێ...

ئەمە لە خۆیدا دیوێکی چێژبەخشینی بۆ بەرامبەر تێدایە...

لەشیعردا دەخوازێ بۆ ئەو (من)ە بگەڕێین کە سیحری پەیوەندبوونمان بە گەردوون بینینەوە، سەرەڕای بێ دیماهیەیایەتی خۆی پێ دەبەخشێت و مانایەک دەداتە ژیانمان... شیعر زۆرجار وەک ئایکۆنۆگرافیای ژیان خۆی دەنوێنێت، ئەمە لە خۆیدا پشکنینی شتەکانە... چوونە باوەشی سرووت و تەقسێکە ئامادەیی و حزووری لە هەموو کژو مەوسیماندا هەیە...

بەواتایەکی دی، شیعر چێژبەخشی لەو هێدمەو ژان و موعاناتانەوە سەرچاوە دەگرێت کە تەواوکاری (ئازادی)ین، لەم راستەدا شیعر دەکرێت لە هەمان کاتدا بێ رەنگ بێت و هەموو رەنگەکانیشی تێدا کۆبێتەوە...

ئێمە لە شیعردا زۆرجار خۆڵەمێش گەش دەکەینەوە، خۆمان لەبیر ناچێتەوە، بەپێچەوانەوە خۆمان دەدۆزینەوە.

وای بۆ دەچم ئەوەی بە شیعر و شێوەکاریی و مۆسیقا کە هاوتای یەکترن، پێمان دەگوترێت، رەنگە بە رێگای دی بۆمان نەگوترێت.

**ئێرنست هەمەنگوای دەیوت، نووسەری راستەقینە ئەو کەسەیە کە لەسەر هێڵی نێوان مان و نەمان راوەستێت، ئایا ئەو هێڵە دەکەوێتە کوێوە؟**

ئەو هێڵە بەسەر دۆزەخی خۆ دووبارەکردنەوەو بەخۆوەژییەوە تێدەپەڕێت بەرەو رەهایی...

**ئایا دەکرێت بڵێین شاعیر شەرکەرێکی وشەییە؟**

گومانی تێدانییە، وەک چۆن ئاو حەقیقەتێکی هەزاران ساڵەیە... وشەش بەهەمان شێوە، بۆئەوەی شاعیر پێی بوەستێ تاڕادەی ئەوەی یاریی پێ بکات، ئەفسانەی پێ بخولقێنێت، بۆئەوەی سرکیی بپارێزێت، پێویستە دەستەمۆی بکات، هەر ئەمەشە نهێنی مان و نەمان لەو شەڕەدا کە هەمەنگوای باسی دەکات.

**لەم سەردەمە بێ پەیامەدا، یان بێ (داستانی مەزن)هدا، دەکرێت هێشتا شاعیر وەک پێغەمبەر سەیر بکەین؟**

ئەوە سەردەمە، ئەوە تەکنۆئابوورییە شێوەی پەیامەکەی گۆڕیوە، دەنا شاعیر هەمیشە پەیامی پێیە. من مەبەستم لە پەیام ئەو پەیامەیە کە هاوڕێی سەردەمەو لەگەڵ مەوداو رەهەندەکانیدا رێ دەکات و پێشی دەکەوێت و رەگەزی ئازادیی تێدا دەردەخات... لەگەڵ ئەوەشدا، شاعیر ئەوەی بە ناو پاناوکی وشەدا دێت و دەچێت و تافتەی ئاوریشمی تێدا دەهۆنێتەوە، مۆسیقا لە تاوی باراندا دەبینێت، مەرج نییە بەلایەوە گرنگ بێت بە پەیامبەری بشوبهێنن، هێندەی ئەوەی خودی خۆی لێ رازی بێت...

**لەم رۆژگاری بەجیهانیبوونەدا زۆرینەی نووسەرانی جیهانیی و کوردیش هەوڵدەدەن ئەزموونی تاقیکردنەوەی ژیانی خۆیان، واتا رووداوی هەقیقی ژیانیان بنووسنەوە. ئایا خەم و برین دوا هەقیقەتی ئێمەی کورد نییە، کەواتە دەکرێت ئێمە چۆن لەو خەم و برینە گەورانە رزگاربین کە مێژووی رابردوو و ئێستای کوردیی داگیرکردووە؟**

گرفتی ئێمە ئەوەیە لەوەتەی هەین، رۆژێک لە رۆژان نەمانتوانیوە ئەو گرێیە بکەینەوەو بەو رووکارە خالآن بخەینە سەر پێت...

راستە ئێمە بەدرێژایی مێژوو زوولّم لێکراو بووین، بەلاّم نابێت ئەوەشمان لەبیر بچێتەوە کە بەشێکی، کەم و زۆر خۆمان لێی بەرپرسیارین، من لە شوێنێکدا وتوومە، (ئەوەچی بوو چەندین دەیەیە دارا دارێکی نەبینی).

ئێمەش میللەتین، وەکو هەموو میللەتانی جیهان، تا کەی دنیا بەتەنیا لە رێگای کارەساتەکانەوە بمناسن، ئایا وەختی نەهاتووە، ئێمەش بلّێین هەین و دەتوانین هەبین و شارستانییەت و مێژوومان هەیە، بە مانایەکی تر بە چەشنێکی دی خۆمان بناسێنین...

پێویستە خۆمان لەو ماک و هەنگلّەشلیە رزگار بکەین و جیهان تێمان بگات کە کورد ئەدەبی هەیە، هونەری هەیە، کەلتوورێکی دەولّەمەندی هەیەو کوردستان لانکەی شارستانییەتی دنیایە... دیارە خەلّکی دی بە پارانەوەو نوزانەوە دلّیان بە ئێمەو میللەتانی وەکو ئێمە دەسووتێت، ئەمەش وەکو لایەنێکی ئینسانی و هیچی تر، بەلاّم هەرگیز بە سەدان سالّی تر پێیان بلّێین حەیدەرین، قەلەندەرین رێزمان لێ ناگرن...

ئێمە، پێویستە و زۆریش پێویستە ئەو گرێیە بکەینەوە و ئیتر وەختی هاتووە مێژوو وەکو مێژوو و ئێستاش وەکو ئێستا تەماشا بکەین و زمانی کرووزانەوەو هەمیشە خۆ بەلاوازو مەزلّووم نیشاندان بگۆڕین...

**هۆی چییە شیعری کوردیی نەیتوانیوە ئەو تاریکییەی ژیان لە ژیانی کوردیدا لە زمانێکی ئیستاتیکی بەرجەستە بکات، تاکو ئەو تاریکییە ببێتە کێشەیەکی جیهانیی؟**

کردوویەتی، ئەوە ناهەقییە ئەگەر بلّێین نەیکردووە، بەلاّم کە نەبووەتە کێشەیەکی جیهانیی، ئەوەیان باوەکو شیعریش بەتەنێ لێی بەرپرسیار نەبێت کە پێشم وانییە ئەمە بەو سادەییە کاری شیعر بێت، بەلاّم تۆ کە (زمانی ئیستاتیکی)ت هێناوە، دیارە کە بەو زمانەو بەڕای من تاڕادەیەکی بەرچاویش بەرجەستەکراوە.

ئیشکالەکە لە بزاڤی وەرگێڕاندایە، بزووتنەوەی وەرگێڕان لە کوردییەوە بۆ زمانە زیندووەکانی دنیا دەتوانم بلّێم دەستیشی پێ نەکردووە، تاک و تەرایش ئەگەر هەبووبێت بە هەولّی تاکەکەسی بووە و لەلایەن بنکەیەک یاخود مەلّبەندێکی باوەڕپێکراوەوە پشتیگریی نەکراوە، کە سەرنجی خەلّکی راکێشابێت، چ جای ئەوەی لە ناوەندی بەرفراوانترەوە بناسرێت.

**ئێوە وەک زۆرینەی نووسەرو شاعیرانی کورد بە روانگەیەکی رەشبینییەوە سەیری کۆمەڵگای کوردیی دەکەن، ئایا دەکرێت رەشبینیی وزەیەکی داهێنەرانە و بە دژی ئەوهێزە نەریتییە بێت لە کۆمەڵگای ئێمەدا؟**

نازانم بۆچی لێرەدا قسەیەکی هیراکلیتس-م بەبیرهاتەوە کە دەڵێت: حەقیقەت بۆ هەمووان نییە، حەقیقەت تەنیا بۆ بەهێزەکانە...

من وای چاو لێ ناکەم ئەوەی تۆ ناوت ناوە رەشبینیی، بە بێهیوایی دەخوێندرێتەوە، لە هەمان کاتدا ئەوەش نییە بە پێشینە وەکو وزەیەک دژ بە هێزە نەریتییەکان لە مەیداندا بێت.

شیعر ئەو چڵە حوزنەی تێدا ون بێت، نهێنی خۆی لە دەست دەداو ئومێدیشی پێوە دیار نابێت کە مرۆڤ مەحکوومە پێیەوەو چارێکی دیکەی لە پێشدا نییە...

من جارێکی تر دووبارەی دەکەمەوە، بۆیە دەڵێم دووبارەی دەکەمەوە، رەنگە لە پرسیارەکانی پێشووشدا بەومانایە وتبم، کاری شیعر نییە کۆمەڵگە بگۆرێت، ئەوە زوو بوو کۆمەڵگە هەموو شتێکی لە شیعر دەویست لە دوایشدا هەر ئەو دەنگانە مانەوە کە لە نیشتمانی گەورەی خودو گەردوونی زمانەوە ئێستاشی لەگەڵدابێت چەخماخەی دڵان دەدەن...

لەبیریشمان نەچێت رەشبینیی و داهێنان دوو دنیای ئەوەندە لێک نزیک نین هەمیشە داهێنان بە گەشبینی و هیواوە پێلۆزکراوە...

**شاعیر بە زمان دەتوانێت چی تێکبشکێنێت، سنووری ئەو تێکشکانە لە کوێدایە؟**

من قەناعەتێکم لا دروست بووە زمانی شیعر، نە زمانی قاموسانە کە (بەداخەوە) ئێستا لە گەلێک دەقدا هەستی پێ دەکەم... مردوو، بێ گیان... بێ مەودا... نە ئەو زمانە ئاساییە عادەتییەشە. لای من تێکشکاندنی زمان لەو هەوڵە بەردەوامانەدایە بۆ دەرککردن بەو مەودایانەی دەنگ و بینین و فەنتازیاو خەیاڵ پێکدەهێنن، هەر لێرەشەوەیە پەیوەندیی زمانی شیعر بە هەردوو هونەری شێوەکاریی کە بەشێکی بە کوتلەوە بەندە و هەروەها هونەری مۆسیقا، وەکو هونەرێکی ئەبستراکت دەردەکەوێت... دیارە کە تێکشکان هەبێت، پێکهێنانەوەش دەبێت، لەو راستەدا شاعیر بەو پرۆسەیە و بە خولقاندنی دارشتەی دی خۆی لە یەک ئەنوایی رزگار دەکات و ئاهەنگێک بە وشە، تەنانەت بەپیتیش دەدات...

هەر بەوەش ئەوەی پێی دەگوترێت تەقاندنەوەی زمان، بەرپا دەبێت، کە لە ئاکامدا شاعیریش لە بۆشایی دەربرین ئازاد دەکات، تێکشکانی زمانیش بەرای

من وەک ئەوەی پرۆسەیەکی سنووردار نییە، لە هەمان کاتدا بە خودی شاعیر خۆشیەوە بەندە لە رووی دنیابینی و بەهەندگرتنی بایەخی زمان لەو پرۆسەیەدا...

**چییە وادەکات شیعرێک بە نەمریی بنمێنێتەوە، کێش و سەروایە، زمانە، دونیابینی شاعیرەکەیەتی، هەڵگەڕانەوەیە لە زمانی باو، یان شیعر شتێکی ترە لە دەرەوەی ئەو چوارچێوەبازییە؟**

دنیابینی شاعیر کە رەهەندی ئینسانییەتیشی پێوە بەندە، هەروەها هەڵگەڕانەوە لە زمانی باو.

**ژیانی مرۆڤ چەند ساتێکە و هەرچییەک بخولقێنێت ئەوا بایەک هەڵدەکات و هەمووی لەگەڵ خۆیدا دەبات. ئەم دوو دێڕەم لە داستانی گەلگامێش خواستووە، دەپرسم ئایا شیعر دەتوانێت یادگارێک، شتێک بنووسێتەوەو ئەو بایە نەتوانێت لەگەڵ خۆیدا بیبات؟**

بێگومان هەر ئەو دوو دێڕەی خۆت بەسە بۆ سەلماندنی ئەو راستییە کە دەڵێی لە داستانی گەلگامێشەوە هاتووە... ئەو داستانە ئەدەبە، نزیکەی دوو هەزار ساڵ، بەڵکو زیاتریش پ.ز نووسراوە، بەڵام نەمریی ئەو داستانە لە بەردەوامبوونی پێویستی مرۆڤەوە سەرچاوە دەگرێت...

تۆ لە سەردەمەکانی مێژوویشدا، بە نموونە کارەکانی شەکسپیر، هەندێک لە شاعیرە عاریفەکانی وەک مەولانای رۆمی و چەندانی تر بخوێنەوە، یاخود شانۆییەکی وەکو (لە چاوەڕوانی گۆدۆ)ی پیکێت، ئەمانە راستە هەندێکیان شیعر نین، بەڵام لە دنیابینی و لە زمانی شیعرییەوە بەدوور نین...

**ئایا خولقاندنی شیعر ئیلهامە، یان پرۆسەیەکی هۆشیارانەو عەقڵییە، یان چالاکییەکی زمانەوانییەو لە توانایدا هەیە شتی نوێ بخولقێنێت؟**

چالاکییەکی زمانەوانییە لە پرۆسەیەکی هوشیارانەی هێدمەگرتوودا.

**ئایا شیعر رێگایەکە دەمانباتەوە سەر خود، یان پەنجەرەیەکە لەوێوە دەڕوانین و خود دەنووسینەوە، یان لە شیعردا خودێک تێکدەشکێنین و خودێکی خەیاڵیی بنیات دەنێین؟**

لەوێوە دەڕوانین و هەر لەوێشەوە خود دەنووسینەوە و تێکیشی دەشکێنین و بنیاتیشی دەنێینەوە...

شیعر لەوەش بەدەرە، بۆ کوێ و بۆچی... من بەخۆم نایزانم... ئەوەندە دەزانم کە شیعر لەم سەردەمەدا گەیشتووە بە قۆناغی بێ پێناسەیی.

**ئایا ئامانجە سەرەکییەکەی شیعر چییە، یان شیعر لە دەرەوەی ئامانجە، ئایا شیعر بیر لە ئامانج بکاتەوە نامرێت؟**

کاری شیعر نییە ئامانجی هەبێت... شیعر خۆی ئامانجە.

**ئەمڕۆ زۆر کەس دەبینین شیعر دەنووسن لە ئاستێکدا زمان و وێنەو خەیاڵێکی نزم و کەمخوێنی بەرهەمدێنن، کەچی لە بڵاوکراوەکاندا هیچ ڕێگرییەک بۆ ئەو بەناو شیعرانە نییەو بگرە هەندێک جار ستایش دەکرێن، ئایا دەکرێت بڵێین ئەمە گەندەڵیی ڕۆشنبیریی ئێمەیە؟**

من ئەوە زیاتر بۆ قەیرانی ڕۆژنامەگەریی و دەسەڵاتی کەلتووریی دەگێڕمەوە، کە بەداخەوە بەهۆی زۆربوونی لە رادەبەدەری ژمارەیان، کەمیان فلتەری هونەرییان هەیە پێش بڵاوبوونەوە بابەتی پێدا تێپەڕێت...

لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک بڵاوکراوە لەناو ئەو ئاپۆرەیەدا هەرماون، کە ئەوانیش بەداخەوە ژمارەیان کەمە تارادەیەک هەوڵدەدەن رووی گەشیان بەو ئاراستەیە دەربخەن، بەوەی بابەتی هەڵبژاردەی سەنگین و خاوەن روانین بڵاوبکەنەوە.

**پاشەڕۆژی شیعرت چۆن دێتە بەرچاو؟**

تا مرۆڤ مابێت زمان دەمێنێت... تا زمان بمێنێت شیعر دەمێنێت...

رەنگە دەنگەکان، وشەکان، روانینەکان ڕۆژێک لە ڕۆژان وەکو رواڵەت بگۆڕێن... بەڵام لە کاکڵ و جەوهەردا شیعر لە هەر دەورو زەمانێکدا بێت، ئامادەیی لەگەڵ مرۆڤدایە...

من باس لە شیعر دەکەم، ئەو بوونەوەرەی دیماهی نییە، وەک ئەوەی سەرەتایشی نەبووە...

شیعر پرۆسەیەکی ئیستاتیکی ئەبەدییە... دەمێنێت... زەوی ئەوەندە گەورە نییە ئەگەر شیعر نەمێنێت جێی مرۆڤی تێدا ببێتەوە...

# یوسف زەیدان، ڕۆماننووسی میسری: خەڵک بۆ خۆیان ناخوێننەوە، بەڵکو بڕیاری ئامادەکراو بەسەر دەقەکاندا دەدەن



**سازدانی: ئومێد تۆفیق**

**زەحمەتی ئاوێتەکردنی داڕشتنێکی ئەدەبی لەگەڵ بابەتە جدییەکان، سەرئێشە دروست ناکات، بەڵکو هەوڵێکی زۆر و وردەکاریی دەوێت لە دەرخکردنی ئەو"مەعریفە" پێویستەی لە بەرهەمهێنانی دەقێکی ئەدەبیدا بەکاردەبرێت.**

**دوابەدوای بڵاوبوونەوەی ڕۆمانی عەزازیل و وەرگرتنی خەڵاتی (پۆکەر) بۆ ڕۆمانی عەرەبی لە ساڵی ٢٠٠٨-دا، کڵێسای قیبتی لە میسر جگە لە تۆمارکردنی داوای یاسایی لەسەر زەیدان، بە پێنج کتێب وەڵامی ئەو بابەتانەی دایەوە، کە لە ڕۆمانەکەدا ئاماژەیان پێدرابوو، ئەمە جگە لەوەی بە ٢٠ زنجیرە فیلمی دۆکیۆمێنتاریی کە لەسەر سایتی (یوتیوب) بڵاوبووەوە، جارێکی دیکە کڵێسا هەوڵی ئەوەیدا ڕووداوە مێژووییەکانی ناو ڕۆمانەکە بەرپەچبداتەوە.**

**هاوکات لەگەڵ ناڕەزاییەکانی کڵێسای قیبتی لە ئەوروپا، بە تایبەت لە ئیتاڵیا وەک شاکار سەیری ڕۆمانەکە کراو جگە لە وەرگێڕانی بۆ زمانی ئیتاڵی، زەیدان بانگهێشتی ڕەسمیی کرا بۆ ئەو وڵاتە، لە چەند کۆڕێکدا نووسەرو ڕۆشنبیرو ڕەخنەگرانی ئەو وڵاتە تاوتوێی دەقەکەیان کرد. بەهەمان شێوە لە ئەڵمانیاش پێشوازییەکی گەورەی لێکراو بەپێی ئامارەکانی چەند مانگی پێشوو، وەک دووەمین کتێبی پڕفرۆشی ئەو وڵاتە دەستنیشانکرا.**
**لە ئێستادا ڕۆمانی عەزازیل لە وڵاتانی عەرەبیدا زیاتر لە ٢٠ چاپی کراوەو بۆ ١٥ زمانی زیندووی جیهان وەرگێڕدراوەو بەشێوەیەکی بەردەوامیش لەلایەن چەند دەزگایەکی گەورەی فیلمسازییەوە کاری لەسەر دەکرێت، پرۆژەی ئەوە خراوەتە بەردەم نووسەرەکەی تا ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکە بکەن بە فیلمی سینەمایی.**

**لە ڕۆمانی عەزازیلدا هەوڵی ئەوەتداوە چەندین بابەتی ئاڵۆزی وەک عەقڵگەرایی، ئەفسانە، لاهووت، چارەسەر بکەیت، ئایا دەکرێت تەنیا بە ژانرێکی ئەدەبیی وەک ڕۆمان دەستوەردرێتە ئەو بابەتانەوە، یاخود هەستت بە سەرئێشە نەکردووە لەکاتی هێنانی ئەو بابەتانەو دواتر تێهەڵکێشکردنی لە بابەتێکی ئەدەبیدا؟**

پێویستە ئەدەب، بە تایبەت ڕۆمان، هەڵبکوتێتە سەر ئەو بابەتانەی تۆ بە "ئاڵۆز" ناوت لێناون، ئەگینا بە پێچەوانەوە زۆر سادەنووس دەبێت، زەحمەتی ئاوێتەکردنی داڕشتنێکی ئەدەبیی و بابەتە جدییەکان، سەرئێشە دروست ناکات، بەڵکو هەوڵێکی زۆرو وردەکاریی دەوێت لە دەرخکردنی ئەو"مەعریفە" پێویستەی لە بەرهەمهێنانی دەقێکی ئەدەبیدا بەکاردەبرێت.

**بۆچوونێک هەیە، تۆ وەک سەلمان ڕوشدی دەستت دابێت لە پیرۆزییە ئاینییەکان، لەوەش زیاتر، هەوڵی ئەوەتداوە بە نووسینی عەزازیل بەشێوەیەکی بەشەکی کەمێک لە توڕەیی موسڵمانەکان لە بەرامبەر خۆرئاوادا کەمبکەیتەوە، کە دوای نووسینی "ئایەتە شەیتانییەکان"ی ڕوشدی گرتبوونییەوە؟**

ئەم قسەیە هیچ مانایەکی نییە، ئەوانەی ئەو قسەیە دەکەن ڕۆمانەکەیان نەخوێندووەتەوە، ئامانجی سەرەکیش لێی، پڕکردنی خەڵکە لە بەرامبەر منداو پشتیش بەوە دەبەستن، خەڵک بۆ خۆیان ناخوێننەوە، بەڵکو بڕیاری ئامادەکراو بەسەر دەقەکاندا دەدەن.

**وەک فیڵێکی ئەدەبیی لە پێشەکییەکەدا ئاماژەت بەوەکردووە: رۆمانی عەزازیل دەقێکی کۆنەو هیبای راهیب (کارەکتەری رۆمانەکە)، بە زمانی سریانی لە ساڵی ١٥٥٥ نووسیویەتی، لە یەکێک لە ئاسەوارە رووخاوەکانی شام دۆزراوەتەوە، تا چ ئاستێک ئەو فێڵە بۆ سەرکەوتنی جیهانیی رۆمانەکە سەرکەوتوو بوو؟**

ئەوە فێڵێکی ئەدەبیی ئاشنایە، بە شێوەیەکی بەردەوام رۆماننووسەکان لە رۆژانی (سرڤانتس)ی نووسەری (دۆنکیشۆت)ەوە بەکاریدەهێنن. گرنگییەکەی لەوەدایە خەیاڵی خوێنەر لە دەقدا بگەیەنێتە ئاستی باڵا.

**عیشق و لاهووت و عەقڵگەرایی پێکەوە بوونەتە سێکوچکەی رۆمانەکە، بەڵام دەتەوێت عەقڵگەرایی بەسەر عیشق و لاهووتدا زاڵ بکەیت، تەنانەت کارەکتەرە عەقڵگەراکان ئەگەر بشمرن و ژیانیان کۆتایی بێت، بەسەر کارەکتەرەکانی لاهووتدا زاڵ دەبن، لەو روانگەیەوە دەتەوێت بڵێیت لە لاهووت و عیشقدا شتێک نییە بە ناوی پێشکەوتن و ژیان؟**

ئەو سێ بابەتە گەورەیە، بەپێی حاڵ و مەقام و نەریت و دەوروبەر، بەدەوری ژیانی تاکەکانی مرۆڤایەتیدا دەسورێنەوە. سەرەنجامیش ئەوەیە هیچ رێگایەکی هەڵاتن نییە لێیان. گرنگ ئەوەیە لە ئەزموونی مرۆڤدا، ئەو سێ بابەتە راستەقینە بن و قووڵبن، ئەگەر هاتوو یەکێک لەو سێکوچکەیە رایبکێشن.

**ئۆکتافیاو مەرتا، دوو ژنە پاڵەوانن، بە جەستەو رۆح، هیبا دەکەوێتە داوی خۆشەویستییانەوە، لە ئەزموونی یەکەمدا بتپەرستیی زاڵدەبێت بەسەر عەشقداو جیایان دەکاتەوە، لە دووەمیشیاندا ئایین دەبێتە رێگری چارەنووسی بەیەکگەیشتنیان، لەو دوو دیمەنەدا چ چارەنووسێک دەدەیت بە عەشق؟**

لە هەردوو دیمەنەکەدا جیاوازیی حاڵەتەکە دەگەڕێتەوە بۆ گەشەی ژیانی رۆحی هیبای راهیب و رادەی رۆچوونی لە مومارەسەی عەشقەکەدا.

**لەناو گومانەکانی هیبا دەربارەی تاوانی یەکەمی ئادەم و حەوا، پاڵەوان لە دەروونی خۆیدا پرسیار دەربارەی رووداوی دەرکردنیان دەکات لە بەهەشت بەهۆی خواردنی بەری دارێکەوە، دوای ئەوە دەڵێت... هۆکاری سەرەکی دەرکردنیان لە بەهەشت ئەوە بووە لەوکاتەدا بەری دارەکەیان خواردووە، مەعریفەیەکیان لا دروستبوو کە یەکتریان پێناسی و هاوکات هەریەکەیان ئەوی دی بەڕووتی بینی. لەوێدا دەوەستیت و لەسەر زمانی پاڵەوان دەڵێیت: ئەگەر ببوا هەردووکیان جاهیل**

**بوونایە، داخۆ بۆ هەتا هەتا خودا لە بەهەشتدا دەیهێشتنەوە. دەتەوێت لەوێدا مانیفێستی جەدەلی پەیوەندیی دژیەکی مەعریفەو لاهووت بکەیت؟**

ئەوانە وتووێژی ناو دەروون و گومانگەلێکن لە قۆناغێکی ژیاندا خەویان لە هیبا زڕاندووە. لاهووتیش لە ئاستی خۆیدا جۆرێکە لە مەعریفە، بۆیە بە زمانە ئەوروپییەکان پێی وتراوە "سیۆلۆژی"، سیۆ؛ بە مانای خوا، لۆژی؛ بە مانای زانست.

**وەرگێڕانی عەزازیل بۆ ١١ زمانی جیهانیی و ١٩ چاپی بە عەرەبی، چی پێ بەخشیویت؟**

ڕاستییەکەی بڵێم بۆ زیاتر لە ١٥ زمان وەرگێڕدراوە، چاپە عەرەبییەکەشی گەشتووەتە ٢٠ چاپی یاسایی، ئەمە جگە لەوەی چەند چاپێکی ساختەی ڕۆمانەکە لە سوریاو لوبنان و جەزائیر دەرچووە... دیارە هەموو ئەو چاپ و وەرگێڕانانە پێشوازیی خوێنەران بۆ ئەو دەقە پیشاندەدەن کە ڕەخنەگرە سادەکان پێیانوایە خوێندنەوەی بۆ خوێنەر ئەستەمە.

**لە سێ شوێنی ڕۆمانەکەدا ئاماژەت بە کورد کردووە: لە دیمەنی هاتنی تیۆدۆری راڤەچی بۆ ئۆرشەلیم لەوکاتەی پیاوێکی کورد لێی دەچێتەوە پێشەوە تا دەستی ماچ بکات، لەوکاتەشدا سەرۆکی کاروانییەک دێت بۆ دێرەکەی حەلەب بە مەبەستی ئەوەی هیبا چارەی نەخۆشییەکەی بکات، لەوکاتەشدا پێنج پیاوی ڕێبواری ئایینی مەسیحی لادەدەن بەو مەبەستەی دوای چەند ڕۆژێک بەرەو وڵاتی کوردان بەڕێ بکەون. مەبەستت چییە لە ناوهێنانی کورد، لە کاتێکدا تۆ دەتەوێت ڕووداوگەلێک بگێڕیتەوە کە ساڵی ١٥٥٥ ڕوویانداوە؟**

مەبەستم ئاماژەدانە بۆ بوونی کوردو ئامادەیی مێژووییان لەوکاتەدا دێرینەدا، کە ئەمەش ڕاستییەو کەسێک نکوڵیی لێدەکات جاهیلە بە مێژوو، یان خۆی لێ بێئاگا دەکات.

**بەپێی لێدوانەکانی خۆت بۆ میدیا عەرەبی و جیهانییەکان، وەرگێڕانی کوردی عەزازیل، یەکەمین وەرگێڕانی ڕۆمانەکەتە، چیت هەیە بۆ خوێنەری کورد؟**

پێموابێت خوێنەری کورد دانسقە بێت، بەوپێیەی لە ڕووی مێژوویی و جوگرافییەوە کەوتووەتە ناوچەی عەرەب و فارس و تورکەوە... دەستپێشخەری کوردیش بۆ گرنگیدان بە عەزازیل بەڵگەی ئەو ڕاستییەیە.

**پرۆفایل:**

لە ٣٠ یۆنیۆی ١٩٥٨ لە شاری سوهاجی صەعیدی میسر لەدایکبووە.

لە ساڵی ١٩٨٠ لیسانسی لە زانکۆی ئیسکەندەرییە وەرگرتووە.

لە هەمان زانکۆ ماستەری لە فەلسەفەی ئیسلامیدا وەرگرتووە.

لە ساڵی ١٩٩٩ پلەی پرۆفیسۆری لە فەلسەفەو مێژووی زانستە گشتییەکاندا پێبەخشراوە.

لە فەلسەفەو تەسەوفی ئیسلامیدا زیاتر لە هەشت دانراو و ساغکردنەوەی دەستنووسی کۆنی هەیە.

لە بواری پزیشکیدا گەورەترین دەستنووسی فەرهەنگی پزیشکی سەدەکانی ناوەڕاستی ساغکردووەتەوە بە ناوی "الشامل فی صناعه الطبیة"، کە عەلائەدین بن نەفیس دایناوەو ٣٠ بەرگە.

وەک راوێژکاری رێکخراوەکانی: یۆنسکۆ و ئیسکوا کاردەکات و ئەندامە لە "لیژنەی راوێژکاری پەیمانگای دەستنووسە عەرەبییەکان" لە قاهیرە، هەروەها ئەندامە لە "کۆمەڵەی نێودەوڵەتیی مێژووی پزیشکی لە پاریس".

لە بواری مێژووی پزیشکی و دەستنووسدا چوار خەڵاتی گرنگی نێودەوڵەتیی پێبەخشراوە.

لە بواری ئەدەبدا خاوەنی سێ رۆمانە بە ناوەکانی: سێبەری مار، نیبتی، عەزازیل کە وەک باشترین رۆمانی عەرەبی، خەڵاتی پۆکەری وەرگرتووە.

# وەرگێڕان

خوێندنەوە لە دەفتەری باراندا...

**شیعری: موزەفەر نەواب**
**و. لە عەرەبییەوە: غەفور ساڵح**

بۆ ئەو ئامێری چاپەی کە دوای خۆم پاشکۆی پەنجەکانمە

**عەزیز نەسین**
**و. لە تورکییەوە: بەکر شوانی**

چەند مینیماڵێکی رەسوڵ یۆنان

**رەسوڵ یۆنان**
**لە فارسییەوە: جەبار سابیر**

ئەوین

**جسن ستیوارت**
**و. لە عەرەبییەوە: تاهیر ساڵح سەعید**

پیاوی سەهۆڵیی

**نووسەر: هارۆکی مۆراکامی**
**و. لە ئینگلیزییەوە: سروە مێنبەری**

پیاوی قۆناغەکان

**نووسینی: محەمەد ماغووت**
**و. لە عەرەبییەوە: بەرزان بابەشێخ**

شێتێتی بێ کەنار

**جابر محەمەد جابر**
**و. لە عەرەبییەوە: سەلاح جەلال**

# خوێندنەوە لە دەفتەری باراندا...



**شیعری: موزەفەر نەواب**
**و. لە عەرەبییەوە: غەفور ساڵح عەبدوڵڵا**

((من دڵم وەکو پرتەقاڵێک هەڵگرتووە، وەرز ڕۆیشت و پێنەگەیشت، گوڵی پرتەقاڵی داو بۆنی خۆری دوێنێی تێدا بوو. بۆ ئەحمەد برادەرێک لە ((شەیاح)))).

**لە شەودا، نەورەس لە شەودا ون دەبێ**
**بەلەم لە شەودا**
**چاوانی پێڵاوەکەم بۆنی هەنگاوی ژنێک دەکات لە شەودا**
**ژنێک جگە لە بەلەمێک بۆ پەڕینەوە لە شەودا هیچی تر نییە**
**ئەی ژنی شەو، من پیاوێکم بە سوپایەکی دۆڕاوەوە جەنگام**
**لە دڵمدا هاواری پەپووە**
**ئەنجامیش...**
**سەرکردەکانمان لەگەڵ دوژمنەکانماندا تەوقەیان کرد و ئێمە دەجەنگاین**
**بینیانمان لە سوپاکەی دیکەدا خەوتن و سوپایش دەجەنگا**
**ئێستایش بە دوای سۆزانیخانەیەکەوە دەگەڕێم، بەلەمێک بەکرێ دەگرم**
**شەو لەگەڵ نەوەیەکی شکاوی درێژدا**

له قاوەخانەی زەیتوونەدا، پەنجەرەیەک بۆ غەریبان هەیە
شەپۆل تێیدا دەگری
کەسوکارم تێیدا دەگرین و
پیاوان تێدا پەنجەی منداڵە غەریبەکان راودەکەن
هێشتا ئادەمیزادی لاوازین
بەدوای پەرۆشییەوە دەگەڕێین، پەرۆشیش ماندوومان ناکات
تا رادەی پەرۆشیی دڵداریی دەکەین و کینە لەدڵین
بینیانمان لەگەڵ سوپاکەی دیکەدا خەوتن و سوپایش دەجەنگا
له سۆزانیخانەدا بۆیان گەڕاین
ئەی پەنجەرەی زەیتوونە... بەدوای سۆزانیخانەوە دەگەڕێم
بەدوای قوڕەوە دەگەڕێم
ئەی گوڵەکەی ماڵم، ئەی نیشتمانەکەم
ئا لێرەدا بە خەمێکی دوورخراوە بمێنمەوە!
لەسەر لاڵی خۆم بمێنمەوە، تابووتی لەتە کاغەزی ماندوو
تەنانەت تەختەکەی خۆیشم ناناسم
نازانم دوورگەکان لە کوێ بەجێم دەهێڵن
شەوی ئاو لەسەر برینەکەمە
نازانم چۆن مرۆڤ بەڕێگای فرمێسکدا رەت دەبێ
ناتوانم بێ ئومێد بم
سەوزە دای لە تەختە و تاراوگەکەم
گوێم لێ بوو مۆمەکان لە دڵمدا موتربە دەکرێن و
هاوارێک کە ساڵانێک پشتگوێخرابوو تووڕە نەدەبوو، نەشدەگریا
لەگەڵ رۆژەکاندا رێکەوت، لەبیرم کرد، لەبیرم کرد و لەپڕ بۆم هات
لەم شەوەدا
تۆ، من سەروچاوت ناناسم، نازانم (تۆ)
ساڵانێک دوای تۆ، ماڵەکەم دەرگای نەبوو
ساڵانێک، هەناسکە هەناسکم بوو... لەدوای خەوەوە پێت دەگەم و تۆ سەراب بوویت
لە گوڵی ماڵەکەمدا، لە نیشتمانەکەمدا خۆشم ویست
هەر کە زمانی ماڵەکەمتان فرۆشت و (شیاح) و کەسوکارم براکەم
لە بارانی شەودا

ئەی بۆچی زمانێکی دیکەتان بەکرێگرت؟
رووخساری شارەکەمانتان بەرەڵاکرد بۆ شەو؟
پیتەکانی منتان لە ئاوارەییدا بەجێهێشت
وەکو پەنجەی هەتیوەکان لە پەنجەرەدا
وەکو قەراغی دەمی منداڵێک کە دەگری
لەوپەڕی خەمەوە هاتم
بۆ ئەوەی دەرگای ماڵە دۆڕاوەکان دابخەم
بە مرۆڤ مژدە بدەم بەمرۆڤ و بە(شیاح)
ئەو کەسەی کە میچێکی نییە، لەم دنیایەدا میچێکی دەبێ
دەخەوێ
بەڵام، لە ماڵێکی دۆڕاو شەرم بکە
ئەوانەیش شەرمەزار دەبن کە زمانەکەم دەفرۆشن
من نووسراوم لە برنج و هەنگوینی سەوز و لە هەنجیر
من بە شەکر دارخورماکانی (کوفە) موتربە دەکەم و
منداڵان لەسەر پردی چوارەم لە (عەشار)
من ماڵێک شک نابەم کە ماندوویی خۆمی تێدا داکەنم
بەڵام وەکو برووسکە مژدەدەم بە زەوی و
مژدەدەم کە باران بەڕێوەیە
لەسەر تابلۆکەمان هەموو سەروچاوە دۆڕاوەکان دەشۆرێتەوە
ئەو کەسە دەشۆرێتەوە کە بەدوای پەشیمانی و سۆزانیخانەیەکدا
دەگەڕێت و
بە بارانی گەرم باڵی نەورەس دەشواتەوەو
ماڵانی خۆشەویستەکەیشمان و
یەکەم پیت لە زمانەکەمدا.
ئەی گوڵی ماڵەکەم، ئەی نیشتمانەکەم، بمبارێنە
خەمی وڵاتەکەم لەسەر ئاو
چیدی جگە لە شینایی لەسەر ئاو دەڕوێ و
سەوزایی پەنجەی منداڵە خنکاوەکان
کە رۆژانێک لە قەوزەدا دەڕوێن و دەمرن.
ئاو رێگای غەریبانە
ئاو رێگای زەماوەندمە

گوڵ و ڕەشاش
نانی کەتیرە شامی ئەستێرەیە لە بێدەنگیدا
شامی منیشە.
ئاو ڕێگای ئاوەو
خانۆچکەیە کە تێیدا ناخوێنین و
گۆناکانی وشک دەکەینەوە ئەگەر تەڕبوو.
هاوڕێتی چرای خەو دەکەین
ڕۆژانێکە ئەی گوڵی ماڵەکەم
لە خەوەنووتکێوە دوورم
دەستم لەگەڵ ڕووبارەکان و هەموو پردەکانی خەڵک تێکەڵ کردووە
بۆ لای تر، بۆلای تۆ.
لەبیرم چوو
لەبیرم چوو کە تۆ ئاوی لە نیشتمانەکەمدا
ناوت لە شەودا کەتیرە دەچۆڕێنی لە سێو
ڕووبارێک تووشی گەرمای شەوانی هاوین دەبێ
بەڵێن بە هەموو بارانەکان دەدات و
بەڵێن بە منیش دەدات
بەئاگایی بەڵێنم دەداتێ؟
بە دڵم درۆم کرد
وەکو بڵاوکراوەی هەواڵەکان درۆم کرد
درۆ دەکات... درۆ دەکات... بە ئاگایی بەردەوام درۆ دەکات
بەردەوام
وەکوبڵێی تۆ غوربەتی و
وەکوبڵێی تۆ شۆستەیەک بووی لە غوربەتدا و
وەکوبڵێی باوبووی لە غوربەتدا
وەکوبڵێی، تۆ نازانی، کە غوربەت
لە تۆدا تەڕبوونە، وەکو ئاوی شەو لەسەر درەختەکاندا
ناوت بۆ من ماڵە لە شەودا
لەبیرم چوو، لەبەر خێرایی دڵم، هەموو لە شەودا پەنجەرەکانی کراوەن
بیرم چوو، بیرم چوو، بەئاگای هێنامەوە
(با)ی پەنجەرەکە لەسەر نیشتمانە

ئەی نیشتمانم، وەکوبڵێی تۆ غوربەتی
وەکوبڵێی لە دڵمدا بەدوای نیشتمانی خۆتەوە دەگەڕێی
کە داڵدەت بدات
ئێمە دووانین بەبێ نیشتمان، ئەی نیشتمانەکەم
وەکو دوێنێ بە پەرۆش بووم و لە دڵەوە ڕەت بوویت
ڕێگاوبانی شارەکەمان دەگرین
فرمێسک لەسەر شۆستەکانم دەگری، دەگری
شارەکەی ڕۆژانیان فرۆشتم، لە گۆڕەپانێکدا کە دەگریا
ئەی ژنی شەو من پیاوێکم، شاری ڕۆژانیمیان فرۆشت بە شەو
منیان فرۆشت وەکو کتێبێک بۆ جاری دووەم چاپ بکرێتەوە
خەونەکانمیان فرۆشت
کێ بۆ خەمێکی درەنگ دەگری
کێ لە بازاڕدا سەروچاوم دەناسێتەوە.
خەریکە نەوتەکەت دەمکوژێنێتەوە
ئەی ئەو گەنمەی کە دێت
کە پەنجەرەی ماڵ دەداتە بەر خۆر
ئەگەر بمزانیبا کە ماڵێکمان هەیە لەودیوی تاریکیی دنیاوەو
منداڵانی وەکو تۆیش لە ماڵدا
ئەگەر چەکم ناسیبا
ئەگەر زانیبام بۆچی بێدەنگیی و خەمی سووربوون دەخۆین
ئەگەر سەربازگەکەمان و گۆڕەکانی ئاو و دەنگی شەوم ناسیباو
سەروچاوی هەر نۆ هاوڕێکەم لەبەر ئاگر دیتبا
ئەگەر دەمزانی بۆچی برسیەتی لە زۆنکاوەکان نشتەجێیە
برسێتی و سێ رووبار!
ئەگەر شەرمی تاڵم ناسیبا
لە ناوچەوانی شۆڕشگێڕدا کە هەرەس دێنێ
شۆڕشم دەناسی
دەمزانی بۆچی شۆڕش
دەمزانی کە شۆڕشگێڕ بێئومێد نابێ لە لابردنی سفر لە سەروچاوی شەودا
دەمزانی، بۆچی بۆ سۆزانیخانە دەگەڕێم
دەمزانی، بۆچی لە سەروچاوی خەڵکیدا بۆ مرۆڤ دەگەڕێم

لە سەروچاوی تۆدا بۆ مرۆڤ دەگەڕێم بۆ مرۆڤ
لە ڕێگاوبانی شارەکەتاندا دەگەڕێم بۆ سەروچاوێک کە بمناسێ
وەکو پەپوویەکی بریندار دەگریم، لەسەر دیواری شەودا
دوێنێ بە تاسەوە بووم و لە دڵمدا هەموو وێرانەکانی ڕەت بوون.
دەگری
ئەی شارانی خەڵک، شارەکەمان دەگری
فریادڕەس دێت... وەکو مۆم لەژێر ئاودا
دوو ساڵ لەژێر ئاودا فێری خەم بوو
دوو ساڵ ناوی کوژراوەکان شین بوون، ناویان وەرگرت و
بیرچوونەوە شین بوو
بۆ فریادڕەسیش، ڕێگاو خاچ لە پارچەکانی سەوزایی
شین بوو
دڵم خەمبارە بۆ فریادڕەسێک
وەکو کتێبـی خەمەکان
وەکو نووسینەکانی (با)
وەکو شیوەنی سەرکەوتن، ئەگەر دڵی سەرکردەیش سازشی کرد
وەکو چۆن لە سۆزانیخانەدا قورئان دەخوێنرێ و
دڵم خەمبارە
وەکو قسەوباسی تەمەنی بەسەرچووی
فریادڕەس
لە ڕێگاوبانی شارەکەتاندا سووکایەتییان بە خەمم کرد
سۆزانیخانە لە شەوی شارەکەتاندا بە رابواردنترە لە خەمەکەم
گۆڕ لە شەوی شارەکەتاندا پتر بە ئاهەنگترە
من لەو پەڕی خەمەوە هاتووم مژدە دەدەم
بە مرۆڤ بە فریادڕەس و
لە ڕۆژانی شارەکەتان دەترسم لە ئێوە.
لە زمانێکی دیکەوە
لە ڕێگاوبانە گومڕاکان بە مرۆڤ و گوڵی سەبر، ڕۆحم
دژوێن بوو
ئەی فریادڕەس، ڕۆحم دژوێن بوو
تەنانەت دژوێنیشم ئەشکەنجەی دەکێشا

دەردەسەریم بینی، چونکە لە غوربەتدا دەمناسی
دەردەسەرییم بینی، چونکە بە دڵنیایەکی ماندووەوە، وەکو گومان
مەمەڵەم کرد لەگەڵ غوربەتدا
ئازارم بینی... و چی دەزانی؟
بۆ بزانی؟
دوێنێ رۆیشتی
خەمی ماسییەکان لەسەر سەروچاوت بوو
پرسیارم کرد... پرسیارم کرد
پرسیاری تۆم لە راوچییەکان کرد
پرسیارم کرد بۆ نازانی؟
خاچەکەتکم هەڵگرت، لە بیرچوونەوەدا بەجێم مەهێڵە
جێم مەهێڵە، چونکە گومان مرۆڤ لە مندا دەکوژێت
جێم مەهێڵە، ئەی تۆ فریادڕەس نیت؟
ئەی تۆ هاوڕێی چڵکنەکان نیت؟
لە پێناوی خاچەکەتدا لە شەودا گەڵادەکەم
لەسەر دەرگاکان
لە پێناوی خاچەکەی تۆدا لە سۆزانخانەدا خەوتم و دیتم خاچەکەت
لە پەشیمانیدا دەگری
لە پەنجەرە
بە تەنیا جێم مەهێڵە
خەڵک لێرەدا لە غوربەتدان...

سەرچاوە:

الاعمال كاملة، مظفر النواب.



# بۆ ئەو ئامێری چاپەی کە دوای خۆم پاشکۆی پەنجەکانمە

**عەزیز نەسین**
**و. لە تورکییەوە: بەکر شوانی**

پیتی "ە"ی ئامێری چاپە رەنجدەرەکەم کەوتووە. زۆر گەڕام، بەڵام لە ژوورەکەدا پیتی "ە"ی کەوتووم پێ نەدۆزرایەوە. چ نەگبەتییەکە! بەشی یازدەیەمی زنجیرەی رادیۆیی "لە سەرکەوتنمدا قەرداری ژنەکەمم" کە ئێستا خەریکی نووسینیم، بڕێکی زۆر "ە"ی تێدایە... بێ ویستی خۆم ئەو بەشەم بێ "ە" نووسی، پاشان بە قەڵەم لە شوێنە خاڵییەکاندا "ە"اکانم دانا.

دوو دانە ئامێری چاپی تریشم هەن. ئەوانە نوێن، بەڵام من ئەم کۆنەیانم خۆشدەوێت، بەیەکدی راهاتووین، ئەو ئیدی ئامێر نییە، بەشێکە، شتێکە لە من و بە تێپەڕبوونی کات بووە بە من. هەستدەکەم وەک دەست و پەنجەکانم و ئۆرگانێکی جەستەم وایە، لە دۆخی ئامێریی دەرچووە، بووە بە هەبوونێکی ئۆرگانێک و پێمەوە نووساوە، بۆیە ئەگەر ئامێری چاپەکەم تێکبچێت، لە منیشدا کەموکورتییەک روودەدات، یان پێموایە پێویست دەکات وا هەست بکەم. بۆ

نموونە، ئێستا کە پیتی "ە"ی ئامێرەکەم کەوتووە، هەستێکی وام لە کن دروست بووە وەک ئەوەی ددانێکم کەوتبێت، یان پەنجەیەکم بریندار بووبێت.

ئەم ئامێری چاپە یەکەم شتە کە لە کاتی ژنهێنانمدا کڕیم. ڕۆژێکی مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٥٦ بوو. تازە لە زیندان دەرچووبووم. کاتێک پێکەوە لەگەڵ هاوسەرەکەمدا بە شەقامی ئیستیقلالدا دەڕۆیشتین، ئەم ئامێرەمان لە جامخانەی مەغازەیەکدا بینی و بەگەنمان کرد. بە قەردی مانگانە کڕیم، لە هەموویشی سەیرتر، یارۆی فرۆشیار داوای بریکاری لێم نەکرد.

کەواتە ماوەی نۆزدە ساڵە لەگەڵ ئامێری چاپەکەمدا پێکەوەین، زۆر بە یەکتر ڕاهاتووین، قسە دەبیستێت، گوێڕایەڵەو هیچ داخوازێکم ڕەت ناکاتەوە. هاوبەشی خەمگینی، ئازار، شادی و هەموو هەستەکانمە، گشت ئەو رازانەم دەزانێت کە هیچ کەسێک پێیان نەزانیوەو نازانێت، چونکە بە پەنجا و یەک پەنجەی زراڤ و درێژی ئەم ئامێرەی من کە پیتەکانیان دەکەونە شوێنی نینۆکی قامکەکان، هەموو رازەکانی خۆم نووسیوە.

من زۆر باش دەناسێت، هەر دەڵێیت پاشکۆی دەستەکانمە، هیچ ئامێرێکی چاپی نوێ ناتوانێت جێی ئەو بگرێتەوە، تەنانەت ئەگەر ئامێری باشتر، ڕێکوپێکتر، ئاسانتر و زوو نووستریشم هەبێت، من ناتوانم لەو جودا ببمەوە. هەستدەکەم هەنگاوێکی لەو جۆرە ناپاکیکردنە لەو، لە ڕوویەکی تریشەوە، لە خۆم.

بەداخەوە ئامێری چاپەکەشم وەک خۆم پیر و کۆن دەبێت و دەفەوتێت، پارچە پەڕۆی ڕەشی ژێری هێندە داڕزاوە، بە جۆرێک لە هەندێک جێوە دڕاوە، شی بووەتەوەو ریشاڵی دەرداوە، ئەو جێیانەی بەزۆری پەنجەکانمیان بەرکەتوون، سفت و لووس بوون و وەک پۆڵا دەبریسکێنەوە!... کاتێک تەماشای بۆیە و کانزای ئامێری چاپەکەم دەکەم کە بەدەم بەکارهێنانەوە ڕەنگیان پێوە نەماوە و سفت بوون، دوایین نۆزدە ساڵی سی و پێنج ساڵ نووسەریی خۆم دەبینم، تۆ بڵێیت پەنجەکانم چەند جار بەر ئاسنی ئامێری چاپەکەم کەوتبن تا بەو شێوەیە سفت و کەل بووبێت!...

خزمەتی زۆری کردم، فرە هاوکاریمی کرد و گەلێک کاری بۆم ڕاپەڕاند. ئەم ئامێرەم زۆر بۆم خەبتی. ناتوانم بڵێم منیش لە بەرامبەر ئەوەدا زۆر باش خزمەتم کردووە، پاراستوومە و چاوم لێ بووە، ئەمە بە مەرجێک من هیچ کاتێک ئەوم لە خۆم جیا نەکردووەتەوە، چۆن و چەند خزمەتی خۆم کردبێت، هی ئەویشم هەرئەوەندە کردووە، هێندەی بایەخدان بە خۆم، نە باشتر، نە خراپتر...، کتوموت وەک ئەوەی بەسەر خۆم هێنا، ئەمیشم بە کەمتەرخەمی بەکارهێنا، زۆر کارم پێ

کرد، کۆنم کرد و پەکم خست...، کاری پێنج ئامێری چاپم لە کۆڵی ئەو بار کرد. بەکورتی: هیچ جیاوازییەکم لە نێوان خۆم و ئەودا نەکرد.

کاتێک گەشت دەکەم، ئەگەرچی دەگمەنیش بێت، هەست بە ئازاری لەبەرچاو نەبوونی و لێ دوورکەوتنەوەی دەکەم، بەتایبەتی لە گەشتەکانمدا بۆ دەرەوەی وڵات هێندە تاسەی دەکەم، کار دەکات بەوەی بێتە پێش چاوم و تەنانەت هەستێکی وام لە کن دروست دەبێت کە ئەویش بیری من دەکات.

هەرچەندە تەواو دڵنیاش نییم، بەڵام هەستدەکەم لە ئاست ئەوانی تردا دڵی لێ پیس دەکەم...، وەلێ دڵدانەوەیەکم هەیە: نە لە ژیانمدا و نە دوای مردنم کەس ناتوانێت بەکاری بهێنێت، چونکە ئەوەندە بەکارم هێناوە تا شەکەت و کۆنم کردووەو هێندە تێکمداوەو بە تێپەڕبوونی کات ئەوەندە لەگەڵ خۆمدا بەراوردم کردووە، چەندین خووی جۆراوجۆری بەدەستهێناوە، کەسانی نائاشنا بە خووە تایبەتەکانی ئامێری چاپەکەم ناتوانن بەکاری بهێنن، چونکە ئەم هاوڕەنجەی ماوەی نۆزدە ساڵم گوێڕایەڵی فەرمانی کەسانێک نابێت کە ئاشنای خەسڵەت و خووەکانی نەبن. بە کەللەڕەقییەکی بێ وێنەوە بەرگریی لە خۆی دەکات بۆ ئەوەی تەنانەت یەک پیتیش بە دەستی کەسانی تر نەنووسێت. هەندێک رازی هەیە تەنیا من پێیان دەزانم، بۆ نموونە، با یەکێک لە نهێنییەکانی ئاشکرا بکەم: بۆ نووسینی نیشانەی پرسیار، پێویستە دەست بەسەر شوێنی پێشاندەری نیشانەی وێرگوڵدا بنرێت، هەندێک لە پیتەکان هێندە سڕدراونەتەوە، چی دی ناخوێندرێنەوە. بۆ نموونە، هەردوو پیتی "چ" و "ئوێ" و نیشانەی "–" هەر هیچ نابینرێن، چۆن مرۆڤ بێ گەڕان دەم و لووتی خۆی دەدۆزێتەوە، منیش راهاتووم و شوێنی پیتە سڕدراوەکانی ئامێری چاپەکەم لە خۆمەوە دەدۆزمەوە.

دەزانم، ئامێری چاپی شەکەت و ماندووم لە خۆم زیاتر نابێت بە یاری کەسی تر، کەسانێکیش شک نابرێت خزمەتی بکەن، هیچ روویەکی دروەشاوەیی و دڵبزوێنیش بۆ تەماشاکردن بە رووخسارییەوە نەماوە...، کەسانی تر چی لێ بکەن؟! واتا رێک بە گوێرەی خۆمەو کتومت بۆ خۆم گونجاوە...

مافی نەدراوی ماوە و فرە مافی کەوتووەتە لای منەوە، بەسەر پشتی ئەوەوە پارەی زۆرم دەست کەوت، دوای خۆم، ئەو تاکە شتێکە بە درێژاییی ژیانم رەتاندبێتم، بژێویی منداڵەکان و هاوسەر و ماڵم بەو پەیدا کرد.

لە سەروبەندی دامەزراندنی بناغەی وەقفی نەسیندا چوار مانگ لەژێر چادردا مامەوە، ئامێری چاپەکەشم لام بوو و هەر پێکەوە کارمان دەکرد، ئا لەو رۆژانەدا زۆر دەترسام دزێک بچێتە ژێر چادرەکەوەو بیدزێت، شتومەکی گرانبەهاتریشم

هەبوو لەژێر چادرەکەدا، بەڵام هێندە غەمگین نەدەبووم بۆ دزینی ئەو شتانە، چونکە دەمتوانی شتی باشتر و نوێتر لە جێی شتومەکە دزراوەکان بکڕم، بەڵام نەمدەتوانی شتێکی باشتر و جوانتر لەم ئامێری چاپەم بکڕم کە شوێنەواری دوایین نۆزدە ساڵی ژیانی نووسیاریمی پێوەیە. بە واتایەکی تر، رابردووی خۆم پێ نەدەکڕدرایەوە. ئامێری چاپی لەو جوانتر و باشتریش نەبووە و نابێت...، لەودا پەنجە، گەرمی، بیر و بۆچوون، هەست، ئازار و شادیم هەیە و خوێنی من لە جەستەیدا دەسووڕێتەوە. هەر جارێک دەچووم بۆ چاتلاجە و ئەوم لەژێر چادردا بەجێدەهێشت، هەر ئەوەندەی دەگەڕامەوە، یەکەم کارم بریتی بوو لە تەماشاکردن بۆ ئەوەی بزانم لە شوێنی خۆی ماوە، یان نا؟!

دوێنێ لە نامەیەکدا کە بۆ کوڕەکەم نارد، نووسیم: "ئەگەر رۆژێک لە رۆژانی دوای مردنمدا لە ژوورەکەمەوە گوێتان لە دەنگی ئامێری چاپەکەم بێت و بچنە ژوورەکەم و ببینن کاغەز خراوەتە سەری و نووسینی لەسەر نووسراوە، هیچ سەرتان سووڕ نەمێنێت!" دوای نەمانی من، ئامێری چاپەکەم دەتوانێت لەبری من بنووسێت، چونکە لە ماوەی ئەو هەموو ساڵەی پێکەوە ژیانمان و بە هەڤڕا کارکردنماندا ئیدی ئەو فێر بووە من چی و چۆن دەنووسم. منیش لە ژیاندا نەمێنم، ئەو دەتوانێت نووسینەکانم بنووسێت و ناوم بخاتە ژێریان، ئەگەر ئارەزوو بکات، دەتوانێت ناوی خۆی دابنێت و بنووسێت: "لەبری نووسەر، ئامێری چاپ!"

ئەرێ وتم ئامێری چاپەکەم گوێڕایەڵە؟ بەڵێ، ساڵانی سەرەتا وا بوو. چییم بویستبایە، پێم دەنووسی، لەژێر فەرمانمدا بوو، بەڵام لە ساڵانی دواتردا شتێکی کەللەڕەقی لێ دەرچوو، تا پیرتریش دەبێت، زیاتر رووبەڕووم دەبێتەوە، ئێستا ناتوانم وەک جاران هەموو شتێکی خۆمی پێ بنووسم. وای لێهاتووە خەریکە ناچارم دەکات ویستەکانی خۆیم پێ بە نووسین بدات. هەروەک چۆن بۆ ئاژەڵی ماڵیی زۆرزان دەوترێت: "خەریکە بێتە گۆ!"، ئامێری چاپەکەی منیش وایە و خەریکە دێتە گۆ. بیانووم پێ دەگرێت، شتم بەسەردا دەسەپێنێت، سەر بەرز دەکاتەوە و هەوڵدەدات ئەمەم پێ بڵێت، یان تێم بگەیەنێت: "ئیدی هیچ کاممان گەنج نیین. لە تافی لاویدا ناچار بوویت زۆر بنووسیت، کاتت هەبوو بۆ راستکردنەوەو گۆڕینی نووسینە خراپەکان و نووسینی شتی باشتر لە جێیان. ئومێدت هەبوو بەرهەمی باشتر بنووسیت، لە تافی لاویتدا بەلاتەوە گرنگ بوو چی دەنووسیت، نەک چۆن دەنووسیت، بەڵام ئیدی کاتت نییە، ئێستا تەنیا جۆر و ناوەڕۆکی نووسین نا، بگرە چۆن دەنووسیت، یان تەنانەت بۆچی نانووسیت و بۆچی بێدەنگیت-یش گرنگە، ئێستا ناچاریت حسێبی نووسراوەکانت و نە نووسراوەکانت و ئەو

بەرهەمانەی پێت نانووسرێن، بدەیت. بەشی ئەوە پیر بوویت کاتت نەمابێت بۆ نووسینی بەرهەمی خراپ."

هەر جارێک لەپڕ و لە شوێنێکی نووسیندا گیر بێت و هەڵنەسێتەوە و ورک بگرێت، حاڵی دەبم ئەو نووسینە بەگەن ناکات کە پێی دەنووسم. کاتێک نووسینی نابەدڵی ئەوی پێ دەنووسم، وەک ئەوەی رۆنی لێ برابێت، جیرەی لێوە دێت، بەرپەرچی پەنجەکانم دەداتەوە، شریتەکە هەڵدەپێچێت و لە خۆوە ئەشکەنجە دەچێژێت، منیش دەکەومە دۆخێکەوە ئیدی نازانم ساز لێ دەدەم، یان دەنووسم! لەگەڵ هەر برگە و هەر وشەیەکدا وەک مەل دەجریوێنێت و باڵ بەیەکدا دەکێشێت، شادییەک باڵ بەسەر هەردووکماندا دەکێشێت، دە لێ گەڕێ با شادیی بەردەوام بێت...

ئەو کاتانەی بە ئامێری چاپەکەم دەنووسم، زۆربەی جار رادیۆ دەستییەکەشم لە تەنیشتمانەوەیە و گوێ لە موزیک دەگرین. لەوانەیە لەو سۆنگەیەوە بێت لە کاتی نووسیندا هەلی ساز ژەنینم بۆ هەڵدەکەوێت، هەردووکمانیش تا رادەی خۆگونجاندن لەگەڵ ریتمی گۆرانییەکاندا ئاوێتەی گۆرانی و موزیکی رادیۆکە دەبین. ئەگەر ریتمی موزیکەکە لەسەرخۆ بێت، ئامێری چاپەکەی منیش هێدی هێدی کار دەکات و منیش بەدەم نووسینەوە خۆم بەڕاست و چەپدا دەهەژێنم. خۆ ئەگەر ریتمی موزیکەکە خێرا بێت، ئامێری چاپەکەم گوڕ دەسێنێت، منیش لە شوێنی خۆم هەڵدەبەزمەوە و بەدەم خۆبادانەوە دەنووسم، خۆ ئەگەر نەتوانم لەگەڵ رەوتی ریتمی موزیکەکەدا بڕۆم، ئامێری چاپەکەم ناچارم دەکات خۆمی لەگەڵدا بگونجێنم، ئەو دەمانەی بە موزیک وەجۆش دێین و من بەدەم هەڵبەزین و خۆبادانەوە دەنووسم، هەرکەسێک بمانبینێت، دەڵێت ئەمانە شێت بوون...، هەرجارێکیش ترسی ئەوەم لێ بنیشێت لەلایەن کەسێکەوە ببیندرێم، رادیۆکە دەکوژێنمەوە، وەک پێداویستیی کاری نووسین خۆم دەخەمەوە قاڵبی بە هەندبوون و ئامێری چاپەکەشم خۆی گورج دەکاتەوە.

پیتی "ە"ی ئامێری چاپە داماوەکەم کەوت و فەوتا، مەگەر هەر خوا بزانێت ئەوە چەندین تێکچوون و چەندین پیت کەوتنێتی! هەرچۆنێک بێت هەردووکمان جوامێرانە تێکۆشانی خۆمان لە دژی کۆنبوون، داڕزان و بەساڵاچوون درێژە پێ دەدەین و بە هیوای نووسینی بابەتی جوان، بەرگریی دەکەین.

سبەینێ دەیبەمە کن وەستا، هەمیشە هەر دەیبەمە لای ئەو، چونکە وەستایەکی زۆر لێهاتووە، هەر جارێک ئامێرەکەم دەبەمە کنی، بە گاڵتەی دیار و نادیارەوە بزەیەک دەخاتە سەر لێوانی و شتێکی وەک: "ئامێرێکی هێندە کۆن

شایەنی چاککردنەوەیە؟!" دەڵێت: لەوانەیە نۆزدە ساڵ تەمەن بۆ ئامێرێکی چاپ زۆر نەبێت، بەڵام من لەو نۆزدە ساڵەدا ئەوەندە بەکارم هێناوە، نۆزدە ساڵ نا، بگرە کاری سەد و نەوەد ساڵی کردووە. هێندەی ئامێرێکی سەد و نەوەد ساڵ تەمەنکردوو شەکەت بووە، ئێیی، باشە منیش بەم شەست ساڵییەی خۆم وەک ئەوە وا نییە چەندین شەست ساڵ ژیابم؟

هەر جارێک دەچمە کن وەستا و بە چاوی گاڵتەپێکردنەوە سەیری ئامێری چاپەکەم دەکات و پێدەکەنێت، من هەمان ئەم قسانەی بۆ دەکەم: "دوو ئامێری چاپی تری نوێم هەن، هەستێکی وام هەیە ئەگەر بە ئامێرە نوێیەکانم بنووسم، ئەم ئێرەییان پێ دەبات و غەمگین دەبێت، پێموایە ناپاکی لەم ئامێرە کۆنەم دەکەم، بە درێژاییی ژیان هیچ شێوازێکی ناپاکیکردنم تاقی نەکردووەتەوەو ویست و ئارەزوویەکی لەو جۆرەشم نەبووە".

ژیانی هاوسەریم و ئامێری چاپەکەم لە هەمان تەمەندان، هەر جارێک ئامێری چاپەکەم بۆ کن وەستا دەبەم، هاوسەرەکەم پێم دەڵێت:

– بڕوانە تەنانەت ئەو ئامێرەش بەرگەتی نەگرت و هەر تاوناتاوێک تێکدەچێت.

ئەم نووسەرە کە تەنانەت ئامێر بە ئامێریی خۆی بەرگەی نەگرتووە، ئەم ژنە بەرگەی گرتووە، قسەی هاوسەرەکەم راستە، چونکە هاوسەرمە.

چاتلاجە
١٩٧٤/١١/١٤

سەرچاوە:

گرەوی گەورە، عەزیز نەسین، دەزگای ئادەم، ئیستانبوڵ-٢٠٠٣، ل ١٢-١٦ (بە زمانی تورکی).

# چەند مینیماڵێکی رەسوڵ یۆنان

**رەسوڵ یۆنان**
**لە فارسییەوە: جەبار سابیر**

دەمێک بوو لە رێگەی ئیمەیلەوە لەگەڵ (رەسوڵ یۆنان) ئاشناییم هەبوو. پێشتر کۆمەڵە چیرۆکێکی مینیماڵیم بە ناوی (فریشتەکان) وەرگێڕابوو. لە کۆتایی مانگی ئۆکتۆبەری ئەمساڵدا سەفەرێکی تارانم کردو کۆمەڵێک مینیماڵی تریم دەستکەوت بە ناوی (گەمژە ئێمە مردووین)، ئەوەبوو کە هاتمەوە وەرمگێڕاو نامەیەکم بۆ نووسی و داوام لێکرد گەر دەکرێت پێشەکییەکم بۆ بنووسی، تا بیخەمە سەر کتێبەکە. ئەوە بوو شەوی ٢١-٢٠١٠/١١/٢٢ هاتە سەرخەت و داواکەم دووبارە کردەوە! وتی: باشە، ئەوەبوو راستەوخۆ دەستی پێکردو منیش دێڕ دوای دێڕ کۆپیم دەکردو دواجار ئەم چەند رستە جوانەی لێدەرچوو.

نووسین لە بارەی چیرۆکی مینیماڵەوە زۆر قورسە، دروست لەبەرئەوەی کە دروشمی مینیماڵیستەکان ئەمەیە: (کەمیش زۆرە). تێکستێک کە لە بارەی ئەم بۆتە چیرۆکەوە دەنووسرێت بتەوێ و نەتەوێ هێڵ بەسەر ئەم دروشمەدا دەهێنێت. ئەم کارە هێندەی ئەوە سەختە کە بتەوێ لەسەر دەنکە شلیکێک تابلۆیەکی شێوەکاریی دروست بکەیت، یا بۆ نموونە بتەوێ کاروانێکی وشتر بەسەر تاڵە موویەکدا بەریت.

مینیماڵ بۆتەیەکی مۆدێرنە بۆ مرۆڤی هاوچەرخ، کە لەنێوان ئۆتۆمبێل و شلۆقیی دنیای هاوچەرخدا گیری خواردووە. ئەم بۆتەیە تاقە دەرفەتی ئەوە بۆ درککردنی خەون و هەستەکانی. هەروەها توانای ئەوە بۆ دنیابینییە شاعیرانەکەی.

جارێکیان پەیامنێرێک داوای لێکردم کە بۆتەی مینیماڵ و وشەی مرۆڤ لە رستەیەکدا بەکاربهێنم. منیش پێموت مینیماڵ ئاوێنەی گیرفانی مرۆڤی هاوچەرخە. رستەیەکی جوانم وتبوو، ئەو قەناعەتی کردبوو، بەڵام راستییەکەی خۆم نا.

دواتریش ئەم رستەیە خۆیشمی قانع کرد، ئیتر نامەوێ پێناسەی مینیماڵ بکەم. ئومێدەوارم خوێنەرەکانم ئەم ئاوێنەیەم وەک دیارییەک لێوەربگرن و بیخەنە گیرفانی خۆیانەوە.

من داوام لە وەرگێڕی ئەم کۆمەڵە مینیماڵە کردووە کە مینیماڵەکانم باش وەربگێڕێ. حەزدەکەم سیمای جوانی خەڵکی کورد لە ئاوێنەیەک، کە من پێشکەشی دەکەم جوانتر بێت. من لە قووڵایی دڵەوە ئێوەم خۆشدەوێت.

رەسوڵ یۆنان
پاییزی ١٣٨٩
شەوی ٢٠١٠/١١/٢١

**دوا دیمەن**

کابرا قامچییەکەی لە هەوادا سووڕاندو وتی:

- وەک بەرخ ئارامن. سەیریان بکە!

دواتر سەری بردە زاری یەکێک لە شێرەکانەوە. ئەو شێرە من بووم. هەلەکەم بە تالآنیی زانی و بێ دواکەوتن سەریم لە لەشی جیاکردەوە. لەبەر هەموو ئەو قامچییانەی کە لە سێرکەکەدا خواردبووم.

**باران**

ئەلبوومەکەی هەڵدایەوەو گەیشتە وێنەیەکی تافی لاویی خۆی. پاڵی بە دارێکەوە داوەو قیافەی دەرکەوتووە. لە پشت سەرییەوە، لە گۆشەیەکی ئاسمان، پەڵە هەورێکی رەش دەبینرا. کتوپڕ هەورەکە گەورەبوو و دوای چەند ساتێ باران تەواو سیمای تەڕکرد...

ئەلبوومەکەو ژیانیشی تەڕکرد...

ئەو رۆژە، رۆژێکی سەیر بوو. تەنیا لە ماڵەکەی پیرەمێرد باران باریبوو.

**دەشتی سووتاو**

دەشتەکە سووتابوو، کۆترەکە جێگەیەکی نەبوو بۆ نیشتنەوە. لە هیکڕا چاوی بە لقە دارێک کەوت و یەکسەر دانەوییەوە، بەڵام لقەکەی ژێر قاچی ساف و لوس بوو. نەیتوانی هاوسەنگیی خۆی بپارێزێت. ویستی دووبارە بفڕێتەوە، کە دەستێک بووە ئاستەنگ و گرتی.

کۆترەکە لەسەر لوولەی تفەنگی راوچییەکە نیشتبووەوە.

**ئەفسانە**

لی بووی شاعیری ئەفسانەی چین گاڤێک لەسەر پردەکەوە خۆی هەڵدایە ئاوەکەوە تا مانگ لە باوەش بگرێت، نووقم بوو. لەبەرئەوەی ئاو چووە سییەکانییەوەو رێگەی هەناسەدانی بەست.

زۆرێک لە خەڵکی چین باوەڕیان بەم ئەفسانەیە نییەو بەدرۆی دەزانن. سەرباری ئەمەیش، هەمان ئەو خەڵکەی باوەڕناکەن، وەختێ لەسەر پردەکەوە چاویان بە مانگ دەکەوێت لە ناوەڕاستی چەمەکەدا، هاوسەنگیی خۆیان لە دەست دەدەن و بەمجۆرە ئەفسانەیەکی تر دەخوڵقێنن.

### نۆرە

– شەو و رۆژ دانیشتووەو چی دەستکەوێت لرفەی لێهەڵدەستێنێ! هیچ بۆ ئێمە جێناهێڵێت. گەر قسەیەکیشی پێبڵێی دنیا دەشێوێنێت. بەمجۆرە بەردەوامبە، ئێمە لە تینوێتیدا دەمرین!

داڵەکەرخۆرەی گەنج دوای وتنی ئەم رستانە، لە چاوی داڵەکەرخۆرەی پیر راما. ئەو زۆر بە جدیی قسەکانی داڵەکەرخۆرە گەنجەکەی نەگرت و لە کاتێکدا کە لەسەر لقەکەوە دەفری وتی:

– لێگەرێ بخوات! قەڵەو و زل بێت! ئێمە شیری زۆرمان خوارد و دەمەوێت ئەویش بیخوات.

### خەیاڵ

کاتێ کەڵەشێرەکەی سەربرِی، پارچە خۆرێکی لە قورگیدا دۆزییەوە. لە سەرسوورِماویدا دەمی داچەقابوو. سەیری ئاسمانی کرد تا سەر لە پرسەکە دەربکات. خۆر شین هەڵگەرِابوو.

هەستی کرد کەڵەشێرێک لە ئەوکی خۆر گیربووە. ترساو لە خەو راپەرِی. شەوبوو، بە تەواویی مانا شەو. تاریکی بەنیاز نەبوو بروات.

### کلاَفە

کابرا حەزی نەدەکردماڵەکەی جێبهێڵێت، بەلاَم دەبوو لەوێ بروات. خەڵکی ماڵەکە خستیانە سندووقێکی تەختەوەو بە دوو پیاوی بەهێزیان سپارد تا لەوێ دووری بخەنەوە.

ئەو دەیویست هاوار بکات و گلەیی لە نامیهرەبانی ئەوان بکات، بەلاَم نەیتوانی. هەرچەندی دەکرد دەنگی دەرنەدەهات.

کابرا مردبوو و نەیدەزانی.

سەرچاوە:
احمق ما مردەایم، داستانک های رسول یونان، چاپ دوم ١٣٨٩، نشر مشکی




**جسن ستیوارت**
**و. لە عەرەبییەوە: تاهیر ساڵح سەعید**

دوێکە ئەو دەمەی تیشکی خۆر دەکشا بەسەر کێڵگەی گەنمە شامییەکەدا، من و باوکم بە شانی ئەو زەوییەدا دەڕۆیشتین کە ئەوەندە نەبوو کێڵرابوو و دەمانویست چەپەری بەدەوردا بکەین. مانگاکانی لەنێو دار بەڕووەکانەوە دەردەپەڕین و رووەو لای گەنمەشامییەکە دەچوون تا بیانپلیشێننەوە.

باوکم بەنێو ئەو کێڵگەیەدا دەڕۆیشت و سەگە بچکۆلەکەمان (بۆب) لەپێشییەوە دەڕۆیشت، کە گوێمان لە فیشکەیەک بوو لەنێو دارەکانەوە دەهات... باوکم وتی: (دەی.. بۆب بیکوژە).

باوکم نەوییە قەدی گەنمەشامییەکی وشکەوەبوو کە سمۆرە هەڵیکێشابوو، تا بگات بەو دەنکە شیرینانەی لەسەر رەگەکانی کۆبووبووەوە.

ئەو بەهارە بەهارێکی وشک بوو، دەنکی گەنمەشامییەکان لەسەر زەوییەکە کەوتبوو، سمۆرە زۆر تامەزرۆی گەنمەشامییە لەبن و بێخ دەریدەهێنن و تۆوە شیرینەکەی دەخۆن بەو کارەش ئەو رووەکە دەمرێت.

بە باوکمانەوە دەبینی (بۆب)ی هاندەدا تا هێرش بەرێتە سەر ئەو سمۆرانەو راویان بنێت، منیش رامدەکرد بە ئاراستەی ئەو شوێن و جێگەیەی (بۆب) دەوەڕی و هەڵبەزو دابەزی بوو، بەو کارەش تەپوتۆزی هەڵدەستان، باوکم بانگی لە(بۆب) دەکرد.

-(مارێکی گەورەیە، بۆب بیکوژە، بیکوژە بۆب)

(بۆب) بازی دەداو هەڵدەبەزییەوە، بەو کارەش دەیووست ئەو مارە قوشقی کات و بورووژێنێت.

(بۆب) ئەم بەهارە بیست و هەشت ماری ژەهراویی کوشتبوو، ئەو دەیزانی چۆن راوی مار دەکات و کەی ئەو کارە ئەنجام دەدات.

پێم وت:

-لێی گەڕێ با واز لەو مارە بهێنێت، رەشمارە، رەشماریش وەزەنی نییە، ماری ژەهراویی دەکوژێت.

لە مارەکەم دەبینی نایەوێت شەڕ لەتەک سەگەکەدا بکات، بەپێچەوانەوە دەیوست خۆی قوتار بکات لەدەستی، بەڵام ئەو لێی نەدەگەڕاو هەموو رێگەیەکی لێ دەبەست.

سەرم لە مارەکە سووڕمابوو، کاتێک کە دەمبینی بە ئاڕاستەی تەپۆڵکەکە دەکشاو دەچوو، لە خۆم دەپرسی بڵێیت هۆی چی بێت دەیەوێت دار بەڕووەکان جێبهێڵێت و رووەو تەپۆڵکەکە بچێت.

بە باوکم وتەوە:

-ماشقەیە بڕوانە پەڵە سپییەکەی گەردنی.

باوکم وتی:

-(من دوژمنی مارم، قینم لێیان دەبێتەوە، بۆب بیکوژە خاوە خاو مەکە، ئامبازی سەری بەو بیکوژە، بەسە یاریکردن بوو بەچی؟

(بۆب) بە قسەی کرد، دیمەنی سەگەکەم زۆر بەلاوە قێزەون بوو، کاتێک کە دەمبینی بە پەڵە سپییەکەی ملیدا دەنووساو بەدوایدا خوێنێکی زۆری لێدەهێنا.

(بۆب) دەنووسا بە مارەکەدا، رایدەوەشاند، چۆن قامچییەک کە لە هەوادا رایدەوەشێنێت، هەستم بە شتێک کرد بەر لاقەکانم کەوت رووانیمە لاقەکانم لێیان وردبوومەوە تا بزانم ئاخۆ بریندار نەبوون، ئەنجام بۆم دەرکەوت ئەوەی بەر لاقەکانم کەوتووە هێلکەی مارەکە بووە کە لێی جۆی بۆتەوە.

مارەکە رووەو گردەکە هەڵدەکشا تا هێلکەکانی لەوێدا دانێت و تیشکی خۆر لێبدات و هەڵبێت.

(بۆب) بۆ جارێکی کە ئامبازی سەری مارەکە بووەوە کە لەسەر زەوییەکە درێژ بووبوو، خوێن لە جەستەی دەچۆڕا، مارەکە بە دەم ژان و ئازارەوە هەڵدەلەرزی چۆن گەڵای سەوزی رووەکێک سەر ئاگر دەکەوێت.

(بۆب) پیایدا نووسایەوەو رای وەشاندو تا هێزی تێدابوو دای بە زەوییەکەدا.

باوکم بانگیکرد:

-(بڕوانە هێلکەکان، دەیانبینیت؟)

سیوحەوت هێلکە بوون، هێلکەیەک لەو هێلکانەم هەڵگرت و قوولی مشتم ناو گوشیم هێندەی هێلکەی چۆلەکەیەک دەبوو، توێکڵەکەی تەنک و زبر بوو، بە ئاشکرا پێکهاتەکەی نێوی وەدەردەکەوت لەنێو توێکڵەکەیدا.

پێت وت:

-(چاکە بۆب - ئێستە زانییت بۆ مارەکە نەیتوانی ڕووبەڕووت بێتەوە، ژیان ئەوەیە، لاواز لەبەردەم ڕەحمەتی بەهێزدایە، لای مرۆڤیش هەر وەهایە، سەگ ڕاوی مار دەکات و دەیکوژێت. مار ڕاوی باڵندە، باڵندە ڕاوی پەپوولە، مرۆڤیش هێرش دەکاتە سەر هەموو شت، بەڵکو لەناویان دەبات و دەیانکوژێت، بەو کارەش کەیفی پێدێت.

بۆب هەناسکە بڕکێی بوو، لیک لە لالغاوەی دەچۆڕا، ماندوو گیانی گەرم ڕاهاتبوو، زمانی ئەوەندەی نەمابوو لە پووش و پەڵاشەکەی سەر زەوییەکە بخشێت، ئارەق لە جەستەی دەچۆڕا.

پاشەوپاش بووینەوە، من و باوکم بە وشەیەک چییە یەکتریمان نەدەدووان، بیرم هەر لای مارە کوژراوەکە بوو، ئەو دەمە خۆر لەوەدابوو دەچوو بەو دیو دارسنەوبەرەکانداو خۆی دەشاردەوە، باوکم لە نزیک تونێلەکەوە هەڵوێستەیەکی بۆ کرد، بای ئەو دەمەو ئێوارەیە یاریی بە قژە ڕەشەکەی دەکردو ڕەنگی سوور هەڵگەڕابوو، (باوکم قینی لە مار دەبێتەوە) بیرم بۆ لای ئەوە دەچوو، بەدوایدا بیرم لەو دایکە دووگیانانە دەکردەوە کە لەسەر منداڵبوونن چۆن داکۆکی لە منداڵەکانیان دەکەن، ئەو بیرکردنەوانە بە خەیاڵمدا دەهاتن، ڕۆژی دوایی زوو لە خەو ڕاپەڕین، لەگەڵ قووقەی کەڵەشێردا. باوکم هەمیشە پێیدەوتین پێویستە لەسەر مرۆڤ بەیانیان لەتەک قووقەی کەڵەشێردا لە خەو ڕاپەڕێت، تا بچێت بەلای کارو فرمانییەوە، باوکم تەورەکەی سەر شانی نابوو، ڕووەو کێڵگەکە دەچووین، ئەو بەیانییە (بۆب)مان لەگەڵ خۆماندا نەبردبوو.

دڵۆپی شەونم ئەو بەرە بەیانە لەسەر لق و پۆپی گەنمەشامییەکە کۆببووەوە، باوکم لە دوامەوە دەڕۆیشت، با خۆی تێهەڵدەسووم بای بەرەبەیانییەکی فێنک و خۆش بوو، لەو بای ئەو بەرەبەیانییە خۆشانەی وای لە مرۆڤ دەکرد لە توانایدا بێت گردێک هەڵگێڕێتەوە.

ڕووەو کێڵگەی گەنمەشامییەکە چـوون، ئەو کێڵگەی گەنمەشامییەی دوویکە بۆی چووبووین، ڕووانیمە بەردەمی خۆم هەستم بە شتێک کردو بینیم دەجوولێتەوەو هەر لە گوریسێکی ڕەشی ئەستوور دەچێت.

بە باوکم وت:

-(راوەستە مارە).

بە هەنگاوێک باوکم لێم نزیکبووەوەو شانم کەوت، هەڵوێستەیەکی بۆ کرد.

وتی:

-(چی لەبارەیەوە دەزانی؟)

وەڵامم دایەوە:

(ئێستە تۆ ئەو مارە دەبینی، باش لێی وردبەرەوە! ئەو بەدیار هاوڕێ کوژراوەکەیەوە ئازار دەچێژێت، دۆیکە بۆ ئەوە هات تا پێی بگات، ئەنجام بەو دەردەچوو...)، لە شەوێکداو لەژێر چەتری ئەستێرەکاندا هات، مانگ ئەو دەمە تریفەی خۆی دەڕشت بەسەر رووەکە سەوزەکاندا، ئەوسا خۆشەویستەکەی دەبییەوە، بەڵام بە مردوویێتی.

مارەکە سەری بەرزکردەوە، ئەو دەیتوانی تا مردن شەڕ لەگەڵ ئێمەو (بۆب)دا بکات.

باوکم وتی:

(ئەو دارە هەڵگرەو دووری خەرەوە، تا (بۆب) پێی نەزانیوە، شتی وات لەوەو بەر دیوە؟ بیستوومە مار خۆشەویستی دەکات، بەڵام ئەمە یەکەمجارە شتی وا دەبینم).

-دارێکم هەڵگرت، مارەکەم پێفرێدایە قەراغ کێڵگەی گەنمەشامییەکە.

**سەرچاوە:**

لە (روائع القصص العالمی)، ڤگار الی روما، وەرگێڕانی بۆ عەرەبی: منیر عبدول أمیر.



# پیاوی سەهۆڵیی

نووسەر: هارۆکی مۆراکامی
و. لە ئینگلیزییەوە: سروە مێنبەری

من شوومکرد بە پیاوێکی سەهۆڵیی، یەکەمجار لە هوتێلێک، لە حەسانگەی خلیسکانێدا بینیم، کە لەوانەیە باشترین شوێن بێ بۆ دیتنی پیاوێکی سەهۆڵیی، سەرسەرای هوتێلهەکە پڕ بوو لە لاوی بەتین و گوڕ، بەڵام پیاوی سەهۆڵیی لە سووچێکدا دوور لە ئاگردانەکە، بە تەنها لەسەر کورسییەک دانیشتبوو، بە ئارامیی کتێبی دەخوێندەوە، دەمەو نیوەڕۆ بوو، بەڵام تیشکی ساماڵ و ساردی بەیانییەکی سەرەتای زستان هێشتا لەگەڵ ئەو مابوو.

هاوڕێیەکەم بە گوێمدا چرپاندی: "بڕوانە، ئەوە پیاوێکی سەهۆڵییە".

گەرچی، من لەو کاتەدا قەت نەمدەزانی پیاوی سەهۆڵیی چییە. هاوڕێیەکەشم نەیدەزانی "دەبێت لە سەهۆڵ دروستکرابێت، بۆیە بانگی دەکەن پیاوی سەهۆڵیی". هاوڕێیەکەم ئەمەی بەبێگاڵتە، وا پێ وتم، وەکو قسەی تاپۆیەک یان کەسێک بکات کە نەخۆشییەکی گیرۆی هەیە.

پیاوی سەهۆڵیی باڵای بەرز بوو و لاویش دەهاتە پێش چاو، بەڵام لە نێوان مووی کورت و ئەستووری، کە وەکو تێڵ وا بوو، هەندێک بەشی سپی هەبوو، وێنەی پەڵە بەفرێک کە هێشتا نەتوابێتەوە. ئێسکی گۆناکانی وەکو بەردێک رچاو دەرپەڕیبوون و لە دەوراندەوری قامکەکانی شەونمی سپی ڕچیو کۆبووبوونەوە و وایان دەنواند کە هەرگیز ناتوێنەوە، دەنا جگە لەمانە پیاوی سەهۆڵیی وەکو پیاوێکی ئاسایی بوو، وا نەبوو کەسێک پێی بڵێت جوانە، بەڵام بە پێی ئەوەی کە چۆن سەیرت بکردبایا دەیتوانی زۆر دڵڕاکێش بێت. بە هەر حاڵ شتێکی هەبوو کە دەچووە نێوان دڵمەوە و زیاتر لە هەموو شوێنێک لە چاوانیدا هەستم پێدەکرد.

نیگای وەکو تەڵزمی تیشک کە لە بەیانییەکی زستاندا لە چلوورەکان تێدەپەڕێت بێ دەنگ و روون بوو، وەکو تاکە برووسکەی ژیان بوو لەنێو جەستەیەکی دەستکرددا.

بۆ ماوەیەکی کورت لەوێ وەستام و لە دوورەوە سەیری پیاوی سەهۆڵییم کرد، چاوی هەڵنەهێنا، بە بێجووڵە لەوێ دانیشتبوو و کتێبەکەی دەخوێندەوە، چما کەس لەوێ نەبوو.

بەیانی رۆژی داهاتوو، پیاوی سەهۆڵیی دیسان لە هەمان شوێندا، راست بە هەمان چەشن کتێبی دەخوێندەوە. کاتێک چووم بۆ خواردنی فراوێن و ئێوارەش کاتێک لەگەڵ هاوڕێیەکانم لە خلیسکانێ گەڕامەوە، هێشتا لەوێ بوو و هەمان نیگای خستبووە سەر لاپەڕەکانی هەمان کتێب. رۆژی دواییش هەر هەمان شت روویدا. تەنانەت کاتێکیش کە خۆرئاوا بوو و کات بەرەو درەنگان چوو، بێ دەنگ وەکو دیمەنی زستانی دەرەوەی ستادییەکە لەسەر کورسییەکەی دانیشتبوو.

دوانیوەڕۆی رۆژی چوارەم بیانوویەکم هێنایەوەو لەگەڵ هاوڕێیەکانم نەچووم بۆ خلیسکانێ، بە تەنها لە هۆتێل مامەوە و بۆ ماوەیەک لە سەرسەرا، کە وێنەی شارێ مردووان چۆڵ بوو، بەبێ هۆ هاتوچۆم کرد. لەوێ هەوا گەرم و شێدار بوو، ژوورەکە بۆنێکی خەمینی هەبوو، بۆنی بەفرێ کە بەژێر پێڵاوی خەڵکەوە هاتبووە ناوەوە و ئێستا لەبەر ئاگردانەکەوە دەتوایەوە، لە ستادییەکانەوە سەیری دەرەوەم کرد، لاپەڕەی یەک دوو رۆژنامەم هەڵدایەوە و پاشان هێزم کۆکردەوەو و رۆیشتم بۆ لای پیاوی سەهۆڵیی و قسەم لەگەڵ کرد.

من لە خەڵکی نامۆ شەرم دەکەم و زۆربەی کات تا هۆیەکی باشم نەبێت لەگەڵ کەسێک کە نەیناسم قسە ناکەم، بەڵام هەستم دەکرد، دەبێت لەگەڵ پیاوی سەهۆڵیی قسە بکەم، گرنگ نەبوو چی پێ بڵێم.

دوایین شەوی مانەوەم لە هۆتێل بوو، دەترسام ئەگەر ئەو دەرفەتە لە دەست بدەم هەرگیز نەتوانم دیسان لەگەڵ پیاوێکی سەهۆڵیی بدوێم. تاڕادەیەک کە دەمتوانی هەوڵمدا ئاسایی بنوێنم و بەبێ گرنگیدان لێم پرسی: "ئێوە خلیسکانێ ناکەن؟"

وەکو دەنگێکی لە دوورەوە بیستبێت، بە هێمنی لایکردە لای منەوەو هەر بەوچاوانەوە تێمڕووانی، بە ئارامیی سەری لەقاند و وتی: "من خلیسکانێ ناکەم، بەس حەزم لە دانیشتنی ئێرە و خوێندن و سەیرکردنی بەفرە." وتەکانی لەسەر سەری هەورێکی سپییان پێکدەهێنا، وەکو نووسراوەی سەر کەسایەتییە کارتۆنییەکان. لە راستیدا تا ئەو کاتەی وشەکانی بە قامکی شەونمگرتووی

بسڕێتەوە، دەمتوانی لەنێو هەوادا بیانبینم. نەمدەزانی پاشان دەبێت چی بڵێم، بەس سوور هەڵگەڕام و لەوێ راوەستام، پیاوی سەهۆڵیی لە چاوانم تێڕووانی و تۆزێک پێکەنی.

پرسیاری کرد: پرسی "دەتانەوێت دانیشن؟ سەرنجتانم راکێشاوە، ئەرێ؟ دەتانەوێت بزانن پیاوی سەهۆڵیی چییە. "پاشان پێکەنی و وتی:" ئارام بن، خەمی هیچتان نەبێت. بەس بە قسەکردن لەگەڵ من تووشی هەڵامەت نابن".

لە سووچێکی سەرسەرادا، لە کن یەک، لەسەر کاناپەیەک دانیشتین و سەیری سەمای دەنکەکانی بەفری ئەودیو ستادییەکەمان کرد. من کاکاوی داخم خواردەوە، بەڵام پیاوی سەهۆڵیی هیچی نەخوارد، وا دەرکەوت کە لە قسەکردندا، قەت لە من باشتر نییە، بەڵام کێشە بەس ئەمە نەبوو، ئێمە هیچ خاڵێکی هاوبەشمان نەبوو تا لە سەری باس بکەین، سەرەتا دەربارەی کەش و هەواوە قسەمان کرد، پاشان سەبارەت بە هۆتێلەکە دواین، من لێم پرسی: "ئێوە بە تەنها هاتوون بۆ ئێرە؟" وەڵامی دامەوە: "بەڵێ"، لێ پرسیم کە حەزم لە خلیسکانێیە. وتم: "زۆر نا، بەس لەبەر پێداگریی هاوڕێکانم هاتووم، لە راستیدا من زۆر بە دەگمەن خلیسکانێ دەکەم".

زۆر شت هەبوو کە دەمەویست بیزانم، وەکو ئەوەی کە ئایا لەشی لە راستیدا بە سەهۆڵ دروستکراوە؟ چی دەخوا؟ هاوینان لە کوێ دەژی؟ بنەماڵەی هەیە؟، بەڵام پیاوی سەهۆڵیی دەربارەی خۆی قسەی نەدەکرد، منیش خۆم رادەگرت و پرسیاری وام لێ نەدەکرد.

بە پێچەوانەوە، پیاوی سەهۆڵیی دەربارەی منەوە قسەی دەکرد. دەزانم بڕواپێکردنی سەختە، بەڵام تاڕادەیەکی زۆر هەموو شتێکی لە بارەی منەوە دەزانی. لە بارەی ئەندامانی بنەماڵەم، تەمەنم، ئەو شتانەی کە حەز یان رقم لێیان بوو، بارودۆخی تەندروستیم، ئەو فێرگەیەی کە دەچووم و ئەو هاوڕێیانەی کە هەمبوون. تەنانەت ئەو شتانەشی دەزانی، کە لە رابردوودا بۆ من روویان دابوو و هێندە کۆن بوون کە خۆشم لە بیرم کردبوون.

سەرم لێ شێوا بوو. وتم: "تێناگەم". هەستمدەکرد لە بەرامبەر کەسێکی نامۆدا بە رووتی راوەستاوم، "چۆن هەموو ئەو شتانە لە بارەی منەوە دەزانی؟ تۆ دەتوانی بیری خەڵک بخوێنیتەوە؟"

پیاوی سەهۆڵیی وتی: "من ناتوانم بیری کەس بخوێنمەوە، بەس کاتێک دەڕوانمە نێو چاوانت، وەکو سەیری قووڵایی سەهۆڵ بکەم، ئەو شتانەی سەبارەت بە تۆن، بە روونیی بۆم دەردەکەون".

لێم پرسی: "دەتوانی داهاتووشم ببینی؟"

بە هێمنی وتی:"من ناتوانم داهاتوو ببینم. قەت حەزیشم لە زانینی داهاتوو نییە، بە راشکاویی بڵێم، من هێچ بیرۆکەیەکم لە داهاتوو نییە، چونکە سەهۆڵ داهاتووی نییە، بەس ئەو رابردووەی هەیە کە لەنێو خۆیدا دەوراندەوری گرتووە. سەهۆڵ دەتوانێت هەموو شتێک هێندە خاوێن و روون و ئاشکرا بپارێزێت کە وەکو زیندوو بنوێنێت، ئەمە زاتی سەهۆڵە".

پێکەنیم و وتم: "زۆر باشە، کە ئەمەم بیست، ئاسوودە بووم، سەرەڕای ئەمەش ، من قەت نامەوێت بزانم داهاتووم دەبێتە چی".

کاتێک گەڕاینەوە بۆ ناو شار، چەند جاری دیکەش یەکترمان بینی، لە ئاکامدا بڕیارمان دا زیاتر یەکتر ببینین، نەدەڕۆیشتین بۆ سینەما یان کافی شاپ. تەنانەت بۆ رێستۆرانتیش نەدەچووین، پیاوی سەهۆڵیی بە دەگمەن شتێکی دەخوارد کە باسی لەسەر بکرێت. هەمیشە لەسەر نیمکەتێکی پارکێک، دادەنیشتین و باسی هەموو شتمان دەکرد جگە لە خۆی.

جارێک لێم پرسی: "بۆ وایە؟ بۆ سەبارەت بە خۆت هیچ ناڵێی؟ دەمەوێت زیاتر لە بارەی تۆوە بزانم، لە کوێ لە دایک بوویت؟ دایک و باوکت کێن؟ چۆن بوویت بە پیاوێکی سەهۆڵیی؟" بۆ ماوەیەک تێمڕوانی و پاشان سەری لەقاند و بە ئارامیی و بە روونیی لە حاڵێکدا کە هەورێکی وشەی سپی، لەگەڵ هەناسەی دەناردە دەرەوە، وتی: "نازانم، من رابردووی هەموو شت دەزانم، بەڵام خۆم هیچ رابردوویەکم نییە، نازانم لە کوێ لە دایکبووم یان دایک و باوکم کێن، تەنانەت ئەوەش نازانم دایک و باوکم هەیە یان نا، نازانم تەمەنم چەندە، هەر نازانم تەمەنیشم هەیە یان نا".

پیاوی سەهۆڵیی وەکو کێوێکی سەهۆڵیی لە تاریکی شەودا تەنها بوو.

ئاشقی پیاوی سەهۆڵیی بووبووم، پیاوی سەهۆڵییش منی هەروا کە بووم خۆش دەویست، لە ئێستادا و بەبێ هیچ داهاتوویەک، کە وابوو منیش پیاوی سەهۆڵییم هەروا خۆشدەویست، لە ئێستاداو بەبێ هیچ رابردوویەک، تەنانەت بیرمان لە زەماوەندیش کردەوە.

من تازە تەمەنم گەیشتبووە بیست ساڵ و پیاوی سەهۆڵییش یەکەم کەسێک بوو کە بە راستی خۆشمدەویست، لەوکاتەدا نەمدەزانی خۆشویستنی پیاوێکی سەهۆڵیی مانای چییە، بەڵام تەنانەت ئەگەر پیاوێکی ئاساییشم خۆشدەویست، رەنگە هەر نەمزانیبا مانای خۆشەویستی چییە.

دایکم و خوشکە گەورەکەم زۆر بەرهەڵستی شووکردنم بوون بە پیاوی

سەهۆڵیی. دەیانوت: "تۆ بۆ شووکردن زۆر منداڵی، سەرەڕای ئەمەش، تۆ هیچ شتێک سەبارەت بە رابردووی ئەو نازانی، تەنانەت نازانی کەی و لە کوێ لە دایکبووە، چۆن دەتوانین بە خزم و کەس بڵێین دەتەوێت شوو بکەیت بە کەسێکی وا؟ دیارە نازانی کە شووکردن بەڵێنێکی راستەقینەیە".

گەرچی ترسەکانی دایک و خوشکم بێ بناغە بوون، چونکە هەرچەندەش هەوا گەرم دەبوو پیاوی سەهۆڵیی هەر نەدەتوایەوە، بۆیە بانگیان دەکرد پیاوی سەهۆڵیی، چونکە لەشی وەکو سەهۆڵ سارد بوو، بەڵام بە سەهۆڵ دروستنەکرابوو. لە شتێکی جیاواز دروستکرابوو، سەرماکەشی وا نەبوو کە گەرمی لەشی کەسێکی تر سارد بکاتەوە.

کەوابوو شووم پێکرد، کەس پیرۆزبایی لێ نەکردین و هیچ هاورێ و خزمێکیش بە پێکهێنانی ژیانی هاوبەشمان خۆشحاڵ نەبوون، هیچ ئاهەنگێکیشمان نەگێڕا، تەنانەت لەو کاتەشدا کە دەبا ناوم بە ناوی بنەماڵەی ئەوەوە تۆمار بکەن، دەرکەوت قەت ناوی بنەماڵەشی نییە، کەوابوو هەر هەردووکمان بڕیارمان دا کە ژن و مێردین، کێکێکمان کڕی و پێکەوە خواردمان، ئەوەش بوو بە زەماوەندی هەژارانەی ئێمە.

خانوویەکی بچووکمان بە کرێ گرت و پیاوی سەهۆڵیی لە ساردخانەی گۆشت ئیشی دەستپێکرد، تاقەتی هەر رادەیەک لە سەرمای هەبوو، هەرچی کاریشی دەکرد هەرگیز هەستی بە ماندووبوون نەدەکرد، هەر بەم بۆنەیەوە خاوەن ئیشەکەی زۆر خۆشی دەویست و زیاتر لە باقی کرێکارەکان مووچەی پێدەدا. هەردووکمان پێکەوە ژیانێکی خۆشمان هەبوو، نە ئێمە کەسمان دەرەنجاند و نە کەسیش ئازاری ئێمەی دەدا.

کاتێک پیاوی سەهۆڵیی لەگەڵم جووت دەبوو، لە مێشکمدا پارچە سەهۆڵێکم دەبینی کە دڵنیابووم لە شوێنێک، لە تەنهاییەکی تەواودایە، بیرم دەکردەوە، رەنگە پیاوی سەهۆڵیی بزانێت ئەو پارچە سەهۆڵە لە کوێیە. ئەو پارچە سەهۆڵە رەق و رچاو بوو، ئەوەندە رەق کە وام دەزانی هیچی تر نییە هێندە رەق بێت. گەورەترین پارچە سەهۆڵی دونیا بوو، لە شوێنێکی زۆر دووردا، پیاوی سەهۆڵیی بیرەوەرییەکانی ئەو سەهۆڵەی دەگواستەوە بۆ من و بۆ دونیا. لە سەرەتادا، کاتێک پیاوی سەهۆڵیی لەگەڵم جووت دەبوو، گێژ دەبووم، بەڵام پاش ماوەیەک خوم پێگردو تەنانەت حەزیشم لە جووتبوون بوو لەگەڵ پیاوی سەهۆڵیی، شەوانە بە بێدەنگیی ئەو پارچە سەهۆڵە زەبەندەمان لە نێوان خۆماندا بەش دەکرد کە لە خۆیدا سەدەها ملیۆن ساڵ رابردووی دونیای پارێزرا بوو.

لە ژیانی هاوبەشماندا کێشەمان نەبوو، یەکترمان زۆر خۆشدەویست و هیچیش نەیدەتوانی ئەوە تێک بدات، دەمانەویست منداڵمان بێت، بەڵام نەدەکرا، چونکە ژیانی مرۆڤ و پیاوی سەهۆڵیی بە ئاسانی تێکەڵ نەدەبوون. بە هەر حاڵ، بە هۆی نەبوونی منداڵەوە، کاتی بەتاڵی زۆرم هەبوو، هەر بەیانی هەموو ئیشی ماڵم تەواو دەکرد و پاشان هیچ ئیشێکم نەبوو.

هیچ هاوڕێیەکیشم نەبوو کە لە گەڵی قسە بکەم یان بڕۆمە دەرەوە، لەگەڵ دراوسێیەکانیش پەیوەندیی زۆرم نەبوو، دایک و خوشکیشم هێشتا بە بۆنەی شووکردنم بە پیاوی سەهۆڵیی لێم تووڕەبوون و نەیاندەویست هەرگیز بمبیننەوە، گەرچی بە دوای تێپەڕبوونی چەند مانگێک خەڵکی دەوروبەرمان هەندێکجار لەگەڵ پیاوی سەهۆڵیی قسەیان کرد، بەڵام هێشتا لە ناخی دڵەوە نە ئەویان قەبووڵ کردبوو و نە من کە شووم پێکردبوو. ئێمە لەوان جیاواز بووین و کاتیش نەیدەتوانی ئەو بۆشاییەی نێوانمان پڕ بکاتەوە.

کاتێک پیاوی سەهۆڵیی ئیشی دەکرد، من بە تەنها لە ماڵ دەمامەوە، کتێبم دەخوێندەوە و گوێم رادەگرت بۆ مۆسیقا، بە هەرحاڵ زیاتر حەزمدەکرد لە ماڵ دانیشم و تەنهابوون ئازاری نەدەدام، بەڵام لاو بووم و ئەنجامدانی هەر هەمان شت رۆژ بە دوای رۆژ بێتاقەتی دەکردم، بێتاقەتی نەبوو کە ئازاری دەدام، بەڵکو دووپاتکردنەوەی ئەو شتانە بوو.

بۆیە رۆژێک بەهاوسەرەکەمم وت: "چۆنە هەردووکمان پێکەوە بڕۆینە سەفەر؟ بەس بۆ گۆڕانی کەش و هەوا".

پیاوی سەهۆڵیی چاوی کز کردو تێمڕوانی و وتی: "سەفەر؟ بۆ دەبێت بڕۆینە سەفەر؟ لەوەی کە لێرە لەگەڵ منی، خۆشحاڵ نیت؟"

وتم: "مەبەست ئەوە نییە، من خۆشحاڵم، بەڵام هەست بە بێتاقەتی دەکەم، حەز دەکەم بڕۆم بۆ شوێنێکی دوور و ئەو شتانەی کە تا ئێستا نەمدیون ببینم، دەمەوێت بزانم هەناسەدان لە هەوایەکی نوێدا چ هەستێکی هەیە، تێدەگەیت؟ سەرەڕای ئەوەش ئێمە پاش زەماوەندەکەشمان نەچووین بۆ سەفەر. هەندێک پاشەکەوتمان هەیە، تا ئێستاش قەت بەراییت وەرنەگرتووە، کاتی ئەوە نەهاتووە کە ماوەیەک بڕۆینە سەفەر و تۆزێک پشوو بدەین؟"

پیاوی سەهۆڵیی ئاخێکی درێژی رچاوی هەڵکێشا، ئاخەکەی لە ئاسمان زرنگەیەکی کردو بوو بە کریستاڵ، قامکە درێژەکانی لە سەر ئەژنۆی هەڵپێکاو وتی: "باشە، ئەگەر هێندە حەزت لە رۆیشتنە، من نا ناڵێم، ئەگەر بەم سەفەرە خۆشحاڵ دەبیت، بۆ هەر کوێ تۆ بتەوێت دێم، بەڵام دەتەوێت بۆ کوێ بڕۆین؟"

وتم: "جەمسەری باشوور چۆنە؟"

بۆیە جەمسەری باشوورم هەڵبژاردبوو کە دڵنیابووم پیاوی سەهۆڵیی حەزی لە رۆیشتن بۆ شوێنێکی ساردە، لە ڕاستیشدا خۆم هەمیشە حەزمکردبوو بڕۆم بۆ جەمسەری باشوور. دەمویست کۆت و کڵاوێکی دەڵەک لە بەرکەم و زەردەپەڕی جەسمەر و پۆلی پەنگۆوەنەکان ببینم.

کاتێک ئەمەم وت، هاوسەرەکەم بەبێ چاوتروکاندن چاوی بڕییە نێو چاوم. هەستم کرد چەلوورەیەکی تیژ لە چاوم تا پشتی سەرم رۆیشت. پیاوی سەهۆڵیی بۆ ماوەیەک بێدەنگ بوو، پاشان بە دەنگێکی برووسکەدارەوە وتی: "باشە، ئەگەر تۆ بتەوێت دەڕۆین بۆ جەمسەری باشوور. دڵنیایت کە ئەمەت دەوێت؟"

نەمدەتوانی خێرا وەڵامی بدەمەوە، پیاوی سەهۆڵیی هێندە نیگای بڕیبووە نێو چاوم، کە ناخی سەرم تەزیبوو، پاشان بە سەر وتم ئەرێ.

کە کات تێپەڕ دەبوو من لەوەی کە باسی رۆیشتنم کردبوو بۆ جەمسەری باشوورم، زیاتر پەشیمان دەبوومەوە، نازانم هۆی چی بوو، بەڵام لەو کاتەوە کە وشەی "جەمسەری باشوور"م بە شووەکەم وت، هەستم بە گۆڕانی شتێک کرد لە دەروونیدا، چاوی تیژتر ببوو، هەناسەی سپیتر و شەونمی دەور قامکەکانی زیاتر، زۆر بە دەگمەن قسەی لەگەڵ دەکردم و بە تەواویی وازی لە خواردن هێنابوو. ئەم شتانە هەمووی زۆر منی دەترساند.

پێنج رۆژ پێش لە رۆیشتنمان، هێزم کۆکردەوە و وتم: "وەرە با جەمسەری باشوور لە بیر بکەین، ئێستا کە بیری لێدەکەمەوە دەبینم لەوێ هەوا زۆر ساردە و رەنگە بۆ تەندروستیمان باش نەبێت، وا دەزانم ئەگەر بڕۆین بۆ شوێنێکی ئاسایی تر بۆمان باشتر بێت. ئەوروپا چۆنە؟ با بڕۆین بۆ ئیسپانیا و لەوێ کاتێکی خۆش بەسەر بەرین، دەتوانین لەوێ شەراب و پایلا(*) بخۆین و سەیری گابازی بکەین".

بەڵام هاوسەرەکەم قەت گوێی رانەگرت چی دەڵێم، تۆزێک واق ماو و پاش چەن خولەک وتی: "نا، من قەت حەز ناکەم بڕۆم بۆ ئیسپانیا. ئیسپانیا بۆ من زۆر گەرمە، هەواکەی زۆر تۆزاوییە و خواردنەکەشی زۆر توونە، کۆت و پێڵاوی دەڵەکیشمان بۆ تۆ کڕیوە، خۆ ناکرێت فڕێی بدەین، ئێستا کە دەستمان پێکردووە ناتوانین بگەڕێینەوە".

لە راستیدا ترسابووم، تووشی دڵەڕاوکێ بووبووم کە ئەگەر بڕۆین بۆ جەمسەری باشوور شتێک بۆمان روودەدات کە لە بەرامبەری دەسەڵاتی هیچمان نابێت، چەندین و چەندجار خەونێکی خراپم بینی، هەمیشە هەر بەو

چەشنە دەمبینین، خەونم دەبینی کە رۆیشتوومەتە دەرەوە پیاسە بکەم، دەکەومە نێو قەڵشێکی قووڵی سەهۆڵیی لەنێو عەرزدا، کەس نامدۆزێتەوە و لەوێ دەرچم، لەناو سەهۆڵەکەدا دەمم دەبەسرێت و چاوم ماقی ئاسمان دەبێت ئاگام لە خۆم هەیە، بەڵام ناتوانم تەنانەت قامکیشم بجووڵێنم، دەزانم کە سات بە دوای سات دەبم بە رابردوو.

کە خەڵک سەیریان دەکردم و دەیانبینی چیم لێدێت، وەکو ئەوە بوو کە سەیری رابردوو بکەن، من دیمەنێک بووم کە دەگەڕامەوە بۆ رابردوو و لێیان دوور دەکەوتمەوە.

پاش خەونەکە، چاوم هەڵدەهێنا و پیاوی سەهۆڵییم دەبینی کە لە لام خەوتبوو، هەمیشە بە بێ ئەوەی هەناسە بدات، وەکو مردوو دەنووست.

بەڵام من پیاوی سەهۆڵییم خۆشدەویست، دەگریام و فرمێسکەکانم دەتکانە سەر گۆنای و خەبەری دەبووەوە و باوەشی پێدا دەکردم . پێم دەوت: "خەونێکی خراپم بینی".

دەیوت:"بەس خەون بوو، خەونەکان لە رابردووەوە دێن، نەک داهاتوو، تۆ دیلی خەونەکان نیت، خەونەکان دیلی تۆن، لەمە تێدەگەیت؟"

گەرچی رازی نەبووم، بەڵام دەموت "ئەرێ" .

نەمتوانی هۆیەکی باش بدۆزمەوە بۆ لێکدانی بەرنامەی سەفەرەکەمانو لە ئاکامدا من و هاوسەرەکەم سواری فرۆکەیەک بووین و بەرێوەبووین بۆ جەمسەری باشوور. میواندارەکان هەموو کەم قسە بوون. دەمویست سەیری دیمەنی دەرەوەی ستادییەکە بکەم، بەڵام هەورەکان هێندە ئەستوور بوون کە نەمدەتوانی هیچ ببینم، پاش ماوەیەی لایەک سەهۆڵ شووشەی ستادییەکەی داپۆشی، هاوسەرەکەم بێدەنگ دانیشتبوو و کتێبی دەخوێندەوە، من قەت هەستم بە جۆش و خرۆشی رۆیشتن بۆ سەفەر نەدەکرد. بەس ئەو شتانەم دەکرد کە پێویست بوون یان پێشتر بریار درابوون، کاتێک لە پلەکان دابەزین و هەنگاومان نایە سەر جەمسەری باشوور، هەستمکرد هاوسەرەکەم لەترێکی دا، کەمتر لە چاوترووکانێ خایاندی، بەس نیو چرکە، رووالەتی رووخساری قەت نەگۆڕا، بەڵام من دیم لە وایلێهات، شتێک لە نێوان پیاوی سەهۆڵییدا بە نهێنی، بەڵام بە توندی هەژێندرابوو، راوەستا و سەیری ئاسمان و پاشان سەیری دەستی کرد، هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا، پاشان تێمروانی، زەردەخەنەیەکی کرد و وتی: "ئێرە ئەو شوێنەیە کە دەتویست بیبینی؟"

من وتم: "بەڵێ، ئێرەیە."

جەمسەری باشوور زۆر چۆڵتربوو لەوەی کە من چاوەڕوان بووم. کەس لەوێ ناژی، بەس شارۆچکەیەک بچووک و سادە لەوێ هەبوو، لەنێو ئەو شارۆچکەیەش تەنیا یەک هۆتێلی بچووک و سادەی تیادابوو. جەمسەری باشوور شوێنێکی گەشتیاریی نەبوو، تەنانەت یەک پێنگوەنیش لەوێ نەبوو، زەردەپەڕی جەمسەریشم هەر نەبینی، لەوێ نە دار هەبوو، نە گوڵ، نە رووبار و نە گۆم، بۆ هەرشوێنێک کە دەچووم هەر سەهۆڵ بوو، تا ئەو شوێنەی کە دەمتوانی ببینم هەر قاقڕی سەهۆل بوو، بەڵام هاوسەرەکەم بە تاسەوە بۆ هەموو شوێنێک دەڕۆیشت و هەر تەسەل نەدەبوو، زۆر بە خێرایی زمانی ئەو ناوچەی وەرگرت و لەگەڵ خەڵکی شارەکە بە دەنگێک وەکو گرمەی هەرەسی بەفر دەدوا، چەندین کاتژمێر بە رووواڵەتێکی بێ گاڵتەوە لەگەڵیان قسەی دەکرد، بەڵام من تێنەدەگەیشتم چی دەڵێن، وا هەستمدەکرد کە شووەکەم خیانەتی لێکردووم و بە تەنها بەجێیهێشتووم.

لەوێ، لەو دونیا کشوماتەدا، کە سەهۆڵی ئەستوور چواردەوری دابوو، بە یەکجاری هەموو هێزم لەدەست دا، وردەوردە، وردەوردە وام لێهات کە تەنانەت هێزی تووڕەییشم نەمابوو، وام دەزانی لانوێنی هەستەکانم لە شوێنێک ونکردووە، شوێن و کاتم لێ ون ببوو، بیرو هۆشم لێ ون ببوو، نازانم ئەمە کەی دەستی پێکردو کەی تەواو بوو، بەڵام کاتێک هوشیار بوومەوە، لە دونیایەکی سەهۆڵییدا کە زستانێکی بێ کۆتایی هەموو رەنگەکانی سڕیبووەوە، یەخسیری تەنهایی بووم، تەنانەت پاش ئەوەش کە زۆربەی بیرو هۆشم لێ ون ببوو دەمزانی هاوسەرەکەم لە جەمسەری باشوور ئیدی پیاوەکەی جاران نەبوو. وەکو جاران ئاگای لێم بوو، لەگەڵم دڵنەرم بوو، دڵنیابووم کە هەرچی دەوت لە دڵەوە دەیوت، بەڵام ئەوەشم دەزانی کە ئیدی ئەو پیاوە سەهۆڵییە نەبوو کە لە حەسانگەی خلیسکانێدا بینیبووم.

بە هیچ شێوەیەک نەمدەتوانی ئەمە بە کەس رابگەیەنم، لە جەمسەری باشوور هەموو کەس خۆشی دەویست، سەرەڕای ئەوەش کەس یەک وشە لە قسەکانی من تێ نەدەگەیشت. کاتێک ئەوان هەناسەی سپییان دەدا و بە زمانی خۆیان نوکتەیان دەگێڕایەوەو وتوێژیان دەکردو گۆرانییان دەخوێند، من بە تەنهایی لە ژوورەکەمان دادەنیشتم و سەیری ئاسمانی خۆلەمێشم دەکرد کە بۆ ماوەی چەندین مانگ روون نەدەبووەوە، ئەو فڕۆکەیەی کە ئێمەی هێنابوو، دەمێک بوو رۆیشتبوو، پاش ماوەیەک بەفرێکی قورس هێڵی فڕۆکەخانەی وەکو دڵی من داپۆشی، هاوسەرەکەم وتی: "زستان هاتووە، زستانێکی زۆر درێژ دەبێت و

ئیدی هیچ فڕۆکەیەک، یان کەشتییەک یان شتێکی تر نایەت بۆ ئێرە. هەموو شت ڕچاوە، وا دیارە دەبێت تا بەهاری داهاتوو لێرە بمێنینەوە".

نزیکەی سێ مانگ پاش گەیشتنمان، لە جەمسەری باشوور زانیم کە دووگیانم، دەمزانی ئەو منداڵەی کە من بە دونیای دێنم پیاوێکی بچووکی سەهۆڵیی دەبێت، منداڵدانم ڕچا بوو ئاوی نێو منداڵدانیشم بووبوو بە بەفراو، دەمتوانی هەست بە ساردیی جەستەی بکەم لەناو خۆمدا، منداڵەکەم وەکو باوکی دەبوو، چاوانی وەکو چلوورەو دەوراندەری قامکەکانی پڕ لە شەونمی ڕچاو. بنەماڵە تازەکەشمان هەرگیز هەنگاوی نەدەنا دەرەوەی جەمسەری باشوور. ڕابردوویەکی هەتاهەتایی و قورس، لەوپەڕی گومانی ئێمەوە، لەناو مستی گرتبووین و هەرگیز نەماندەتوانی لێی ڕزگار بین.

ئێستا ئیتر دڵێکم بۆ نەماوە، گەرماکەشم ڕۆیشتووە بۆ شوێنێکی دوور، هەنێ کات لە بیر دەکەم کە هەرگیز گەرمایەکم هەبووە یان نا، لەم شوێنەو لەم جیهانە من لە هەموو کەس تەنهاترم، کاتێک دەگریم پیاوی سەهۆڵیی ماچی گۆنام دەکات و فرمێسکەکانم دەبن بە سەهۆڵ، فرمێسکە ڕچاوەکان دەنێتە نێو دەستی و پاشان سەر زمانی و دەڵێت: "بڕوانە چەند خۆشم دەوێت".

ڕاست دەڵێت، بەڵام بایەک کە لە شوێنێکی نادیارەوە دێت، وشە سپییەکانی لەگەڵ خۆی دەباتە دوور و دوورتر، بۆ ڕابردوو.

(*) خواردنێکی ئیسپانییە، کە بە برنج و گۆشت و ماسی و سەوزی دروست دەبێت.

servehmenbari@gmail.com

# پیاوی قۆناغەکان

**نووسینی: محەمەد ماغووت**
**و. لە عەرەبییەوە: بەرزان بابەشێخ**

سکرتێر: باوکی سائیر بەیانیت باش

بەرپرس: باوکی فیدا بەیانیت باش، ئەمڕۆ هیچ سەردانێکمان هەیە؟

سکرتێر: بەبڕوام نێردراوێکی شیعری نوێی عەرەبی لێرەیە.

بەرپرس: یا فەتاح یا رەزاق، وەرگێڕیان لەگەڵدایە؟

سکرتێر: بڕوا ناکەم.

بەرپرس: کەسێک لەوانە پایپ دەکێشێت؟

سکرتێر: هەموویان.

بەرپرس: چییان دەوێ.

سکرتێر: خۆشیان نازانن.

بەرپرس: کێی تر؟

نێردراوانێک لە نووسەرانی چیرۆکی زۆر کورت.

بەرپرس: کورت تا کوێ.

سکرتێر: بەڕەنگی ناونیشانی چیرۆکەکانیان، ناوی نووسەرەکە درێژترە لە خوودی چیرۆکەکە.

بەرپرس: دەی ئەوان چییان دەوێ؟

سکرتێر: نە قسەدەکەن، نە دەدوێـن، نە داشدەنیشن، میواندریشیان بە هەرشتێک بکەیت رەتیدەکەنەوە.

بەرپرس: بە پێی کاتێکی دیاریکراو ئەوان هاتوون؟
سکرتێر: ئەوان بڕوایان بەکات نییە.
بەرپرس: ئەم رۆژە رەشە چییە؟
سکرتێر: دایان بنێ بۆ خۆم.
بەرپرس: هەروەها کێی تری لێیە؟
سکرتێر: نێردراوانێک لە گۆرانیبێژانی مولتەزیم.
بەرپرس: ئەوان چییان دەوێ، دەیانەوێ گۆرانییان بۆ بڵێم؟
سکرتێر: دوای رزگارکردنی باشووری لوبنان، ئێستا بە حاڵەتێکی ناخۆشی نیشتمانیی و هونەریی و مادیدا تێدەپەڕن، دەیانەوێت باشوورێکی تر، لە هەر وڵاتێکی دیکەی عەرەبیدا بێت داگیر بکرێت، بۆئەوەی گۆرانیی بە نەبەردییەکانیدا هەڵ بڵێن، تا بۆ بەرگریی و ئازادکردنی و دووبارە بوونیاتنانەوەی سواڵی هیمەتی بۆ بکەن.
بەرپرس: با بۆ وەزیرەکانی بەرگریی عەرەب بگەڕێنەوە.
دوای ئەوە ئەی کوا رووداوەکانی دیکەی دنیای کۆن و نوێ؟ هیچ نێردراوێکو چالاکییەکی تر نییە، عەرەبی بێت، هەرێمایەتی بێت نێونەتەویی بێت، پرسیار لەمانەش بکات؟، بەشوێن ئەوەوە بێت هەڵوێست و بڕوای کۆنکریتی مێژووییمان بزانێت سەبارەت بەوانەو بەوانی تر؟
سکرتێر: بەڵێ، نێردراوێکی هیندی لێرەیە.
بەرپرس: زۆرچاکە، پێی بڵێ – هەر ئێستا من لە لاپەڕەی یەکەمەوە دەستم بەزانیارییەکانی غاندی و شیعرەکانی تاغوور کردووە.
سکرتێر: نێردراوێکی پاکستانیش.
بەرپرس: هەروەها پێیان بڵێ، من ئێستا لەدوا لاپەڕەی شیعرەکانی محەمەد ئیقبال و زانیارییەکانی محەمەد عەلی جەناح بوومەتەوە.
سکرتێر: سەبارەت بەکێشەی کشمیر؟
بەرپرس: کشمیرو ئەوانی تریش.
سکرتێر: نێردراوێکی عێراقیش لێرەیە.
بەرپرس: پێیان بڵێ، من ناتوانم پێشوازیی لەکەس بکەم، چونکە بە تەواوەتی رووتم، هەتا جلوبەرگەکانی خۆم، بۆ گەلی عێراق و کەسوکارەکانی خۆمان هەواڵە کردووە.
سکرتێر: هەروەها نێردراوێکی کوەیتیش.
بەرپرس: پێیان بڵێ من یاداشتنامەیەکی توندوتیژ دەنووسم، سەبارەت

بەچارەنووسی دیلە کوەیتییەکان و گەڕانەوەیان بۆ وڵات و لای کەسوکارەکانیان و دەشبێ عێراق بۆ وڵاتی دایک . ئیتر بەسە دوودڵیی و بێ شەرمی.

سکرتێر: نێردراوێکی بەرگریی ئیسلامیش لێرەیە.

بەرپرس: پێیان بڵێ بۆ تاران سەفەرم کردووە.

سکرتێر: نێردراوێکی ئێرانیش.

بەرپرس: پێیان بڵێ بۆ (جەبەل عامل) سەفەرم کردووە.

سکرتێر: نێردراوێکی لیژنەی هەماهەنگی عەرەبی باڵاش لێرەیە.

بەرپرس: پێیان بڵێ من ماوەی هەفتەیەکە لەگەڵ دنیس رۆس، لە هەماهەنگیدام.

سکرتێر: نێردراوێکی لیژنەی مافەکانی مرۆڤیش لێرەیە.

بەرپرس: بەڕاشکاویی پێیان بڵێ دیموکراسی لە هەرشێوەو جۆرێکدا بێت تەنها چارەسەرە بۆ هەر نەخۆشییەکی ناوچەکە، چ رامیاریی بێت، کۆمەڵایەتی بێت و چ ئابووریی، هەتا بە نەخۆشییەکانی دەروونیی و دەمارگیریش دەگات بە وێنەی رووداوەکانی رێگاوبان و قسەی ئاجرو باجری ناو جادەکانیش.

سکرتێر: نێردراوێکی وەزارەتەکانی ناوخۆی عەرەبیش لێرەیە.

سکرتێر: پێیان بڵێ- لە یەکێک لە سەردابەکان لەگەڵ خۆمدا وا خەریکی لێکۆڵینەوەم لەنێوان لەحزەیەک و لەحزەیەکی تردا ئیعتیراف دەکەم.

سکرتێر: نێردراوێکی وەرزشیش.

بەرپرس: پێیان بڵێ ناتوانم پێشوازیی لە کەس بکەم، شۆرتم لەپێدایە.

سکرتێر: نێردراوێکی مۆسیقای جیهانیش.

بەرپرس: پێیان بڵێ- مۆسیقا لەخوێنماندایە، گەلی ئێمە هەر لە منداڵییەوە بەسەر یارەکەیدا گۆرانیی دەڵێت، بەم زووانەش ئۆپرا یان سۆبرانۆ دەڵێ.

سکرتێر: نێردراوێکی قوتابییانیش لێرەیە.

بەرپرس: پێیان بڵێ دایک قوتابخانەیە، ئەگەر ئامادەیان بکەیت گەلێکی بنەچەچاک ئامادە دەبێت، بە تایبەت ئەگەر قوتابخانەکە حیزبیش بێت.

سکرتێر: نێردراوێکیش لەسەر رۆژی جیهانیی منداڵان.

بەرپرس: پێیان بڵێ من سەرقاڵی بینینی ئەفلام کارتۆنەکان و کابتن ماجدم.

سکرتێر: نێردراوێکی ژنانیش لێرەیە.

بەرپرس: بەداخەوە من لە سوری مانگانەدام.

سکرتێر: نێردراوێکی سینەمایش لێرەیە.

بەرپرس: پێیان بڵێ- ئەوەی لەم ناوچانەدا دەبینرێت، فلیمێکی درێژ، درێژی ئەمریکایین، وێـڕای ئەم هەموو نمایشکردنەوەیەی دەشێ بڕی تێچوونی

وەبەرهەمهێنان و کرێی کارەکتەرەکان دانەپۆشێ.

سکرتێر: نێردراوێکی یابانیش لێرەدایە.

بەرپرس: پێیان بڵێ من هەموو دەمێک وتوومە تەنها چارەسەرێک لەنێوان ئێمەو دوژمنەکانمدا هەبێ و مابێ، بۆئێمە هەر گیانبازیی تاکەکەسییە لەڕێگای (ساموورای)ەوە.

سکرتێر: لەکۆتاییدا، نێردراوێکی شورای کەنیسەکانی جیهان لێرەیە.

بەرپرس: پێیان بڵێ من وا لە دەوروبەری دێر سیدنایایەو شاخی سەمعان دەسووڕێمەوە.

سکرتێر: نێردراوێکیش لە ڕێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامیی.

بەرپرس: پێیان بڵێ، من سەفەرم کردووە بۆ جێبەجێکردنی ڕێوڕەسمی عەمرە.

سکرتێر: نێردراوێکی یەهودیش لێرەیە.

بەرپرس: ئەی بۆ نازانی من لەڕۆژانی یەکشەممەندا کار ناکەم.

تەواو

٢٠١٠/٥/٧

سەرچاوە:

محەمەد ماغووت، سیاف الزهور، لاپەڕە ٢٣٩.

# شێتێتی بێ کەنار

**جابر محەمەد جابر**
**و. لە عەرەبییەوە: سەلاح جەلال**

**لەبەرئەوەی شێتییەکەی بێ کەنارە**
**ڕێگەیەکی پەککەوتووی گرتەبەر**
**پرچەکانی شەون**
**بەیانییەکانی**
**بارانێکی تەڕبوون بە هەناسەی ماسییەکان**
**(کاتێک ئەو عاشقی بوو ئەمیش بە هەمان شێوە)**
**پشکۆی شیعری وازلێهێنا**
**چەتەکان دەستیان بۆ بەرز دەکردەوە**
**ئەوەندەی بەس بوو... کە ڕێ کوێرەی گوڵی ڕۆح بگرێتەبەر**
**گۆرانی ڕووبارەکان،**
**بە با شورووی سەرییەوە ئاوێزان بوون**
**بۆ ئەوەی پێش بەلاکەی بکەوێت**
**پشتی بە بروسکەو**
**تۆفان بەست و**
**لە دواجاردا...**

پەنای بردە بەر چەنەبازی بێدەنگی
هەنسکی شووشەیی چاوەکانیان لەوێ جێهێشت
لە کەناری شارەکەوە
-دڵخۆشی لەسەر کڵۆم درا-
وازی لەو چۆلەکانە هێنا کە پاسەوانی دەکردن
کاتێک دڵنیابوو لە ناڵە...
وتی:
شێتێتی...
یاریی زیرەکەکانە...
ئەندێشە تیایدا دەگاتە
ئەوپەڕی سنوورەکانی
پاشان گەڕایەوە
لەلای ئەو دیوارەوە
چۆلەکەکانیش
لە بیرەوەریدا دەنووکیان لێدەدا
بەخۆشییەوە دەیانجریواند

سەرچاوە:

أحلام مبللە، شیعری جابر محمد جابر، چاپی یەکەم، بغداد، ٢٠٠٧.

# هونەر



## سوریالیزم

**تەها ئەحمەد رەسوڵ**

## کەلتوور لەنێو تابلۆی مەزادخانەی کاروان کەریمدا

**نووسینی: حەسەن سلێمان عەسکەری**



## شەماڵی عەبەڕەش:
## پێویستە عەشقی شانۆ بگەڕێننەوە

**سازدانی: شەنکار عەبدوڵڵا**

## چاوپێکەوتن لەگەڵ جیم جارمووش

**و. لە ئینگلیزییەوە: ئەکبەر حەسەن**

# سوریالیزم



**تەها ئەحمەد رەسوڵ**

بەرەنجامی هەردوو رەوتی ئەبستراکت و دادابیزم کە پەلکشان بوون بەرەو ساناکردنەوەی فۆرم و زێدەرِۆییەکی بێهاوتای رەنگ و هێڵ و سەربەستییەکی ئەوتۆی بیرکردنەوەو کارکردن، هەروەها لێژبوونەوە رووەو ناماقوڵی دونیاو هەموو شتە دەرکپێکراوەکان، ئەمەش وێرای هەڵگیرساندنی یەکەم جەنگی جیهانیی و قووڵبوونەوەی کێشە نەتەوەیی و چینایەتییەکان و بەرزبوونەوەی ئاستی هۆشیاریی و رۆشنبیریی و زیادبوونی ژمارەی دانیشتووان، سەرهەڵدانی رێبازێکیان بەدوادا هات کە ئەویش سوریالیزم بوو، کە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر ئەدەبیات و هونەری شێوەکاریی و سینەماو فۆتۆگراف و هونەرەکانی دیکە داناو هێندەیتر هونەر وابەستەی ئەندێشە و خەیاڵمەندییەکانی جیهانی ناوەوەی ئادەمیزاد بووەوەو ئەو نەبینراوانەی هێنایە پێش چاو کە لە رابردوودا بوونیان نەبوو و هیچ ئاوڕێکیان لێنەدرابووەوە.

ئەگەرچی سوریالیزم سـەروو سروشت و واقیع و ئەودیوی شتەکان دەگەیەنێت، تارادەیەکیش بەواتای ئەوپەڕی راستییەکان و پانتاییەکانی نەست و نائاگایی دێت، کە مۆڵگەی ناخی مرۆڤەو لەوێدا گەڕانەوە بۆ زەمەنی رابردوو و نوستالیژیا و یادەوەرییە تایبەتییەکان لە نادیارەوە دەپەڕنەوە بۆ دیار و وتراو، وەلێ لەهەمبەر ناسەقامگیریی جیهان و واقیعدا سەرکێشییەکی یاخیگەرانەی شۆڕشئامێزە تاوەکو بە زمانی خۆی رووبەڕووی ببێتەوە.. یاخود هەستانەوەیەکی بەرچاوی هونەری شێوەکاریی بێت لەپاش نقومبوونی لە خەرەندی دادائیزم و ئەبستراکتدا، ئەوەش لەپای ساردبوونەوەی چێژبینینی هونەردۆستان وەختێک لە ئەبستراکت و دادائیزمدا بەرکەوتنێکی نێگەتیڤیان چنیبۆوە بەپێچەوانەی قۆناغە نوێیەکانی دیکەی هونەری شێوەکارییەوە، کە لە سۆنگەی بەرهەڵستی و سووربوونی هونەرمەندانەوە هاتبوونە ئاراوە.

بیرۆکەی رزگـاری مرۆڤ لە کۆت و بەندەکان و شکاندنی سنوورە دروستکراوەکان پەیامی سوریالیزمە و دەکرێت دەسپێکی ئەو روانینە لە کتێبەکەی (شارل بۆدلێر)ەوە هەڵقوڵابێت، بۆدلێر لە سێ وتاری ئەو کتێبەیدا قوتاربوون لە بەربەستەکانی ژیان و نغرۆبوون لە وەهم و خەیاڵ دەخاتە روو، لەپاش ئەویش (ئارسەر رامبۆ) وەک یەکەم یاخیگەریی رێبازی سوریالیزم دەبینرێتەوە، رامبۆ دژ بە نەهامەتی و بەدبەختییەکانی مرۆ بەربەرەکانێ دەکات و خەون و خەیاڵ و راستییەکان بە زمانی رەمز و هێما و دەلالات دەخاتە روو، ئینجا ناوهێنانی ئەوپەڕی راستی لەلای (ژێرار دۆنیروال) دێت کە دەڕژێتە نێو چالاکییە وەهمییەکانی مێشکی مرۆڤ و پێیوایە گەوهەری خەیاڵ دەیگەیەنێتەوە ناخی خۆی، یان ئەو جیهانە چی کەمتر نەبێت لە راستییەکانی جیهانی دەرەکی، (ئەندرێ بریتۆن) لەو بارەیەوە خاوەنی وتەیەکە کە دەڵێت: رۆحی سوریالیزم لە دەروونی دۆنیروالدا دابەزیوە، دوابەدوای ئەوەش ئەندرێ بریتۆن مانیفێستی رێبازەکەی داڕشت و رایگەیاند کە داهاتوو بریتییە لە ئاوێتەبوونی خەیاڵ و راستی و راستییەکی رەها دێتە کایەوە.

دەکرێت بنەماکانی بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەی سوریالیزم هەوڵی بۆ دەدا وەها چڕ بکەینەوە: هونەرێکی گاڵتەئامێز و رەخنەگرانە، سودوەرگرتن لە جیهانی پەنهان و شتە سەیرو سەمەرەکان، نغرۆبوون لەنێو وەهم و خەیاڵدا، سودوەرگرتن لە شتە راستەقینەکان وەختێک لە خەوندا دێنە کایەوە، نزیکبوونەوە لە جیهانی شێتی و شتە ناماقوڵەکان بۆ ئاوەژووکردنەوەی واقیعی نالەبار، لە ئەدەبیشدا نووسینێک بێنێتە کایەوە کە پێشوەخت ویستی نووسەر نەبووبێت. سەرباری

هەموو ئەم شتانە ناکرێت کاریگەریی بەرچاوی دەروونشیکاریی لەیادبکەین و دەشێت بەبێ شیکردنەوەی دەروونی و بەتایبەتیش دەروونشیکارییەکەی (فرۆید) سوریالیزم نەیتوانیبێت سەقامگیریی خۆی بسەلمێنێ، لەبارەی ئەو کاریگەرییەشەوە کە سوریالیزم لەسەر شیکردنەوەی دەروونی جێهێشتووە، یاخود ئەویش راستەوخۆ دەروونشیکاریی بۆخۆی کردۆتە زمانحاڵی شرۆڤەکردن و شیکردنەوە.. فرۆید لە نامەیەکدا بۆ (ستیڤان زفایگ) دەڵێت: بەڕاستی تاوەکو دوێنێ سوریالیزم هێندە لەلام جێی بایەخ نەبوو و وەکو داداییزم تەماشام دەکرد، بەڵام کاتێک ئەو لاوە بەهرەمەندەت هێنایە لام (سلڤادۆر دالی) بیروباوەڕم تەواو گۆڕا و سەرمەست بووم.

وێڕای ئەوەی هونەری شێوەکاریی و دیرۆکی نیگارکێشان لە کلاسیکەوە بۆ رۆمانسیزم و ئێکسپرێشێنیزم و سوریالیزم لە خەیاڵ بەدەر نین و ئەندێشمەندیی هونەرمەندان دەبێتەوە هەوێنی سەرهەڵدانیان، وەلێ ئەو خەیاڵە پۆلێن دەکرێت و رۆمانسیەت خەیاڵێکە بۆ هێنانەوەی نموونە باڵاکانی میتۆلۆژیا و مێژووی مرۆڤایەتی، تاوەکو واقیعێکی زیندوو رەنگ پێبداتەوە، یاخود پەنایان بۆ ببات بۆخاتری دەربازبوون و پەڕینەوە لە ژیانێکەوە بۆ ژیانێکی پێشکەوتووتر، هەرچی سوریالیزمە خەیاڵ و خەونێکی بینراوە لە خودی هونەرمەندا یان گەڕان و پشکنینی هونەرمەندە بۆ جیهانی نادیار و نەوتراو و شتە تایبەتی و بەسەرچووەکان، لێژبوونەوەیە بەرەو پەنهانییەکانی ناخ و دەروون و هەوێنی راستەقینە لە قووڵایی نەست و ناهوشیاریی مرۆیی وەدەست دێنێت، یان بەواتایەکی تر بیرۆکە و ناوەرۆکی هونەرەکەی لە جیهانی ناوەکیی و نادیار و ئەودیوی شتەکاندا دەبینێتەوە بە پاڵپشتی شتە هەستپێکراو و دیار و بەرچاوەکان، تێکەڵبوونی هەموو ئەو شتانەش بۆ پێکهێنانی شتێک کە دەکەوێتە سەروو واقیع و سروشت و بینراوە راستەقینەکانەوە تاوەکو لە جێگەیان چەندەها شتی نوێ و نەبینراو دابنێت.

سوریالیزم Surrealismوەک نازناوێک یەکەمجار لە درامای سەروو سروشتدا ناوی هاتووە، کە شانۆییەکی (ئەپۆلینیر)ی شاعیرە و ناوەرۆکی میتۆلۆژیایەکی یۆنانی بەرجەستە دەکات، ئامانج لە نووسینی ئەو دەقەش کە لەنێوان ساڵەکانی (١٩٠٣ – ١٩١٧) دا نووسراوە، پوختەکەی ئەوەیە مەترسی زۆربوونی رێژەی دانیشتووانی سەر رووی زەوی فاکتەرێکی سەرەکییە بۆ گەشەسەندنی وڵاتان، وەلێ هەموو ئەو رووداوە سەیرانەی لەو شانۆییەدا نمایشکراون، بۆ نموونە رووداوە نالۆژیکییەکان، بوونەتە هۆی سازدانی مشتومڕی

بینەران و هونەرمەندانیش بەتایبەتی، کە دواتر دەبێتە دەلاقەیەک بۆ هەندێک لەو نووسەرانەی کاریان لە شتە ناماقوڵ و نالۆژیکییەکاندا دەکرد، لەهەمانساڵیشدا (دیاگلیڤ) شانۆیی (نمایش)ی دەرهێنا کە (جان کۆکتۆ) دەقەکەی نووسیبوو و (پیکاسۆ)ش دیکۆرەکەی بۆ سازدابوو و بریتیبوو لە نیگاری دوو گاڵتەجاڕ و نیگاری ئەسپێک، لەوێدا خاتوو دۆنوای لە شێوەی درەختێک نەخشاندبوو لە دەموەختی پێکەنیندا.. ئەپۆلینیر لە پرۆگرامی نمایشەکەدا نووسیویەتی کە سوریالیزم بە زمانی فەرەنسی بەمانای (سەروو واقیع) دێت، هەروەها لە نامەیەکیشیدا بۆ (پۆل دێرمی) کە ساڵی ١٩١٧ نووسیویەتی، دەڵێت: چەمکی سەروو واقیع Sur realism گونجاوترە وەک لە چەمکی سەروو سروشت Sur naturealism و ئەم چەمکەش لە فەرهەنگدا بوونی نییە.

ئەپۆلینیر بە داهێنەری زاراوەی سوریالیزم دەژمێردرێت کە واتاکەی سەروو واقیع دەبەخشێت، ئەو واقیعەی لەودیو واقیعی هەستپێکراوەوە هەیە و جیهانێکی گەلێک بەرفراوان و بەربڵاوە و لە جیهانی راستەقینە بەهێزتر و کاریگەرترە، ئەویش لەڕاستیدا واقیعی جیهانی نەست و نائاگاییە (اللاشعور) و بەبۆچوونی پێشەنگانی ئەم ڕێبازە راستییەکان لە جیهانی نەست و زەیندا هەن و راستی رواڵەت و بنەمای سەرجەم بابەت و کەرەستەکان لەنێو خەوندا بەدیدەکرێن، چونکە هۆش و هزر بەشێوەیەکی راستەوخۆ لە خەوندا سەربەستییان چنگ دەکەوێت و ئازاد دەبن و لە رکێفی دەسەڵاتی ئەقڵی ئاگا رزگاریان دەبێت، بە بڕوای سوریالییەکان گەوهەری راستەقینەی رواڵەت و شتەکان بە چاوی ئاسایی نابینرێن، بەڵکو لەودیو رواڵەت و فۆرمی بوونەوەراندا جێگیر و سەقامگیرن، لەبەر ئەم فاکتەرەشە روویانکردۆتە جیهانی نادیار و نەبینراو و شاراوە و بەدوای دۆزینەوەی ئەو راستییانەدا دەگەڕێن کە چاوی ئاسایی دەرکیان پێناکات، لەبەر ئەمەشە هەمیشە رووبەڕووی واقیعی هەستپێکراو و بینراو دەوەستنەوە و بەربەرەکانێی دەکەن.

ئەندرێ بریتۆن کە پێشەنگ و دامەزرێنەری ڕێبازی سوریالیزم بوو بە هاوشانی هاوڕێ شاعیرەکانی (ئەپۆلینیر و ئەراگۆن و پۆل ڤالێری) توانی بایەخێکی ئەوتۆ بداتە ڕێبازەکە و لەبارەی شرۆڤە و دەروونشیکارییەکەی (فرۆید) باسوخواسی دەگۆڕییەوە، دواتریش لە نووسین و بەیاننامەکانیدا باس لە خەسڵەتە سەرەکییەکانی سوریالیزم دەکات و دەستنیشانی ئەوە دەکات کە سوریالیزم بەپێچەوانەی تەوژم و بزووتنەوەی دادابیزمە و سەرباری ئەوەی سوریالیزم ڕێبازێکی نوێی بواری ئەدەب و هونەرە، لەهەمان کاتیشدا

بیروبۆچوونێکی فەلسەفییە بەبێ ئەوەی فەیلەسوفێکیشی هەبێت، ئەندرێ بریتۆن بۆ ناساندنی سوریالیزم پێیوایە: سوریالیزم پردێکی زۆر بچووکە لەسەروو قووڵاییەوە، تێرکردنی هزر و مێشکە، ئەودەمەی سانسۆر و چاودێرەکان بەسەر ئاوەز و ئەقڵەوە بزر دەبن، سوریالیزم هەبوویەکی ناوەندی و هەڕەمەکی دەروونە کە ئامانجی دەربڕین و گوزارشتەکانە، ئەو دەربڕینانەش ئیدی چ بە نووسین بن یاخود رەنگ و هێڵکاریی و هەر جۆرە بیرکردنەوەیەکی دیکە، لە پرۆسێسە واقیعییەکانی ئایدیادا راستەقینەن مادامەکی ملکەچی ئەقڵ نابن سەربەستن لە هەموو پابەندبوونێکی مۆراڵی و ئیستاتیکی و پێوەرێکی تر.

ئەمانە لای بریتۆن ئەوە دەگەیەنن کە توانستی ئەقڵ بەسەر رواڵەتەکان و باری یەکبووندا زاڵە کە لەنێویاندا هێزە دژبەیەکەکان ئاوێتەی یەکترن لەناو هێزێکدا، بەواتای ئاوێتەبوونی مردن لەگەڵ ژیان و رابردوو بە داهاتوو و خەونیش بە واقیعەوە، ئەمانە هەموو لەناو واقیعێکی رەهادا کە ئەویش واقیعی سوریالییە..
لەم بارەیەوە دەڵێت: دەکارین لەوە وردببینەوە کە نادیار و شاراوەکان ئەگەرچی شاراوەش نین، جێگە چۆڵ بکەن بۆ نادیار و شاراوە گەورەکە، بڕوام وایە لە داهاتوودا چارەسەرێک بۆ ململانێی نێوان خەون و واقیع بەدەست بخەین لە شێوازێکی گونجاودا کە ئەویش جیهانی سوریالیزمە.

بە بۆچوونی سوریالییەکان، سوریالیزم لەو چاوگەوە هەڵدەقوڵێت کە



کارێکی هونەرمەند ماکس ئێرنست

بڕوامەندی تەواوە بە تێکڕای ئەو ڕاستییانەی لە ڕووخسار و فۆرم و دیمەنە دوابەیەکەکاندا بوونیان هەیە و لە ساتەوەختی خۆیاندا فەرامۆشکراون، لەڕێگەی توانستی خەونە سەمەرەکاندا پێکهاتوون و دەروون پەی بە نادیار و شاراوەیاندا دەبات، لەبەرئەوەشە بریتۆن ڕایوایە کە هونەر لە نائاگایی و ئەقڵی ناوەکیی و شتە نالۆژیکی و گێژاو و خەونەکان سەرچاوەدەگرێت و لە تەوەرەی جیهانێکدا سوڕدەخوات کە زۆر دوورە لە دەسەڵات و توانستی هۆش (الوعی)، لە مانیفێستەکەدا دەڵێت: سوریالیزم ڕێبازێکی ئۆتۆماتیکی دەروونیی پوختە، نووسینی هەڕەمەکی و ئۆتۆماتیکی و نمایشی خەونە، تابیر لە ڕاستییەکانی هۆش و هزر دەکات دوور لە دەسەڵاتی ئەقڵ.. بێگومان ئەو بۆچوونانەش کۆت و پێوەند و سنوورەکانی لەبەردەم شاعیران و هونەرمەندان شکاند و بووە دەلاقەیەک بۆ دەربڕین و شرۆڤەی بەردەوامی جیهانی نائاگایی نێو دەروونیان، نموونەی ئەوانەش هەریەک لە: ئەراگۆن، کرافل، ئیلوار، بیکۆن، فیتراک، دسنۆس، فیلیب سۆبۆ، مۆریس، مالکین، جیرار و ئەنتۆنین بوون.

بۆئەوەی نادیارەکانیش لە ڕواڵەتە ئاسایی و هەستپێکراوەکانەوە دەرک بکەن دەهاتن دیاردە هاودژەکانیان بەیەکتر دەردەبڕی و بەرکەوتنی جیهانەکانیان ئەو ئامانجەی دەهێنایە ئاراوە.. (ماکس ئارنست) بۆ ئەو حاڵەتە وتویەتی: سوریالیزم گرێبەستێکە لەنێوان دوو شتی ڕاستەقینەدا کە بە ڕواڵەت لە توانایاندا نییە مارە لەیەکتر ببڕن و هەرگیز بەیەکیشەوە ناگونجێن.. هەڵبەتە ئەم جۆرە بیروباوەڕانە وزە و تواناکانی ڕووەو وردبوونەوەیەکی ئەوتۆ برد لەهەمبەر حاڵەتە نادیارەکانی دەروون و هەڵچوونەکان و سەروو واقیع، ئینجا کێشمەکێشی نێوان جیهانە دژبەیەکەکان بەمەبەستی گۆڕینی ژیان.

سوریالیزم لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا وەک بەرپەچدانەوەیەکی بزووتنەوەی دادائیزم هاتە گۆڕێ لە هەردوو بواری ئەدەب و هونەردا، وەلێ دەسپێک و هاوشێوەی کارکردنە سوریالییەکان لە سیما و شێوازدا دەشێت لە ڕێبازەکانی کۆنتریشدا ببینینەوە، بۆ نموونە ڕامان لە تابلۆی (مۆنالیزا)ی لیۆناردۆ داڤینشی کە باکگراوند لەو نیگارەدا دۆڵ و نشێوێکە وەک ئەندێشەیەک لەکاتێکدا ئەو جێگەیە ڕاستەقینەیە و لە خاکی ئیتاڵیادا بوونی هەیە.. هربرت رید پێیوایە نیگاکردنی تابلۆی (باخی چێژەکان)ی (پۆش) بەبەراورد بە کارەکانی دالی جۆرێک چونییەکی تێدایە بەو ڕادەیەی ئەندێشمەندیی دالی لەچاو پۆشدا کەم توانست و لاوازترە، یان لە کارەکانی (گۆیا)دا کە لە سەدەی هەشتەیەمدا هاتوونە بەرهەم، بەتایبەتیش لە کاری (مەڵبەندی جادووبازان) مۆرک و خەسڵەتەکانی سوریالیزم

بەرووی دێتە پێش چاو، لەو روانگەیەوە لێکۆڵەران پێیانوایە شانۆیی (هاملێت) ی شەکسپیریش لەو جۆرە روانین و دیدگا سوریالییە نزیکدەبێتەوە، چ وەک خەون و ئەندێشە، چ وەکو دەستنیشانکردنی جیهانی نائاگایی و شۆڕبوونەوە بۆ دونیای ناوەکیی دەروون.

هۆکاری چڕبوونەوەی ئەو روانین و پشکنینە تایبەتە تاوەکو ببێتە رێباز و تاکەکانی بەشێوەی پرۆگرام و شێوازێک پراکتیزەی بکەن بۆ کارەساتەکانی یەکەم جەنگی جیهانی دەگەڕێتەوە، نووسەران و هونەرمەندانی ئەو دەمودەختە یاخی ببوون لە یاسا و رێساکانی شارستانییەتی خۆرئاوا و هەوڵی گۆڕانیان دەدا، گەوهەری هونەریش وەک هەڵوێست و هەردەم دژ بە جەنگ و دۆخی نائارام و کێشە کۆمەڵایەتییەکان و جیاوازیی چینایەتی بەرکەوتن و گوزارشت بوو لەو جۆرە هەست و نەستانە کە لە هزر و دەروونی هونەرمەندان و شاعیراندا پەنگیان خواردبۆوە، لەبەرئەوە تێکشکاندنی لۆژیک و بنەما واقیعییەکان سەردەفتەری کارکردنەکان بوو.

بێگومان بەر لە سەرهەڵدانی سوریالیزم، تەوژمی دادابیزم لەگۆڕێدا بوو و (هۆکۆ باڵ) ساڵی ١٩١٦ دایمەزراندبوو، ئەویش وەک بەرهەڵستییەکی دژ بە جەنگ هاتبووە ئاراوە، هەروەها خاوەنی هیچ پەیڕەو و پرۆگرامێک و بۆچوونێکی دیاریکراو و گشتگیر نەبوو، یان لەنێو پوچگەرایی و بێهودەییدا دەلاقەیەکی رۆشنی نەدەکردە ئەلتەرناتیڤی هونەر و ئەدەبەکەی و مرۆیان رووەو بەدبینی و داڕمان دەبرد، هەر لەبەر ئەو شتانەش بوو پوکایەوە و بەرەو لاوازبوون کشا.. ئەندرێ بریتۆن پێبینی ئەوەی دەکرد دادابیزم ئیدی رووەو کۆتایی دەچێت و نەبوونی بنەماکان مەرگیان لەخۆیاندا هەڵگرتووە، بریتۆن لەو هۆشیاربوونەوەیەدا ئاراستەی نادیار و شاراوەکان پەلی کوتا و هەوڵی دۆزینەوەی رێبازێکی دەدا کە لەگەڵ بیروبۆچوونە زیندووەکانیدا بگونجێت، ئەوەبوو لەگەڵ لایەنگرانی دادابیزمدا لە نموونەی (ماکس ئارنێست و ئەراگۆن و ئەپۆلینیر و فیلیب سۆبۆ) چوونە نێو رەوتی سوریالیزمەوە و شاری پاریسیان کردە مۆڵگەی خۆیان.

سوریالییەکان بەئاشکرا ئەوەیان پێوە دیارە کە کاریگەریی بۆچوونەکانی هەریەک لە (برگسۆن) و (ئەندرێ جید)، یان لەسەرە، بە بۆچوونی برگسۆن (پراکتیزەکردن و تاقیکردنەوەکان هیچ پەیوەندییەکیان بە زانستی مرۆڤایەتییەوە نییە)، هەرچی ئەندرێ جیدیشە پێشوەختە لەسەر رێبازی دەربڕینخوازیی کاریدەکرد و لە بەرهەمە ئەدەبییەکانیشیدا جیهانی نائاگایی سوریالیزمیش

بەدیدەکرێت، جگە لەمانەش تیۆری رێژەیی کە راستییە رەهاکانی هەموو ئاوەژوو کردەوە رێخۆشکەربوو بۆ سوریالییەکان، لە رووی کات و شوێن و یاساکانی گەردوونەوە کە سەرجەم بوونەکانی گەردوون جێی متمانە و بڕوای تەواو نین و رێژەیی دەکەونەوە، لەوێشەوە هزر و هەستی مرۆش وەک تێکڕای هەبووەکان رێژەیین و راستییەکانیش رەها نین و بەپێی سەردەمەکان لە بۆتەی راستی نزیکدەبنەوە، برگسۆن جەختی لە زەین روونی (حدس) دەکردەوە لەبری ئەقڵ و ئاوەز، لای ئەو زەین روونی لە مێشی مرۆدا بنەڕەتی شتەکان نەک ئەقڵ و هۆشمەندیی، لەڕێی زەین روونییەوە دەرک بە ئەقڵی فراوان و ناکۆتا دەکرێت، نەک ئەقڵی رووت و پوختەوە و خۆی راستییەکی رەهایە، تەنانەت بە پاڵپشتی زەین روونی دەتوانین کار و چالاکییە رۆژانەییەکانمان بەڕێوەبەرین، ئەم بۆچوونەش لای سوریالییەکان پێگە و بایەخی خۆی هەیە.

بواری دەروونشیکاریی و تیۆرە دەروونییەکانی (سیگمۆند فرۆید) جێگەی شانازیی و خۆشحاڵی سوریالییەکانە، ئەندرێ بریتۆن لە بەیاننامەکەیدا دەڵێت: (تۆژینەوە و شیکارە دەروونییەکانی فرۆید دەرفەتێکی ئەوتۆن بۆ تیشک خستنە سەر جیهانی نائاگایی و بەشێکە لە جیهانی هۆش و ئاوەز، ئەو بەشەی کە لای منەوە وەلانراوە و فەرامۆشکراوە، لە راستیدا بەشێکی سەرەکییە و دواجار دەکرێت لەو دۆزینەوەیەدا سوپاسی فرۆید بکەین).. ئەو دۆزینەوەیە بێگومان شتێکی تازە بوو بۆ هزری مرۆڤایەتی، بەتایبەتی لەو شێوازەدا کە خستیە روو و دوور بوو لە ئەقڵ و لۆژیکەوە، هەڵبەتە سەرنجی تەواوی سوریالییەکانی بۆخۆی راکێشا و بە مەزنترین دۆزینەوەیان ناوزەد کرد کە لە ناخ و دەروون و نهێنییەکانی دەکۆڵێتەوە.

فرۆید پێیوایە، ئەقڵ یاخود مێشکی مرۆڤ لە سێ بەش پێکهاتووە، یەکەم: ئەو بەشەیە کە پێی دەوترێت ئاگایی (الشعور) و پەیوەندییەکانی مرۆڤ لەگەڵ دەوروبەرەکەیدا دەگونجێنێت، دووەم بەش: بەر لە ئاگایی و هەستە (ماقبل الشعور) ئەوەش دەکەوێتە نێوان بەشی ئاگایی و بەشی نائاگاییەوە و مرۆڤ بە هۆی ئەم بەشەوە دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ هەست و هۆشی خودی خۆی، واتە بۆ ئاگاییەکەی، سێیەم: بەشی نەستە یاخود نائاگایی (اللاشعور) کە لای فرۆید گرنگترین بەشەکانی ئەقڵە و بەرەنجامی کۆبوونەوەی ویستەکانە و لە خواست و خولیا و ئارەزووەکانی پێکهاتووە، وەک برسێتی و ئازار و سێکس و رەمەک کە بابەتی بنەڕەتین لە مرۆڤدا.. سەرباری ئەم بەشانەش، فرۆید کەسێتیی دیسانەوە لە سێ بەشدا پۆلێن دەکات، یەکەم بریتییە لە (من، الانا Ego ) کە دەکەوێتە

نێوان بەشی ئاگایی و بەر لە ئاگاییەوە، ئەویش هەڵدەستێت بە ڕێکخستنی جیهانی ناوەکیی و دەرەکی، یاخود لەنێوان من و ئەویتردا بۆ پاراستنی تاک و ئارەزووەکانی، واتە ئارەزووەکان بەدەرناخات و خەفەیان دەکات (الكبت)، پەیوەندییەکانی ئەو و من بەشێوەیەک لەگەڵ دەوروبەردا دەگونجێنێت تاوەکو دژی واقیع نەبێتەوە.. دووەم (منی بەرزە Super Ego)، دەکەوێتە بەشی بەر لە هەست و ئاگایی و لە پەروەردە و دابونەریتی کۆمەڵایەتی و خێزانەوە پێکدێت، بەواتایەکی دیکە ئەم بەرزە منە بە ویژدان و ڕەخنەگر و چاودێرێک لێکدەدرێتەوە و من دەخاتە ژێر پرسیار و لێپرسینەوەوە.. سێیەم بریتییە لە (ئەو id) دەکەوێتە بەشی نائاگاییەوە و لە ڕەمەک و ئارەزوو و غەریزەدایە، ئامانجی تێرکردن و دامرکاندنەوەی ڕەمەک و غەریزەکانە ئیدی بەڕێگەی دروست یان نادروست، ئەوەش وەک بۆماوەیی بۆمان ماوەتەوە و کەسێتی بەپێی باووباپیرانی، بەپێی کرۆمۆسۆمەکانی تێیدا چێنراوە و بەشێکە لەو درێژکراوەیە.

لێرەدا وا پێویست دەکات لە جیهانی نائاگایی وردبینەوە، چونکە لای سوریالییەکان بووەتە بنەمای سەرەکی، بە بۆچوونی فرۆید مانەوە و ئەقڵ و ئاوەزی دروست بەندە بە هاوسەنگیی و ڕێکخستنی جیهانی ئاگایی و پێش ئاگایی و نائاگاییەوە.. هەرچی بریتۆنە هێڵێک بۆ نائاگایی تیۆرەکەی فرۆید دەکێشێت و لەبری ئەوەی نائاگایی وەک دەروونشیکاریی بناسێت دێت و بە چەمکێکی فەلسەفی لێکدەداتەوە، پاشان ڕۆڵی بەرچاوی فرۆید دەستنیشان دەکات کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی نێوان نائاگایی و خەون ڕوونتر دەکاتەوە (لەمیانی خەونەوە دەرفەتێکی باش بۆ ناوەرۆکی نائاگایی دەڕەخسێت تاوەکو لە ئاگایی و هۆشدا خۆی بنوێنێت، چونکە خەون باشترین بوارە بۆ دۆزینەوەی نائاگایی).

سوریالییەکان بۆ دەربڕینی بیروبۆچوونیان پەنا وەبەر جیهانی نائاگایی دەبەن و خۆیان بەدوور دەگرن لە دیاردە و بینراوە هەستپێکراوەکان، لەو بابەت و ناوەرۆکان نزیکدەبنەوە کە لە جیهانی نائاگاییدا دەرکی پێدەکەن، لەبەر ئەوەشە سوریالییەکان بڕوای خۆیان هاوشانی تیۆرەکانی فرۆید دەکەنەوە بۆ بەرجەستەکردنی بیرۆکە و ئەندێشەکانیان.

لای بریتۆن خەون مەزن و نەمرە و مۆڵگەی گرفت و کێشەکانە کە تێیدا حەشاردراون، لای فرۆیدیش خەون ژیار و شانشینێکی نالۆژیکییە و ڕێیەکە بۆ هێنانەدی ئارەزووە خەفەکراوەکان، ئەو پێیوایە واقیع و جیهانی دەروون دیمەنێکە لە دیمەنەکانی بوون و پێویست بەوە ناکات واقیعی دەروون بە واقیعە بینراو و هەستپێکراوەکانەوە سەرقاڵ بکرێت، هەروەها هیچ پێودانگێکیش نییە

هونەر

بۆئەوەی وا لە خەڵکی بکات بەرپرسیاری رەفتار و ئاکاری خۆیان بن، بێگومان ئەم وەشاندنەش لای سوریالییەکان جێی بایەخ و گرنگییەکی ئەوتۆیە لەبەرئەوەی ئەدەب و هونەرەکەیان لە کۆتی ماقوڵیی و رەهەندە لۆژیکییەکان دەرباز دەبێت، پاشان بە بڕوای سوریالییەکان ئەدەب و هونەرێکی لۆژیکیی و ماقوڵ دەرۆستی چارەسەرکردنی کێشە سەرەکی و بنەڕەتییەکان نایەن، هەروەها بەرپرسیاری ژیانی هاودەم بە کۆڵەوە نانێن ئەوەندەی فاکتەری کێشەکان بە جەنگی جیهانییەوە دەبەستنەوە، فرۆید بەرامبەر بەو دیدگایەی کێشەکان دەخاتەوە ئەستۆی جەنگەوە، دەڵێت: ( ئەقڵی ناوەوە دەتوانێت راستگۆییەکی بەهێزترمان پێببەخشێت بەبەراورد بە راستی سەرەوەمان، ئەقڵی ئاگا بە هەموو هزرەکانییەوە هێشتان بە گەمژەییەوە کاردەکات و بەڵگەی ئەمەش ئەوەیە ئەقڵ و ئاوەزی مرۆ نەیتوانیووە کارەسات و جەنگ دووربخاتەوە).

فرۆید و هەوادارانی ئەم جۆرە روانینە بۆ ئەقل، ئەو راستییە پشتگوێ دەخەن کە هۆکاری هەڵایسانی جەنگ و زۆرینەی نەهامەتییەکان بۆ سستی و لاوازیی ئەقڵ ناگەڕێننەوە، بەڵکو دەیخەنە پاڵ سیستمی سەرمایەداریی و بۆرژوازییەتەوە، لە سەرەتاشدا دادابیەکان فرۆیدیان بەوە تاوانباردەکرد کە بۆچوونەکانی خزمەتی سەرمایەداریی و بۆرژواکان دەکات و لەپێناوی ئەواندا تێدەکۆشێت، لەم بارەیەوە پابلۆ نیرۆدا وتوویەتی: (سەرمایەدار شیعرێکی دەوێت کە لە واقیع دابڕابێت، ئەو شاعیرەی بە نان دەڵێ نان و بە مەی دەڵێ مەی، جێی مەترسییە لای سەرمایەداریی نیوە مردوو).

وێڕای ئەوەی فرۆید خەونەکان بە هێنانەدی ئارەزووە خەفەکراوەکان لێکدەداتەوە، وەلێ ئەوە رەتدەکاتەوە کە نالۆژیکیی لەپێناوی نالۆژیکیدا تێبکۆشێت، بەڵام بریتۆن هەردوو بوونی واقیع و خەونی لە یەک واقیعی راستەقینەدا ئاوێتە کرد، کە پێی دەوت واقیعی سوریالیزم و نائاگایی تیۆرەکانی فرۆیدی ستایشدەکرد وەک بنەمایەکی بەتینی سوریالیزم.

سوریالییەکان بۆ گەیشتن بەو ئامانجانە و نزیکبوونەوە لە جیهانی دەروون دوو رێگەی سەرەکییان گرتەبەر بۆ گوزارشتکردن لە بۆچوونەکانیان، ئەوانیش بریتیبوون لە نووسینی هەڕەمەکی و ئۆتۆماتیکی و خەونەکان، بێگومان ئەم دوو رێگەیەش بەپێی میتۆدی دەروونشیکاریی بوو، وەلێ سروشتی زانستی نێوان تەکنیکی سوریالییەکان و تەکنیکی فرۆید پەیوەندییەکی سادە و ئاسان نەبوو، بەڵکو زۆر ئاڵۆز و تاڕادەیەکیش وەک زۆرلەخۆکردن دەکەوتەوە، بریتۆن بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە نووسین پرۆسەیەکی میکانیزمییە و لەڕێی مۆنۆلۆگی ئازادەوە

دەخەملێت وەک چۆن فرۆید لە کاتی جەنگدا لەگەڵ نەخۆشەکانیدا پەیڕەوی دەکرد، ئەو جۆرە دەربڕینە لای ئەوان باشترین ڕێگە بوو کە مرۆڤ بەرەو لایەنە شاراوەکان دەبات و ئەقڵ ئیدی توانستی نییە سەرپشک بێت، لەوێشەوەیە دەکرێت ڕێباز و ئاراستەکانی ئەقڵ دەستنیشان بکرێت.. بریتۆن بە هەماهەنگی بۆچوونەکانی فرۆید توانی لەگەڵ فیلیب سۆبۆی هاوەڵیدا ڕێگەی نووسینی هەڕەمەکی و ئۆتۆماتیکی بگرێتەبەر، لەو میانەدا دەڵێت: (بەو پێیە دەستمانکرد بە نووسین، لە کۆتایی ڕۆژی یەکەمی تاقیکردنەوەکەدا هەریەکەمان نزیکەی پەنجا لاپەڕەمان نووسی، دواتر کەوتینە بەراوردکردنی نووسینەکانمان، ڕوانیمان بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر لەیەکتردەچوون، تەنانەت لە پێکهاتەی وشەکانیشدا هەڵەکانمان چونییەک بوون، ڕادەی دوودڵی و ئەندێشە و داڕشتنی وشەکانیش بە چەشنێک بوون بە ڕێیەکی سادە نادەتوانرا دەستگیری بکەین، ئاکامی ئەم تاقیکردنەوەیەیان لە کتێبی (بوارە موگناتیسییەکان ١٩١٩) بڵاوکردۆتەوە.

لە پراکتیزەکردنی دەروونشیکارییەکەی فرۆیدیشەوە کە شیکاری بۆ کارەکانی (ئۆدیب پاشا)ی سۆفۆکلیس و مۆنالیزا و تابلۆکانی داڤینشی و کارەکانی شکسپیر، ئەوە دەرکەوت کە هێزی (لیبیدۆ)ی سێکس و ڕەمەک و نائاگایی ڕۆڵێکی بەرچاویان هەیە لە داهێناندا و کەسێتیی بەپێی دەربڕینی نائاگاییە تایبەتەکانی دەتوانێت هونەرێک ئافەریدە بکات، هەردوو ڕێگەکە ئامانجیان ئەوە بوو مرۆ بتوانێت باری نائاگایی خۆی بەدەربخات بۆ هەڵسەنگاندنی هەڵوێستی کەسایەتی و خودیی بەرامبەر واقیعی دەرەکی.. ( سلڤادۆر دالی و چیریکۆ و ماگرێت ) بە بەکارهێنانی سیمبۆڵ و هێمای تەمومژاویی و ئاڵۆز گوزارشت لە دەربڕینی خەونەکان دەکەن، (ماکس ئەرنست) لە ڕێگەی شێوە و فۆرمە ناتەواو و پڕ تەمومژەکانییەوە سەرەڕای جەنجاڵی ڕەنگەکانییەوە ئەو ئاکامە دەخەملێنێت و (خوان میرۆ) لە ڕێگەی هەڕەمەکییەوە بۆچوونەکانی دەخاتەڕوو، خوان میرۆ دەربارەی تابلۆی (لەدایکبوونی جیهان) دەڵێت: (لە کاتی نیگارکێشاندا دەست ناکەم بە دیاریکردنی ئەو شتەی دەیکێشم، بەڵکو ڕاستەوخۆ دەستپێدەکەم و لەگەڵ پرۆسەکەدا وێنەکە خودی خۆی دەستنیشان دەکات و سروش دەبەخشێتە خۆی، فۆرمەکان دەبێتە ئافرەتێک یاخود باڵندەیەک، قۆناغی دەسپێک نائاگاییە و بە جۆرێکی سەربەستە، قۆناغی دووەمیش قۆناغی کۆکردنەوە و چارەسەرکردنە بە ئاگادارییەوە).

(ئەندرێ ماسۆن) هەمان ڕێگەی خوان میرۆی پەیڕەودەکرد، بەڵام ئاکام ئەوەی بۆ ئاشکرابوو کە ڕیچگەی هەڕەمەکی و ئۆتۆماتیکی شێوەیەکە لە

شێوەکانی هەڵەشەیی و دەبێتە هۆی خاوبوونەوەی هزر و نەزۆکی دەربڕین، (فیلیب سۆبۆ) کە پێشتر لە ڕەوتی داداییزمدا بوو، سەبارەت بەم ڕێگەیە دەڵێت: (ئەگەر بتەوێت شیعرێکی دادایی بنووسیت، دەبێت هەر ئەوە بکەیت چەند پارچە کاغەزێکی بچووک بهێنیت و لەسەر ڕووی هەریەکەیان وشەیەک بنووسیت، پاشان بیانخەیتە ناو تورەکە یان گۆزەیەکەوە، دواتر لەگەڵ دەرهێنانیاندا پارچە کاغەزەکان چۆن بەدەستەوە هاتن، یەکە یەکە ریزیان بکەیت و ببنە شیعرێک کە لەو وشە و یەکە و موفرەدانە پێکهاتبێت).

سەرباری ئەمانەش هونەرمەند و نووسەرەکان خۆیان مەست و سەرخۆش دەکرد بەو رادەیەی هۆشیاریی و مێشکی ئاساییان لە توانستیاندا نەبێت تاوەکو شتەکان یەکالا بکەنەوە، بەو بڕوایەی لەو ساتەوەختانەدا هزر و ئەقڵی ئاگا وەدیارنامێنێت و نائاگایی دێتە مەیدانەوە و جڵەو بەدەستەوە دەگرێت، مرۆ لەو کاتانەشدا ڕاستگۆیانە گوزارشت لە خودی خۆی و مەیلە ناوەکییەکانی دەکات.

سوریالییەکان بەپێی بۆچوون یاخود دیدگای فەلسەفییان بڕوایان وابوو مرۆڤ لە سەدە دێرینەکانەوە هەوڵیداوە لە جیهانی دەرەکی و دەروونیی خۆی پێبزانێت و دەرک بە ڕاستییەکان بکات، وەلێ کەمتریان چنگ کەوتووە بەتایبەتی لە جیهانی ناوەوە، ئایدیای سوریالیزم وەک بریتۆن ئاماژەی پێدەکات (بیروبۆچوونەکان بە ئاسانی و تەواو نامانگەڕێنێتەوە بۆ توانستی دەروونمان تەنها بەو ڕێگەیە نەبێت کە رۆبچینە نێو قووڵایی خۆمانەوە و ڕووەو شوێنی پەنهان پەل بکوتین و گەشت بەناو ئارەزوو و ڕەمەکدا بکەین).. دەربارەی لۆژیکیش پێیوایە؛ کە ئێمە تا ئێستا لە سایەی لۆژیکدا دەژین، بەڵام لەم رۆژگارەدا دەربڕینی لۆژیکیی لە شیکردنەوەی بابەتە ناوەندییەکاندا نەبێت ناچەسپێن و لە شتە سەرەکییەکان ناکۆڵێتەوە، ژیریی ڕەها بیرکردنەوە و بۆچوونەکانمان بەدەرناخەن ئەگەر بە ئەزموونی واقیعەوە گرێ نەدرێت، ئەزموون و تاقیکردنەوەکانیش لە بازنەیەکی سەختدا گێژ دەخۆن و بەسانایی دەرباز نابن.

وەک هەموو بزووتنەوە و ڕێبازە ئەدەبیی و هونەرییەکانی دیکە، سوریالیزمیش لە پاش ساڵانێک لە کارکردن و بەخشین و داهێنان، هەندێک لە پێشەنگەکانی ئیدی پاشەکشەیان کرد و ڕووەو ڕێچکەی دیکە ڕۆیشتن، هەندێکیان گەیشتبوونە ئەو بڕوایەی کە تەنها بە جیهانی نائاگایی و شۆڕبوونەوە بەرەو خەونەکان نایانگەیەنێتە ئامانجە پیرۆزەکانی مرۆڤایەتی، وەک وتەکەی (ڕامبۆ) ی شاعیر کە بانگەشەی بۆ گۆڕانی جیهان دەکرد، لە دوای ساڵی ١٩٢٧ ئەراگۆن و ئیلوار و بریتۆن و بیرێ ئیدی کەڵکەڵەی ئایدۆلۆژیای سۆشیالیزمیان کەوتە

مێشکیانەوە، ئەراگۆن و ئێلوار تەواو ڕۆچوونە نێو ئەو ڕێبازەوە و (پیکاسۆ) ش هاوشانیان بوو، سەرباری ئەم گۆڕان و وەرچەرخانەش سوریالیزم توانی پارێزگاری لەخۆی بکات و چەندین هونەرمەندی نوێ باشتر پەرەیان پێدا، ئەوەی تا سەر جیهانی سوریالیزمی سەقامگیرتر کرد و بەردەوام تێیدا مایەوە (سلڤادۆر دالی) بوو، کە بەپێی تێۆرەکەی فرۆید کاری دەکرد و خاوەنی تابلۆی (جەنگی ناوخۆیی ١٩٣٦)ە، کە لە بەرهەڵستی و هێرشکردنە سەر سیستمی مرۆڤایەتی پلەی دەگاتە شاکاری (ژێرنیکا)ی پیکاسۆ.. لێرەشەوەیە کە وا پێویست دەکات لەهەمبەر دالیدا هەڵوێستەیەک بکەین و زیاتر لەسەری بگیرسێینەوە، چونکە لەگەڵ ناوی سوریالیزمدا دالی ناوی دێت و لەگەڵ دالیشدا جیهانی سوریالیزم باشتر ناسنامەکەی خۆی دەگەیەنێت.

ساڵی (١٩٠١) لە شاری فیگورای ئیسپانیا دایک و باوکی سلڤادۆر دالی نۆبەرەی کوڕێکیان دەبێت و ناوی سلڤادۆر دالی لێدەنێن، بەڵام ئەو کوڕە هەر زوو دەمرێت و لەدوای سێ ساڵ، واتە لە بەرواری (١١/ ٥/ ١٩٠٤) دا ئەم هونەرمەندە سوریالییە لەدایکدەبێت و ناوی کوڕەکەی پێشووی لێدەنێنەوە، وەک خۆی دەیگێڕێتەوە دایک و باوکی هەمیشە باسی دالییە مردووەکەیان کردووە و ئەویان بەپەراوێز کردوو، نەک باسکردنی منداڵیی ئەم، بێگومان ئەو هەستەش بەردەوام تووشی دڵەڕاوکێ و نیگەرانی کردووە و خۆی وەک بەشێک لەو دالییە مردووە هاتۆتە پێش چاو، هەربۆیە ویستوویەتی بۆ دایک و باوکی و خەڵکی دیکە بسەلمێنێ کە ئەو دالی ڕاستەقینەیە، دەربارەی خاڵی وەرچەرخانی بیرکردنەوە و هەڵوێستی خۆی دەڵێت: (سەرەتای لەڕێ دەرچوون و لادانەکانی هەموو ژیانم دەگەڕێتەوە بۆ یەکێک لە خەونەکانی سەردەمی منداڵیم)، ئەمەش لەو وەڵامەدا بەیان دەکات کە ڕەخنەگری ئەڵمانی (فلاند شمید) بەم چەشنە ئاراستەی کردبوو: (دالی لە ساتەکانی ژیانیدا وەک ئەوە وایە لەسەر تەختەی شانۆ وەستابێت، دالی لەڕێ لایداوە، سەرشێت و یاخی و رووتە).

کاتێک دالی هێشتا تەمەنی ١٠ ساڵ دەبێت، کاری هونەرمەندانی سەرنجخواکان (ئیمپریشێنیزم) گەلێک سەرنجی ڕادەکێشن، لە وانەی وێنەدا کاری خاڵخاڵیی دەکێشێت، لە ئەکادیمیای هونەرەجوانەکانی مەدریدیش دەبێتە مایەی سەرنج و سەرکێشی و سەر بە کێشە، هەر لەوێ (لۆرکا)ی شاعیر دەناسێت، پەیوەستبوونی بە ڕێباز و ڕێچکەی شەشپاڵوویی (کۆبیزم) وا دەکات بۆ ماوەی ساڵێک لە ئەکادیمیا دووری بخەنەوە، وەختێک دەگەڕێتەوە، لەژێر کاریگەریی هونەرمەندی هۆڵەندی (ڤێرمێر) نیگار دەکێشێت و کەمتر ریالیزمی و ئەکادیمی،

ئەوەش مامۆستاکانی نیگەران دەکات و لە ساڵی (١٩٢٦) ئیدی بەیەکجاری لە ئەکادیمیا دەریدەکەن، ساڵی (١٩٢٩) لە پاریس دەچێتە ریزی سوریالییەکانی وەک ماکس ئەرنست و جۆرجیۆ دی چیریکۆ و مارسیل دوشامب و هەر لەو ساڵەدا یەکەمین پیشانگەی تایبەتی خۆی دەکاتەوە، سەبارەت بەو پیشانگەیەی، بریتۆن نووسیویەتی: هونەرەکەی دالی لەمڕۆدا زیاتر بەو کارە هونەرییانە دادەنرێت کە ناوەڕۆکی وڕێنە بەرجەستە دەکات.

دالی هەمیشە لە کێشمەکێشدا بووە سەبارەت بە جیهانی دەرەکی و نێوەندە هونەرییەکان، لای سوریالییەکانیش دەبێتە مایەی قسەو باس و مشتومڕ، چونکە دالی سەر بە هیچ ئایدۆلۆژیا و بیرکردنەوەیەکی سیاسی نەبوو، هەروەک چۆن ئەراگۆن تاوانباردەکرێت بەوەی چووەتە ریزی سۆشیالیستەکانەوە، ساڵی (١٩٣٢) بە تابلۆیەک کە بریتییە لە پێڵاوێکی ژنانەی پڕ لە شیری گەرم سوریالییەکان تەواو لێی پەست دەبن و ئەراگۆن لە بەرامبەر ئەو کارەدا وتوویەتی: پێویستە کارە لابەلاکانی دالی نەهێڵین، دەبێ شیری گەرمیش بخرێتە بەردەم ئەو منداڵانەی بێ بژێوی ژیانن.

بێگومان دالی بەو سەرکێشییەی خۆیەوە هەرگیز ئاوڕی لەو تانە و رەخنانە نەدەدایەوە و کاتێک دەچووە نێو ئەو کۆڕ و کۆبوونەوانەشەوە کە دژ بە ئەو دەبەستران، ئامێرێکی گەرمیپێوی دەخستە دەمییەوە و بەو چەشنە وەک بێلایەنێک گوێی لێدەگرتن، هەڵوەستەی بەرامبەر راوبۆچوونەکانیش تەنها ئەوەندە بوو هەستێت و بە دەنگی بەرز رادەی پلەکانی گەرمی بخوێنێتەوە، ساڵی (١٩٣٤) سوریالییەکانیش ئیدی وەک سوریالییەک رەتیدەکەنەوە و لە کۆمەڵەکەی خۆیاندا دەریدەکەن، ئاڵۆزبوونی پەیوەندییەکانی لەگەڵ هاوڕێکانیدا ئیدی گەیشتە ئەوپەڕی، کاتێک لە ساڵی (١٩٣٩) دا بە باشە وەسفی فاشیەتی کرد و هیتلەری بە کەسێکی سەرنجڕاکێش و ئازا دایە قەڵەم.

دوابـەدوای ئەو پەشێوییە لە جیاوازی بیروڕاکانیدا لەگەڵ هاوەڵانی بزووتنەوەکەدا، هەروەها لەسەرێکی تریشەوە بەرپابوونی یەکەم جەنگی جیهانی، ئیدی دالی روودەکاتە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و تاوەکو ساڵی (١٩٤٨) لەوێ نیشتەجێ دەبێت، بازرگانەکان داوای چەندین کاری لێدەکەن کە وەک نیگار و دیکۆر بۆیان بسازێنێت لەسەر دیواری خەزێنە و تەلارەکانیاندا، هەرچی تابلۆکانییەتی کە هەڵگری ناوەرۆکی ئایینی مەسیحە بۆ ئەوە دەگەڕێنەوە کە سەردانی پاپا بیۆس دەکات و لەوێشەوە دەردەکەوێت کە دالی لە بنەڕەتدا کاسۆلیکییە، ساڵی (١٩٥٦) دیکتاتۆری ئیسپانیا بانگهێشتی دەکات بۆئەوەی لە

نزیکەوە بەو هونەرمەندە ئاشنا بێت، لەپاش هەشت ساڵ بەسەر ئەو سەردان و بانگهێشتەدا خەڵاتی شاژن ئەلیزابێلای پێدەبەخشرێت.

ئەگەرچی هەندێک قۆناغ دەکەونە شێوەی کارکردنی دالییەوە، واتە وەک هونەرمەندانی دیکە ستایل و ناوەرۆک و بابەتی جیاوازتر بەخۆوە دەبینێت، وەلێ کانزاکەی دالی زیاتر رووەو جیهانە نائاگاییەکان و خەون و ئەندێشە سەمەرەکان دەکشێ و تاکرەوییانە کاری سوریالی دەنەخشێنێت، هەربۆیە سەیر نییە کە دالی لە هەموو هێڵە هونەرییەکەیدا وەک سوریالییەکی سەرگەرم دەناسین زیاد لە هەموو هونەرمەندانی رێبازی سوریالیزم، وەک جارانیش بەپێی بڕوا و متمانەکانی خۆی، بە پێودانگەکانی خۆی پابەند دەبێت و گوێ ناداتە رەخنە و دەنگی شاعیران و رەخنەگران، ئەو پێیوایە لە سەرانسەری دونیادا هونەرمەندان و نیگارکێشانی بلیمەت و بەتوانا پەرشوبڵاو نەبوونەتەوە، تاوەکو لە هەموو جێگەیەک و وڵاتێکدا شاکاری بێوێنە بخوڵقێنن، ئەو دەیوت: تەنها هونەرمەندە ئیسپانی و هۆڵەندی و ئیتاڵییەکان خاوەن بەهرەی داهێنەرانەن و دەتوانن ببنە بلیمەتانی شێوەکاریی.

دالی بۆچوونە فرۆیدییەکانی رەنگ پێدەدایەوە وێڕای ئەوەی بەتەنهاش هەر خۆی بوو دەروونشیکاریی هێنابووە جەرگەی شرۆڤەی سوریالیزمەوە، چونکە فرۆید لە سەرەتادا سوریالییەکانی بە شێت دەدایە قەڵەم، بەڵام لە گەلاوێژی (١٩٣٨) دا کاتێک ستیڤان زڤایگ سلڤادۆر دەباتە دیدەنی فرۆید، بۆ رۆژی دواتر فرۆید نامەیەک بۆ زڤایگ دەنووسێت، کە تێیدا هاتووە: خۆم بە قەرزارباری تۆ دەزانم بەرامبەر بەو میوانەی دوێنێ پێت ناساندم، من تاوەکو ئەو دیدەنییەش بە رێژەی (٩٥٪) هەموو سوریالییەکانم بە شێتێکی تەواو دەزانی، بەڵام ئەو لاوە ئیسپانییە بەو راستگۆیی و چاوە بەگوڕ و ئەو توانا و تەکنیکەی کە ناتوانرێت نکوڵی لێبکرێت، بیروڕای گۆڕیم، ئەوەی راستی بێت؛ پێویستە چاوێک بە کارە هونەرییەکانیدا بخشێنین و بکەوینە شیکردنەوەی.

ساڵی (١٩٢٩) کاتێک پۆل ئیلواری شاعیری فەرەنسی لەتەک گالای ژنیدا کە لە بنەڕەتدا رووسییە، سەردانی دالی دەکەن، دالی زۆر سەرمەست دەبێ بە گالا و دەکەوێتە ئەوینییەوە، گالا بڕیار دەدات لە مێردەکەی جیاببێتەوە و بۆ هەتایی لەگەڵ دالیدا بژی و بمێنێتەوە، دالی سەبارەت بە گالا وتویەتی: بیر لە هەر شتێک دەکەمەوە دووبارە و سەرلەنوێ لە دیمەنی ئەم بوونەوەرە ئازیزەمدا زیندوودەبێتەوە، ئەم بوونەوەرە تەنها شتێکە کە بتوانم بیری لێبکەمەوە و هەموو ئەو شتانەشە لام کە ناتوانم بیریان لێبکەمەوە.. توندوتۆڵی پەیوەندییەکەی

نێوانیان وایکردبوو دالی لەژێر ناوی (گالا- دالی)دا تابلۆکانی نمایش بکات، گالا لای وی وەک خواوەندی هونەر وابوو، هەربۆیە باشترین مۆدێل و پۆرترێتێکیش لە کارەکانیدا.

نوژدارە دەوونییەکەی دالی نووسیویەتی: مێشکی دالی سەیرترین ئەو مۆخانەیە کە بینیومن، مێشکێکە فیگەری وەها دەخولقێنێ کە لەگەڵ بۆچوونە وڕێنە ئامێزەکانی شێتەکان و دێوانەکاندا یەکدەگرێتەوە، جیاوازی لەنێوان ئەوە کەسەی وڕێنە دەکات لەگەڵ دالیدا ئەوەیە، کە دالی هیچ نەخۆشییەکی دەروونیی پێوە دیار نییە، دالی خۆشی وتەنی: جیاوازی نێوان دالی و شێتێک ئەوەیە کە دالی شێت نییە.

دالی شاکارێکی بێوێنەی لەپاش خۆیەوە جێهێشتووە کە بە هەق قۆناغێکی نوێ و دەلاقەیەکی رۆشنن لە هونەری شێوەکاریدا، وەختێک گالای ژنی دەمرێت ئیدی هەموو چراکانی دەکوژێنەوە و حەز بە بەردەوامی ژیان ناکات، سەبارەت بە مەرگی خۆیشی دەڵێت: ناتوانرێت دالی بڕوخێنرێت و مەرگیش لەناوی نابات.. ئەم وتەیەش بەر لە چەند مانگێک وتبووی کە دەکەوتنە پێش مردنییەوە، بەواتای دالی وەک چۆن لە ژیانیدا نوچی نەدەدا و هەمیشە بەرز خۆی و هونەرەکەی دەنرخاند، هەرواش نەمریی خۆی دەبینی و ئەو تۆوە لە خۆسەلماندنی سەردەمانی منداڵییەوە تێیدا چێنرابوو، ئەو خاوەنی وتەیەکیشە کە هەم بەرز خۆی دەنرخێنێ، هەم لەلایەکی تریشەوە دوودڵ و ڕاڕایە لە تواناکانی، لە وتەیەکیدا دەڵێت: من یەکەمین بلیمەتی ئەم زەمەنەی ئێستامانم و خراپترین نیگارکێشیش لە مێژوودا.

سەرچاوە:

١- عصر السرياليه، والاس ڤاولی، ت: خالده سعيد.

٢- الفلسفه السرياليه، الكيه فردينان، ت: وجيه عمر.

٣- لغز سافادور دالی، افاق العربيه، ژمارە ،١١، ساڵی ١٩٨٢.

٤- ڕێبازی سوریالیزم، رۆشنا ئەحمەد، گۆڤاری شاکار، ژمارە ٦، ساڵی ٢٠٠٠.

شیکردنەوەی دەروونیی فرۆید و سوریالیزم، تەها ئەحمەد رەسوڵ، رۆژنامەی هاوکاری، هەردوو ژمارە ٩٤٣- ٩٤٤ ساڵی ١٩٨٨.

## کەلتوور لەنێو تابلۆی

# مەزادخانەی

## کاروان کەریمدا



حەسەن سلێمان عەسکەری

(ئەوانەی لەڕێگەی ئەقڵەوە ناتوانن بڕوابەخودی خۆیان بهێنن، لەڕێگای هونەرەوە بڕوا دەهێنن)

ئەفلاتون

گومانی تێدا نییە هونەر لەهەموو ئان و زەمەنێکدا لەنێو کایە جۆراو جۆرەکانی ژیار و کەلتووری نەتەوەکانی سەر رووی زەمین زمانێکی هەمیشە بینراو و بیستراوی لێکتێگەیشتن و ئاخاوتنی ئارەزوومەندانەی پڕ میهرو جوانیی نێوان هونەرمەندو ژینگە بووە. زۆر جار ئەم تێزە هونەرییە دەربڕی ناخ و مەودای دووربینی نێوان پەیوەندییە ئاڵۆزەکانی مرۆڤایەتی خوڵقاندووەو هونەریش ئەو تیشکە پڕ پریشکە تیژڕەوەی سەدەکانی کات و ئۆقیانووسەکانی پێگەو هەم سایەوانی خۆشخەیاڵی مرۆڤەکان بووە، بۆیە هەمیشە گەورە بیرمەندان و زاناو کەڵەپیاوانی زەمانە دەربارەی هونەر دیدو بۆچوونی تایبەتیان لەوبارەیەوە دەربڕیوە، وەلێ ئەفلاتونیش یەکێکە لەوان و هونەر وادەبینێت کە هۆکارێکی ئیقناعپێکردنی مرۆڤەو دیدی فەلسەفی خۆی لەمەڕ ئەم بابەتەوە دەدرکێنێت، دیارە هونەرمەندی کوردیش لەم سەراو سەودایەی هونەر بێ سەواد نەبووەو هەوڵی کات بەکات بۆ پێشکەشکردنی بەرهەمی هونەریی داوەو بەم پێیەش دەتوانین بڵێن هونەری کوردی لە زەمینەیەکی لەباردا گەشەکردن بەخۆیەوە دەبینێت، ئەگەر شام شەکرە وڵات شیرینتر بێت، تابلۆی (مەزادخانە)ی هونەرمەند (کاروان کەریم) یەکێکە لەو تابلۆ هونەرییانەی کە پردی پەیوەندیی نێوان کەلتوور و نەتەوە بەهۆی هونەرەوە گرێدەدات و نەخشاندن و بەئەرشیفکردنی کەلتووری نەتەوەیی لەچوارچێوەی کارێکی هونەرییەوە دێنێتە بەر باس و خوێندنەوەی ئەکادیمی، بۆیە بەپێویستی دەزانم لێرەوە جەخت لەسەر حینجەکردنی ئەلف و بێی ئەم کارە بکەمەوەو بەنێو پێکهاتەوە کەمپۆزیشەنی کارەکە رۆبچم و رۆڵی پەڕەموچی هونەرمەند روونبکەمەوە.

**خوڵقێنەری تابلۆ: کاروان کەریم**
**ناوی تابلۆ: مەزادخانە**
**رووبەری تابلۆ: ٢٢٠سم×١٥٠سم**
**ماتریالی بەکارهاتوو: بۆیەی زەیتی لەسەر قوماش- کانفاس.**
**خاوەندارێتی تابلۆ: زانکۆی سلێمانی -هەرێمی کوردستانی عیراق.**

**بابەت و ناوەرۆک:**

گواستنەوەی واقع بۆ نێو چوارچێوەی تابلۆی ریالیزم، وابەستەیە بەناو و ناونیشان و ناوەرۆکەوە، هەڵبەتە ناوەرۆکی ئەم تابلۆیەش هەر لەیەکەم سەرنجمان بەڕووی تابلۆکەدا دەردەکەوێت، کە هونەرمەند لەجموجوڵی خەڵک و خاکی

نێوبازاڕو نێو ژاوەژاوی پڕ کڕین و فرۆشتنی کەلوپەل و کاڵاکاندا بینگەی خۆی ئاوێزانی کەلتوورو کەلوپەلی کوردەواریی کردووە، هەر بۆیە ئیکسسواراتی فیگۆرەکان تەواو کوردیین و جموجووڵی نێو بازاڕ بە هاتن و چوونی خەڵک لەنێو تابلۆکەدا گەرمیی بە بابەتەکە دەبەخشێت. هەڵبەتە لاکردنەوە لە بابەتی کەلتوورو کەلەپوور و کەرەستە دێرینەکان و گواستنەوەیان بۆ نێو تابلۆیەکی هونەری شێوەکاریی، جێی بایەخەو هەوڵێکە بۆ بەدراماکردنی ساتەوەختەکانی ژیانی میللیمان، لەلایەکی دیکەوە ئەم دۆخەش پێمان دەڵێت بازاڕ یان (مەزادخانەکان) هێشتا لە وڵاتەکەماندا تەواو ژێر چنگی باڵەخانەی شووشەیی و تەلاری باڵابەرزی سەردەمی مۆدێرنە نەکەوتووە، دیزاین و کەلتوور و کەلەپووری کورد پڕبەها ماونەتەوەو ئەرکی هونەرمەندی کورد لەم زەمەنەدا تۆمارو ئەرشیفکردن و هێشتنەوەی کەلتوور و کەلەپووری کوردییەو پێدانی مۆرکی نەتەوایەتییە لەڕێگەی ستایل و تایپی هونەری تایبەتییەوە. بڕوانە تابلۆی(١).



تابلۆی (١)

**پێکهاتە:**

دارشتنەوەی تابلۆکە لەڕووی بونیادەوە بەشێوەی لاکێشەیەکی راکشاو واتا (ئاسۆیی) دەقی گرتووە، هەڵبەتە دارشتنەوەی لەم جۆرە، زیاتر هونەرمەند دەستکراوە دەکات بۆ بەدیهێنانی دارشتنێکی ریتمی هارمۆنیی هاوسەنگ، لەسەرەتای تێڕوانینمان بەڕواڵەتی تابلۆکەدا، دەبینین (نۆ) فیگۆر کە هەریەکەیان

له شێوەو قەبارەیەکی جودادا لەنێو تابلۆکەدا لەنگەریان گرتووە یان لەجوولەکی تایبەتیدا بەڕوونیی دەردەکـەون، لە باکگراوندیشدا تارمایی مرۆڤگەلێک دەردەکەون و گمەگمی نێو پانتاییەکە قووڵتردەکەنەوە، لەلای چەپی تابلۆکەوە بونیادی باڵەخانەیەک بارستاییەکی ستوونی وێنا دەکات و لەلای راستیش ریزێک خانووی قوڕیین لە قەراغەوە بۆ ناوەوەی تابلۆکە بەشێوەی گۆشەنیگای سێگۆشەیی درێژبووەتەوە، وێڕای ئەمانەش ئاسمانێکی دوورو تەڵخ رووبەری پشتەوەی تابلۆکەی داگیرکردووە، کە ئاوێزانی تەم و تەپوتۆزی نێو بازاڕەکە بووە، بەو رادەیەی باڵەخانەو منارەکان وەک تارمایی داهۆڵێک لە دوورەوە دەبینرێن. ئەگەر سەرنج بدەینە بونیادو پێکهاتەی تابلۆکە، دەبینین سەرجەمی فیگۆرەکان پێکاتەیەکی جێگیر دەخولقێنن، ئەویش بەهۆی فیگۆری پیاوێکەوە کە لە ناوەڕاستی تابلۆکەدایەو دەستێکی بەلای راستی تابلۆکەدا ئاراستەکردووە، لایەکی جەستەشی کوتاڵی پێداداوەو لە بەرزاییەکەوە وەک ئەوەی هاوار بکات، راوەستاوە، ئەم پیاوەو فیگۆرەکانی دی بەگشتیی پێکهاتەیەکی قووچەکی هەڕەمی درووست دەکەن و بەبێ فیگۆری ئەم پیاوە پێکهاتە هەڕەمێکە بۆ پێکهاتەیەکی لاکێشەیی ئاسۆیی دەگۆڕدرێت. ئاشکرایشە کە داڕشتنی قوچەکی (هەڕەمی) پنتێکی جێگیرو داسەپیوو بە ناواخنی داڕشتنەکە دەبەخشێت.

**دابەشکردنی یەکەکان:**

هەڵبەتە لەنێو پانتایی تابلۆکەدا چەندین یەکەی زیندوو و بێگیان هەن وەکو (مرۆڤ- بیناو خانووەکان- کوتاڵ و گوێنییەکان) ئەم بارستەو یەکانە پێویستیان بەدابەشکردن هەیە، هونەرمەند بەشێوەکی گشتیی یەکەکە (عنصر)ەکانی بەسەر دوو بەشی سەرەکی (باکگراوند+ فۆکگراوند) دابەشکردووە، هەرچی ئەوەی فۆرگراوندە بریتییە لەو بەشەی فیگۆرەکان و ئەو پانتایەیی پێشەوەی تابلۆکە، کە بەشێکی بیناو ئەرزیەتی دیمەنەکەیە، دەگرێتەوە، هەرچی بەشی باکگراوندیشە بەشی سەرەوەی بیناو ئاسمان دەگرێتەوە، بەڵام لێرەدا سێ بەشی تابلۆکە تەرخانکراوە بۆ وەستان و جووڵەی دینامیکی فیگۆرەکان و بیناکانە و بەشێکیش تەرخانکراوە بۆ دەرخستنی ئاسمانی دیمەنەکە. بڕوانە تابلۆی(٢).



**هاوسەنگیی و سێبەر و ڕووناکی:**تابلۆی (٢)

لە سەرنجدانماندا دەبینین تیشکی ڕووناکی لەلای چەپەوە هاتووەو سێبەرو تاریکایی باڵی کێشاوە بەسەر ڕاستی تابلۆکەدا، بەڵام ئەوەی پێویستە بوترێت بەرجەستەکردنی پنتی تاریکیی و ڕووناکیی لەسەر ڕووبەری یەکەکان لەم تابلۆیەدا، بەهۆی تەکنیکی هونەریی هونەرمەندەوە کە تۆنێکی هارمۆنیی و نەرمیی (تلاشئ) بەخشیوە بە تەنەکان، بووەتە هۆی ئەوەی کەمتر درک بە ڕووناکیی و سێبەرەکان بکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا ڕەنگەکان گەرمن، بەڵام هونەرمەند لە دەرخستنی (ساو)ی بارستەکان کارامە بووە، ڕێژەکارییەکانیش تەواو خۆیان بەدەستەوە دەدەن و خودی ڕووناکیی و تاریکیی تەمومژاوین و هاوسەنگن لەگەڵ ڕەنگ و ئیکسسوارات و کەشوهەوای ژینگەی زەمەنی و ژینگەی بابەتی، واتا قەرەباڵغی و کڕین و هات و هاواری فرۆشتن، لەلایەکی دیکەوە هاوسەنگیی بیناکان و هاوسەنگیی فیگۆرەکان ڕیتم و ئیقاعی هاوتەریبن، چونکە ڕاوەستانی فیگۆرەکان وەک هێڵی ستوونی بیناکان دێنە پێش چاو، هەروەها دابەشکردنی فیگۆرەکان (١-١) تاڕادەیەک (یەک بەرامبەر بەیەکە)، بۆ نموونە لەلای چەپی تابلۆکەوە ژنێکی وەستاو ڕووی بەلای ڕاستی تابلۆکەدا کردووە، لە بەرامبەریشدا پیاوێک لەلای ڕاستدا هاوسەنگیی ئەوی وەرگرتووەتەوە، پیاوێکی دیکە گۆچانێکی بەدەستەوەیەو لای ڕاستەوە تەماشای ناوەڕاستی تابلۆکە دەکات، لە لەبەرامبەردا پیاوێکی لای چەپ لەودیوی پیاوە بەرگ پەمەییەکەوەیە، ئەم قورساییەی دەرخستووەتەوە، هەروەها فیگۆرێک لەسەر بەرزاییەکەوە

قوماش دەفرۆشێت و فیگۆرێکی دیکەش بۆ هاوسەنگکردنی لەسەر ئەرزەکە بە چیچکانەوە تەماشای قوماش دەکات، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە جۆرێک لە ناهاوسەنگیی رەگەزایەتیی بەدیدەکرێت، واتە لەم تابلۆیەدا زۆرینەی فیگۆرەکان رەگەزی پیاون و تەنها ژنێک دەردەکەوێت و سەرجەمی فیگۆرەکانیش لە تەمەنی نزیک پیربووندان، لەکاتێکدا دەکرا جیاوازیی رەگەزایەتی و تەمەنی مرۆڤەکان لەم بازاڕەدا بوونیان هەبوایە، چونکە خودی جیاوازیی ئیستاتیکای هونەریی بەهێز دەکرد و تابلۆکەی لە ناوەرۆک و بابەتی (مەزادخانە) نزیک دەکردەوە. بڕوانە تابلۆی(٣).

.



تابلۆی (٣)

**سیادەو رەنگ:**

بۆ بەدیهێنانی تابلۆیەک کە تەواو مەرجەکانی کەمپۆزیشەن لەخۆی کۆکاتەوە، دەبێت خاڵی زاڵبوون (سیادە) وەک یەکەیەکی سەرەکی بوونی خۆی بسەلمێنێت، ئاشکرایە کە دوو جۆر سیادە هەیە، وەکو سیادەی بارستەو سیادەی رەنگ، کە هەندێکجار لەنێوان ئەمانەدا تەنها یەکێک لە سیادەکان بەسەر ئەوی تریان زاڵتر دەبێت و دەبێتە خاڵی سەرنجراکێشانی چاوی بینەر بۆ لای خۆی، واتا هەندێک لە سیادەکان خزمەت بە تەنها یەک خاڵی سەرەکی سیادەکە دەکات، ئەگەر سەرنج بدەینە تەواوی پێکهاتەکانی ئەم تابلۆیە، تێبینی دەکەین یەکەکان خاڵی سەرنجیان تاڕادەیەک وەک یەکن، بەڵام لە ناوەڕاست و چەقی تابلۆکە رەنگی سووری

قوماشەکان کە بەدەستی فیگۆری ناوەڕاست و فیگۆری لای چەپەوەیە، خاڵی زاڵبوونن، بەڵام هەرچی یەکەکانە بەهۆی پێکهاتەی هەڕەمیی تابلۆکەوە تیلەی چاو لەسەر فیگۆری بەشی سەرەوەو ناوەڕاستی تابلۆکە کە پیاوێکی سەرو مل پێچراوەو لە بەرزاییەکەوە قوماشێکی سووری بەدەستەوەیەو جلوبەرگەکەی سەوزی ئۆکەرییەو کۆنتراست لەو دوو ڕەنگە (سوور-سەوز) وایکردووە ئەو ڕەنگە زیاتر دەرکەوێت. هەرچی ڕەنگەکانی دیکەیە بە شێوازێک دامەزراون کە کاڵبوونەوەو نەرمکردنەوەیان و (تلاشێ) زیاتر خزمەتیان بە بەشی بازنەی ناوەڕاست گەیاندووە، بۆئەوەی ناوەڕۆکی نامەکە بەتەواویی بگاتە لای بینەر یان وەرگر. لەلایەکی دیکەوە ڕەنگە ساردو گەرمەکان دۆخێکی سایکۆلۆجی دەروونییان خوڵقاندووە، کە هاوکاتە لەگەڵ دۆخی گەرموگوڕیی نێو بازاڕی کڕین و فرۆشتن، واتە پەیوەندیی ڕەنگ پەیوەندییەکی گرێدراوە بە ناوەرۆک و ناواخنی تابلۆکەوە، ئەم خاڵەش لە دروستکردنی تابلۆی ڕیالیزمدا ڕۆڵی بەرچاو دەگێڕێت. بڕوانە تابلۆی ژمارە(٤).



تابلۆی (٤)

**قووڵایی:**

ئەگەرچی ڕەنگ و تەکنیکی هونەرمەند یاخود ستایلی کارکردن، هەندێکجار دەروازەی بینین لە داڕشتنەوەی یەکەکانی ناو تابلۆدا واڵادەکەن و ڕەهەندەکان خۆشتر دەدەن بەدەستەوە، چونکە ڕەهەندەکانی (درێژیی و پانیی و قووڵایی)

کاریگەریی بنەڕەتی جێدەهێڵن.

لەم تابلۆیەدا کە باری درێژیی بۆخۆی لە داڕشتنەوەی باری لاکێشەیی تابلۆکەیەو هونەرمەند وەک هۆیەک بۆ سەرکەوتنی داڕشتنەوەکەی کەڵکی لێوەرگرتووە، واتە ڕەهەندی درێژیی باری داڕشتنەوەی تابلۆکەیە بەر لەهەر شتێکی دیکە، لە لایەکی دیکەوە ڕەهەندی پانیی بینگەی بینەر بەرەو ڕەهەندی قووڵایی رادەکێشێت، نەرمکردنەوەی رەنگەکان و کاڵکردنەوەیان لە بەشی سەرەوەو ئاسمانی تابلۆکەو هەروەها فیگۆرەکانی باکگراوند هەموو ئەمانە قووڵایی تابلۆکە وەک ڕەهەندی قووڵایی دەردەخەن، هەڵبەتە ئەمەش بەهۆی لاوازکردنەوەی رەنگەکان و دانانی رەنگی ساردو مات دەبێتە هۆی دەستنیشانکردنی قووڵایی لەنێو ئەم تابلۆیەدا. بڕوانە تابلۆی ژمارە(٥).



تابلۆی (٥)

ژمارە ٨٥ نۆڤەمبەری ٢٠١٠



# شەماڵی عەبەڕەش:
# پێویستە عەشقی شانۆ بگەڕێننەوە



**سازدانی: شەنکار عەبدوڵڵا**

شەماڵی عەبەڕەش، لە ساڵی ١٩٥٥ لە شاری سلێمانی لەدایکبووە، سەرەتایی و ناوەندیی لە سلێمانی تەواو کردووە، پاشان پەیمانگای هونەرەجوانەکانی لە بەغدا لە ساڵی ١٩٧٦ تەواوکردووە، نزیکەی شەش مانگ مامۆستا بووە لە پەیمانگا، ئەندامی کۆمەڵەی هونەرە جوانەکان بووە، لە ساڵی ١٩٦٧-١٩٦٨ تیپی نواندنی سۆرانی هەبووە، لە زۆرێک لە کارەکانی کۆمەڵەی هونەرەجوانەکان و تیپەکانی تریش بەشدار بووە، لە ساڵی ١٩٧٧ خێزانی پێکەوە ناوە، خێزانیشی هونەرمەندە و خاوەنی سێ منداڵە، کە هەرسێکیان شانۆکارن، پاشان لە ساڵی ١٩٧٧ چووەتە چالاکی قوتابخانەکان هەتا ساڵی ١٩٩٣، دواتر روویکردووەتە هەندەران و هەتا ساڵی ٢٠٠٨ لە هۆڵەندا بووە، بۆ دوو ساڵ دەچێت لە دانیمارک دەژی، بەم دواییانەش شانۆی سوتووەکانی جەنگیان پێشکەشکرد.

**تەنها بۆ پێشکەشکردنی شانۆی سوتووەکانی جەنگ هاتوونەتەوە، ئەم شانۆیە لەکوێی تر پێشکەشکراوە، ئەگەر بکرێت چەند زانیارییەکمان بدەیتێ لەسەر شانۆییەکە؟**

شانۆی سوتووەکانی جەنگ لە نووسینی لاش نۆرینە، کە نووسەرێکی جیهانییەو خۆی بە ئەسڵ سویدییەو خاوەنی شانۆی تایبەتە، جگە لەوەی کە نووسەرێکی گەورەیە، هەروەها دەرهێنەرو ئەکتەرێکی زۆر باشیشە، ئەم شانۆییە دلاوەر قەرەداغی بە زمانێکی زۆر پاراو وەریگێڕاوە بۆ زمانی کوردی، کاک سەلام مەجیدی هونەرمەند لە دارشتنەوەیەکی نوێدا ئامادەیکردووەو هەرخۆشی هەستاوە بەدەرهێنان، لەم شانۆگەرییەدا چوار ئەکتەر رۆڵ دەبینین، هەر چوار رۆڵەکەش سەرەکیین، ئەوانیش: من و شادانی خێزانم و شنۆی کچم و قادر سەمەد، لە دەرەوەی شانۆکەش چەندین کەس زەحمەتی کێشاوە، لەسەروو هەمووانەوە هونەرمەند سیروان جەمال کە هەستاوە بە دروستکردنی دیکۆرێکی جوان، پاشان ئیدارەی شانۆ نیهایەتی فەقێ سەعید و شۆڕش دزەیی کردوویەتی، هەروەها بەڕێوەبەری کارەکەش شۆڕش دزەیی بووە، لە راگەیاندنیش ئاسۆ گۆران کاریکردووە، ئەم کارە دەمێکە پێیەوە خەریکین، پرۆڤەکردن لە ئەوروپا زۆر قورسە، بۆیە ماوەیەکی زۆر پێیەوە خەریک بووین، ئەم کارە شانۆییە ئامادەکرا لە فێستیڤاڵی ئەنفال لە مانگی پێنج لە مانچستەر پێشکەشکراو لە مانگی شەشیش لە شاری لەندەن پێشکەشکراو بینەرێکی زۆری هەبوو، بەتایبەتی لە شاری لەندەن، ئێمە هەموو جارێک کە کارێکمان کردووە زمانی کارەکە کوردی بووە، حەزمان کردووە کارەکە بهێنینەوە بۆ کوردستان، هەر بۆ نموونە پێراریش شانۆی دەرگامان هێنایەوە، مەهاتینەوە کوردستان پەیوەندیمان لەگەڵ کاک عەباس عەبدولڕەزاق بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرێتی گشتیی رۆشنبیریی و هونەر، زۆر سوپاسی دەکەین بەخۆشحاڵییەوە هاوکاریی کردووین، لەبەرئەوەی چ من و چ شاناز سالانێکی زۆر ئەندامی کۆمەڵەی هونەرەجوانەکان بووین و هەتا ئێستاش ئەندامی فەخرین، من بۆ ماوەی ١٥ ساڵ لە کۆمەڵەی هونەرە جوانەکان بەڕێوەبەر بووم، هەتا بڵێی کۆمەڵەی هونەرمەندان بە ئەمەکن، هۆڵەکەشیان پێشکەشکردین کە چەند رۆژ بمانەوێت بەبێ ئەوەی هیچ نرخێک دابنێن، هەتا کارەکەمان تەواو دەبێت.

**ئەگەر دەیەی هەشتاکان سەردەمی زێڕینی شانۆ بێت، ئەی ئێستا ئێمە لە چ سەردەمێکداین؟**

ناولێنان ئاسانە لە هەر سەردەمێک، بەڵام ئایا ئەو سەردەمە بەقەد خۆی مانابەخشە، ئێمە دەڵێین کۆتایی حەفتاکان و هەتا سەرەتایی نەوەدەکان سەردەمی زێڕین، دەکرێت ئەو ناوەش بنرێت لە شانۆ لەوکاتەدا، چونکە ژمارەی ئەو شانۆییانەی کە پێشکەش دەکرا لە ژمارە نەدەهاتن، بەڵام من تەنها مەبەستم ژمارەی شانۆ نییە، بەڵکو کوالیتیش گرنگە، هەرچەندە ئەو سەردەمە کوالیتیش هەر باش بوو، لەگەڵ ئەوەشدا بیرمان نەچێت ئەو سەردەمە سەردەمی چەوساندنەوە بوو لەژێر دەستی رژێمی دیکتاتۆرییدا، تاکە شوێن بۆ خەڵک کە نەفەسێکی تێدا دەدا شانۆ بوو، لەبەرئەوە جەماوەرێکی سەیر هەبوو بۆ ئەو شانۆییانەی کە پێشکەش دەکراو، خۆی لەخۆیدا بوونی ئەو جەماوەرە گڕوتینێکی دەدا بە هونەرمەند بۆئەوەی زیاترو ئاشقانەتر کاربکات، ئەوکات بەردەوام گەنج خوێنی شانۆییان نوێ دەکردەوە، بەڵام من بەداخەوە دەڵێم بەپێی ئەو هەواڵانەی کە پێمان دەگات و ئەو خەمانەی کە برادەرە هونەرمەندەکانمان بۆمان دەردەبڕن، کەموکورییەک هەیە لە مەسەلەی شانۆدا، شانۆ بەرەو سستبوون دەچێت، هەرچەندە من زۆرم پێ ناخۆشە کاتێک گوێم لە هاوکارە هونەرمەندەکانم دەبێت دەڵێن شانۆ لە قەیراندایە، چونکە بەڕاستی من بەو وشەیە بریندار دەبم، چونکە شانۆ لە قەیراندا نییە، شانۆی کوردی هەیەو بەردەوامە، ئەوەتا من هاتوومەتەوە بۆ کوردستان چەند شانۆییەکمان بینی، ئەگەر چی جیاوازییان هەبوو، بەڵام ئەوە نییە، شانۆ ئەو نەخۆشە نییە جارێکی تر نەژێتەوە، من هیوای گەورەم بە هونەرمەندانی شانۆکار هەیە، تەنها پێویستی کە من وەک برایەکیان پێیان بڵێم پێویستە عەشقی شانۆ بگەڕێننەوە، هەرچەندە من ئەم قسەیەم لەگەڵ هەموو هونەرمەندان نییە، بۆیە ئێستا شانۆکاران رەنگە ئەوەندە عەشقیان بۆ شانۆ نەمابێت، بەڵکو ئەوان زیاتر عەشقیان بۆ دراماو فیلمە، من ناڵێم با هونەرمەند واز لە فیلم و دراما بهێنێت، چونکە ئەوانەش هونەرێکی گەورەن، بەڵام نەک لەسەر حسابی عەشقی شانۆ، من زۆرجار گوێم لەوە دەبێت کە دەڵێن بینەر نییە، بەڵام ئەوەندەی من تێگەشتبم بینەر هیچ تاوانێکی نییە، چونکە ئەگەر ئیشی جوان هەبێت بینەر زۆرەو ئەگەر تۆراویش بێت دەگەڕێتەوە بۆ شانۆ.

**کەلتورو تەکنەلۆژیا چ کاریگەرییەکیان هەبووە لەسەر شانۆی کوردی؟**

ئەو تەکنەلۆژیایەی کە ئێمەی کورد گلەیی لێدەکەین کە کاریکردووەتە سەر

شانۆ، هەمان تەکنەلۆژیا بەزیاترەوە لە هەموو دەوڵەتانی جیهاندا هەیە، کەچی ئەوان سودی لێدەبینن و کاریگەرییان نابێت لەسەر ئەوەی شانۆکانیان کز بێت، بۆ دەبێت لای ئێمە ببێتە هۆی لاواز بوونی شانۆ، هەر بۆ نموونە مەسەلەی سینەما ڤەیژن، بڵێی لەبەرئەوەی خەڵک فیلم دەردەکات بۆیە شانۆ کز بووە، تەکنەلۆژیا لە دنیادا زۆر بە پەلە پێشدەکەوێت و دەبێت سودی لێوەربگرین نەک ئەو سوود لە تۆ وەربگرێت، هونەرمەند هەرچەندە ئیشی تر بکات، بەڵام نابێت عەشق لە شانۆ ببڕێت، هەندێکجار باسی هۆڵ و ئەو شتانەش دەکرێت، ئەمەش گرفت نییە، چونکە لە ئەوروپا ئێستا تیپە هونەرییەکان گوێ نادەن بە هۆڵ، چونکە لۆکەیشن هەیە، ساڵی پار لە هۆڵەندا تیپێکی زۆر بەناوبانگ بەناوی (درەنگ) هونەرمەند سیروان جەمال بەشداریکردبوو لە دیزاینی دیکۆرەکەو دەوریشی تێدا دەبینی، لە بینایەکی سێ چوار قاتدا شانۆکەیان نمایش دەکرد، دەبوو بینەر قاتێک بچێتە خوارەوە بۆ ئەوەی فەسلێکی تری شانۆکەی بدیبایە، واتە بینەریان دەجوڵاند لەگەڵ خۆیان، ئەگەر هۆڵ نەبوو نابێت ئیتر ئێمە ئیش بکەین، ئەمە نابێت ئەمە کێشە دروست دەکات، بۆیە ئەگەر هونەرمەند بییەوێت ئیش بکات دەتوانێت ئەلتەرناتیڤ بۆ هەموو شوێنەکانی تر بدۆزێتەوە، ئێمە لە ئەوروپا کە پرۆڤەی ئەم کارەمان کردووە، لە شوێنێکی وەک هۆڵی کۆمەڵەی هونەرەجوانەکان نەبووین، هەتا سێ چارەکی ئیشەکەش لە هۆڵی ماڵەکەی مندا پرۆڤەمان کردووە، بۆیە تۆ کە ئیش دەکەیت دەبێت قوربانیش بدەیت، لە شانۆیی (سوتووەکانی جەنگ)دا سێ هونەرمەندمان لە هۆڵەنداوە هاتوون بۆ ئیشکردن نەک لە دەرەوەی شاری سلێمانییەوە. قادر سەمەد-مان لەگەڵدایە لە خوار خۆرهەڵاتی لەندەنەوە هاتووە، دوو سەعات هەر بەقیتار دەهات پرۆڤەی لەگەڵ دەکردین، ئەمە عەشقە، ئەگەر عەشق نەبێت سیروان جەمال لە هۆڵەنداوە نایەت بۆ ئیشکردن، یان کچەکەی من و پیاوەکەی، ئەمە عەشقە، ئەمە بۆ پیاهەڵدان نییە، بەڵکو بۆ ئەوەی بزانن ئەمە عەشقە، مەعقول نییە لە شارەکانی وەک هەولێرو دهۆک و سلێمانی بڵێی شانۆ نییە و دەق نییە، ئەی خۆ ئێمە لە بەریتانیا ئەو دەقەمان بە گەڕان پەیدا کردووە، ئێستاش وەک جاران نییە، جاران هەتا کتێبێکمان پەیدا دەکرد بەدزییەوەو لەبەر ئەمنو ئیستخبارات هەتا دەمانخوێندەوە، کەچی ئێستا لە ماڵی خۆتەوە دەتوانیت ئاگاداری دنیا بیت، کام شانۆگەرییە لە دنیا پێشکەش دەکرێت لە ئینتەرنێت دەتوانیت ببیینیت، ئەگەر هەمووی نەبێت دەتوانیت سەیری پارچەیەکی بکەیت، ئەم هەموو تەکنەلۆژیایە بۆ ئەوە هاتووە خزمەتی ئێمە بکات، بەڵام بە راستی نازانم بۆ لە کوردستان بووەتە کێشە بۆ پێشکەوتنی شانۆ.

**بەردەوام ئەوەش دەوترێت شانۆی کوردی نەیتوانیوە پرسیار لای بینەر دروست بکات، رای تۆ چییە لەم بارەیەوە؟**

ناتوانین بڵێین شانۆی کوردی ناتوانێت پرسیار دروست بکات، چونکە تۆ ناتوانیت لەکۆی سەد شانۆیی بڵێی شانۆیەکیان پرسیاری دروست نەکرد، لەبەرئەوەی ئێمە دوورین لە کوردستان ناتوانم رایەکی تەواو زانستیت پێبڵێم دەربارەی شانۆی کوردی، ئەوەشی کە قسە دەکەین زیاتر لە میدیاکانەوە دەیبینین، هەرچەندە ئەوانەش زیاتر هەواڵن، نەک رەخنە بن، بۆیە من شەخسی خۆم هەوڵنادەم هیچ رایەکی وەها بدەم لەسەر ئەو بابەتە، چونکە زانستییانە نییە، بەڵام ئەوەندەی دەزانم سستییەک هەیە لە شانۆداو کەمتەرخەمی هەیە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە ئیتر شانۆی کوردی نەمابێت، چونکە کۆمەڵێک گەنجی باش ئێستا کاردەکەن و هەندێکیان خوێندکاری خۆم بوونو دەزانم چەندە تونایان هەیە بۆ بەرەو پێشبردنی شانۆی کوردی، هێشتا ئەوان ئەو ڤایرۆسە لێی نەداون کە عەشقی شانۆ جێبهێڵن بۆ کارەکانی تر، من هیوای گەورەم پێیانەو لەو باوەڕەدام کە شانۆی کوردی بەتەواوی پێشدەخەن.

**مەرجە هەر هونەرمەندێک لە شانۆدا توانی رۆڵ ببینێت، لەبەردەم کامێراشدا بتوانێت هەمان رۆڵ ببینێت؟**

زۆربەمان کە کاردەکەین بەخۆشمەوە کە فیلمیشم هەیە بەڕوونی دیارە کە جوڵەمان زیاتر شانۆییە، کەم تا زۆر جیاوازی هەیە لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی تر، بەداخەوە ئێمە کادیری دراما و فیلممان نییە بەو شێوەیەی کە پێویستەو پسپۆڕبێت، هەتا ئەو دەرهێنەرانەی کە کار دەکەن لە درامادا زۆربەی زۆریان شانۆکاربوون، خوێنەری سینەمامان نییە، ئەمەش کاری دەوڵەتە نەک ئیشی تیپێک یان تەلەفزیۆنێک بێت، بۆ نموونە ئێمە زۆر دەبینین کە نووسراوە درامای فلان تەلەفزیۆنی فلان بەرهەمی هێناوە، ئەمە کەی ئیشی تەلەفزیۆنە کە دراما بەرهەم بهێنێت، ئیشی تەلەفزیۆن پەخشکردنە، نەک بەرهەمهێنانی دراما، چونکە ئەگەر دامەزراوەیەکی تایبەت هەستێت بە بەرهەمهێنانی فیلمێک یان درامایەک بەو شێوەیە دەرناچێت کە تەلەفزیۆنێک پێی هەڵدەستێت، چونکە دامەزراوە دەتوانێت پارەیەکی باش خەرج بکات بۆ کارەکەو ناترسێت لە کارەکەی، ئەمە دەبێتە هۆی پێشکەوتنی بوارەکانی هونەر یان چەند گەنجێک دەنێرینە دەرەوە بۆ ئەوەی بخوێنێت، هەتا ئەگەر بۆ ئەورووپاش نەبێت بۆ ئەو وڵاتانە بێت کە

دراماکانیان تەلەفزیۆنەکانمانیان داگیرکردووە، هەتا هەندێکیان ناواخنەکەی دژی کوردە، هەموو کوردیش سەیری دەکات، ئەمە نەخۆشییە.

**ئەی تاراوگە چ کاریگەرییەکی هەبووە لەسەر ئەزموونی تۆ؟**

بێگومان تاراوگە کاریگەری گەورەی هەبووە، چاوکردنەوەیەو فێربوونی جورئەتەو زیاتر راستگۆی کردمو فێربوونی قوربانیدانە، جگە لەو ئەزموونانەی کە لە تاراوگە دەیبینیت جاران بە خەویش شتی وامان نەدەدی، ئەو پەیوەندییانەی کە دروست دەبێت لە کاری هونەریدا لە ئەوروپا، بەتایبەتی من لە هۆڵەندا زۆر سوودم لێدیووە، ئەگەر ئەوە نەبووایە بەردەوام نەدەبووین، بەیەکەوە کاردەکەین لەگەڵ هونەرمەندانی ترداو سەرمان ناوە بەیەکەوەو یەکتریمان خۆشدەوێت، رقمان لە یەکتر نییەو عاشقی شانۆین،ساڵی پار ئێمە نەمانتوانی شانۆیی پێشکەش بکەین، بەڵام فێستیڤاڵێکی گەورەی شانۆمان رێکخست، ئەوە بۆ یەکەمجار بوو فێستیڤاڵی شانۆیی لە بەریتانیا بکرێت، بەمەرجێک بەریتانیا لە هەموو وڵاتەکانی تر کۆنترە بۆ کورد، بەداخەوە پێشتر مەسەلەی شانۆو هونەری کوردی لەوێ بە هیچ شێوەیەک بوونی نەبووە، بەڵام ساڵی پار ئێمە توانیمان ئەو فێستیڤا دروست بکەین، ئێستاش لە مانچستەر کۆمەڵی کەلتووری هونەری مانچستەر زۆر باش کاردەکەن، واتە بەردەوامینو نەوەستاوین لە کارکردن.

**تاچەند ئێمە توانیومانە شانۆی کوردی بە گەلانی تر بناسێنین؟**

ئێمە ناتوانین شانۆ بە گەلانی تر بناسێنین تاوەکو بە زمانی ئەو گەلانە قسە نەکەین، ئێمە نموونەمان هەیە، چ من، چ سیروان جەمال، چ شۆڕش دزەیـیو کامەران رەئـوفـو سۆران ئیسماعیل، کارمان کـردووە بە زمانی ئەو وڵاتە کارەکەمان کردووە کە پێشکەشکراوە تیایدا، هەتا من خۆم دەقی کوردیم وەرگێراوە بۆ هۆڵەندیو بە هۆڵەندی شانۆم پێشکەشکردووە، لە دەقە کوردییەکاندا ئەکتەری هۆڵەندیمان هێناوە رۆڵی بینیوە، گۆرانیی کوردی تیایە کە کچێکی هۆڵەندی وتوویەتی، ئەمە وات لێدەکات کە جەماوەرێکی هۆڵەندی بۆ خۆت دروست بکەیت، چونکە بینەرێکی هۆڵەندی نایەت تۆ شانۆی بە کوردی پێشکەش بکەیت، ئەو کارانەی کە ئێمە کردوومانە رۆژی واهەبووە ٢٠٠ هۆڵەندی بینەرمان بووە، هەتا باڵیۆزی عێراق لە هۆڵەندا (سیامەند بەنا) لە یەکێک لە نمایشەکاندا بەشداریکرد، کە سەیریکرد سەر رەشی تێدا نەبوو

هەمووی هۆڵەندی بوو، چاوی پڕبوو لە ئاو، وتی: ئەوەی ئێوە کردووتانە سیاسەتی کوردی نەیکردووە، لەو نمایشەدا باسی ئەنفالیشمان دەکرد، کاتێک نمایشێک لەسەر ئەنفال پێشکەش دەکرێت بە زمانی هۆڵەندی رۆژانە ٢٠٠ کەسی هۆڵەندی دەیبینێت دەچێتە ناو شەقامی هۆڵەنداوە، بۆیە زمان زۆر گرنگە بۆ ئەوەی بتوانین کارەکانمان بە جیهان بناسێنین، لە ئێستادا زمانی ئینگلیزی زۆر پەلی هاویشتووە، ئێمە دەتوانین شانۆکانمان وەربگێڕین بۆ ئینگلیزی‌و بە ئینگلیزی رۆڵ ببینین، ئێستا من لە کۆلێژ دەخوێنم هەندێک قۆناغی باشم بڕیوە، بەڵام بەردەوام دەبم هەتا ئەوەی بە تەواوەتی قسەی پێدەکەم‌و بۆ ئەوەی بتوانم بە زمانی ئینگلیزی رۆڵ ببینم، بۆیە من هەر بەتەما نییم شانۆ بە زمانی کوردی بکەم، بەڵکو من بە تەمام شانۆی کوردی بە زمانی ئینگلیزی بکەم، هەروەک چۆن لە هۆڵەندا کارمان بە زمانی هۆڵەندی کردووەو توانیمان لەگەڵ تیپی (درەنگ) لەڕێی سیروان جەمالەوە توانیمان ئەو پەیوەندییە دروست بکەین، بەنیازین لە داهاتوویەکی نزیکدا ئەو تیپە بە کاری جوانەوە بهێنینە کوردستان.

**رۆڵی دراما بیانییەکان، بەتایبەتی تورکییەکان، چییە لەسەر کەلتووری و هونەری کوردی؟**

کوردەکانی ئەورووپاش زۆر موتابەعەی ئەو درامایانە دەکەن، بەڵام من چوومەتە هەرماڵێک پێم وتوون یان تەلەفزیۆنەکە بکوژێننەوە یان لەسەر ئەو درامایە لای ببەن، یان من دەڕۆمـە دەرەوە، هەرچەندە من کابرایەکی هونەرمەندم‌و رێز لە هونەرمەند دەگرم، بەڵام درامایەکە باسی قاچاخچییەتی‌و پیاوکوژیی دەکـات، کەچی هەموویان جلەکانیان کوردییە، ئەگینا چەندین زنجیرەی بیانی هەیەو شتی پەروەردەیی‌و باشن، هەتا دراما ئێرانییەکان زۆربەی زۆریان کاری جوانن ئەگەر ناواخنەکەی بە دڵی خەڵکێک نەبێت، بەڵام کاتێک تۆ سەیری کارە هونەرییەکە دەکەیت هەست بەوە دەکەیت ئەمە بۆ هونەر کراوە نەک بۆ کێشەیەک، کە زەرەری من و تۆی تێدابێت، هەتا کاری عەرەبی زۆرباش هەیە کە هەمووی ئیشی هونەریی جوانن، بەڵام ئێمە دەبێت پێداچوونەوەیەک بۆخۆمان بکەین، کاتێک ژاڵە و گوڵاڵە پێشکەشکرا لە تەلەفزیۆن دەتووت ئاڵتونە لەسەر تەلەفزیۆن، چونکە کەس زنجیرەی تری نەبنیبوو، ئەو دوو زنجیرەیە هەتا ئێستاش هەر تاموچێژی خۆی هەیە، بەڵام ئێستا ئەم تەکنەلۆژیایە دەبینین دەبێت پێداچوونەوەیەک بەخۆماندا بکەین، چونکە یان دەبێت ئیش نەکەم، یان دەبێت بترسم، ئەگەر تۆ بتەوێت دراما کوردییەکان بەراورد بکەیت بە دراما بیانییەکان

بەڕاستی بەراورد ناکرێت، لە هەموو ڕووەکانەوە، خوانەخواستە من مەبەستم کەس نییە، بەڵام ئەمە واقیعەو پێویستە ڕاستگۆ بین بۆ ئەوەی تواناکانی خۆمان چاک بکەین، بەڵام ئەگەر تۆ بێیتو بەراوردی درامای کوردی بکەیت لەنێوان دوو سەردەمدا درامای کوردی ئێستا زۆر پێشکەوتووەو نە گوڵاڵەیە و نە ژاڵەیە.

**جگە لە شانۆ کاری درامیو فیلمیشت کردووە لە ئەوروپا، دەکرێت باسی ئەزموونەکانی خۆتمان بۆ بکەیت لە ئەوروپا؟**

وەک چۆن لە کوردستانیش وابووم لە ئەورپاش هەروا زیاتر عەشقی شانۆم، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە کاری درامیم نەکردووە، بەڵکو دوو کاری درامی سەهرەم کردووە، یەکێکیان لەگەڵ هونەرمەند ئەکرەم سلێمانو ئەویتریان لەگەڵ شۆڕش قادر، هەروەها کورتە فیلمێکم لەگەڵ هونەرمەند کامەران رەئووف کردووە، لە فیلمێکی هاوبەشی (هوڵەندی-مەغریبی-بەلجیکی) کارمکردووە، لە مەغریب وێنەگیراو فیلمێکی درێژبوو دواتر کرا بە زنجیرەو بە پێنج ئەڵقە پیشاندرا، لە تەلەفزیۆنەکانی هۆڵەنداو بەلجیکا، کارێکی زۆر باش بوو، پاشان هەر لەگەڵ هونەرمەند ئەکرەم سلێمان زنجیرەیەکی پەروەردەیمان تۆمارکردووە بۆ منداڵان بە زمانی هۆڵەندییەو هەموو ئەکتەرەکان کوردن، ئەو زنجیرەیە زۆر گرنگەو لە زیاتر لە١٠٠ شارەوانی شارەکانی هۆڵەندا بە فەرمی نمایش دەکرێت لە قوتابخانەکاندا، ئەویش زیاتر باسی (کاریگەری بەزەیی لەلای منداڵ)دەکات، هەروەها لە فیلمێکی ٣٥ ملیم بەشداریم کردووە کە لە کوردستانی باکوور وێنە گیراوە، ئەمە کۆی کارەکانمە لەم چەند ساڵەی لە ئەوروپا بووم کارم تێدا کردووە، بۆ هەموو ئەو ئیشانەش لەسەر گیرفانی خۆمان بووە، هیچ سودێکمان لە هیچ کەسێک وەرنەگرتووە بەتایبەتی ئەوکاتەی لە ئەوروپا بووین، بەڵام لە هەرێمی کوردستان پێشوازییان لێکردینو هاوکارمان بوون.

**لە ماوەی پێشوتردا دوو زنجیرە دراما ڕاگیرا، ئایا دەکرێت باسی هەرچی بکرێت چینێک هەستێتو بڵێت نابێت ئەو درامایە پێشکەش بکرێت؟**

شتی وا لە هیچ کوێی دنیادا نییە، تەنها لەم گەڕەکانەوە نەبێت، لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا کەسانێک هەن دین ئیستغلال دەکەن بۆ هەندێک کاری خۆیان، ئەگینا برۆ لە ئەوروپا چی دەڵێیت دەربارەی دینی مەسیحی کەس هەقی نییە بەسەرتەوە، ئێمە هەموومان ئیسلامین بڕواناکەم هونەرمەندێکی کورد هەبێت جورئەتی ئەوە بکات لە کارێکی هونەریدا دژ بەخۆی قسە بکات، کە ئەویش دینی خۆیەتی، بۆ

نموونە کێشەی ئەنفال هی کۆمەڵێک کەسی دیاریکراو نییە، ڕاستە کەسوکاری ئەنفالکراوەکان بەتەواوەتی زەرەرمەندبوون، بەڵام ئەنفال هی منو تۆشە، من شانۆی لەسەر دەکەم، ئایا دەتوانیت بڵێی لەبەرئەوەی ئەم کەسە کەسوکارەکەی ئەنفالکراوە نازانێت خۆشەویستی چییە؟ ئەمەش هونەرمەندان زۆر بێدەنگن لەم بابەتە، دەبێت ڕێکخراوی هونەرمەندان بەدەنگ بێت لەو بابەتانەدا، لە ڕاگرتنی کارەکاندا ڕێکخراوی هونەرمەندان هیچ هەڵوێستێکی جدییان نییە.

**دەوری ئەو فێستیڤاڵانە چییە کە ساڵانە دەکرێت و پارەیەکی زۆری بۆ تەرخان دەکرێت؟**

ئەگەر تۆ لە من بپرسیت وەک هونەرمەندێکی کورد کە لە ئەوروپاوە هاتوومەتەوە جیاوازە، وەک ئەوەی کە لە کوردستان دابنیشم، ئەگەر ئەوەی یەکەمیان بێت لە ئەوروپا فێستیڤاڵ نەماوەو باوەڕیان پێی نەماوە، تۆ دەچیت کاری شانۆی خۆت دەکەیت، لە هەر شوێنێک حەزت لێکرد پێشکەشی دەکەیت ئیتر بۆچی چاوەڕێی ئەوە دەکەیت کە بانگت بکەن، بەڵام بۆ هونەرمەندی کورد ڕەنگە ئەو ئیمکانیاتە مادییەی نەبێت کارێکی بەپێز بکات، فێستیڤاڵ بکاتە هۆکارێک بۆ ئەوەی ئەو فێستیڤاڵە بتوانێت شتەکان دابین بکات بۆ ئەوەی ئیشەکانیان بکەن، بۆیە ڕەنگە فێستیڤاڵ بۆ گەنجان پێویستتر بێت، بۆ ئەوەی بتوانێت کارەکانی خۆی تێدا نمایش بکات.



یەکێک لە شانۆ کانی شەماڵی عەبەڕەش

**دواین کاری جەنابت چییە؟**

سوتووەکانی جەنگ لە دوای ئەوەی سلێمانیو هەولێر پێشکەشمان کرد، بانگهێشت کراوین بۆ چوار وڵات (سوید، دانیمارک، ئەڵمانیا، هۆڵەندا) بەهیوای ئەوەین هەتا مانگی ١٢ بتوانین شانۆکەمانی تێدا نمایش بکەین، پرۆژەی داهاتووش هەیە، بەڵام حەز ناکەم باسی بکەم هەتا نەگاتە نیوەی.

# چاوپێکەوتن لەگەڵ جیم جارمووش



**و. لە ئینگلیزییەوە: ئەکبەر حەسەن**

**بیرۆکەی فیلمی گوڵەژاکاوەکان لە چییەوە سەرچاوەی گرت؟**

چەند ساڵێک بەر لەئێستا بیرۆکەکەم لە سارە درایڤەرو بیڵ رادن وەرگرت. ئەوان پێکەوە دەستنووسەکەیان دەربارەی شتێکی تەواو جیاواز دەنووسییەوە. پێیان وتم: ئەم بیرۆکەیەی ئێمە دەربارەی پیاوێکە، کە لە کۆنە خۆشەویستێکییەوە نامەیەکی پێدەگات (پیاوەکە خۆشەویستی زۆری هەبووە)، گوایە منداڵێکی لێی هەیە. پاشان پێیان وتم: بیرمان لەوە کردەوە لەوانەیە تۆ حەز لەم بیرۆکەیە بکەیت، ئێمە ئێستا کار لەسەر شتێکی دیکە دەکەین و نیازمان نییە چیدی درێژە بەم بیرۆکەیە بدەین. منیش وتم: بە راست؟ من حەزم لە بیرۆکەیەیە. ئەوەبوو ماوەی چەند ساڵێک بیرۆکەکەم لای خۆم هێشتەوە. چیرۆکی فیلمەکە لەم بیرۆکەیەوە سەرچاوەی گرتووە. هیچ هۆکارێکی قووڵی تر نییە بۆ ئەمە. ئەمەش مەسەلەیەکی جدیی نییە، تەنانەت مەسەلەیەکی جدیی فیلمەکەشم نییە.

**بیڵ مورای نیازی هەبوو لەم فیلمەدا رۆڵ ببینێت؟**

من و بیڵ نیازمان هەبوو کار لەسەر فیلمێکی دیکە بکەین بە ناوی (سێ مانگ لە ئاسماندا)، کە پێش فیلمی (ونبوون لە وەرگێڕاندا) سیناریۆکەیم نووسیبوو. سێ ساڵ بەر لەئێستا بەشداریی کان-م کرد بۆئەوەی پارە بۆ فیلمەکە کۆبکەمەوە.

بەشێکی زۆری بودجەکەم دابین کرد. بیڵ زۆر حەزی لە دەستنووسەکە کرد. رۆشتمەوە بۆ ماڵەوەو دەرکم بەوە کرد ئەمە چ چیرۆکێکی گەورەیە، بەڵام رەشنووسەکە پێویستی بە کاری زۆر هەیە. منیش رقم لە دووبارە نووسینەوەیە. هەرگیز رەشنووسی دەستنووسەکان نانووسمەوە. لەبەر ئەوە رۆشتم بۆ ماڵی بیڵ و پێم وت: بیڵ، تۆ دەزانیت من زۆربەی پارەکەم پەیداکردووە، بەڵام شتێک لە ناخمدایەو پێم دەڵێت تا دوو ساڵی تریش ئیش لەسەر ئەم فیلمە نەکەم، بەڵام بیرۆکەیەکی دیکەم هەبوو. بیڵ کەمێک بێهیوا بوو، چونکە ئەو دەستنووسەکەی بەدڵ بوو، بەڵام وتی: بیرۆکەکەی دیکە چییە؟ هاکەزایی چیرۆکەکەم بۆ باسکرد، ئەویش وتی: کەواتە با دەست پێبکەین. ئەوەبوو فیلمەکەمان دروست کرد.

**پێت وایە چ شتێک لە فیلمەکەدا زۆر گرنگە، لایەنە کۆمیدییەکە یان لایەنە خەمۆکییەکە؟**

لەسەرەتادا هەردوو لایەنەکە گرنگن. بیرم لەوە کردەوە چیرۆکەکە بە راستی خەمگینە، بەڵام نەمویست فیلمێک دروست بکەم کە خاڵیبێت لە لایەنی گاڵتەجاڕیی. وەک ئۆسکار وایڵد وتوویەتی: ژیان زۆر زۆر لەوە گرنگترە کە بەجدیی وەرگیرێت. من نامەوێت ئەو گاڵتەجاڕییانە کە خەڵک لەگەڵ یەکدیدا دەیکەن، فەرامۆش بکەم. ئەمە بۆ من سروشتییەو شتێک نییە بەئاگاییەوە دروستی بکەم.

**بۆچی فیلمەکە پێشکەش دەکەیت بەدەرهێنەری فەرەنسی جان ئۆستەیچ؟**

من ئاماژە بۆ ئۆستەیچ دەکەم، چونکە وەک پێویست بایەخی پێنەدراوە. هەروەها لەبەرئەوەش کە ئیلهامبەخشێکی گەورەیە بۆ من، وەک کەسێک کە سینەمایەکی زۆر جوان و پووختی دروستکردبێت، کە ئەمە بۆ ئەو

جۆرێک بوو لە شیعر یان دەربڕین. بەلای ئۆستەیچەوە بەناوبانگبوون و دەوڵەمەندبوون گرنگ نەبوون و هیچ پەیوەندییەکیان بەکاری ئەوەوە نەبوو. ئۆستەیچ تەنیا چەند فیلمێکی کەمی دەرهێنا، بەڵام فۆرمی فیلمەکانی زۆر جیاواز بوون. ئەو بایەخێکی گەورەی بە هەمەجۆریی سینەما دا. لەبەرئەوەش، ئۆستەیچ یەکێکە لە ئیلهامبەخشەکانی من لەناو چەندین ئیلهامبەخشی دیکەدا. بەناوبانگترین فیلمی ئۆستەیچ، کە فیلمی دایکەکەو سۆزانییەکەیە، لەبارەی پەیوەندیی خراپی نێوان نێرو مێیە.

**دەشێت کارەکتەری بیڵ لە فیلمەکەدا کارەکتەرێکی تەواو حەزپێنەکراوبێت، بۆچی پێت وایە ئەو هەموو ژنە رووی تێدەکەن؟**

من ژن نیم، نازانم. ئەو هەندێک جوانیی و سیحری تیدایە. دەکرێت ئەمە ببینرێت کاتێک بیڵ لە تەنیشت دەرگاکەوە دەڕوات، کاتێک لەگەڵ خێزانی وینستۆن-دایە. مەسەلەکە ئەوە نییە کە من حەزم لە چارەی نییە، تەنیا ئەوەیە کە من لەسەرەتاوە گرنگی پێنادەم. ئەو کەسێکە تەنانەت بەلای خودی خۆشمەوە سەرنجڕاکێش نییە.

**دەوترێت ئەمە بازرگانییترین فیلمی تۆیە هەتا ئێستا. ئەمە وات لێدەکات چۆن هەست بکەیت؟**

هەست بە هیچ ناکەم. ئەمە خەمی من نییە. پێش هەموو شتێک، بە تەواویی نازانم بۆ وا دەڵێن. دووەم: ئەمە کێشەی من نییە، من هەوڵنادەم فیلم بۆ ئەوان دروست بکەم هەتا ببێت بە فیلمێکی بازرگانیی. ئەگەر فیلمەکانم وان، ئەگەر زۆرترین خەڵک فیلمەکانم ببینێت، ئەوا من خۆشحاڵ دەبم، بەڵام ئەمە کێشەی من نییە. ئەگەر وا بوایە، ئەوا پارەیەکی زۆرم دەبوو و فیلمەکانی هۆلیوودم دروست دەکرد. من تەنیا دەمەوێت ئەو چیرۆکانە بکەم بە فیلم، کە باوەڕم پێیانەو بەجۆرێک لە جۆرەکان سەرنجم رادەکێشن. دەمەوێت فێری ئەوە ببم چۆن ببم بە فیلمساز... من هێشتا لە قۆناغی فێربووندام.

**کەواتە بۆچی لێرەدا لەگەڵ ئەستێرە مەزنەکانی سینەمادا کاردەکەیت، بۆ نموونە شارۆن ستۆن، ئایا هەندێک لە ئەزموونەکانی ئەوان لە فیلمەکانی پێشوویاندا بەکاردەهێنیت؟**

من رابــردووی ئەوان بەکارناهێنم لە فیلمەکەدا، بەڵکو لە ئێستادا ئەوان خۆیان بەکاردەهێنم وەک ئەکتەر، پێشم وایە ئەوان ئەکتەری سەرنجڕاکێشن. لەکاتی نووسینی سیناریۆکەدا بیرم لە شارۆن ستۆن و جێسیکا لانج و تیلدا سوینتن کردووەتەوە. زۆر دڵخۆش بووم کارم لەگەڵ ئەوان کردووەو لە فیلمەکاندا بەشداربوون، بەڵام ئەمە شتێکی مەبەستدار نییە، وەک ئەوەی جێسیکا لانج ئەستێرەی فیلمی گەورە بێت. ئەمە پەیوەندیی بە ئەکتەرەکانەوە هەبوو، کە من دەمویست کاریان لەگەڵدا بکەم. من کارم لەگەڵ ئەکتەرە ناسراوەکانی دیکەشدا کردووە، ئەمە شتێکی تازە نییە. کارم لەگەڵ رۆبەرت میتچەم و جۆنی دیپ و فۆرێست ویتیکەردا کردووە. خۆش نییە وابزانرێت هەمیشە کارم لەگەڵ هاوڕێکانی پێشوومدا کردووە.

**تۆ بوویت تیلدات بەو شێوە ناوازەیە پیشنیاز کرد بۆ فیلمەکە؟**

کاتێک بانگمکرد و دەستنووسەکەم پێدا، پێم وت حەزدەکەم بە قژێکی درێژو رەشەوە رۆڵ بنوێنێت. تیلدا وتی: "ئەوە نائاسایی دەبێت. حەزی لێدەکەم. ماوەیەک دەبێت وام نەکردووە".

**قەت کەسێکت بینیوە کە زمانی گیانلەبەران بزانێت، وەک ئەو رۆڵەی جێسیکا لانج دەینوێنێت؟**

قەت نەمبینیوە، بەڵام سارە درایڤەر، کە بەردەوام بیرۆکەی لێوەردەگرم، وتی: هاوڕێیەکم باسی ژنێکی بۆ کردم، کە مێردەکەی مردووەو پاش ئەوە شتێک لە ژنەکەدا دەگۆڕێت و دەتوانێت لەگەڵ ئاژەڵاندا پەیوەندیی دروست بکات. ئێستا ئەو ژنە ئیشێکی پڕ خێرو بەرەکەتی هەیە: دروستکردنی پەیوەندیی لەگەڵ ئاژەڵاندا. منیش بیرم کردەوە ئەمە ئەو شتەیە کە من بۆ ئەم کارەکتەرە پێویستمە.

**کارکردن لەگەڵ پشیلەکە چۆن بوو؟**

ماوەی کاتژمێرێک وێنەی پشیلەکەمان گرت و گرتەی سوودبەخشمان دەستکەوت، بەڵام ئەوەی پشیلەیەک تەمسیل بکات، ئەمە شتێکی زۆر ناوازەیە. ئەوان زۆر باش راهێنانیان بە پشیلەکە کرد. لەکۆتاییدا چنگاڵێکی درێژمان لەگەڵ پارچەیەک گۆشتی مریشکدا دانا، بۆئەوەی وای لێبکەین

سەیر بکات. پشیلەکە زۆر نەرمونیان بوو. دەتتوانی پەتت بکردایەتە ملی و ئەویش بەشێوەیەکی باش مامەڵەی دەکرد. پشیلەکە تەنیا دەیویست بزانێت کەی مریشکەکە دەخوات. ئەکتەرێکی زۆر باش بوو ئەگەر وەک پشیلەیەک سەیری بکەیت. بیرم کردەوە بۆ خاتری خوا ئێمە خەریکی چ بەزمێکین لەگەڵ ئەم پشیلەیەدا؟ من پێشتر پشیلەم هەبووە، بەڵام هیچیان ئەوەیان نەدەکرد کە دەتویست بیکەن. هەرلەبەر ئەمەشە پشیلەم خۆشدەوێت. هەتا خواردنت هەبێت، بە گوێت دەکەن، ئەگەر نا، ئەوە پێتدەڵێن "ون بە لەبەرچاومان".

سەرچاوە:

http://www.lovefilm.com/features/detail.html?section_name=interview&editorial_id=2159

# چاپکراوە نوێیەکانی بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی کە ئێستا لەکتێبخانەکاندا دەست دەکەون




كؤڕامانَيك لة شيعر

حةمة كاكةڕةش

طفتوطؤي ئةدةبي




دةروازةيةك لةڕووي

كتَيبخانةو زانيارييةكان

ياسين قادر بةرزنجي

زانستي كتَيبخانةو

زانيارييةكان




هَيشتا قسةكانم تةواو

نة كردووة

طةزيزة عومةر عةلي

شانؤيي




لة ئارَيزةوة تا سازو زولَفا

ئةنوةر حسَين

ديدار




بَيرنارد كؤشنةر

نةجات حةميد

لَيكؤلَينةوة




وقفات في رحاب الثقافة

الكردية

حه ة كريم عارف

مقالات




غةمطينم بؤ هةموو

شةوَيكي بيَ ئةظين

و. سيروان رةحيم

شيعر




كارةباو زانستي داينةمؤ

بتوَين سةعيد

زانستيي




دووطيانيي و منداَلبوون

شيرين مستةفا عيسا

تةندروستي




شَيوةكاران

تةها ئة حـ ةد رةسولَ

شَيوةكاريي




وشة طةرِؤكةكان

و. عةبدولَلاَ زةنطةنة

كؤمةلَة ضيرؤك




بؤني بةختةوةريي

حـ ةمةد كوردؤ

ديواني شيعريي




ناسيؤناليزم و عةلمانييةت

سؤران عةزيز

دوو تةوةر




لة دادايزمةوة

تا سورياليزم

لةتيف هةلَمةت

لَيكؤلَينةوة




وةرزي دروَينةي فريشتةكان

محةمةد كةريم

ضيرؤك




بازنة رِاخراوةكاني بابل

عومةر سةيد

رؤمان




حةوزةكةي ئاوايي

مستةفا زةنطنة

رؤمان




ئةفسوني طێرِانةوة

جةبار سابير

لێكؤلَينةوة




ئةو تاريكيية درةوشاوةية

و. غةفور سالَح عةبدولَلآ

رؤمان




دارو طةلآ

و. مستةفا زاهيدي

ضيرؤك



ثةيظةكان دةثةيظن

رابةر فاريق

كؤمةلَة ديدار




رةوتي كضاني كورد

زةكية رةشيد محةمةد

توَيذينةوة




شيكردنةوةيةكي

جوطرافيايي

لةنجة سةلاَح عةبدولكةريم

ليَكؤلَينةوة




فيَربووني بالة

ريَباز ئةحمةد فةرةج

وةرزشيي



**شـوێنی سەرەکیی بۆ فرۆشتنی بەرهەمەکانی بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی:**

**١. سلێمانی**

خانەی بڵاوکردنەوە، سەر بەبەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی

شەقامی مەولەوی - بازاڕی دەبۆکە

تەلەفۆن: ٠٧٤٨٠١٣١٤٠١

**٢. هەولێر**

بەڕێوەبەرێتیی کوردستان چاپ، سەر بەبەڕێوەبەرێتیی گشتیی رۆژنامەنووسی و چاپ و بڵاوکرنەوە

شەقامی موزەفەرییە، تەنیشت چاپخانەی حاجی هاشم

تەلەفۆن: ٠٦٦٢٥٥٣٢١٢

دەتوانیت گۆڤاری هەنار لەم ماڵپەڕانەدا بخوێنیتەوە:

www.dengekan.com

www.chrakan.com

نرخی ١٠٠٠ دینارە